# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی رۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٢٤) ئابی
٢٠١٩

**ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی**
**بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی چاپکراوە**

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٧٦٤**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

پ. د. موحسین عەبدولحەمید
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
م.ی ئیدریس سیوەیلی

**سایتی گۆڤاری خاڵ: www.xalkurd.com**

**تیراژ: ١٥٠٠**
**نرخ: ١٥٠٠ دینار**



# لەم ژمارەیەدا

## تەوەری ژمارە: [ کوردۆلۆجی لە نێوان دوێنی و ئەمڕۆدا ]


کاریگەریی زانستی کوردناسیی لە ناسین و گەشەسەندنی زمانی کوردیدا.............. رزگار ئیسماعیل ٥

کوردناسی پەراوێزی ڕۆژهەڵاتناسی.......................................................... د. نەجاتی عەبدوڵلا ١٥

زمان و وێژەی کوردی پاش (٦٠)ساڵ ژیانی ئاکادێمیک......................................... د. بەختیار سەجادی ٢٠

گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر محەمەد مەحوی ......................................................................... ٣٠

ڕۆژهەڵاتناسیی و کوردۆلۆجی: ڕۆژهەڵاتناسی چۆن وێنای کوردی کردووە........ د.عوسمان عەلی ٤٢

کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا.................................................... د. جەمال نەبەز ٥٢

وێنای ژنی کورد لە تۆماری گەڕیدەوکوردناسەکاندا.................................................د. سۆزان کەریم ٦٥

کوردناسی لە نێوان ئامانجی ڕۆژهەڵاتناسی و نووسینەوەی مێژووی کورد دا....... فاخر عالی خان ٨١

کوردناسی ڕووسی مینۆرسکی چمکێ لە ژیاننامە و چالاکی و بیر و بەرهەمەکانی... د.زریان حاجی ٩١

ئەولیا چەلەبی کوردناسێکی عوسمانی................................................................ بژار عوسمان ١٠٠

شێوازی خوێندنی بابەتی کوردۆلۆجی لە زانکۆکانی کوردستان............................ د.نەریمان عەبدوڵلا ١١٠

ژنی کورد لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانەوە............................................................. د.ئاراس محەمەد ١١٣

کوردناسی و مێژووی ژیانی ڕۆژانە (مێژووی خۆراک وەک نموونە)......................... د. کامەران محەمەد ١٢٠


### بابەتی گشتی


تیۆرسازیی و مەعریفەی دەستی دووەم لە نووسینەکانی تەحسین حەمەغەریب........ ئیسماعیل تەها ١٣١

دراما تورکییەکان: ئامرازێکی نوێی دەستبەسەرداگرتنی کلتووریی و ئابووریی........ ئەحمەد قادر ١٤٢

کتێبی پیرمحەمەو، فڕین بەرەوماڵی خۆڵەپەتێ ...................... حەسەن مەحمود حەمەکەریم ١٤٩




# تەوەری داهاتوو

## ئیسلامۆفۆبیا

ئەگەرچی دیاردە و چەمکی ئیسلامۆفۆبیا مێژوویەکی کورتی هەیە و لە چەند دەیەیەک تێپەڕناکا، بەڵام بەشێوەیەکی خێرا و بەربڵاو هاتە ناو کایەی ڕۆشنبیری و فیکریی و کۆمەڵایەتی هاوچەرخەوە، خۆی وەک لێکەوتەیەکی بەریەککەوتنی هەردوو شارستانی و کلتووری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی نواند کە ڕواڵەتەکانی لەناوجەرگەی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان زۆر بەڕوونی دەرکەوتن، بەشێوەیەک بەهاو چەمکەکانی خستە ژێر پرسیارەوە، بەڕاست ئەو ڕۆژئاوایەی بانگەشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ یەکسانی دەکات دەکرێ لەسایەی گەشەکردنی ئاڕاستەی شەعبەوی و ڕاسیستەکان وەها هەڵسوکەوتێک بکات؟

لەم سۆنگەیەوە دەخوازین نووسەران بابەتەکانیان لەم تەوەرانەی خوارەوە بنێرن بۆ گۆڤاری خاڵ:

- چەمکی ئیسلامۆفۆبیا چییە؟ کەی و لەکوێ سەریهەڵداوە؟
- پەیوەندی ئیسلامۆفۆبیا بە سیاقی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانەوە چییە؟
- ئایا ئیسلامۆفۆبیا حاڵەتێکی دەروونی درووستکراوە یان حەقیقەتێکی هەنووکەییە؟
- ڕۆڵی تەوژمە ڕاسیست و ڕاستڕەوە توندەکانی ڕۆژئاوا چییە لە برەوپێدانی ئەو دیاردەیەدا؟
- بیرمەندانی ڕۆژئاوا چۆن لەو دیاردەیە دەڕوانن؟
- حەقیقەتی کۆتاییهاتنی هەڕەشەی بەرەی سووری شیوعی و گەشەکردنی بەرەی سەوزی ئیسلامی چییە؟
- پەیوەندی ئەو چەمکە و گەشەسەندنی چییە بە ڕەگەزپەرستییەوە؟
- ئایا پاراستنی شوناس و ئاوێتەنەبوونی کۆمەڵایەتی مسوڵمان لەکۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا هۆکاری ئەو دیاردەیەیە؟
- ئایا دیاردەی ئیسلامۆفۆبیا تەنیا لە ڕۆژئاوادا هەیە؟ یاخود دەسەڵات لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکانیش برەوی پێدەدا؟
- کێ هۆکاری گەشەسەندنی ئەو دیاردەیەیە؟ مسوڵمانان؟ یان ڕۆژئاوا؟ یاخود هەندێ تەوژمی ڕۆژهەڵاتی؟

ئایا کاریگەری و دەرکەوتەی ئیسلامۆفۆبیا لە کوردستان هەیە؟ ڕەوشی ڕەوەندی کوردی چۆنە لە داڵدەگای ڕۆژئاوادا؟



# تەوەری ژمارە

## کوردناسی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

گۆڤاری خاڵ لەتەوەری ئەم ژمارەیەدا باس لەبابەتی کوردولۆجی دەکات. بەچەند ناونیشان و باسێک ئاوڕ لەم بابەتە گرنگە دەداتەوە:

١_ مەبەست لەکوردۆلوجی چییەو چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم چەمکەو «رۆژهەڵاتناسی» دا هەیە لەڕووی ناوەڕۆک و لەڕووی مێژووی سەرهەڵدانەوە، بەو پێیەی کورد یەکێکە لەگەلانی زیندوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

٢_ ئەو بوارە مەعریفیانە چین کە دەچنە خانەی کوردۆلۆجی و چۆن بەیەکترەوە پەیوەست دەبنەوە؟

٣_ ئایا کوردۆلۆجی تەنها نووسینی بیانییەکانە لەسەر کورد یان ئەکرێت لەگەڵ «توێژینەوە کوردییەکان» دا ئاوێتە بکرێت کە لەلایەن نوسەران و گەریدەو لێکۆڵەرانی کورد خۆیانەوە نوسراون؟

٤_ جگە لەبیانییەکان چەند لیکۆڵەرێکی عەرەب لێکۆڵینەوەیان لەسەر کورد کردووەو گرنگییان بە بابەتە کوردناسییەکان داوە، چۆن دەکرێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت؟

٥_ ئایا تا ئێستا هیچ هەڵسەنگاندن و پۆلێنێک هەیە بۆ دیاریکردنی باکگراوەندو ئامانجی ئەو کەسانەی لەسەر کوردیان نووسیوە بەهەمانشێوەی ئەو قوتابخانە رۆژهەڵاتناسیانەی گرنگییان بە رۆژهەڵات داوە، لەگەڵ شیکارکردنی ناوەڕۆکی بەرهەمە کوردناسییەکان بەشێوەیەکی گشتی؟

٦_ چۆن دەکرێت مامەڵە لەگەڵ کوردۆلۆجی و زانستی کوردناسیدا بکرێت کە دەشێت بەهۆی جیاوازی زمان و کلتوری بیانییەکانەوە وەک پێویست لەناخی کۆمەڵگای کوردی و شوناس و کلتوری نەگەشتبن؟ ئایا دەکرێت تەنها پشت بەم زانستە ببەسرێت بۆ ناسینی کوردو دیاریکردنی رەچەڵەک و وێژەو زمان و ئاراستە کۆمەڵایەتییەکانی؟ رۆڵی ئەکادیمست و توێژەرانی کورد لەم کایەیەدا ئەبێت چۆن بێت

٧_ لە قۆناغی یەکەمی زانکۆکانی کوردستان وانەیەک هەیە بەناوی کوردۆلۆجی بەڵام گلەیی و ڕەخنە لەسەر ئەوە هەیە لەلایەک تێکەڵە لە لێکۆڵینەوەی بیانی و ناوخۆیی لەلایەکیتر وێنەیەکی ڕوون و ڕەوانی لەسەر کوردناسی لەدیدی بیانییەکانەوە پێشکەش نەکردوە لە زەینەفۆنەوە تا شاندو نێردە دیبلۆماسییەکانی ئێستا، چۆن دەکرێت ئەم وانەیە دەوڵەمەندو تۆکمە بکرێت.

سوپاس ۆ هەموو ئەو توێژەرو نووسەرە بەڕێزانەی بەشداری ئەم تەوەرەیان کرد، هیوادارین توانیبێتمان زانیاری نوێ و بەسوود بخەینە بەردەستی خوێنەران

# ڕۆڵ و کاریگەریی زانستی کوردناسیی لە ناسین و گەشەسەندنی زمانی کوردیدا





**رزگار ئیسماعیل کەریم**

لە دایکبوی ١٩٨٩. ماستەر لە زمانی کوردی. مامۆستا لە کۆلێژی زمان - بەشی زمانی کوردی - زانکۆی سەلاحەدین

## پێشەکی

کوردناسیی، یەکێکە لەو زانستە گرنگانەی ڕۆڵ و کاریگەریی گرنگ لە ناساندن و گەشەسەندنی بوارە جیاوازیەکانی، وەک: (فەرهەنگ، زمان، کەلتور، ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا،...هتد)، پەیوەست بە نەتەوەیەکی وەکو کورد بەنموونە دەبینێ، چونکە زانستی کوردناسیی گوزارشتکردن و توێژینەوە و ڕەنگرێژکردنی نێو ئەم بوارە جیاوازیانەیە.

چەمکی کوردناسیی، بەواتای ناسینی کوردە بەڕووی: زمان، فەرهەنگ، ئەدەب،...هتد، بۆیە خوێندن و گرنگی پێدان و توێژینەوەی جیاوازی تیۆری و کارەکی تیایدا پێویستە، بەڵام بەکردارکردنی توێژینەوەکانی دەبێ لەسەر بنەمایەکی زانستیی و دروست و بەڵگەی باوەڕپێکراو بێتە بەرهەم. کوردناسیی، وەک زانستێکی گشتگیر، دەیەوێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: کورد کێ یە؟ زمانەکەی چۆنە؟ مێژووەکەی؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر لەنێو ئەم زانستە (کوردناسی)ی تاوتوێ دەکرێ و دەخرێتە بەر تیشکی زانستییەوە.

نووسینی ئەم توێژینەوەیە بەگشتی،هەوڵێکی زانستییە لەچوارچێوەی ڕێبازی (زانستی کوردناسیی) دا، کە دەیەوێ پەردە لەسەر لایەنە ئاشکرا و شاراوەکانی پەیوەست بەم زانستە بخاتە بەردیدی خوێنەرانی خۆشەویست، بەتایبەتیش زیاتر جەخت لەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی کوردناسیی لە ناسین و گەشەسەندنی زمانی کوردی کراوەتەوە، کە بەشێکی گرنگی لە نێو ئەم زانستە پێکدێنێت, ئەمەش بەئامانجی زیاتر گەشەسەندن و گرنگی پێدانی ئەم زانستە (کوردناسی) و زمانی کوردییە.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەم کورتە توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم، باسی چەمک و زاراوەی کوردناسیی و قۆناغە جیاوازەکانی و گرنگی و،...هتد کراوە، لە بەشی دووەمیش, تیشک خراوەتە سەر ڕۆڵ و کاریگەریی زانستی کوردناسیی لە ناسین و گەشەکردنی زمانی کوردیدا. لەکۆتاییدا توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێکی گرنگ و لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان کۆتایی پێ هاتووە.

## بەشی یەکەم

### ١-١: کوردناسیی (چەمك و تێڕوانین)

**أ- کوردناسیی لەڕوی زمانەوانییەوە:**

وشەی ئەم زاراوەیە، لە دوو وشەی (کورد) و (ناسی) پێکهاتووە، وشەی (کورد)(١) , بەواتای نەتەوەی کورد و (ناسی)یش لە کورتکراوەی چاوگی (ناسین)ەوە هاتوە و لەشێوەی ڕەگی چاوگ و پاشگری (ی) پێکهاتووە. لێرەدا هەردوو وشەکە پێکەوە لێکدراون و بونەتە زاراوەیەکی زمانی کوردی، کە بۆهەموو ئەو زانستانەی پێناسەی کورد دەکات لەڕووی: (زمان، ئەدەب، فەرهەنگ، کەلتور، مێژوو،... هتد) (٢).

وشەی کوردناسیی، لەنێو فەرهەنگە جیاوازەکاندا بەمانای (خەریکبوون بە باسێکەوە کە دەخلی بەسەر کوردەوە بێ (الدراسات الكردية) دێت (٣). یاخود بەواتای (خەریکبوون بە باسێکەوە کە بندیواری بە کوردەوەبێ) هاتوە (٤).

کەواتە؛ دوای تێڕامان و خوێندنەوەی زاراوەکە لەنێو سەرچاوە و فەرهەنگە جیاوازەکاندا، ئەوە دەردەکەوێ، کە ئەم زاراوەیە جەخت لە ناسینی کورد دەکاتەوە لە ڕوانگە و بوارە جیاوازەکانییەوە، وەک لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا.

**ب- کوردناسیی لەڕووی چەمک و ناساندنەوە:**

زاراوەی کوردناسیی (٥), چەمکێکی فرە ڕەهەند و جیاوازە، چونکە لەنێو چەندین بواری جیاواز تاوتوێ دەکرێ. بوونی ئەم ڕەهەندی و بوارە جیاوازیانە، وایکردوە پێناسە و ڕوانگەی جیاوازی بۆ بکرێ. لەخوارەوەش هەندێ لەو

پێناسە و بۆچونانە دەخرێتە ڕوو:

– کوردناسیی: ئەو زانستەیە خۆی خەریک دەکات بە ناساندنی میللەت و نەتەوەی کورد و دیاریکردنی ناسنامە کورد لەڕووی: ڕەگەز، زمان، مێژوو، ئەدەب، جوگرافیا، کەلتورو فەرهەنگ...هتد (٦).

– کوردناسی: پرۆژەیەکی زانستی هەمەلایەنە، زیاتر ناساندن و توێژینەوە و دۆزینەوەی پێناسەی نەتەوەی کوردە، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە: (کەلتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، خودی،... هتد ) (٧).

– کوردناسی: لێکدانەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەیە، کە تایبەتن بە کورد و کوردستان لەڕووی مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان و ئابووری کوردستان و زمان و زارە و جیاوازییەکانی و فەرهەنگ و کەلتوری (٨).

ئەگەر سەیری ئەم پێناسانەی سەرەوە بکەین، دەبینین زۆربەی پێناسەکان جەخت لەو خاڵە جەوهەریە دەکەنەوە، ئەویش ئەوەیە, کە کوردناسیی زانستی ناسینی کوردە (٩), لەڕووی بوارە جیاوازەکانییەوە.

بەم شێوەیە؛ دەتوانین بڵێین، کوردناسیی ئەم زانستەیە باس لە ناسینی نەتەوەی کورد دەکات و دیاریکردن و دۆزینەوەی ناسنامەیەتی لەڕووی: فەرهەنگ و زمان و کەلتور...هتد).

**١–٢: ئەوانەی توێژینەوەیان لەبارەی کوردناسییەوە کردووە کێن ؟**

بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەسانەی کە کاری توێژینەوەیان لەبارەی زانستی کوردناسییەوە ئەنجامداوە دەبنە دوو بەش، بەم شێوەیە:

١. کوردناسە موسڵمانەکان.

٢. کوردناسە ڕۆژئاواییەکان.

لەخوارەوەش بەکورتی و پوختی تیشک دەخەینە سەر ئەم کۆمەڵە جیاوازانەی نێو کاری زانستی کوردناسی.

**١– کوردناسە موسڵمانەکان:**

دوای ئاشنابوونی کورد بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، کورد وەک نەتەوەیەک ئەوکات بەشێک لە نووسراوەکانی مێژوونووسان و جوگرافیاناسان و ئەدیبان و زانایان و...هتد، کۆبکاتەوە و لەفەوتان بیان پارێزێت، ئەو کات کەمتر هەست بە ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبی دەکرا، هەروەها ئەوسا زۆربەی نەتەوەکانی ئەمڕۆ لە بونیادنانی شارستانییەت و لەنێو ئیسلامدا بەشداربوون (١٠)، ئەمەش ڕێگەیەکی خۆشکەربوو بۆ ئەوەی کەلەپووری نەتەوە بونیادبنرێ. لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترین و دیارترین بەرهەم و کتێبەکانی هەندێک لەم کوردناسانە دەکەین:

أ– (محەمەدی کوری جەزیری تەبەری) (٨٣٩–٩٢٣ز): ئەم کەڵە پیاوە لە کتێبی (تاريخ الامم والملوك)دا لە زۆر شوێندا باسی کوردی کردووە.

ب– (ئیبن ئەسیری جەزیری)، کە لەساڵی (٦٣٠)ی کۆچی کردووە، لە کتێبی (الكامل فى التاريخ) بەدرێژی باسی کوردی کردووە.

ج– (یاقوت دموی) (١١٧٠–١٢٢٩)، کتێبەکەی زۆر ناسراوە و زانیاری زۆری لەبارەی کوردەوە تێدایە، کە بەناوی (مجمع البلدان)ە (١١).

**٢– کوردناسە ڕۆژئاواییەکان:**

بەپێی مێژوو و ئەو لێکۆڵینەوەی لەبارەی کوردناسییەوە ئەنجامدراوە, دەردەکەوێ لێکۆڵینەوە لەسەر کورد، سەرەتا لەلای ئەوروپییەکانەوە دەستپێکردوە. دەستپێکردنی ئەم کارەش لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکان و بێگانەکان بێ هۆ نەبووە، بەڵکو چەندین ئامانج و مەرامی جیاوازی لەپشتەوە بووە، لە گرنگترین ئەو مەبەستانەش:

أ– جێبەجێکردنی مەبەست و ئامانجی سیاسی دەوڵەتەکانیان.

ب– گەیشتن بە بەرژەوەندی ئابووری وڵاتەکانیان.

ج– بەمەبەستی ناسینی نەتەوەی کورد لەزۆربەی بوارە جیاوازەکانییەوە.



## مارکۆپۆلۆ (١٢٥٤-١٣٢٤): جوگرافیاناس و ڕۆژهەڵاتناسێکی ئیتاڵییە، بەپێی سەرچاوەکان ئەم ڕۆژهەڵاتناسە یەکەم ڕۆژئاواییە ناوی (کوردستان) ی بەکارهێناوە.

د- بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەبارەی زمان و فەرهەنگ و ئەدەب و مێژووی نەتەوەی کورد.

هـ- پەیوەندی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پیشەسازی بۆ وڵاتەکەیان(١٢).

لەم ڕوانگەیەوە دەبینین دەیان ڕۆژهەڵاتناس هەن، نووسین و توێژینەوەی جۆراوجۆریان لەبارەی ناسینی کورد و زمان و فەرهەنگ و فۆلکلۆرەکەی... هتد، نوسیووە. لە دیارترین ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. زەنینەفون: یەکەم ڕۆژئاواییە، کە دوای (هیرۆدۆستی) مێژوونووس، شتی لەبارەی کوردەوە گوتبێت.

٢. مارکۆپۆلۆ( ١٢٥٤-١٣٢٤): جوگرافیاناس و ڕۆژهەڵاتناسێکی ئیتاڵییە، بەپێی سەرچاوەکان ئەم ڕۆژهەڵاتناسە یەکەم ڕۆژئاواییە ناوی (کوردستان) ی (١٣) بەکارهێناوە.

٣. ئەلیکسەندەر ژاپا (١٨٠٣-١٨٩٤): ئەم لێکۆلەرە لەگەڵ (مەلا مەحمودی بایەزیدی) کاری کردووە و چەندین دەستنوسی کوردیان لە فەوتان ڕزگارکردوە (١٤).

### ١-٣: قۆناغە جیاوازەکانی کوردناسیی و سەرەتاکانی دەستپێکردنی:

قۆناغە جیاوازەکانی دەرکەوتنی کوردناسیی و سەرەتاکانی دەستپێکردنی دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلین بکرێ (١٥):

أ- لەسەرەتاوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی لای ئەوروپییەکان، لەلای ئیتاڵییەکان دەستپێدەکات.

ب- لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، کاری کوردناسیی لەلای کورد خۆی، بەتایبەتی دەرکەوت و گەشەی سەند، پاشان لە یەکێتی سۆڤییەت و ئەوروپییەکان توێژینەوە و کاری کوردناسیی بەردەوامی پێدرا.

بەم شێوەیە؛ لەخوارەوە هەریەک لەم قۆناغانە بەکورتی تیشکیان دەخەینەسەر:

یەکەم: قۆناغی جەنگی یەکەمی جیهاتی لای ئەوروپییەکان:

سەرەتای کاری کوردناسیی لەم قۆناغەدا لە ساڵی (١٧٨٧)ی زایینی لەلایەن قەشەیەکی ئیتاڵی بەناوی (ماریزیۆگارزۆنی) دەستپێدەکات. ئەم توێژەرە کتێبێکی بەناوی (ڕێزمانی کورد) داناوە، لەگەڵ فەرهەنگێکی (ئیتاڵی – کوردی) (١٠).

پاش ئەم کارەی (گارزۆنی) کاری کوردناسیی لەبواری جیاجیای وەک: زمان، ئەدەب، فەرهەنگ، مێژوو... هتد، لای ئەوروپییەکانی تری وەکو ڕوسی، فەرەنسی، ئەڵمانی و ئەمریکی بەردەوامی بەخۆی بینی. دواتر لەم قۆناغەدا دواهەمین کاری کوردناسی بە ڕۆژهەڵاتناس (مێجەرسۆن) کۆتایی دێت، کە لەساڵی (١٩١٣) دەربارەی (ڕێزمانی کوردی و فۆنەتیک) بەرهەمی نوسیووە و

فەرهەنگێکی (ئینگلیزی – کوردی)شی داناوە (١٦).

دووەم: سەرەتای کوردناسیی لای کورد خۆی:

ڕۆشنبیر و خوێنەرانی کورد بەبەراورد لەگەڵ میللەتانی ناوچەکە درەنگتر دەستیان داوەتە ناساندنی میللەت و وڵاتی خۆیان، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی خوێندەواری و درەنگ بڵاوبونەوەی لەکوردستاندا، دەشێ ئەمەش لەبەر نەبوونی کیانێکی سەربەخۆیی نەتەوەکە بوبێت. لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەواری هۆشیار و باش هەبووە کە بیری لەوە کردۆتەوە میللەتەکەی بناسێنێ و زمان و فەرهەنگ و مێژووەوە...هتد بە گەلانی نێو نەتەوەیی و جیهان ئاشنا بکا. لەم ڕووەوە (شەرەفخانی بەدلیسی) یەکەم کوردبوە کتێبی مێژوی کوردی (شەرەفنامە)ی نوسیووەتەوە (١٧)، زانیاری بەسوود و گرنگی لەبارەی مێژوی کورد و زمان و زارەکان لەخۆ گرتووە.

هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا کوردناسە کوردەکان لەبواری جیاوازکاریان کردوە، بۆ نمونە: ( محەمەد ئەمین زەکی) لە بواری مێژوودا بە دانانی (مێژوی کوردستان) ناودارانی کوردی بەزمانی کوردی، مێژووی میللەتەکەی نووسیوەتەوە. لە بواری زمانیشدا هەریەک لە (نوری عەلی ئەمین، تۆفیق وەهبی، جگەر خوێن،...هتد) بەرهەمیان لەم ڕوانگەیەوە هەبووە. لە بواری ئەدەبیشدا (عەلائەددین سەجادی) بۆیەکەمجار لەساڵی (١٩٥٦) مێژوی ئەدەبی کوردی نووسیوەتەوە، پاشان نووسەرانی یەکێتی سۆڤییەت لەوانە: (عەرەبی شەمۆ، حاجی جندی) لەم ڕوانگەیەوە بەرهەمیان نووسیووە (١٨)، هەموو ئەم کارانەش هێمای ناسینی زمانی کوردی دەردەخەن.

**١–٤: گرنگی و مەبەستی خوێندنی زانستی کوردناسیی و شارەزابون تێیدا:**

بێ گومان گرنگیدان بە خوێندنی زانستی کوردناسی و شارەزابوون و توێژینەوە تێیدا لە نێو سەرجەم بوارەکانی ژیان و ناوەندەکانی خوێندن، بەتایبەتیش لە خوێندنی زانکۆییدا کارێکی گرنگ و پێویستە، چونکە (خوێندکار، تاک، لێکۆڵەر) شارەزا دەبێ بە ناسین و ناساندنی نەتەوەکەی لە بوارە جیاوازەکاندا. لە خوارەوە گرنگترین مەبەست و ئامانجەکانی خوێندنی ئەم زانستە لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕو:

١– ئاشنانەکردنی نەوەی نوێ بە کەلتوری نەتەوەیی خۆیی.

٢– دیاریکردنی ڕەگەز و ناسنامەی نەتەوەیی بۆ تاکی کورد بەگشتی.

٣– سوود وەرگرتن لە هەڵەکانی مێژوو، بەتایبەت ئەوانەی دووبارەدەبنەوە.

٤– چەسپاندنی گیانی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری لای خوێندکاران (١٩)

٥– شارەزابوون و توێژینەوە لەبارەی زمان و مێژوو و جوگرافیا و...هتد، ئەنجامدانی ئەم ڕەهەندەش دەبێ لەسەر بنەمایەکی زانستی و دروست بێ بۆ کورد خۆیی و دەرەوەی خۆی.

## بەشی دووەم

### ١-٢: ڕۆڵ و کاریگەریی زانستی کوردناسیی لە ناسین و گەشەسەندنی زمانی کوردیدا:

گومانی تێدانییە زانستی کوردناسیی لە ڕابردوو و ئێستادا ڕۆڵ و کاریگەریی گرنگی و ئەرێنی بە ناسنامەی ڕەگەزی نەتەوەیی لەهەموو بوارە جیاوازەکاندا بەخشیووە، یەکێک لەو بوارانەی کە لێرەدا مەبەستە و وەک ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەرکەوتووە لەنێو ئەم زانستەدا (کوردناسی)، (زمان و زار)ە جیاوازیەکانییەتی، کە لەنێو هەردوو جۆری کوردناسیدا (ڕۆژهەڵاتی و کوردخۆی) دەوورو کاریگەریی زانستیی و بەهێزیان لە ناساندن و گەشەسەندنی زمانی کوردیدا دیووە.

لەم ڕووەوە دەبینین، کاریگەریی زانستی

کوردناسیی لەسەر ناسین و گەشەسەندنی زمانی کوردیدا بەگشتی لەنێو دوو چیندا دەبینرێ:

أ- ڕۆڵ و کاریگەریی ڕۆژهەڵاتناسەکان.

ب- ڕۆڵ و کاریگەریی کورد خۆی.

لەخوارەوە کاریگەریی زانستی کوردناسیی هەریەک لەو چینانە لە ناسینی و گەشەپێدانی زمانی کوردی ڕووندەکەینەوە:

**یەکەم: ڕۆڵ و کاریگەریی ڕۆژهەڵاتناسەکان لە ناسین و گەشەسەندنی زمانی کوردیدا:**

ڕۆژهەڵاتناسەکان، ڕۆڵ و کاریگەریی جیاوازیان لەنێو سەرجەم بوارەکانی کوردناسیدا دیووە و بەرهەمی جۆراوجۆریان لە بوارەکانی، وەک: (کەلتوور، زمان، مێژوو، جوگرافیا،...هتد) نووسیووە. ئەوەی لێرەدا تیشکی دەخرێتە سەر ڕەهەند و بواری (زمانی کوردی)یە، بەوەی بزانین دەووری ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە لە ئاست ناسینی زمانی کوردی و گەشەپێدانی لە بەرامبەر خۆیان و نەتەوەی کورد و دەوروبەر چۆن بووە.

ئێمە لەم ڕوانگەیەوە هەڵوێستە لەسەر کاری دیارترین ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەکەین کە توێژینەوە و کاری جۆراوجۆریان لەم ڕووەوە دیوە. هەروەک لەخوارەوە باسیان لێوە دەکەین:

- سەرەتای کاری زمانەوانی کوردی لەنێو زانستی کوردناسیدا لەلایەن ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە بە قەشە (ماوریزیۆ گارزۆنی) دەستپێدەکات. ئەم قەشەیە بۆماوەی هەژدە ساڵ لە شاری (ئامێدی – کوردستان) دەمێنێتەوە. توێژەر بۆ مەبەستی ئاسانکردنی ئیش و کارەکانی کتێبی (ڕێزمانی کوردی) و فەرهەنگێکی (ئیتاڵی – کوردی) داناوە. ئەم کارەش سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ ناسینی زمان و ڕێزمان و فەرهەنگی کوردی بە ئەوروپییەکان(٢٠).

- مینۆرسکی (١٨٧٧-١٩٦٦)، ڕۆژهەڵاتناسێکی ترە، کە بەرهەم و نووسینی زۆری لەبارەی زمانی کوردیدا نوسیووە (٢١).

- بایەخدان بە فێربونی زمانی کوردی لەلایەن ئەم ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپیانەوە، لەوانە: (گیورنلی، مێجەرسۆن)، ئەگەرچی ئامانجی تایبەتی خۆیان لەپشتە، بەڵام ئەم کارە وایکرد زمانی کوردی لە قۆناغی تەسکی ناوەخۆیی دەربچێ و ڕەهەند و گرنگی فێربوونی پێبدرێت.

- هەستکردن و بینینی جیاوازی قسەکردن بە زمانی کوردی لە پەیوەندی نێوان ئاخێوەراندا، لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، وایکرد گرنگی بە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی بدرێ، وەک: لەکی، کەلهوری، کرمانجی، گۆران،...هتد.

- لە ڕێگەی هەندێ ڕۆژهەڵاتناسی وەک: (لۆسین، جۆستی، لێرد)، کە بڕوایان وایە زمانی کوردی سەربەخۆیی خۆی هەیە و فارسی نییە. واتە لێرەدا زمانی کوردی لەو بۆچوونە نازانستییە دەرچووە، کە دەڵێت: زمانی کوردی فارسییە.

- (گیورنلی)دەلێت: جیاوازی گۆکردنی دەنگەکان لە زاری (سەرو و ناوەڕاست) ڕەنگدانەوەی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا نزیکایەتی لەنێوان شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەبینرێ.

- هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەکان کاریگەریی زمانی تورکیان لەسەر زمانی کوردی دیووە، هەر وەک لە بەشی ئێرانیشدا کاریگەریی فارسی پێوە دیارە. ئەمەش وایکرد لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لەلایەن ئەم ڕۆژهەڵاتناسانەوە بێتە کایەوە، کە سوودی بۆ زمانی کوردی هەبووە.

- هەروەها ڕۆژهەڵاتناسەکان بایەخیان بە کۆکردنەوەی دەستنووسی جۆراوجۆری کوردیان داوە، کە هەندێ لەو دەستنووسانە لە کتێبخانە و پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤییەت هەڵگیراوە.

- باسی ڕێنووسی کوردییان کردووە، بەتایبەتی کە پێشتر نەنوسراوەتەوە و لای کورد، جگە لە کوردیش زۆر بەکەمی هەست بەم لایەنە کراوە.



## دەستپێکی کاری کوردناسی کوردەکان لە زانستی کوردناسیدا لە چوارچێوەی ناسینی زمانی کوردی و گەشەپێدانی دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵەرو مێژوونووس (شەرەفخانی بەدلیسی) لەساڵی (١٥٦٦)دا بەمێژووی کورد دەستپێدەکات.

- دانانی فەرهەنگی جۆراوجۆر لەلایەن ئەو رۆژهەڵاتناسانە، وەک: فەرهەنگی(کوردی – روسی)، (کوردی – ئیتاڵی)، (کوردی – فەرەنسی).(٢٢)

ئەمانەی سەرەوە کۆمەڵێک کار و بۆچونی رۆژهەڵاتناسەکان بوون لەسەر ناسین و گرنگی پێدانی زمانی کوردیدا، کە کاری باش و زانستیان تێدا دەبینرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە رۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکان بۆچوونی نازانستی و ناڕاست و نارەوایان لەم روانگەیەوە دەربڕیووە.

کەواتە؛ بەگشتی دەتوانین پوختەی دیارترین کاری رۆژهەڵاتناسەکان لەبارەی زمانی کوردیدا بەم شێوەی خوارەوە دیاری بکەین:

**یەکەم: گرنگیدان بە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا.**

دووەم: بایەخدان بە دەستنووس.

سێیەم: دانانی فەرهەنگی جۆراوجۆر.

چوارەم: بایەخدان بە رێنووس.

پێنجەم: فێربونی زمانی کوردی.

شەشەم: دانانی کتێبی رێزمانی.

حەوتەم: گرنگیدان بە یاسا و دەستووری زمانی کوردی.

هەشتەم: باسکردنی لێکۆڵینەوەی بەراوردی سەبارەت بە زمانی کوردی.

**دووەم: ڕۆڵ و کاریگەریی کورد خۆی لە ناسین و گەشەسەندنی زمانی کوردیدا:**

ئەگەر سەیری لاپەڕەکانی مێژوو بکەین، دەبینین جێی پەنجەی دەستی کوردناسە کوردەکان لەنێو سەرجەم لق و بوارەکانی کوردناسیدا دیارە و ئەسپی خۆیان تاودایە و بەرهەم و توێژینەوەی زانستی رەنگ ئامێزیان پێشکردوە. ئەوەی لێرەدا دەخرێتە ڕوو ڕۆڵ و کاریگەریی کوردناسە کوردەکان لەسەر ناسینی زمانی کوردی و گەشەسەندنیەتی لەنێوان خۆیان و ئاراستەی دەرەوەیان.

لەچوارچێوەی ئەم تەوەرەیەدا هەڵوەستەو ڕوونکردنەوە لەسەر کار و بەرهەم و نووسینی دیارترین ئەو کوردناسە کوردانە دەکەین، کە لەم روانگەیەوە (ناسین و گەشەپێدانی زمانی کوردی) جێی دەستیان دیارە:

- دەستپێکی کاری کوردناسی کوردەکان لە زانستی کوردناسیدا لە چوارچێوەی ناسینی زمانی کوردی و گەشەپێدانی دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵەرو مێژوونووس (شەرەفخانی بەدلیسی) لەساڵی (١٥٦٦)دا بەمێژووی کورد دەستپێدەکات. ئەم توێژەرە لە کتێبی (شەرەفنامە)دا، کە بە بەرهەمێکی دەگمەنی ئەوکات دادەنرێ و زۆر زانیاری گرنگ و بەسوودی لەبارەی زمانی کوردی و زارەکانی باسکردوە، کە دەکرێ لەئێستاو ئایندە سوودی لێببینرێ.

دواتر لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی کوردی لەروانگەی رەهەندی کوردناسیدا بەردەوامیان پێدراو زیاتر دەرکەوت، بەتایبەت تا هاتنی داگیرکاری ئینگلیزەکان گۆڕانکاریی لە عەقلیەتی

کوردی دروستبوو، کە تیایدا بایەخ بە زمان درا و چاپخانە و قوتابخانەی میری دانرا، ئەوانەیش دەستێکی باڵای زانستیان لەم گۆڕانکاریانە هەبوو بریتیبوون لە: (سعید سدقی کابان، تۆفیق وەهبی، جەلادەت بەدرخان، نوری عەلی ئەمین، قەناتی کوردۆ، حەردۆئی...هتد). بۆ نموونە، یەکەمین کتێبی ڕێزمانی کوردی لەم ڕوانگەیەوە بەناوی (مختصری صرف و نحوی کوردی)، کە لەساڵی (١٩٢٨) لەلایەن (سەعید سدقی کابان)ەوە دانراوە، کە ڕێزمانێکی عەرەبی بوو، بەڵام کەرەستەکانی کوردی بووە، پاشان (توفیق وەهبی) لە ساڵی (١٩٢٩)دا کتێبی (قەواعیدی زمانی کوردی) دانا، کە شارەزایی لە زمانی (ئاڤێستا) هەبووە و زمانی ئینگلیزیشی زانیووە. دواتر لەساڵانی سی و چلەکانیشدا (نوری عەلی ئەمین) پەیدابوو، کە ئەمەش دەستێکی باڵای لە ناسین و گەشەپێدانی زمانی کوردیدا هەبووە و چەندین بەرهەمی نوسیووە، لەدیارترین بەرهەمی بریتیبوو لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی) (٢٣)، کەتاکو ئێستاش ئەم ڕێزمانە لەناوەندەکانی خوێندن سوودی لێدەبینرێ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چەندان نووسەرو توێژەری ئەم بوارە ڕەنگدانەوەیان هەبووە، بەتایبەتی لەسەرەتای حەفتاکاندا زیاتر بەدیارکەوت و بەرهەمی جۆراوجۆریان لە بوارەکانی وەک: (ڕێنوس، زارناسی، زمانەوانی بەراوردی، مێژووی زمان، ئینمۆلۆجی،...هتد) نووسیوزە. دواتر لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)دا ئەم ڕەوتەی زمانەوانی زیاتر گەشەی سەند.لەئێستاشدا ڕەوتی کوردناسیی نوێی ئەم بوارە (زمانەوانی کوردی) ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاویان لە ناسین و گەشەسەندنی زمانی کوردیدا هەیە و ڕۆژانە چەندین بەرهەمی زمانەوانی جۆراوجۆر دەنوسرێن و بڵاودەکرێنەوە.

بەم شێوەیە؛ دەکرێت پوختەی گشتی کارەکانی کوردناسانی کورد لە بواری ناسینی زمانی کوردی لەم بوار و ڕەهەندانەی خوارەوە کورتبکەینەوە:

– گرنگیدانە بە ئاستەکانی زمان، وەک: (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی).

– دانانی فەرهەنگی جۆراوجۆر وەک: (کوردی– کوردی)، (کوردی– عەرەبی)، (کوردی – فارسی).

– بایەخدان بە مێژووی زمانی کوردی.

– دانانی کتێبی ڕێزمانی کوردی بۆ ئاستی خوێندنی جیاواز.

– گرنگیدان بە زار و شێوازەکانی زمانی کوردی.

– بایەخدان بە ڕێنووس و پاراستنی دەستنوس.

– لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری زمانی جۆراوجۆر.

## ئەنجام

دوای تاوتێکردنی لایەنە تیۆریی و کارەکییەکانی توێژینەوەکە, بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١. کوردناسیی، زانستی ناسینی کوردە لەڕووی: (زمان، ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا، کەلتوور، فەرهەنگ،....هتد)، ئەمەش ڕێگاخۆشکەرە بۆ دیاریکردن و دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی.

٢. ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکان دەور و کاریگەریی زانستیی و چالاکیان لە ناسین و گەشەپێدانی زمانی کوردییدا دیووە و چەندین بەرهەم و توێژینەوە و نووسینی زمانەوانی جۆراوجۆریان لە بوارەکانی، وەک: (ڕێنووس، دەستنووس، فەرهەنگ، یاساو دەستنوسی زمان،... هتد) پێشکەشکردوە.

٣. کوردناسە کوردەکانیش ڕۆڵ و کاریگەریی بەهێز و زانستیان لەدەرخستن و ناسینی گەشەپێدانی زمانی کوردی بینیووە و لەم ڕوانگەیەوە چەندین بەرهەم و نووسین و توێژینەوەی جۆراوجۆریان لە بوارەکانی وەک: (دەستنوس، زار و شێوەزار، ڕێزمان، دەنگسازی، فەرهەنگ،...هتد) خستۆتە ڕوو.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- سەبارەت بەوشەی (کورد) نزیکەی (٢٠٠٠-پ.ز) ناوی کورد بەشێوەی جیاجیا لەمێژوودا هاتووە، بۆنمونە لای سۆمەری و بابلییەکان ناویان نابو (کورتی) و گریکەکان بە (قاردو)، عەرەبە موسڵمانەکانیش بە (بلاد الاکراد) ناویان نابو، هەروەها لە (٤٠١-پ.ز) بەناوی (کاردو، کاردا، کاردۆ، کاردۆخ) هاتووە. ئەم ناوانە هەموو یەک بنچینەیان هەیە، بەڵام هاوچەشنەیان نزیکە لەو ناوانەی ئێستا. ئەم ناوە بۆیەکەمجار لە کتێبێکدا کە بەزمانی پەهلەوی نوسراوە بەشێوەی ( کورد- کوردان) دەردەکەوێ، کەبەواتای پاڵەوان یان قارەمان دێت. بەشێوەیەکی گشتی و لەهەموو زمانەکاندا ئەوە دەگەیەنێ، کە کورد کۆمەڵێکی مرۆیین و خاوەن تایبەتمەندی نەتەوەیی دیاریکراون لەرووی (زمان، کەلتوور، مێژوو، جوگرافیا،...هتد) کوردوستانیان کردۆتە نیشتیمانی خۆیان. بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر، ٢٠١١، ل ١٦.

٢- رەفیق شوانی، کوردناسی و دەوری لە ناساندنی کوردا، کۆنگرەی جیهانی لەبارەی خوێندنی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٦،ل ٣٤.

٣- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ ( کوردی – کوردی)، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ل ٤٥٦.

٤- گیو موکریانی، فەرهەنگی کوردستان (کوردی – کوردی)، چاپی دوەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ل١١٢٩.

٥- زاراوەی کوردناسی یان کوردۆلۆجی بۆیەکەمجار لەساڵی (١٩١٣) لە گۆڤاری (رۆژی کورد) لە ئەستەنبوڵ لەلایەن (د. عەبدوڵلا جەودەت) بەکارهاتووە، بڕوانە: (کوردناسی گشتی، دانانی لیژنەیەک بۆ قوتابیانی قۆناغی یەکەمی زانکۆ، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢.

٦- رەفیق شوانی، کوردناسی و دەوری لە ناساندنی کوردا، کۆنگرەی جیهانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٧،ل ٣٤.

٧- محەمەد دلێر ئەمین، ئەرکی رۆژنامەنوسی لە گەشەپێدانی توێژینەوەی کوردناسیدا، کۆنگرەی جیهانی لەبارەی خوێندنی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر ن ٢٠١٧،ل ١٤١.

٨- عبدالواحید موشیر دزەیی، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر، ٢٠١٧، ل١٣.

٩- کورد وەک نەتەوەیەک لە نەوەی نەتەوەکانی چیای زاگرۆسن، ئەوانەی لە

هەزارەکانی سێیەم و دووەم و یەکەمی پێش زایین لە زنجیرە چیای زاگرۆس ژیاون، کە هیند و ئەوروپینە و ڕەچەڵەکیان (ئاری)یە، زاراوەی (ئاری)ش دەبردرێتە سەر ڕۆژهەڵاتی گەلانی هیندوئەوروپی. بروانە: ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، کوردناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٢، ل٩.

١٠- سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو، ئیدریس عەبدوڵلا، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠٠٩، ل ١٤.

١١- بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشو: ل ١٤-١٥.

١٢- ڕەفیق شوانی، کوردناسی و دەوری لە ناساندنی کوردا، کۆنگرەی جیهانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٧، ل ٣٥.

١٣- ناوی (کوردستان) وشەیەکی داڕێژراوە، لە وشەی (کورد) و پاشگری (ستان) پێکدێت. ئەم وشەیە بۆیەکەمجار لەسەردەمی (سوڵتان سەنجاری سەلجوقی) بەکارهات، کە بەشێک لە ڕۆژئاوای جیبالی جیاکردەوە و کردنی بە بەرهەمێکی سەربەخۆ و ناوی نا (کوردئوستانی) واتە (ویلایەتی کورد)، ئەمەش لەئەنجامی فشاری کورد دژی سیستەمی باج و دەرامەت ڕویدا. دواتر ئەم وشەیە گۆڕانی بەسەرداهات و بوبە مانای ئەو وڵاتە گەورەیەی، کە سەرجەم خەڵکی کورد لەباوەش دەگرێت. بڕوانە: (کوردناسی گشتی، دانانی لیژنەیەک، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٣.

١٤- سەلام ناوخۆش و ئەوانی تر، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٦-١٧.

١٥- ئەم جۆرە دابەشکردنە و قۆناغە جیاوازیانە لەلایەن (ئەورەحمانی حاجی مارف) کراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەورەحمانی حاجی مارف، چی لەبارەی زمانی کوردی نوسراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا- ١٩٧٤، ل ٨-٣٢.

١٦- ڕەفیق شوانی، کوردناسی و دەوری لە ناساندنی کوردا، کۆنگرەی جیهانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٣٩-٤٠.

١٧- شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، چاپی شەشەم، هەژار موکریانی کردویەتی بە کوردی، سنە، ٢٠١٣،ل٨١-٨٢.

١٨- ڕەفیق شوانی، کوردناسی و دەوری لە ناساندنی کوردا، کۆنگرەی جیهانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٧، ل٤٢-٤٣.

١٩- عەبدولواحید موشیر دزەیی، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر، ٢٠١٣، ل٩-١٣.

٢٠- ڕەفیق شوانی، کوردناسی و دەوری لە ناساندنی کوردا، کۆنگرەی جیهانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٦،ل ٣٩.

٢١- سەلام ناوخۆش و ئەوانی تر، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩،ل ١٧.

٢٢- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کار و چالاکییەکانی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە لەبارەی زمان و مێژوو و جوگرافیا و.. هتد، بروانە: (ڕەفیق شوانی، کۆنگرەی جیهانی، ل ٤٤ - ٤٨.

٢٣- - عبدالباقی ئەکرەم، مێژووی زمان و زار، کۆلیژی پەروەردە، بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، قۆناغی یەکەم، ٢٠١٨،ل ٣٥.

# کوردناسی

## پەڕاوێزی ڕۆژهەڵاتناسی

### پێشەکی:

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی کوردناسی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا و قۆناغەکانی سەرهەڵدانی (ڕۆژهەڵاتناسی) و قوتابخانە و قۆناغەیلی ڕۆژهەڵاتناسی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، چونکە بەبێ هیچ دوودڵییەك (کوردناسی) بۆ خۆی جگە لە پەڕاوێزێکی (کاڵ) و (پاوان)ێکی پاکنەکراوە و درەنگ وەختەی (ڕۆژهەڵاتناسی) هیچ شتێکی تر نییە. بۆیە گەڕانەوە و چاوپێداخشانەوەیەکی کورت بۆخۆی ڕەنگە یارمەتیدەرێکی چاك بێ لە تێگەیشتن لە شوێنی (کوردناسی) لەناو ئەو سیستمە مەعریفییەی، کە بەناوی (ڕۆژهەڵاتناسی)یەوە بڕەوی پەیدا کرد.



**د. نەجاتی عەبدوڵڵا:**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ هەولێر. بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لەمێژووی هاوچەرخ، زانکۆی پاریسی دەیەم. ساڵی ٢٠٠٥ سەرنووسەری گۆڤاری کوردناسی بووە. جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردییە. چەندین کتێبی لەبواری کوردناسیدا چاپ بووە.

## گەڕانەوە بۆ سەرەتا

ڕۆژهەڵاتناسی لە پێناسەیەکی گشتگیردا ئەو بزووتنەوە ئەدەبی و هونەرییە بوو، کە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە و دواتریش تا تەواوی سەدەی نۆزدەهەم بایەخ پێدان و مایەی تێڕامانی هونەرمەندەیل و نووسیارانی ڕۆژئاوا بوو بۆ وڵاتانی عەرەب و موسڵمانی (مەغریب) و (ڕۆژهەڵات)، واتە بە تێرمە گشتییەکەی ئەمڕۆ بۆ وڵاتەیلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی. دواتر بەرەبەرە لەگەڵ دارمانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و بەتایبەتیش داگیرکردنە کۆلۆنیالییەکانی ئەورووپا، زۆر بەتایبەتیش لەنێوان سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا مانا و ئامانجی دیکەی لەبەرچاو گرت. وەرگێڕانی (هەزار و یەک شەوە) لە لایەن ئەنتوان گالاند لەنێوان ساڵانی ١٧٠٤-١٧١٧ بۆ سەر زمانی فەرەنسایی و دواتر وەرگێڕانی بۆسەر زمانی ئینگلیزی لە لایەن ئەدوارد ولیام لەنێوان ساڵانی ١٨٣٩-١٨٤١ دەورێکی زۆر گرینگی گێڕا لە ڕاکێشانی هونەرمەند و نووسەرانی ڕۆژئاوا و وێنەیەکی وای لە خەیاڵدانی ڕۆژئاوا دروست کرد، کە دواتر پەیکەرتاش، شانۆکار، ڕۆماننووس و دواتریش سینەماکارانی ڕۆژئاوا بەهرەیان لێوەردەگرت. دواتر وەرگێڕانی (ئاڤێستا) و ئاشنابوون بە زمانە هیندۆ-ئاورووپاییەکان هەنگاوێکی دیکە ڕۆژهەڵاتناسی بردە پێشەوە. لە سەدەی هەژدەهەم ڕووناکبیر و نووسەریلی ڕۆژئاوا بە چەندین لایەنی ژیاریی ڕۆژهەڵاتەوە سەرسام بوون. دواتریش لەگەڵ بەرفراوانبوونی داگیرکردنەکانی کۆلۆنیالیی ڕۆژئاوا، ئەم وڵاتانە زور زیاتر پێویستیان بە ناسینی (ڕۆژهەڵات) بوو و لێرەوە دەکرێ بڵێین ڕۆژهەڵاتناسی (ئاڕستەکەی) گۆردرا بە ئاڕاستەیەکی دیکە.

بەریتانیایی و پورتوگالییەکان هەر لە زووەوە بایەخیان بە (ڕۆژهەڵات) دا و هەر لەسەدەی پازدەهەمەوە (تۆماس هێربێرت) توانی لەڕێگەی هیندستانەوە بگاتە کەناراوەکانی باشووری ئێران و دەستی کرد بەوەی لەبارەی ئێران و ئێرانییەکانەوە بنووسێ. لەسەدەی هەژدەهەم ئەورووپاییەکان بۆ یەکەمجار گوڵستانی (سەعدی) یان بەزمانی خۆیان خوێندەوە. لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم پاریس و لەندەن بووبوون بە دوو ناوەندی سەرەکی و زۆر گرینگی خوێندنی ڕۆژهەڵاتناسی. لەسەردەمی ڕۆشنگەری و دەورانی ڕۆمانسیزمدا (ڕۆژهەڵات) بووبووە مایەی تێڕامان و سەرنجدانی ڕۆژئاوا. ژمارەیەکی زۆر بەرهەم و شیعر و مێژوو و کاری ئەدەبی وەرگێردران بۆ سەر زمانە ئاورووپاییەکان و هەموو ئەوانە ئەو کێڵگە مەعریفییەیان ڕازاوەتر کرد، کە ناوی (ڕۆژهەڵاتناسی) بوو. ڤیکتۆر هۆگۆ لە پێشەکی کتێبی (ڕۆژهەڵاتییەکان) چاپی ١٨٢٩ نووسییویە : (ڕۆژهەڵات بووتە جێگەی بایەخپێدانی گشتی). بۆیە دەکرێ بڵێین ڕۆژهەڵاتناسی تاوەکو کۆتایی سەدەی شانزەهەم و بگرە لەسەدەی ڕۆشنگەریش وەک بزاوتێکی هیومانیستیی زانایانە دەناسرا. بارتێلیمی ساڵی ١٦٩٧ (کتێبخانەی ڕۆژهەڵات)ی بڵاوکردەوە، کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەدە وەکو ئینسکلۆپیدیای ئیسلام سەیر دەکرا. بەڵام دواجار ڕۆژهەڵاتناسیی نەیتوانی بەر لە چاوچنۆکیی داگیرکردنەکانی کۆلۆنیالیزم، ڕەگەزپەرستیی و تۆتالیاریەتی ڕۆئاوادا بگرێ و لەوە بەدوا ڕۆژهەڵاتناسی پەیامە ئینسانییەکەی گۆڕدرا بە پەیامێکی داگیرکەرانە و دواجاریش ئایدیۆلۆجیای (بزووتنەوە ئیسلامییە تیرۆریستەکان) هەموو سەرسامبوونێکی ڕۆژئاوایان بە ڕۆژهەڵات و خەڵکانی ڕۆژهەڵات هەر بە تەواوی لەناوبرد. لە زمانانی ڕۆژئاوا وشەی (Orient) واتە (ڕۆژهەڵات)، بۆیە سەرجەمی ئەو زانستانەی کە لەبارەی ژیار و فەرهەنگی (ڕۆژهەڵات)ەوە دەدوێن پێیان دەوترێت (ڕۆژهەڵاتناسیی) و ئەو کەسانەش کە بایەخ و گرینگی بەو دیسپلینە دەدەن پێیان دەوترێت (ڕۆژهەڵاتناس).

## کورد: گروپەیلی عەشایر و فۆلکلۆریی

تاوەکو دوایین چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمیش کورد نە هۆشیاری نەتەوەیی خەملی یوو و نە هەستی (نەتەوە) بوونیشی تێدا ڕسکا بوو. کورد لەناو هەموو نەتەوەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە هەموویان درەنگتر (هۆشیار) بۆوە و تا ئیمپراتۆریای عوسمانیش ڕووخا، کورد تا ساتەوەختێکی درەنگیش هەر لەناو یادەوەریی (عوسمانی) بوون دەژیا. ئەمە بەدەر لەوەی لەناو جامیعەی عوسمانیدا گرووپەیلی کورد هەرگیز و هیچ کات خۆیان وەک (ئیتنی) یان (گرووپگەل) یان (نەتەوە)یەکی جیاواز بەمانا مێژوویەکەی نمایش نەکردووە، بەڵکو هەر تەنیا وەک عەشیرەتگەلی فۆلکلۆریی و پەراکەندە و بێ یادەوەریی هاوبەش ژیاون. ئەوهێندە ڕایەڵە و هەستی (عوسمانی) بوون و (ئێران) ی بوونیان هەبووە، کە زۆر زیاتر بووە تەنانەت لە (تورک) و (فارس) و هەموو نەتەوەیەکی دیکە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەم گرووپەیلە عەشیرەتگەرا (فۆلکلۆرییە) پەراکەندەیە لەناوەی خۆیدا بەدەست کۆمەڵێک کیشەی گەورە گەورە گیرۆدە بوو، کە گەورەترینیان ئەمانە بوون:

**یەکەم: لەڕووی زمانییەوە هیچ کات خاوەن (زمانێک) ی هاوبەشی یەککرتوو نەبوو کە کۆیان بکاتەوە و دنەی هۆشیاریی نەتەوەیی و پێکەوبوونیان بدات.**

**دووەم: لەڕووی ئیتنییەوە دابەش و پارچە پارچە و دەستە و تاقمگەلی بێشومار بوون.**

سێیەم: لەڕووی جوگرافیاشەوە لە ناوچەیەکی شاخاوی داخراو و دوورەدەست و پەراوێزگیر، کە هیچ پەیوەندییەکیان لەنێواندا نەبووە، سەرباری هەموو ئەوانەش تەنانەت لەڕووی ئاینیشەوە فرە مەزهەب، فرە ئاینزا، موسڵمان، شیعە، عەلەوی، کاکەیی، یارسان، ئێزیدی، سارەلی، شەبەک هتد. لەناو ئەم دابەشبوون و دووبارە دابەشبوونەوانەدا کورد تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە خۆی وەک یەک (نەتەوە) نمایش بکات و خاوەنی (یەک) زمان و یەک (سنوور) ی نەتەوەیی و (ناسنامە) تایبەتیی خۆی بێت، کە بۆ داروسێکان و بۆ خۆیشی ڕوون و ئاشکرا بن. ئەمە کێشەی گەورەی کورد بووە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی، بەجۆرێک سیاسەتوانە هاوپەیمانەکان، بەتایبەتیش ئینگلیزەکان هەر بەڕاستی نەیاندەزانی سنووره جوگرافییەکانی کوردستان لەکوێوە بە کوێ دەگەن و یەکەی نەتەوەیی کورد کوێندەر دەگرێتەوە. بێسوود نییە ئەگەر ئەوە بگێڕینەوە، کە ساڵی ١٩١٩ کاتێک کلیمەنسۆ لە گەرمەی سەروبەندی کۆنفرانسی ئاشتی لەگەڵ دیپلۆماتکاری فەرنسی ڕۆبێرت دو کێ قسەدەکات و پێی دەڵێ ئێمە تەواوی بەیانی لەگەڵ ئینگلیزەکان باسی کوردەکانمان کرد، کەوایە پێم ناڵیی ئەم خەڵکانە کێن؟. ئەم پرسە تا ئەمڕۆش پاش سەدەیەک زیاتر هەروەک خۆی ماوەتەوە. لەوەدا مەبەستم لەم سەرەتایە ئەوەیە ئەوە بڵێک، کە مەتریال گەلی ئەوەی پێی دەڵێن (کوردناسی) مامەڵەی لەگەڵ ئەم واقیعەدا کردووە و بەمجۆرەش تێبینی و یادداشتەکانی خۆی لەناو مەتریالەکانی کوردناسیدا نووسیوەتەوە.

## کوردناسی: درەنگترین پەراوێزی لەدایکبووی ڕۆژهەڵاتناسی

لەگەڵ پەلهاویشتنی کۆلۆنیانیزم بۆ داگیرکاری گەلان بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم چەندین لقی سەربخۆ لەناو منداڵدانی ڕۆژهەلاتناسی لە دایک بوون، وەک عەرەبناسی، ئێرانناسی، تورکناسی، ئیسلامناسی هتد. و هەموو ئەم بەشانە مامۆستا و ناوەندی زانکۆییان هەبوو لە شارە گەورەکانی ئەورووپا و چەندین پرۆفیسۆر و دیپلۆمات و سیاسەتوانی گەورەی ئاورووپایی کاریان لەو کێڵگانە دەکرد و بەرهەمێکی یەکجار زۆریشیان پێشکەش کردووە.

بەداخەوە کوردناسی هیچ ناوەندێک و زانکۆیەک پشتیوانی لێ نەکردووە و تەنیا لەچوارچێوەی ئێرانیناسی نەبێ دەنا زانستێک بەناوی کوردناسی نە هەبووە و نە ئەو بایەخەشی پێدراوە بەوجۆرەی بایەخ بە گەلانی دیکەی رۆژهەڵات دراوە. ڕاستە کورد لە سەدەی پازدەهەمەوە و بگرە پێشتریش لەناو سەفەرنامە و یادداشتنامەی گەرۆگە ئەوروپاییەکان لێرە و لەوێ وەکو لە پێشدا وتم وەک عەشیرەتگەل و ئیتنی فۆلکلۆری ناوی هاتووە (لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران) دا. هەموو ئەو مەتریال و گەشتنامەی گەرۆکەکان باسیان کردووە، بوون بە بەشێکی گەورە لەو زانستەی کە لە ڕێگەی خۆیانەوە بوون بەو دیسپلینەی کە (ناوی نرا) کوردناسی. دەمەوێ ئەو دووپات بکەمەوە کە کوردناسی تەنیا بریتییە لەو مەتریال و کەرەستەی سەفەرنامە و لێکۆڵینەوەی ئەو بێگانانەی لەسەر کورد و کوردستان نووسیوویانە و هەرگیز هیچ کاتێک تا پێش شۆڕش (کودەتا)ی تەمووزی ١٩٥٨ لە هیچ شارێکی ئاوروپا و جیهاندا ناوەندێک یان قوتابخانەیەک نەبووە بەناوی (کوردناسی). لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم ئیتالییەکان هەنگاوێکی گەورەیان نا بەوەی یەکەم فەرهەنگی وشەنامەی (ڕێزمان و وشەنامەی زمانی کوردی) ساڵی ١٧٧٨لە رۆما بڵاوکردەوە. دوای ئەوە ڕووسەکان بە تایبەتی دوای جەنگی ڕووسی-تورکی ١٨٢٨-١٨٢٩ و لکاندنی بەشێکی قەوقاز بە ئیمپراتۆریای ڕووسیا و قۆناغی دوای ئەوە، کە بە سەرەتای بایەخ پێدانی زانا و ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوە و مێژوو و بواری کوردناسی. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمیش ئەکادیمیای سانت پێترسبوورگ لە تا شێستەکانی سەدەی نۆزدەهەم بایەخێکی بەرچاویان بە کوردناسی داوە. گەرچی ژمارەی ئەو گەڕۆک و گەڕالانەی کە سەردانی کوردستانیان کردووە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ژمارەیەکی زۆر بەڵام لەناو ئەم ژمارە زۆرەدا تەنیا دوو سەفەرنامە تا ڕادەیەکی بەرچاو کوردیان بە دەزگا زانستییەکانی ئەوروپا ناسییوە، یەکەمیان سەفەرنامەی کلۆدیوس جیمس ریچ بۆ کوردستان ساڵی ١٨٢٠ کە بە ئینگلیزی ساڵی ١٨٣٦ لە لەندەن بەناوی (سەربردەی جێنشنێک لە کوردستان و لە شوێنەواری نەینەوای کۆن، لەگەڵ ڕۆژانەی سەفەرێک بە ڕێڕەوی دەچلە بۆ بەغدا و ڕاپۆرتێک دەربارەی شیراز و پەرسیپۆل) بڵاوکراوەتەوە و دواتریش ساڵی ١٨٨٧ سەفەرنامەیەک بە زمانی فەرەنسایی سەرومڕ بۆ کوردستان تەرخان کراوە و لەسەر بەرگەکەشی بۆ یەکەمجار ناوی کوردستان دەچێتە سەر بەرگی سەفەرنامەیەک بەناوی (سەفەر بۆ کوردستان، بۆ میزۆپۆتامیا و ئێران) و لەسەر بەرگەکەشی وێنەی کوردێک لەسەر ئەسپێک بڵاودەکاتەوە و ئەمە وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ (ناسینی کورد) ناڵێم (کوردناسی). دوای ئەوە لە دوا دواییەکەی سەدەی نۆزدەهەم مۆرگان (١٨٩٣) و گالاند (١٩٠١) وتاری سەربەخۆیان لەبارەی جوگرافیای کوردستان بە زمانی فەرەنسی نووسیووە. لەسەرەتای سەدەی بیستەم تاوەکو جەنگی یەکەمی جیهانی کورد نە خاوەنی (بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی) بوو نە هیچ کاریگەرییەکی ئاواشی لەسەر هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان هەبووە، کە بتوانێت کار لە سیاسەتیی ئیقلیمی و جیهانیی بکات، بۆیە لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک کتێب و نامیلکە و وتار لەسەر کورد نووسراون تەنیا بۆ (ناسینی کورد) بووە نەک (کوردناسی). ڕوخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و خەباتی سیاسیی و چەکداریی کوردستانی جنووبی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی کورد بە پەرتەوازەیی و زۆر بەلاوازی لە گۆرەپانەکە خەباتی سیاسیی و



**ئەم بابەتەی بەناوی (کوردناسی) دەخوێندرێ تا زووە دەبێ ئاوا فرێ بدرێت کە هیچ کەس ئیدی تەماشای نەکات و خوا ئەو کەسە بگرێ کە مێژووی و زمان و ئەدەبیاتی کوردیبەناوی (کوردناسی) خستەناو پرۆگرامەکانی خوێندن.**

چەکداری دەستپێکرد کە تا ئەمرۆش ئەو خەباتە چەکدارییە هەر بەردەوامە بەڵام بێ ئەوەی لە سەد ساڵدا بتوانێ دەستکەوتێکی ئاوای ببێت، کە هێڵێک بۆ سنوورە نەتەوەییەکانی کوردستان بکێشێت. بە کورتی کوردناسی و عەرەناسی و تورکناسی و ئێران ناسی و کوردناسی چەمکەیلی کۆلۆنیالین و بۆ دەستبەرداگرتن یاخوود رێگە خۆشکردن بۆ دەستبەرداگرتنی ئەم نەتەوانە داهێنراون. سەیر و سەمەرە لەوەدایە کورد بۆ خۆی بابەتێکی دروستکردووە بەناوی (کوردناسی) و لە زانکۆ و پەیمانگەکان مێژووی کورد بەناوی (کوردناسی) بە قوتابی کورد دەڵێنەوە. هیچ نەتەوەیەک نییە کتێب لەسەر خۆی بنووسێ بەناوی خۆیەوە، زاناکان کتێبی زانستییان لەسەر (بەکتریا) نووسیووە و ئەم زانستە بەناوی (بەکتریاناسی) یان (بەکتریالۆژی) ناسراوە، ئەوە زاناکانن بەرهەمی زانستیی لەسەر (بەکتریا) دەنووسن، چۆن رێگەی لێ بگرن و قەڵاچۆی بکەن. کوردناسی و عەرەبناسی هەر بۆ ناسینن بەوجۆرە ئیدی چ نەنگییەکە کورد مێژووی خۆی بنووسێتەوە بەناوی (کوردناسی) دەرخواردی هاونیشتمانییەکانی خۆی بدات. هەرگیز دیوتانە فەرنسییەک مێژووی خۆی بنووسێتەوە بەناوی (فەرنساناسی) یان (ئینگلیزناسی) یان (ئەڵەمانناسی) تکایە ئەم کۆمیدیایە رابگرن و لێبگەڕێن (کوردناسی) بچێتەوە شوێنی خۆی. لەسەرێکی دیکەوە بەڕاستی (کوردناسی) کۆتایی هاتووە و ئەمڕۆ ئێمە لەئاستانەی (لێکۆڵینەوەی کوردی) داین و قوناغی (کوردناسی) بەسەرچووە و سەیرەکەی لەوەدایە کورد پێیەوە نووساوە بەناوی (کوردلۆجی) و (کوردناسی) خەریکە مێژووی خۆی دەرخواردی نەتەوەکەی خۆی دەدات. دوا وشەم ئەم بابەتەی بەناوی (کوردناسی) دەخوێندرێ تا زووە دەبێ ئاوا فرێ بدرێت کە هیچ کەس ئیدی تەماشای نەکات و خوا ئەو کەسە بگرێ کە مێژووی و زمان و ئەدەبیاتی کوردیبەناوی (کوردناسی) خستەناو پرۆگرامەکانی خوێندن.

تێبینی: ئەم بابەتە قەرار بوو زۆر لەوە زیاتر و فراوانتر بێت، بەڵام بەداخەوە پشتئێشە ناچاری کردم نەتوانم تەواوی بکەم، لەبەر ئەوەش قەرزێکی زۆری خۆشەویستانی گۆواری (خاڵ) قەرزار بووم، بۆیە بیرم کردەوە لەم بارانەدا مرۆ چی دەستکەوت بیداتەوە خاوەن قەرز خراپ نییە، بۆیە بە ناچارییەوە هەر بۆ ئەوەی قەرزەکەم کەمێک سووک بکەم وا ئەم باسەم بۆناردن، بەهیوای ئەوەی بتوانم ئەگەر پشتئێشە بوارم بدات دواتر باسەکە وەک ئەوەی خۆم دەوێ تەواو بکەم.

**فەرەنسا، ٢٧ ی تەمموزی ٢٠١٩**

## زمان و وێژەی کوردی پاش ٦٠ ساڵ ژیانی ئاکادێمیک:

# پێویستیی گۆڕانکاریی پارادیگماتیک






**د. بەختیار سەجادی**

سەرۆکی بەشی زمان و وێژەی کوردی،
زانستگای کوردستان، سنە

## کورتە:

هەر دوو بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی بەغداد و بەشی کوردۆلۆجی لە ئاکادێمیی زانستە ڕۆژهەڵاتییەکانی سەینت پێتێرزبورگ لە ساڵی ١٩٥٩دا دامەزران و بەم چەشنە زمان و ئەدەبی کوردی وەک بەشێکی زانستیی سەربەخۆ هاتە نێو گوتاری دامەزراوەیی ئاکادێمیکەوە. ئەو دوو بەشە دواتر پەرەیان سەند و لە قۆناغەکانی تریشدا بەشە فێرکارانە و زانستییەکانی دیکە سەبارەت بەم بابەتە لە زانکۆکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا کرانەوە. ئەم وتارەی بەردەست دەیەوێ ئەو خاڵە بخاتە ڕوو کە ئەو بەشانە، سەرەڕای کاریگەرییە ئەرێنییەکانیان، هاوکات نەیانتوانیوە ئەو جۆرەی شیاو و پێویستە خۆیان تازە بکەنەوە. ئەو بەشانە، لە لایەکەوە، خۆیان لە دەستکەوتەکانی دەڤەری فێرکاری وەکوو بواری زانستی و پسپۆڕانە دوور خستووەتەوە و، لە لایەکی تریشەوە، توێژینەوەکانیان لە هەر دوو باری ناوەڕۆک و فۆرمەوە و بە تایبەت لە ڕووی سیستەمی هزری و میتۆدۆلۆژییەوە گەشەیەکی بەرچاویان بە خۆیانەوە نەبینیوە. لەم وتارەدا باسی واتا نەرێنییەکانی زاراوەی «کوردولۆجی» دەکرێت و پاشان ئاوڕ لەو ڕوانین و لایەنە زاڵە نەرێنیانە دەدرێتەوە کە لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی لە زانکۆ ڕۆژئاواییەکاندا وەکوو تایبەتمەندی و پارادایم دەرکەوتوونە. هەروەهاش، تیشک دەخرێتە سەر کۆمەڵێ خاڵی لاوازی گشتیی بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لە سەرجەم کوردستاندا کە لێرەدا وەکوو وێستاوی و کەموکوڕیی پارادیگماتیک ناوزەد دەکرێن. لە کۆتاییشدا، لەسەر پێویستیی هاتنە ئارای «گۆڕانکاریی پارادیگماتیک» لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی و بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردیدا هەڵوێستە دەکرێت.

**وشە سەرەکییەکان: زمانی کوردی، ئەدەبی کوردی، کوردۆلۆجی، ڕۆژهەڵاتناسی، گۆڕانکاریی پارادیگماتیک**

## ١. پێشەکیی یەکەم: دامەزراندنی بەشی کوردۆلۆجی

لە ساڵی ١٩٥٩دا بۆ یەکەم جار هاوکات لە دوو شاری سەینت پێتێرزبورگ و بەغداد دوو بەشی زانستی کرانەوە: لە ئاکادێمیی زانستە ڕۆژهەڵاتییەکانی سەینت پێتێرزبورگ، بەشی کوردۆلۆژی و، لە زانکۆی بەغداد بەشی زمان و ئەدەبی کوردی کرانەوە. پرۆفێسۆر جۆزێف ئۆربێلی، گەرچی زیاتر وەک ئیسلامناس و پسپۆڕی بواری ئایینەکانی ڕۆژهەڵات ناوی دەرکردووە، بەڵام لە ڕاستیدا توێژەرێکی ماندوویینەناسی دەڤەری زمان، وێژە، مێژوو و فەرهەنگی کوردان بوو. ئۆربێلی، لە ساتەوەختی دامەزراندنی بەشی کوردۆلۆجی لە ئاکادێمیی زانستە ڕۆژهەڵاتییەکان لە لێنینگرادی ئەوسا، لە نامەیەکی ڕەسمیدا بەم شێوەیە باسی پێویستیی کردنەوەی ئەو بەشە دەکات:

بە سەرنجدان بە پێویستیی پلاندانانی باشتر بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەگەلی ئاکادێمیک لە بەشی توێژینەوەی کوردیدا، لە ڕۆژی یەکەمی مانگی مارسی ١٩٥٩ بە دواوە، گروپی کوردۆلۆژیستەکان کە ئێستاکانێ لە بەشی ئێرانناسیدا خەریکی کارن، لە ڕواڵەتی گروپێکی جیاکار و سەربەخۆ و لە ژێر چاودێریی بەندەدا دەست دەکەنە نواندنی چالاکی لە بواری کوردۆلۆژیدا. ئەندامانی ئەم گروپە بریتین لە قەناتی کوردۆ، زوکرمان، ڕۆدنکۆ، موسایلیان، ڤاسیلیڤا و هەندێ خوێندکاری دوکتۆرا وەک سمیرنۆڤا، یۆزۆپۆڤا، کەریم ئەیووبی و جاسم جەلیل. مەبەستی سەرەکیی وەرێخستنی ئەم بەشە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی لایەنە جیاوازەکانی مێژوو و فەرهەنگ و زمانی کوردان. (لیزنبێرگ لە کەمپر و کنرمان، ٢٠١١: ٤٧٥)

چارەکە سەدەیەک بەر لەم ڕێککەوتە، بەشێکی بچوک بە ناوی کوردۆلۆجی لە ئاکادێمیی زانستەکانی ئەرمەنستان سەر بە ئاکادێمیی زانستەکانی سۆڤیەتی

جاران کرابووەوە و پێشتر لە ساڵی ١٩٣٤دا یەکەمین کۆنگرەی کوردۆلۆجی لە ژێر چاودێریی بەرپرسەکانی دامودەزگا زانستییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا بەسترا و دانانی فەرهەنگێکی گەورەی زمانی کوردی و یەکەمین ڕێزمانی مێژوویی زمانی کوردی کەوتە ئەجێندای کۆنگرەوە. وەک کرەینبرۆک ئاماژەی بۆ کردووە، «لە ١٩٥٩دا بەشی کوردۆلۆجی لە ئەنستیتۆتی زانستە ڕۆژهەڵاتییەکانی سەر بە ئاکادیمیی زانستەکانی سەینت پێتێرزبورگ لە بەشی ئێرانناسی جیاکرایەوە و بە شێوەی سەربەخۆ دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی زمان و مێژوو و فەرهەنگی کورد. ئەم بەشە دواتر لە مۆسکۆ و ئیرەڤانیش کرایەوە» (کرینبرۆک و سپلر، ١٩٩٢: ١٦٥).

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە ڤاسیلی نیکیتین پێشتر لە ١٩٣٢دا زاراوەی «کوردۆلۆژی»ی بۆ ناونیشانی وتارێکی هەڵبژاردبوو و تەنانەت پێش لەویش لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا د. عەبدوڵا جەودەت لە نووسینێکدا کە لە ئەستانبوڵ بڵاوی کردەوە هەمان زاراوەیەی بەکار هێنابوو. لە سەینت پێتێرزبورگ قەناتێ کوردۆ لە ساڵی ١٩٦٠دا ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی بەشی کوردۆلۆجی گرتە ئەستۆ و ژمارەیەک مامۆستا وەک ئاڤالیانی،(١) باکایێڤ(٢) و زوکرمان(٣) لەوێ دەستیان کرد بە وانەوتنەوە و ئەنجامدانی توێژینەوە. لە بواری زمان و زمانناسیدا بێجگە لە کۆردۆ و زوکرمان، خوێندکارەکانیان وەک سمیرنۆڤا و یۆزۆپۆڤا چالاکانە کاریان دەکرد؛ لە دەڤەری وێژەی کلاسیک و هاوچەرخیشدا، ڕۆدنکۆ و هەندێ خوێندکار وەک موسایلیان. ئەیووبی، مارف خەزنەدار و ئۆردۆغانی جەلیل و، لە بواری مێژووشدا بێجگە لە ڤاسیلیڤیا کۆمەڵێ خوێندکار وەک کاوس قەفتان و جەلیل جەلیل چالاکییان دەنواند. هاوکات لە زانکۆی مۆسکۆشدا پرۆفێسۆر میلر(٤) هەر لەم بوارەدا توێژینەوەکانی خۆی ئاراستە دەکرد (وەرگیراو لە ماڵپەڕی ئاکادیمیی زانستە ڕۆژهەڵاتییەکانی سەینت پێتێرزبورگ).(٥) بەشەکانی کوردۆلۆجی لە سۆڤیەتی جاراندا بە شێوەیەکی بەرچاو بووژانەوە و، هەندێ ناوی دیاری دەڤەری لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبی کوردی لەوێ خوێندیان تەواو کرد. هەندێ لەو ناوانە بریتین لە: عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، وریا عومەر ئەمین، نەسرین فەخری، کوردستان موکریانی، جەبار قادر، عەبدوڕەحمان حاجی مارف و هەروەهاش لە بواری مێژوودا توێژەرێکی دیاری وەک کەمال مەزهەر.

ڕووسیا لە بواری لێکۆڵینەوەی کوردیدا مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە. ئاگوست ژابا،(٦) ڕۆژهەڵاتناسی پۆلۆنیایی کە بۆخۆی لە سەینت پێتێرزبورگ خوێندبووی، لە ١٨٤٨ەوە بۆ ١٨٦٦، واتە ١٢٦٤ بۆ ١٢٨٢ی کۆچی مانگی، سەرقونسوولی ڕووسیا بوو لە ئەرزەڕۆم و دەوری سەرەکی گێڕا لە پاراستنی دەستنووسە کوردییەکان، بە تایبەت پاش ئاشنابوونی لەگەڵ زانای کورد، مەلا مەحموود بایزیدی. ئەوان پێکەوە کۆمەڵێ چیرۆکی کوردی-یان (٧) لە سەینت پێتێرزبورگ لە چاپ دا و، پیتێر لێرخ بە فەرانسەیی پێشەکیی لەسەر نووسی. دواتر لە ساڵی ١٨٧٩دا، فێردینان ژوستی(٨) فەرهەنگی کوردی-فەرانسەیی، بەرهەمی ژابا-ی هەر لەێ لەوێ بڵاو کردەوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا، ڤلادیمیر مینورسکی(٩) چالاکانە لە بواری لێکۆڵینەوەی کوردیدا کاری دەکرد و یەکەم بەرهەمی خۆی لەسەر کورد لە ساڵی ١٩١١دا لە سەینت پێتێرزبورگ بڵاوکردەوە. مینورسکی لە ساڵی ١٩١٩دا چوو بۆ پاریس و دواتر بۆ لەندەن و، پاشان لە زانکۆی کەمبریجدا گیرسایەوە و درێژەی دا بە پرۆژە و هەوڵەکانی خۆی لەم بوارەدا و لە ١٩٢١دا کتێبە بەناوبانگەکەی سەبارەت بە یارسان خستە بەر دیدەی هۆگرانی توێژینەوەی ئەو بوارە (بازورث، ٢٠٠٤).(١٠)

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەم لاوە

کوردۆلۆژی بوو بە دەقەرێکی دیاریکراوی توێژینەوە سەبارەت بە کورد و دواتر لە فەرانسە و بریتانیا و ئاڵمانیا و پاشان لە ناوەندە ئاکادیمیکە گرنگەکانی زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان گرنگایەتیی بەرچاو درا بەم دەقەرە و چەندین بەش و ناوەندی تایبەت بە کوردۆلۆجی و توێژینەوە کوردییەکان لە زانکۆکانی وڵاتە ئوروپاییەکاندا دامەزران. هەندێ لەو ناو و ناوەندانە بریتین لە: دیپارتمانی ئێرانناسی لە سۆربۆن و لێکۆڵینەوەکانی کەسانێکی وەک پرۆفیسۆر جۆیس بلۆ؛ زانکۆی سواس لە لەندەن و بەرهەمی کەسانێک وەک ئێلی سوان،(١١) جان ئێدمۆندز(١٢) و دەیڤید مەکنزی؛(١٣) ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە زانکۆی ئێکسێتێر؛ زانکۆی ئۆترێخت لە هۆڵەند و زانکۆگەلی گوتینگن و ئازادی بێرلین لە ئاڵمان کە بۆخۆی مێژوویەکی درەوشاوەی لەم بوارەدا هەیە و پێشتر لە سەرەتای سەدەدا توێژەرێکی وەک توماس مان،(١٤) کۆمەڵێ بەرهەمی ناوازەی لەسەر مێژوو و ئەدەبی کوردان ئاراستە کردبوو و هەر ئێستاش هەندێ توێژەری بەناوبانگ وەک مارتین وان برونسن(١٥) و فیلیپ کرینبرۆک(١٦) خەریکی چالاکین؛ بەشی زمانناسی و فیلۆلۆژیی لە کۆلێژی زمانەکانی زانکۆی ئۆپسالا لە سوید و هەروەهاش ناوەندی لێکۆڵینەویی کوردی لە دیپاتمانی ئیرانناسی لە ئەنستیتۆتی لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان لە کۆلێژی فیلۆلۆژی زانکۆی کراکۆی پۆلۆنیا و، بەم دواییانەش لە سێ زانکۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

## ٢. پێشەکیی دووەم: کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی

گەرچی پاش بەیاننامەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ کۆمەڵێ ناوەندی زانستی وەک کۆڕی زانیاریی کورد و چەندین دەزگای ڕاگەیاندن وەک ڕۆژنامە و گۆڤار و وێستگەی ڕادیۆیی دامەزرا و پەرەش درا بە زانکۆی سەلاحەدین کە پێشتر لە ١٩٦٨ لە سلێمانی دامەزرابوو، بەڵام یەکەم هەوڵەکان بۆ کردنەوەی بەشی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٩ لە زانکۆی بەغداد. کۆمەڵێ توێژەر ناوداری کورد وەک عەلائەدین سەجادی و شاعیری نوێخواز، گۆران و دواتر تەنانەت شاعیرێکی وەک جگەرخوێن بە پاڵپشتیی مامۆستایانی ناوداری کورد وەک مەلا عەبدولکەریم مودەریس و مەسعود محەمەد و دواتر لە قۆناغەکانی تردا کەسانێکی وەک هێمن و هەژار و شوکور مستەفا، دەوریان گێڕا لە کردنەوە و دواتر گەشەپێدانی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی.

بەشی ناوبراو یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٩دا لە زانکۆی بەغداد کرایەوە و پاشان لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا بەشێکی تر لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد لە هەمان زانکۆ کرایەوە. هاوکات کۆڕی زانیاریی کوردیش کە لە ساڵی ١٩٧٠دا کرابووەوە تا ١٩٧٨ بەردەوام بوو لە نواندنی چالاکی و دواتر لە کۆڕی زانیاریی عێراق وەک دەستەی کورد مایەوە و توێژەران درێژەیان بە کۆمەڵێ پرۆژەی کۆڕ دا (ماڵپەڕی ئاکادیمیی کورد(١٧)). سەرجەمی ئەو هەوڵانە لە ئاکامدا نەوەیەکی گەورەی فێرخوازانی کوردی پەروەردە کرد و، لە لایەکی تریشەوە، کۆمەڵێ بەرهەمی ناوازەی پێشکەش کرد لە بوارە جیاجیاکاندا وەک ڕێزمان، ڕێنووس، زاراوەسازی، وێژەی کلاسیک، فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی، مێژوو و تەنانەت وەرگێڕانی بەرهەمی نەتەوەکانی تر بۆ سەر زمانی کوردی.

## ٣. کوردۆلۆژی وەک گوتاری ڕۆژهەڵاتناسانە: خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە

گەرچی بەرهەمی توێژەرانی بواری کوردۆلۆجی دەستکەوتی سەرنجراکێشیان بەدواوە بووە و گەرچی یەکەم جار ئەوان واتە ڕۆژئاواییەکان بوون دەستیان کرد بە ئەرشیڤسازی و کۆکردنەوەی یەکەم

دەستنووسەکان و دانانی یەکەم فەرهەنگەکان و تۆمارکردنی ڕووداوەکان و بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەی بابەت و پرسە جیاوازەکان سەبارەت بە کورد بۆ یەکەمین جار، بەڵام دەبێ هەردەم ئەوەشمان لە یاد بێت کە پێویستە ئەو ڕوانینە باوە بسڕینەوە کە ئەوان دڵسۆز و خەمخۆری کورد بوونە و، بە هۆی خزمەتکردن و ڕاژەی زمان و فەرهەنگی کوردییەوە ئەو کارانەیان کردووە.

بەشێکی ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژئاواییەکان لەبەر کۆمەڵێ هۆکاری جیا لەوانەی سەرەوە بایەخیان بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە داوە لەو بواری بەرباسدا. یەکەم نموونەی ئاشنا بۆ ئەم پرسەی ئێستا موریتزیو گارتزونی(١٨) بوو کە یەکەم ڕێزمانی کوردی بە ناوی ڕێزمانی کوردی و وشەکانی زمانی کوردی(١٩) لە ساڵی ١٧٨٧دا لە ڕۆم بڵاو کردەوە. ئەو قەشەیەکی کاتۆلیک بوو و هەژدە ساڵی تەمەنی لە عمادیە تێپەڕاندبوو و مەبەستی لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە، فێرکردنی زمانی کوردی بوو بۆ قەشە مەسیحییەکان تاکوو باشتر لەگەڵ ئاخێوەرانی کورمانجیدا پێوەندی سازبکەن و باشتر لە ڕووی ئایینییەوە کاریگەرییان لەسەر دابنێن. دوای گارتزۆنی،کلۆدیۆس جەیمز ریچ(٢٠) و جەیمز فریزر،(٢١) دوو بە ڕواڵەت گەشتیاری بریتانیایی و لە بنەڕەتدا نێردەی دەسەڵاتی ئەمپریالیستی بۆ ئەم ناوچەیە، ڕوویان لە کوردستان کرد و لە پێگەی ڕۆژئاواییەکەوە بە باشترین شێوە، مۆرکەکانی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیی ڕۆژئاواییەکانی سەدەی نۆزدەیان لە سەفەرنامەکانیاندا نواندەوە.

نیکتین گارتزۆنی بە باوکی «کوردولۆجی» ناو دەبات (نیکیتین ١٩٣٢). زاراوەی کوردۆلۆجی هەڵگری چەندین کەمایەسیی زەقوزۆپە و بۆخۆی باشترین نموونەیە بۆ دەرخستنی شێوە ڕوانینی سووژەی عەقڵانیخواز و خۆبەناوەندزانی گوتاری باڵادەست بۆ ئۆبژە و بابەتێکی یەکدەست و گشتی و بێگیان بە ناوی کورد. ئەم زاراوەیە پیشاندەری گشتیبێژی و دەسەڵاتخوازی و چشتسازیی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسییە کە بۆخۆی هاوڕێ و ژێربەشی گوتاری داگیرگەییخوازیی سەدەگەلی سەردەمی مۆدێرنە، واتە لە سەدەی هەڤدەهەمەوە بۆ بیست. ئەم زاراوەیە، کوردی تا ئاست چشتێکی بێگیان و یەکدەست و بێڕۆح دابەزاندووە و کردوویەتی بە بابەتیک بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دەستی سوژەی خۆبڕیاردەری ڕۆژئاوایی سەردەمی مۆدێرن. کورد لەم بەستێنەدا بوو بە بابەتێکی یەکدەست، گشتی، کورتوکۆکراو، بچوککراو و پەراوێزکەوتە.

بێجگە لەمانەش، کەمن ژمارەی ئەو گەلانەی بۆ ناونیشانی بواری لێکۆڵینەوەی زمان و فەرهەنگەکەیان کەڵک لە پاشگری «لۆجی» وەرگیرابێ. هەر بۆیەش، ئێمە چاومان بە دەستەواژە و زاراوەگەلێک وەک ئەمریکالۆژی، بریاتنۆلۆژی، ژاپۆنۆلۆژی و تەنانەت ئێرانۆلۆژی و عەرەبۆلۆژی نەکەوتووە. ئەو زاراوانە نەک هەر هەڵگری هەڵەی زەقی مێتۆدۆلۆژیکن بەڵکوو لە ناخیشیاندا کۆمەڵێ کەمایەسیی زەقی مەعریفەناسانە و فیکری جێگیرە. لە لایەکی ترەوە، پاشگری «لۆژی» زیاتر لە زانستەکاندا و ئەویش نەک لە هەموو زانستێکدا بەکار دەهێنرێ وەک زیندەوەرناسی و زەویناسی؛، ئەمەش تا ئەو ڕادەیەی کە ئەورۆکە تەنانەت ناوی کۆمەڵێ بواری زانستیی ئاشنا و جێکەوتەی وەک کۆمەڵناسی و دەروونناسی ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی بیرمەندانی هاوچەرخ بوونەتەوە بە حوکمی ئەوەی لە هزرێکی پۆزیتیڤیستی و مامەڵەیەکی دابەزینخوازنەوە چەکەرەیان کردووە و بەرهەم هێنراون.

ئۆمانیزم، واتە مرۆڤخوازی، وەک لێکەوتەی بزوتنەوەی بەرفراوانی ڕۆنیسانسی ڕۆژئاوایی سەدەگەلی پاش چەرخەکانی ناوەڕاست، لە قۆناغێکی تر و دواتر لە سەدەی نۆزدەهەمدا کاریگەریی زیاتری لەسەر هزری بیرمەندانی ڕۆژئاوایی دانا. کاربەدست و بیرمەندە ئۆمانیستە

ڕۆژئاواییەکان زۆریان هەوڵ دا بۆ جێگیرکردنی بابەتەکانی زمان و وێژە و زانستە مرۆییەکان لە قوتابخانە و زانکۆکانی ڕۆژئاوای ئوروپا. کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم یەکەم قۆناغی مێژووی مرۆڤایەتییە کە تێیدا ڕواڵەتێکی دامەزراوەیی و یاسایی بەخشرایە خوێندنی زمان و ئەدەب و زانستە مرۆییەکان.

گەرچی یەکەم گەراکانی هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی خوێندنی کوردی لە قوتابخانە و دواتر زانکۆکاندا لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا وە دیار کەوت، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەم لاوە و وەکوو یەکەم ڕووبەڕووبوونەی جیدیی چینی نوخبەی کۆمەڵگا کوردییەکان لەگەڵ مۆدێرنیتەدا ئەو بەشانە پەیتا پەیتا و بە خێراییەکی کەمەوە کرانەوە. گەر ئەو جۆرە هەوڵانە بە کاری یەکەم نەوەی ئۆمانیستەکانی کورد لە قەڵەم بدەین، دەبێ بڵێین ئەو هەڵانەش لەبەر هۆکاری دیار و کەموکوڕی و لەبەردەستدا نەبوونی دەرفەت و توانایی بە تایبەت لە ڕووی ئامێری کارکردنەوە، لە ئاکامدا تا ڕادەیەکی زۆر نزیک بوونەوە لە داگەڕان بەرەو لای ناوەندخوازی؛ ئەمەش پەراوێزخراوێتیی لێکەوتەوە کە، وەک نموونە، دەتوانین ئاماژە بۆ پەراوێزکەوتنی زۆر شێوەزار و بنزاری کوردی بکەین و لە دەڤەری وێژەشدا، پەراوێزکەوتنی وێژەی جگە لە سۆرانیی لێکەوتەوە.

لە فەلسەفەی هاوچەرخدا بنەماکانی ئۆمانیزم بە تەواوەتی و لە بنەڕەتدا ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند کراونەتەوە کە بۆ ئەم باسەی ئێمە دەکرێت قامک بخرێتە سەر پەراوێزکەوتوویی کەمینە هەڵسازراوەکان وەکوو زەقترین لێکەوتەی ڕوانگەی سووژەی ناوەندخوازی بڕیاردەر. نەک هەر لە بەستێنێکی کوردیدا و بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی لە هزری هاوچەرخی دنیاداگردا ئۆمانیزم، وێڕای دەستکەوت و کاریگەرییە بەرچاوەکانی، ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند کراوەتەوە و هەر بۆیەش ڕوانگەکان لەم دەڤەرەدا دژەئۆمانیستین. (٢٢)

لە پاڵ ئەمانەشدا، سڕینەوەی ئەویدی، بە هۆی گرتنەبەری بۆچوونێکی ناوەندخوازانەی مێکانیکی بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەی کە ئەویدیکەیی سازی کردووە، بە مەترسییەکەی تری سەر زمان و ئەدەبی کوردی هەژمار دەکرێت. وەک بەم دواییانە بینیمان، لەم حاڵەتەدا، ڕێک بە پێچەوانەوە، ئەویدی کە خرایە پەراوێزەوە، وا خەریکە بە توندی مامەڵە لەگەڵ مەڵبەندگەریدا دەکات و ئەمەش تا ئەو ئاستەی کە دەیەوێ بە توندی و و تەنانەت بە دەمارگرژیشەوە، کە مەترسی توندوتیژیشی لێدەکەوێتەوە، خۆی بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ لە گوتاری باڵادەست ڕزگار بکات. هەندێ پرسی پێوەندیدار بە پۆلێنکاریی هەوارمی و لەکی و زازاکییەوە لە ڕووی زارناسییەوە لەم چەشنەن.

### ٤. زمان و ئەدەبی کوردی وەک بەشی زانکۆیی: کارتێکەر یان پاشکەوتوو؟

لە نیوسەدەی ڕابردوودا بەشی کوردی لە زانکۆکانی ناوەوەدا بەردەوام لە پەرەسەندندا بووە، بە تایبەت لە ڕووی ژمارەی دێپارتمان و مامۆستا و خوێندکارەوە. بەڵام گەلۆ لە ڕووی کاریگەری‌دانان لەسەر زمان و ئەدەب و فەرهەنگ، ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان بە کام ئاراستەدا ڕۆیشتوونە؟ لە خوارەوە زۆر بە کورتی کۆمەڵێ خاڵی لاوازی گشتیی ئەو بەشانە دەخرێنە ڕوو:

– ئەو بەشانە خۆیان لە دەستکەوتەکانی دەڤەری فێرکاری وەکوو بواری زانستی و پسپۆڕانە دوور خستووەتەوە و ڕووبەڕووی ئەم پرسە گرنگە نابنەوە.

– ئەو بەشانە زیاتر خۆیان بە ئەرشیڤسازی و ئەدەبی کلاسیکەوە سەرقاڵ کردووە و گەر باسی ئەدەبی هاوچەرخیش دەکات ئاوڕی جیدی لە شیعری نوێ ناداتەوە. تەنانەت ئێستاکەش

هەن ئەو مامۆستایانەی بەشی کوردی کە نەک هەر ئاگاداری ڕەوتی ئەدەبیی ئێستا نین بەڵکوو تەنانەت گۆران و شێرکۆش بە شاعیر نازانن.

– ئەو بەشانە گرنگایەتیی بەرچاو بە ئەدەبی چیرۆک و خوێندنەوەی ژانرە تازەکان نادەن.

– زۆر بە دەگمەن بەرهەمێکی ئەو بەشانەمان بینیوە لەسەر شرۆڤەی وردەکارانەی چەمکە ڕەخنەییەکان تیۆریی ئەدەبی و فەرهەنگیی هاوچەرخ.

– لە هەندێ بواری خۆماڵیشدا وەک شێوازناسیی ئەدەبی کوردی تەنانەت یەک کتێبیش نەهاتووە بەرهەم. بێجگە لەوەی کە هەر ئێستاکە لە بەشی کوریدا بە شێوازناسی دەوترێ شێوازگەری! ئەمەش ڕێک وەکوو ئەوەیە بە جوانیناسی بڵێین جوانیگەری و بە زانستی ئابووری بڵێین ئابووریگەری و بە سیاسەت بەڵێین سیاسەتگەری!

– لێکۆڵینەوەکان ناوی قەبە و سەرنجڕاکێشیان هەیە کەچی لە ناواخندا ڕووکەشیانەن. کە خوێنەر ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ناونیشان وەک ئەمانەی خوارەوە دەبێتەوە وائەزانێ بنەمایەکی پتەوی فیکری و چوارچێوەیەکی دیاری تیۆریکی لە پشتە کەچی بەم چەشنە نین و شیکارییەکان ڕووکەشیانە و گشتی و سادەن: تاراوگە لە شیعری پەشێودا، لەخۆنامۆیی لە بەرهەمی دلاوەر قەرەداغیدا، نەرگسیەت لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا

– بە گشتی لێکۆڵینەوەکان ساکار و سادەن، شێوازێکی زمانیی سادەیان هەیە، بەڵگاندنی سادە و شیکاریی سادە ئاراستە دەکەن. کەمن ژمارەی ئەو لێکۆڵینەوانەی بتوانرێن بە خێرایی کەمەوە بخوێندرێنەوە؛ زۆربەیان فۆنتەکەیان گەورەیە و ژمارەی دێڕەکانیشان لە لاپەڕەدا کەمن.

– ڕەچاو نەکردن و گرنگینەدان بە مێتۆدۆلۆژی و تەکنیک و مێکانیکی نووسینەوە کە بووەتە سەمێکی کوشندەی توێژینەوەکان لەم بوارەدا.

– مانەوە و کارابوونی مۆرک و ڕوانین و لێکەوتە نەرێنییەکانی گوتاری زانستیی بلووکی ڕۆژهەڵات لە ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی بیستەمدا کە تەنانەت ئێستاکانێش وەبەرچاو دەکەون.

– زمانی کوردی لە زۆربەی بەشە زانستییەکانی زانکۆکانی باشووردا بزرە و هەر بۆیەش لە ڕووی زاراوەسازی و دانانی هاوواتا بۆ چەمک و تێگەهە زانستییەکان کاری کەم کراوە.

– بزربوونی زمانی کوردی بە تەواوەتی لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی لە ئەنستیتۆ و زانکۆ ڕۆژئاواییەکاندا بە ئوروپا و ئەمریکاشەوە

– گۆڕینی ڕەوت و بابەتی توێژینەوەکان لەو ناوەندانە لە لێکۆڵینەوە وردەکارانەی زمان و ئەدەبی کوردییەوە و بە گوێرەی تێگەهە ڕەخنەییەکانی تیۆریی هاوچەرخ لە زانستە مرۆییەکاندا بۆ کۆمەڵێ بواری تر لە هەمان ئەو ناوەندانەدا وەک زانستی سیاسی، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هتد، بە بیانووی گرنگیدان بە بابەتە نێوانبوارییەکانەوە

– لە زانکۆکانی باکووردا تەنها لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر و ئەدەبی کلاسیکیان بە لاوە گرنگە و بە تەواوەتی وازیان لە ئەدەبی نوێخوازانە و بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ هێناوە.

– لە ڕۆژهەڵاتدا ژمارەی بەشەکان زۆر کەمن و تا ئێستا تەنها یەک بەش کراوەتەوە.

– نەبوونی ژورناڵی پسپۆڕانەی جێمتمانە و دانپێدانراو سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبی کوردی بە زمانی کوردی.

– لە ڕۆژئاوادا ئەزموونەکە تازەیە و هێشتا زووە بۆ بڕیاردان، بەڵام وا دیارە گرنگیدان بە ئەدەبی ئانگاژە و بەرپرسیار، لە داهاتوودا لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ڕەسەن دووریان دەخاتەوە.

## ٥. پێویستیی گۆڕانکاریی پارادیگماتیک

ئەدەبی کوردی لە ڕووی ساتەوەختی سەرهەڵدان و نووسینەوەی بەرهەمە ئەدەبییە گرنگەکانەوە لەگەڵ ئەدەبی ڕۆژئاواییدا وێکچووە. ڕاستە وەک ئەدەبی فارسی و عەرەبی میراتێکی نووسراوی لەمێژینەی زۆر پتەوی نییە و وەک ئەو نموونانە ناگاتە هەزار ساڵ، بەڵام دەبێ سەرنجی ئەو خاڵەش بدرێ کە ئەمە هەمان دۆخی ئەدەبی ئینگلیسی، فەڕەنسی، ئاڵمانی و ئیسپانییە کە تێکڕا دوای ڕۆنێسانس گەشەیان کرد. لەم چوار سەدەی ڕابردوودا ئەو نموونانەی سەرەوە هەردەم لە پێشکەوتن و بەرفراوانبوونەوەدا بوونەوە و بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر بووژاونەتەوە.

کەوتنە گەڕی «گۆڕانکاریی پارادیگماتیک» لە بەستێنی فێرکاریی و توێژینەوەی زمان و ئەدەبی کوردی لە گوتاری ئاکادێمیکدا نەک هەر دەرئەنجامی ئەرێنیی لێدەکەوێتەوە، بەڵکوو پێویستیەکی حاشاهەڵنەگری ئەم قۆناغەشە. گۆڕانکاریی پارادایگماتیک، نەک هەر لە ناوەرۆک و ڕوانین و مێتۆدۆلۆژیدا، بەڵکوو گرنگتر لەمانەش لە شێوازی ئاراستە بوونی توێژینەوەکان و جۆری دەرکەوتنیان وەکوو پێدراوی زانستی بۆ توێژەران، جۆرێکە لە سارێژی برینەکانی بەشی کوردییە. ئەم سارێژکردنەش نەک هەر پێویستیی بە پلان و بودجەی بەرفراوانە بەڵکوو بە ڕەوتێکی درێژخایەنیشدا تێپەڕ دەبێت و گەمژەییە وا تێبگەیین لە کورتماوەدا چارەسەر دەکرێت. ئێمە نەک هەر دەبێ پرچەک بکرێین بە زانستی تازەوە، بەڵکوو لە ئاستێکی تریشدا پێویستە دەزگا پێوەندیدارەکان و بە تایبەت وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرنامەیەکی پتەو دابڕێژن بۆ جێگیرکردنی زمانی کوردی لە تینک تانک و ناوەندەکانی نوانەسازیدا، نێودەوڵەتی بێت یان ناوخۆ، کە هیچ کامیان تا ئێستا نەکراوە تەنانەت لە ساکارترین شێوەشیدا.

ڕاستە زمانی کوردی بە هۆی مێژووی دووروودرێژ و قاموسی بەرفراوانی وشەیی و شێوەزار و بنزارە جیاجیاکانیەوە دەوڵەمەندە، ڕاستە وێژەی کوردی بە هەر دوو بەشی کلاسیک و هاوچەرخەوە دەوڵەمەندە، بەڵام ئاخۆ لێکۆڵینەوەی ئەو بەش و ژانرانە لە کوێ و بە چ شێوەیەک چاپ و بڵاو دەکرێنەوە و گەلۆ هەمووان دەکارن بیبینن؟ تا ئەم ساتەش تەنانەت یەک ناوەند و دامەزراوەمان نییە کە ئەم سێ مەرجەی خوارەوەی تێدابێ: یەکەم، بەرهەمەکان لە ڕووی مێتۆدۆلۆژی و زانست و مێکانیکی نووسینەوە شایانی متمانە و بڕواپێکراو بن؛ دووەم، سەرجەم یان زۆربەی سەرچاوەکانی ئەم بوارەی لەخۆ گرتبێ؛ سێیەم، ئەو سەرچاوە و توێژینەوانە بە شێوەی دیجیتالیزە و وەکوو پێدراوی زانستیی لەبەر دەستی توێژەراندا بن.

بە هێنانەوەی یەک نموونەی ساکار بەڵام باڵکێش کۆتایی بەم باسە دەهێنم: ئێمە تا ئەم ساتەش نازانین بۆ زاراوەی indexation کە لە فارسیدا بە شێوەی «نمایەشدگی» بەکار ئەهێنرێ لە کوردیدا چیمان لەبەردەستدایە. تەنانەت یەک جاریش نەمانبینی ئەکادێمسیەنەکان و یاخود دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەنانەت ڕۆشنبیرانی کورد لە باشوور، کە بەردەوام ڕەخنە لە هەموو دیاردەیەک دەگرن و کەمتر هەوڵی بەڕێوەبردنی پڕۆژەگەلی درێژخایەن دەدەن، لە نووسین یان ئاخافتنێکدا ئاماژە بۆ پێویستیی بەپەلەی ئەم پرسە بکەن. بەکارنەهێنانی زاراەگەلێک وەک نوانەسازی و نوێندراوێتی لە نڤیساری ئاکادێمک و تەنانەت ڕۆشنبیرانەی کوردیدا خۆی دەلالەتە بۆ پشتگوێخستنی کێشەکە، یان ڕەنگە هەر نەشمانزانیبێ کێشەیەکی وا گرنگ سەرانسەری بوون و چالاکیی بەشە کوردییەکانی گرتووەتەوە و، وەک مەترسییەک چاوی لێناکەین کە تەوژمێکی بەرفراوانی هێناوە و توێژینەوەکانی بەشە کوردییەکان لە ڕەوتێکی درێژخایەندا لە ناو بەشە زانستییەکانی تردا دەتوێنێتەوە.

## ٦. ئەنجام

شەست ساڵ بەسەر کردنەوەی یەکەم بەشی کوردی و یەکەم ناوەندی کوردۆلۆجی لە ئاکادیمیدا تێدەپەڕێت. ئەو بەشانە توانییان دەوری سەرەکی و ئەرێنی لە بووژانەوەی لێکۆڵینەوە لەمەڕ لایەنە جیاجیاکانی زمان و ویژەی کوردی بگێڕن. بەڵام چ لە ڕووی گرنگیدان بە بنەماکانی دەقەری پسپۆڕانەی شێوازی وانەوتنەوە و ڕەچاوکردنی بنەواشەکانی ئەو بوارە زانستییە و چ لە ڕووی ناوەرۆک و میتۆدۆلۆژییەوە نەیانتوانیوە ئاستی بەرز بۆخۆیان تۆمار بکەن. هەر بۆیەش، وەدیار کەوتنی گۆڕانکاریی پارادیگماتیک لە بەشە کوردییەکاندا پێویستییەکی قۆناغی هەنووکەییە. گەر سەرنج بدەینە دەور و جێگە و پێگەی لێکۆڵینەوەکان لەسەر زمان و ئەدەبی لە گوتاری ئاکادیمیکی هاوچەرخدا و وردتر لە دۆخی زمانی کوردی لە قۆناغی ئێستادا بڕوانین، بەو دەرئەنجامە تاڵ و ناخۆشە دەگەین کە زمانی کوردی لە ڕووی نوێندراوێتی و نوانەسازییەوە لە خراپترین دۆخی خۆیدایە.

### پەراوێزەکان

1 Yuliya Yul’evna Avaliani (1907-84).
2 Cherkes Khudoevich Bakaev (1912-?).
3 Isaak Iosifovich Tsukerman (1909-1998).
4 Prof. B. V. Miller (d. 1958).
5http://kurdica.orientalstudies.ru/eng/index
6 Auguste Alexandre Jaba (1803-94).
7 Recueil de notices et récits kourdes.
8 Ferdinand Justi (1837-1907).
9 Vladimir Minorsky (1877-1966).
10 C. E. Bosworth, 20 July 2004, in http://iranicaonline.org/articles/minorsky-vladimir
11 Ely Banister Soane (1881-1923)
12 Cecil John Edmonds (1889-1979)
13 David Neil MacKenzie (1926-2001)
14 Oskar Mann (1867-1917)
15 Martin van Bruinessen.
16 Philip Kreyenbroek.
17 http://kurdish-academy.com/
18 Maurizio Garzoni.
19 Grammatica e vocabolario della lingua Kurda.
20 laudius James Rich (1787-1821).
21James Fraser (1783-1856).
22 Anti-Humanist.

## سەرچاوەکان:


### ١. ئینگلیسی:

Ashcroft, Bill, Gareth Griffiths, and Helen Tiffing. Key Concept in Post-Colonial Studies. London: Routledge, 1998.

Eagleton, Terry. After Theory. London: Allen Lane, 2003.

Kreyenbroek, Philip and Stefan Sperl, ed., The Kurds: A Contemporary Overview, London: Routledge, 1992.

Leezenberg, Michiel, “Soviet Kurdology and Kurdish Orientalism,” in Kemper, Michael and Stephan Conermann, ed., The Heritage of Soviet Oriental Studies, London: Routledge, 2011.

McLeod, John, ed. The Routledge Companion to Postcolonial Studies. London: Routledge, 2007.

### ٢. فەرانسەیی:

Nikitine, Basile. “Où en est la Kurdologie?”, Annali del Reale Instituto Orientale di Napoli 5, 1932, 1-5.

Blau, J. “Les études de linguistique actuels,” Verbum 6, 1983, 1-18.

### ٣. فارسی:

برتنس، هانس. «نقد و نظریەی پسااستعماری»، ترجمەی بختیار سجادی، مجلەی زریبار، س. ٩، ش. ٧–٥٦ (تابستان ١٣٨٤)، صص. ٣٣٨–٣١٥.

تاریخ ادبیات فارسی (ادبیات شفاهی زبان های ایرانی–کردی، پشتو، بلوچی، آسی، فارسی و تاجیکی)، جلد هجدهم، زیر نظر احسان یارشاطر، ویراستاران فارسی: سید احمدرضا قائم مقامی، غلامحسین کریمی دوستان، تهران، سخن، ١٣٩٤.

### ٤. کوردی:

حاجی مارف، ئەورەحمان. بەرکورتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا. بەغداد: کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥.

ریچ، کلودیوس جیمس. گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە محەمەد حەمە باقی، تەورێز: ١٣٧١.

### ٥. ئێلێکترۆنیک:

http://kurdica.orientalstudies.ru/eng/index [accessed 10 April 2015]

http://iranicaonline.org/articles/minorsky-vladimir [C. E. Bosworth, 20 July 2004, accessed 15 April 2015]



د.محەممەد مەحوی "شارەزای زمان و مامۆستای زانکۆ"

# ڕۆژهەڵاتناسان کۆمەڵێک ئامانجی خۆیان هەبووە، لەو پێناوەشدا مەبەستیان بووە ئێمە بناسن

دکتۆر موحەممەد مەحوی لەم بەشەی دەمەتەقێیەکەی لەگەڵ گرووپی گوڵناردا باس لە کوردۆلۆجی و گرنگی کوردۆلۆجی دەکات، هەوڵی ئەورووپییەکان و ڕۆژهەڵاتناسەکان باس دەکات لە لێکۆڵینەوەیان بۆ کوردۆلۆجی و بەرهەمی زانا و توێژەرانی کورد لەبواری کوردۆلۆجی دا، ئەو ئاماژە بەوە دەکات حوجرە و خانەقاکان بەشداری کارا و سەرەکیان هەبووە لە کوردۆلۆجی دا.. هەروەها پێی وایە ئامانجی ئێمە لە کوردۆلۆجی دا دەبێ بۆ خۆناسین و ئامانجی سەربەخۆیی بێت.

**گوڵنار: کوردۆلۆجی چییە و چی لەبارەوە دەڵێی؟**

د. محەمەد مەحوی: سەرەتا با لە ڕۆژهەڵاتناسی بدوێین، ڕۆژهەڵاتناسی ئەو پەیوەندییەی کە ئەمڕۆ لەنێوان کیشوەرەکان و وڵاتەکاندا هەیە ئەو سەردەمە نەبوون، لەبەر نەبوونی پەیوەندییەکە ئەورووپییەکان زۆر کەم نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتیان دەناسی، ئەو نەناسینەش لە هەموو ڕوویەکەوە بوو، لە ڕووی ئایینیەوە، لە ڕووی سیاسەتەوە، لە ڕووی ئابوورییەوە، لە ڕووی کەلتوورەوە، لە ڕووی کەسێتی تاکەکانەوە، لە ڕووی ژیانی کشتوکاڵییەوە، لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە بە گشتی ئەوروپییەکان زۆر بە کەمی ڕۆژهەڵات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتیان دەناسی، لەبەر ئەوە مەبەستیان بوو نەتەوە و گەلانی ڕۆژهەڵات بناسن، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژهەڵاتناسی هاتە ئاراوە، ئەمەیشیان کرد بە ئامێرێک بەدەستیانەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینی خۆیان، لەگەڵ ئەمانەدا ئەو کەسانەشیان دەنارد کە هەم لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم نەتەوانە بکەن، هەم ئایینەکەی خۆشیان بەم نەتەوە و گەلانە بناسێنن، لە ناو ئەم گەلانەشدا ئایینەکەی خۆیان بڵاوبکەنەوە، لەبەر ئەوە کوردۆلۆجی بوو بە بەشێکی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتناسی، ئەم کوردۆلۆجییە بوو بە بەشێک لە خوێندن و زانستی ئەوان لە ئەورووپا، لە ئەڵمانیا کۆلێژ کرایەوە بەناوی (ئیرانیستیک)ەوە، کوردۆلۆجی بوو بە بەشێک لەمانە، لەڕاستییدا کوردۆلۆجی بەشێک بوو لە (ئیرانستیک) هەتا ئێستاش هەر بەشێکە لە (ئیرانستیک)، بە واتا گەلانی ئێران، کە لێکۆڵینەوە دەکرێ لەسەر گەلانی ئێران لێکۆڵینەوە دەکرێ لەسەر ئەو لایەنانەی ژیانی کورد و فارس، بەڵام فارس چونکە دەوڵەتی هەیە، چونکە بە درێژایی مێژوو ئەو کیانەی هەبووە، زیاتر فارس لەلای ئەوروپیەکان ناسراوترە، کورد لەلایان نەناسراو بووە، لەبەر ئەوە هەم ڕووسەکان، هەم ئەڵمانەکان و فەرەنسییەکان و ئیتالییەکان هەموویان کەسانی خۆیان ناردووە بۆ ئەوە لێکۆڵینەوە بکەن لە کورد، لەبەر ئەوە کوردۆلۆجی لێکۆڵینەوەی زانستییە لە کورد بەمەبەستی ناسینی کورد، ناسینی هەمەلایەنە و فرەلایەنی کورد، ئەم لێکۆڵینەوە و ناسینەش بە شێوەی زانستی دەبێت.

**گوڵنار: کێ بەم لێکۆڵینەوە و ناسینە هەڵدەستێ؟ یا پەیوەندی نێوان کوردۆلۆجی و ڕۆژهەڵاتناسی چییە؟**

د. محەمەد مەحوی: کوردۆلۆجی بەشێکە لە (ئیرانستیک)، ئیرانستیک لێکۆڵینەوەیە لە گەلانی ئێران، گەلی ئێمەش وەکو گەلانی ئێرانی نەناسراوە، لە کۆندا ئەم لێکۆڵینەوانەمان لەسەر کراوە، کەسانێکی زۆریان ناردووە لە وڵاتەکەی ئێمە لێکۆڵینەوەیان کردووە. زۆرجاریش بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی خۆیان بووە، زۆرجاریش بە سیخوڕی ئەو لێکۆڵینەوانەیان کردووە، هەندێ جاریش ئامانجی سیاسییان هەبووە، یان ئامانجی ئابووری و بازرگانی بووە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوانەدا سوودیان لەو هەموو بوارە وەرگرتووە و ویستویانە ئێمەش بناسن و بزانن ئێمە کێین و چین.

**گوڵنار: کوردۆلۆجی تەنها بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسییە و پەیوەندی بەوانەوە هەیە یا دەگونجێ خۆشمان بەبێ ڕۆژهەڵاتناسی خاوەنی کوردۆلۆجی بین؟**

د. محەمەد مەحوی: ئەم پرسیارە زۆر بەجێیە، سەرەتا ئەوان کە ئەم کارەیان کردووە بۆ کۆمەڵێک ئامانجی خۆیان بووە، بەڵام مەبەستیشیان بووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان ئێمە بناسن لە هەموو ڕوویەکەوە بەگشتی، ویستوویانە لە ڕووی ژیانەوە بمانناسن (ژیانیش واتە هەموو بوار و لایەنەکان)، بەڵام ئێمە کاتێک دێین خۆمان بە ئەورووپییەکان دەناسێنین دەبێ ئێمە خۆمان لێکۆڵینەوە لە خۆمان بکەین، ئینجا پرسیارەکە ئەمەیە: ئێمە لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی کۆنی خۆمان بکەین؟ یا لەسەر

ئەمڕۆی خۆمان؟ ئایا ئەو لێکۆڵینەوانەی ئێمە ئەمڕۆ لەسەر خۆمان دەیکەین دەبن بە کوردۆلۆجی؟ ئێمە خۆمان بەوان دەناسێنین بۆ ئەوەی بزانن کێین، یا ئەوان دەماننناسن و پێویستیان بە لێکۆڵینەوەکانمان نییە؟ یان ئەوان لەڕێی لێکۆڵینەوەکانی خۆیانەوە ئێمە دەناسن، بەدەر لەوە ئایا ئەوان ئێمە ناناسن کە ئەمڕۆ چۆن دەژین؟ چۆن بیردەکەینەوە و چیمان دەوێ؟ چی چاوەڕێ دەکەین لە ژیان؟ ئایا ئێمە پێویستمان بەوەیە خۆمان بە ئەوروپییەکان و ئەمریکییەکان بناسێنین؟ یان بنەمای سیاسیی و ئابووری لە پشت ئەمەوەیە، کەواتە ئێمە بۆ سیاسەت پێویستمان بەوەیە خۆمان بە دەرەوە بناسێنین، بۆ کام سیاسەتە؟ ئەو سیاسەتەی کە ئامانجەکەی سەربەخۆیی خاکەکەیە، ئازادی هاوڵاتیانە!! بۆ ئەمە دەبێ ئێمە خۆمانیان پێ بناسێنین، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە کە ئایا ئێمە لەناو خۆماندا کە حکومەتی هەرێمان هەیە ئازادین؟! ئایا ئەو سەربەخۆیەین لە ڕووی خاکەوە؟! ئێمە بەم شێوەیە خۆمانیان پێدەناسێنین؟! واتە بەم شل و شێواوییەوە؟! ئایا بۆ ئێمە سەربەخۆیی ئەمەیە؟ ئەگەر بەو شێوە کزۆڵی و شل و شێواوییە خۆمانیان پێ بناسێنین، بەڕای تۆ دێن بە دەممانەوە؟ کۆمەکمان دەکەن بۆ ئەوەی ئێمە هەنگاوێک لە سەربەخۆیی نزیک ببینەوە؟! هەنگاوێک ئازادییەکەمان زیاتر بێت؟ کەواتە کوردۆلۆجی لە کۆن دا بۆ ناسین بووە، ئەوان ئەمڕۆ ئێمە دەناسن، ئەوان تا ئێستا زیاتر لە خۆمان لێکۆڵینەوە لە ئێمە دەکەن، ئایا ئێتر لە ڕێی ئەو جەنگانەوە بووە لە ناوچەکەی ئێمەدا ڕوو دەدەن، لە ڕووی پەیوەندی ئابوورییەوە بێ، لە ڕێی پەیوەندی بازرگانییەوە بێ، لە ڕێی پەیوەندی هاتووچۆ و گەشتیاری و خوێندنەوە بێ، ئێمە چەندان خوێندکارمان لە ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا و وڵاتانی تر دەخوێنن، نامەکانیان لەسەر کورد و زمانی کورد و کەلتووری کوردە، کە پێشکەشی زانکۆی ئەو وڵاتانەیان دەکەن و بە بەردەوامی دەمێننەوە و دەبنەوە بە سەرچاوەی توێژینەوەی تر بۆ ئەو وڵاتانە و زانکۆکانیان، کەواتە ئەوان زۆر باش ئێمە دەناسن، پێویستمان بە کوردۆلۆجی نەماوە بەو شێوەیە، پێویستمان بە ناسینی خۆمانە لە ڕووی سیاسەتەوە، بۆ سیاسەتەکەیە کە دەبێ ڕووە گەشەکانی خۆمانیان بۆ دەربخەین و بەوانیان بناسێنین، بۆ ئەوەیە کە شێرکۆ بێکەس و هەژار و مەسعود موحەممەدیان پێبناسێنین و بڵێین ئێمەیش زانای گەورەمان هەیە، کوردۆلۆجییانە کوردستان بە خۆشمان و دەرەوەش بناسێنین.

ئامانجەکانی سەرکردەکانی خۆمانیان پێ بناسێنین، دەبێ یەکێکی وەکو کاک نەوشیروانیان پێ بناسێنین، کە چۆن کەسایەتیەک بووە، کە بۆ ئایین و سیاسەت و مرۆڤایەتی و بۆ ئابووری و بۆ ژیان و بۆ هەموو شتێک، ئێمەیش پێویستمان بەمەیە، ئەوەش نابێ بە کوردۆلۆجی بەڕاستی.

**گوڵنار: بۆچی ئەوە نابێتە کوردۆلۆجی؟**

د. محەمەد مەحوی: لەبەر ئەوەی کوردۆلۆجی ئەو سەردەمە بە پلەی یەکەم بۆ ناسینی نەتەوەکان بووە، بە پلەی دووەم بۆ ئابووری و سیاسەت بووە، بەڵام ئێستا بۆ ئەوە نییە و پێویستمان بەوە نییە کە خۆمانیان پێ بناسێنین، ئامانجەکەی ئێمە سیاسەتە، بۆ سیاسەتە ئێمە دەمانەوێ ڕووە گەشەکانی خۆمانیان پێ بناسێنین، زۆرجاریش ئێمە درۆ لەگەڵ خۆماندا دەکەین، هەندێ زانیارییان دەدەینێ کە ڕاست نین لەسەر خۆمان.

**گوڵنار: ئەو کوردۆلۆجییەی کە کورد بە لێکۆڵینەوە لەسەر خۆی کردوویەتی جیاوازیی چییە لەگەڵ ئەو کوردۆلۆجییەی کە ڕۆژهەڵاتناسەکان لەسەر کوردیان کردووە؟**

د. محەمەد مەحوی: پرسیارێکی زۆر ورد و کرۆکدارانەیە. ئەو ڕۆژهەڵاتناسەی کە هاتۆتە وڵاتی ئێمە و لێکۆڵینەوەی لە کورد کردووە پێگەیەنراوە، پێگەیەنراوە بۆ ئەو ئامانجەی لەپێناویدا هاتووە،

زاناش نەبووبێ بۆ ئەو بوارە کراوە بە زانا، کراوە بە پسپۆڕ، ئەوان لە لێکۆڵینەوە لە ژیانی خۆیان و لە ڕوانگەی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بوارەکانی تری خۆیان، ئەو هەموو بەرهەمەی لەبەردەست دا بووە لە خۆی گەشتوە و دەزانێ خۆی چییە و کێیە؟ کە دێتە ناو ئێمە خێرا هەموو کەم و کورتییەکانی ئێمەی بۆ ئاشکرا دەبن، هەموو جوانییەکانمانی بۆ ئاشکرا دەبن، ئێستا کوردێکی خۆمان کە لە ئەورووپا دێتەوە پاش ٢٠ ساڵ کە ئەم وڵاتە دەبینێت هەرچی کەم و کورتی و ناشیرینی وڵاتەکەی خۆیەتی دێتە بەرچاوی، لە یەکەم ڕۆژەوە هەستی پێدەکات، ئەوەش ئەزموونێکە بەسەر خۆمدا هاتووە، بۆ ئەوان ئاسانە بزانن کەم و کورتی و ناشیرینییەکانی ئێمە چین بۆ ئەوەی تۆماریان بکەن، ئاسانیشە ئەوانەی کە جوانن تۆماریان بکەن، بەڵام ئێمە کە خۆمان دەستمان داوەتە ئەو کارە یەکەم خۆمان ئەو زانایە نەبووین، دووەم پەیمان نەبردووە بە هەموو شتەکان، سێیەم زۆرجار بەزیادەوە بەخۆماندا هەڵداوە، بێ ئەوەی ئەوە بووبێتین، کردوومانە بە ئیشێکی جوان و بە شان و باڵی خۆمان دا هەڵمان داوە، لەبەر ئەوە دەبینین کوردۆلۆجییەکەی ئێمە کوردۆلۆجییە دروست و حەقیقییەکەی ئەوان نییە، ئەگەر بێت و دەقنامە و دۆکیۆمێنتەکانی ئەوان بێنین و لەگەڵ دەقنامە و دۆکیۆمێنتەکانی خۆماندا بەراوردیان بکەین، زۆر شتمان بۆ ئاشکرا دەبن، کە بەو شێوەیە نین، کە دەکرێ کوردۆلۆجییەکەی خۆمان ئەو کوردۆلۆجییە دروستە نەبێ کە هەیە.

**گوڵنار: باست لە مەڵبەندی کوردۆلۆجی کرد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی چییە و ئامانجی چییە؟ یا بۆچی لە کوردستاندا پێویستە ئەم مەڵبەندە هەبێ و لە قۆناغی یەکەمی زانکۆشدا وانەی کوردۆلۆجی بخوێنرێت؟**

د. محەمەد مەحوی: مەڵبەندی کوردۆلۆجی بۆ ناوەندێک دروست کرا کە لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی کوردۆلۆجی دا وەکو زانستی کوردۆلۆجی لە کوردستان دا بکات، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە ئایا تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی کردووە؟ ئایا لێکۆڵینەوە کراوە لە نێوان هاوبەشی و جیاوازییەکانی؟ ئایا لێکۆڵینەوە کراوە لە نێوان هەورامی و ئاخێوەرانی کرمانجی سەروودا؟ لێکۆڵینەوە کراوە لەوەی ئایا گەشەکردنی هەورامان لە ڕووی ژیانەوە (بەواتا فرە لایەنەکەی)؟ ئایا کوردۆلۆجی یا زانستی کوردۆلۆجی بەم لێکۆڵینەوەیە هەستاوە؟ ئەم کارە نەکراوە، کە دێینە سەر زانستگا، بۆچی کوردۆلۆجی لە زانستگا دەخوێنرێت، من کە چوومە ئەورووپا زانیاریم لەسەر کورد و نیشتمانەکەی و مێژووەکەی و کارەساتی و شۆڕشی و بەسەرهات و زاناکانی و ئەم شتانە نەبوون، بۆچی؟ چونکە لە سەردەمی ئێمەدا و لە قۆناغەکانی خوێندن دا ئێمە مێژوو و ئایین و کەلتووری عەرەبمان دەخوێند، هیچمان لەسەر کورد نەدەخوێند، لەبەر ئەوەی لە ڕاستی دا کە پرسیاریان لێدەکردین وەڵاممان پێنەبوو بۆ زۆربەی پرسیارەکانیان دەربارەی کورد، کە گەشتینە ئەورووپا خۆمان دەگەڕاین بەدوای پرسیاردا و هەر خۆشمان وەڵاممان دەدۆزییەوە بۆ پرسیارەکانیان، خۆمان دەچووین بە دوای سەرچاوەدا دەگەڕاین تا وەڵاممان دەست بکەوێ، باشە ئەی ئەو سەردەمە کە ئەورووپییەکان هاتوون لێکۆڵینەوەی زانستیان کردووە لە بواری کوردۆلۆجی دا ئێمە بە دوای ئەو لێکۆڵینەوانەدا دەگەڕاین بۆ ئەوە خۆمان بناسین، کەواتە خۆمان لێکۆڵینەوەمان نەبووە لەسەر خۆمان تا خۆمانی پێ بناسێنین، چەند ساڵ بەسەر ڕاپەڕین دا تێپەڕ بووە و حکومەتمان هەیە، پرۆژەی گەورەی ئێستای من بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە لە بواری پەروەردەدایە پشت بە خوا سەرکەوتووش دەبین، ئێمە لە ٢٨ ساڵ دا نەمانتوانیوە ئەوەی زاناکانی کوردۆلۆجی لە ئەورووپا لەسەر کورد لێکۆڵینەوەیان کردووە و

پێی گەیشتوون بیهێنین لە قۆناغەکانی خوێندندا بیکەین بە پرۆگرامی خوێندن و خوێندکارانمان بیخوێنن، ئێمە کە نەهاتبین لەم ٢٨ ساڵەدا مێژووی کورد، جوگرافیای کورد، لایەنەکانی ژیانی کورد لە کوردستان دا، پەیوەندی کورد بە دراوسێوە، پەیوەندی کورد بە دنیاوە، ئابووری کوردستان، کشتوکاڵی کوردستان، رۆشنبیری کوردستان، هیچ یەک لەمانەت نەکردبێت و نەمانهێنابێتە بەرنامەی خوێندنەوە، ئیتر تاکی کورد چۆن مێژوو و نەتەوە و خاک و جوگرافیا و سەروەریی خۆی دەناسێت؟! کێشەکە لەوەوەیە کە ئێمە نە پرۆگرامی خوێندنمان هەبووە نە بەڵگەنامەی پرۆگرامەکانی خوێندنمان هەبووە کە دایبنێین و منداڵەکانمان لە قۆناغی خوێندن دا بیخوێنن، ئەگەر ئەوان هەر لە سەرەتایی و بنەڕەتییەوە قۆناغ بە قۆناغ بیخوێنن کوردۆلۆجی لە زانکۆدا پێویست ناکات، بەڵام کە نەیانخوێندووە کوردۆلۆجیەکە هەیە لە زانکۆدا بۆ خوێندکاران.

تاکەی ئەمە بەردەوام دەبێت؟ شەرمە کە کوردۆلۆجی لە زانکۆدا بخوێنرێت و بەردەوامیش بین لەسەری، شەرمەزارییە بۆ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا کە کوردۆلۆجی پاش ٢٨ ساڵ لە زانکۆدا دەخوێنرێت. دەبوایە قوتابییەکان خۆیان پسپۆڕ بوونایە، کە دێنە ئامادەیی و لە ئامادەییەوە دەچنە زانکۆ و پێش زانکۆ پسپۆڕ بوونایە لە زانستی کوردۆلۆجی دا، دەبووایە وانەی کوردۆلۆجی لە بنەڕەتی بخوێندرایە، کە خوێندرا پێویستمان بەوەی زانکۆ نییە، ئینجا من ئەم کتێبەیان بۆ ناردووم کە دەخوێنرێت لە زانستگا بەناوی (کوردۆلۆجی زانستێک بۆ ناسینی کورد) ئەوەی لەم کتێبەدایە ئایا ئەو بابەتانەی کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەن بۆ ناسینی کورد شیاون بۆ ئەو ناسینە؟ من بەشێکیم خوێندەوە لە بواری زمانەکەی دا کە پسپۆڕی خۆمە، زانیاری تێدایە ڕاست نین، ئێمە نازانین کەی (ئەلف و بێ)ی کوردی دانراوە، کەچی لەم کتێبەدا لە خۆیەوە نووسیویە جەمال نەبەز دەڵێت: پێش ئیسلام نووسراوە، ئەویتر دەڵێ: دوای ئیسلام، یەکێکی تریش دەڵێ لەگەڵ ئیسلامدا هاتووە، لەکاتێک دا نازانرێت؟ بۆیە دەبێ ئەمە بە زانست بسەلمێنرێ، لەخۆمانەوە قسە نەکەین. لە شوێنێکی تردا لە ڕووی زانستییەوە لە بڕگە دەدوێت، بڕگە دەنگ درووستی دەکات، ئەم کتێبە دەڵێت: ئەو بڕگەیە لەو دوو پیتە درووست بووە، کە بڕگەی سووک و قورس، بڕگەی سادە و ئاڵۆز پەیوەندی بە دوو بڕگە و سێ بڕگەوە نییە، وەکو لێرەدا ئاماژەی پێداوە. ئەوە دراوە بە خوێندکار لە زانستگادا، کەواتە دەبینی تەنانەت ئەو بەرنامەیەشی کە بۆ خوێندنی کوردۆلۆجی دانراوە لە ڕووی ڕاستەقینەوە هەندێکی ڕاستەقینە نییە، لە ڕووی زانستیشەوە هەندێکی چەوتە، ئینجا ئەوە زانیاری نین، ئەمە زانستەکە خۆیەتی، ئێمە پێویستمان بەوەیە کە لە کورد بدوێت، کە دەڵێین زمانی کوردی، دەبێ لە زمانی کوردی بدوێت، هیندۆ ئەوروپیە. هیندۆ ئەوروپی بەواتای چی دێت، هیندۆ ئێرانییە، هیندۆ ئێرانی بەواتای چی دێت، ئێرانی چییە؟ کوردی و فارسی پەیوەندی بەوانی ترەوە چییە؟ تایبەتمەندی و ئەدگارەکانی زمانی کوردی چین؟ کە ئێمە دەڵێین زمانی کوردی، ئەو هەموو زارەی هەیە (کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو، ناوەڕاست، گۆران، لوڕ، زازا، هەورامی) ئەمانە زارەکانی زمانی کوردین، ئەی کرۆکی ئەمانە کامەیە، کە دەڵێین زمانی کوردی کرۆکە، ئەم زارانە چۆن زمانی کوردیان کردووە بە زمانی کوردی؟ کە دەڵێین ئەلف و بێی کوردی و ئەم کتێبە دادەنرێ ئەی (مە نامە)ی منتان نەدیوە کەچی تێدا پێشکەشکراوە لەکاتێکدا (مە نامە) سەرچاوەیەکی زانستییە و دوورە لە سەرچاویەکی بازاڕییەوە، کەواتە ئێمە پێویستمان بەوەیە کوردۆلۆجی لە زانستگا نەخوێنین، کوردۆلۆجی بکەین بە پرۆگرام و بەڵگەنامەکانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دا، ئینجا واز لەوە بێنین قوتابی و



**ئەوان زۆر باش ئێمە دەناسن، پێویستمان بە کوردۆلۆجی نەماوە بەو شێوەیە، پێویستمان بە ناسینی خۆمانە لە ڕووی سیاسەتەوە، بۆ سیاسەتەکەیە کە دەبێ ڕووە گەشەکانی خۆمانیان بۆ دەربخەین و بەوانیان بناسێنین**

خوێندکار جیانەکەینەوە لەیەکتر، من بۆ خۆم بەوانەی لە پۆلی یەکی بنەڕەتییەوە دەخوێنن تا ئامادەیی دەڵێم قوتابی، ئەوانەی لە زانکۆ دەخوێنن دەڵێم خوێندکار، دونیایەک جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو دوو دەستەواژەیەدا، ئەوەی لە زانکۆ دەخوێنێت پێی دەگوترێت خوێندکار و کاری زانست و لێکۆڵینەوەیە، ئێمە لەخۆڕایی و لەخۆوە ناومان لێناوە خوێندنی باڵا، لەڕاستی دا خوێندنی باڵا نییە، لەڕاستی دا زانست و لێکۆڵینەوەیە، وەزارەتی خوێندنی باڵا وەزارەتی لێکۆڵینەوە و زانستە، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پەروەردە نییە، بەڵکو وەزارەتی پێگەیاندن و پەروەردەیە، ئێمە مرۆڤ پێدەگەیەنین، بە ڕەفتار و ڕەوشت و هەڵسوکەوت، بەڵام بە زانستەکە پێی دەگەیەنین. بۆیە من دەمەوێ کوردۆلۆجی ببێتە بەرنامەی خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندن دا.

**گوڵنار: پەیوەندی نێوان کوردۆلۆجی و زمانزانی، یان زمانی ستاندارد چییە؟**

د. محەمەد مەحوی: سەرەتا زانستی زمان لەگەڵ زانستی زمانی کوردی زمانەوانی نین، زمانەوانی هی ئەو کەسانەن کە لە دەرەوەی زانستگا خۆیان بە زمانەوە خەریک دەکەن، واتە ئەوانەی کە حەز و خولیا و هیوایەتیان ئەو شتەیە، ئەوانە پێیان دەگوترێت زمانەوان، ئەوانەی کە لە زانکۆدان دەبێ پسپۆڕ بن لە زانستی زمان دا، بەڵام کوردۆلۆجی چی کردووە؟ بەرهەمی لێکۆڵینەوەکانی زاناکانی زانستی زمانیان لەسەر زمانی کوردی هێناوە، ئەنجامەکانیان هێناوە وتوویانە ئەمە زمانی کوردییە، زمانی کوردی ئاوایە، ئەمەیە پەیوەندی نێوان زانستی زمان و کوردۆلۆجی. بۆ مێژوو دەبێ بەشەکانی مێژووی زانکۆکانی کوردستان لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی کورد بکەن، ئەنجامەکانیان لەبەردەست دا بێ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی بێ بڵێن ئەمە پەیوەستە بە کوردۆلۆجییەوە، ئەمە مێژووی کوردە، ئەمە زمانەکەیەتی، جوگرافیا بێت بڵێت ئەمە جوگرافیاکەیەتی، کەواتە ئەوە خستنە ڕووە، لێکۆڵینەوە سەرەکییەکە لە کوێوە دەکرێت؟ لە زانکۆکان دا دەکرێ، بەڵام لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکە لە بەشی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردی دا دەیکات لە هەورامان و دهۆک و زاخۆ و سۆران و سلێمانی دەیکات، لێرەدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لە زانستی کۆمەڵایەتی دا بۆ دەردەکەوێت، ئەو ئەنجامە کوردۆلۆجی دەیهێنێت دەیکات بە بەشی خۆی لە زانستی کوردۆلۆجی دا، کوردۆلۆجی چییە؟ مێژووە، جوگرافیایە، کۆمەڵایەتییە، زمانە،



**کوردۆلۆجی چییە؟ مێژووە، جوگرافیایە، کۆمەڵایەتییە، زمانە، ئایینە، سیاسەتە، ئابوورییە. واتە هەموو شتێك کە پەیوەندی هەبیت بە ژیانەوە، ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە هەموو بوارەکانی ژیان دەبێت بە کوردۆلۆجی**

ئایینە، سیاسەتە، ئابوورییە. واتە هەموو شتێک کە پەیوەندی هەبێت بە ژیانەوە، ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە هەموو بوارەکانی ژیان دەبێت بە کوردۆلۆجی، کە کابرایەکی ئەمریکی بێت بیەوێت کورد بناسێت، ئەم کوردۆلۆجییە کراوە بە ئینگلیزی و دەخرێتە بەردەستی و دەیخوێنێتەوە، چونکە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی مامۆستاکانی زانکۆن و پشتیان پێدەبەستێت، ئەوەیە دەبێتە کوردۆلۆجی بۆ ئێمە، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ وەکو کورد کوردۆلۆجییە مێژوویییەکەمان ناوێ، کوردۆلۆجی تازەمان دەوێ کە بریتییە لە سیاسەت، ئەویش ئامانجەکەی سەربەخۆیی و ئازادییە بۆ کورد، دەبێ خۆمان لەوەدا بینوسین، کە ئازادی و سەربەخۆیی خوازین کە خاوەن سیستەممان دەوێ، کە دیموکراسیمان دەوێ، کە یەکسانیمان دەوێ.

**گوڵنار: پەیوەندی نێوان کۆمەڵناسی و کوردۆلۆجی چییە؟**

د. محەمەد مەحوی: کۆمەڵناسییەکەش هەر ئەوەیە، زاناکان دێن لە زانستگا لێکۆڵینەوە دەکەن لە کوردستان دا، ئینجا ئەنجامەکانی دێنن، ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە دەبێ بەلایەنی کۆمەڵایەتی کورد، بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە ئایینەکانی کورد دەکرێ لە کوردستان دا (زەردەشتی، کاکەیی، یەزیدی، ئیسلام)، کە لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو ئەمانە کرا ئەنجامە کۆکراوەکانیان دەهێنێت و دەڵێی ئەم ئایینانە لە کوردستان دان، ئەم ئایینانە ئاوا کار دەکەن.

**گوڵنار: لە ڕابوردوودا پارێزەری زمانی کوردی حوجرە و خانەقاکان بوون، حوجرە و خانەقاکان هیچ ڕۆڵێکیان هەبوو لە کوردۆلۆجی دا؟ توانیویانە لە ڕێی زانستی حوجرە و دەستنووسی بەعەرەبی نووسراویی زاناکانەوە کورد بناسێنن؟**

د. محەمەد مەحوی: حوجرەکان ئەوکاتە (بەدەر لەلایەنی ئایینی) سەرقاڵی بەرهەمی ئەو شاعیرانە بوون کە بە زۆری ئاییندار بوون، وەک (نالی و مەحوی و مەولەوی)، بەڵام بەرهەمەکانی مەحوی کێ سەرقاڵی بووە، مەلای مودەڕیس، ئەم هاتووە وشە فارسی و عەرەبی و ئایینییەکان کە شارەزایان بووە شیکردوونەتەوە، ئەوانەشی کە لە حوجرەدان هەر شارەزای ئەمانە بوون، ئەوان هاتوون ئەمانەیان کۆکردۆتەوە و لێکدانەوەیان کردووە بۆ بەرهەمەکان، لەو لێکدانەوانەدا وشە کوردییەکان پارێزراون، وشە فارسییەکانی ئەو سەردەمە کە بەشێکیان وشەی هاوبەشی نێوان کوردی و فارسی بووە، بەشێکیان فارسی ڕووت بووە، دیسانەوە ئەوانەش پارێزراون، ئێستا کە تۆ بەرهەمەکانی مەحوی دەخوێنیتەوە وشەکان لێکدراونەتەوە، هەم عەرەبییەکە تێدەگەی، هەم فارسییەکان تێدەگەی، هەم ئەو وشانەی کە کاتی خۆی شاعیرەکان لەناو خۆیان دا بەکاریان هێناوە، ئەوانەش تۆمارکراون و ماونەتەوە، ئێمە ئەگەر فەرهەنگی نەتەوەیی کورد دابنێین دەبێ بگەڕێینەوە

بۆ ئەو فەرهەنگانەی کە بەرهەمی حوجرە و خانەقاکانن، ئەمەیە بەشداری ڕاستەقینەی حوجرە و خانەقاکان لە زانستی کوردۆلۆجییدا.

**گوڵنار: ئەو بوارە مەعریفییانە چین کە دەچنە خانەی کوردۆلۆجییەوە، چۆن پێکەوە پەیوەست دەبنەوە؟**

د. محەمەد مەحوی: ئەورووپییەک کە بیەوێ ئێمە بناسێ لەڕێی ژیانمانەوە ئێمە دەناسێ، ژیانیش بریتیە لە هەموو بوارەکان، ئیتر تۆ ناوی دەنێی مەعریفی یان نا، یا بە مەعریفی دادەنرێ یا نا، کۆمەڵێک بوار هەن کە دەچنە خانەی کوردۆلۆجییەوە، ئەوانیش بریتین لە: (کەلتوور، زمان، نیشتمان، مێژوو، فەرهەنگ، کەلەپوور، ئایین، هونەر، نەریت، داب، سیاسەت، ئابووری، نەژاد، فەلسەفە)، هەموو ئەمانە دەچنە خانەی کوردۆلۆجییەوە، بەدەر لەمانە ئەوە فەلسەفەیەی تیایە، چونکە ئەو فەلسەفەیەی تێدایە واتای فەلسەفەکەی ئێمەیە بەشێوەیەکی تر. فەلسەفەی ئێمە لای کێیە، لای (مەولەوی و مەحوی و پیرەمێرد)ە، کێمان هەیە فەیلەسوف بێت؟ تا ئەورووپییەکان بڵێن ئەمە بریتییە لە فەیلەسوفی کوردی؟ سورەوەردی و شەمسەدینی شارەزووری و دینەوەری و ژمارەیەکی دیاریکراوە، ئەمانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە؟ کرۆکەکانیان لەبەردەمماندایە؟ ئەنجامی کارەکانیانمان لەبەردەمدایە تا بڵێین ئەورووپی ئەمەش فەلسەفەی ئێمە؟!!

بزانە چەند کڵۆڵین!! ئەی فەلسەفەی کوردی چییە کە لەبەردەستماندا نەبێ، ئەی نابێ زانکۆکان ئەمانەیان کۆکردبێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، بڵێن ئەمەش فەلسەفەی کوردییە، ئەی شانازی بە کام فەلسەفەیەوە بکەین؟ من شانازی بە فەلسەفەیەکەوە دەکەم ئەویش ئەوەیە کە من پێی دەڵێم ئاوەزمەندی کورد، لە ناو وشەکانی کوردیدا دەریان دەهێنم، ئەوەیە کە من دەمەوێ لەڕێی وەزارەتی پەروەردەوە لە ڕێی دروستکردنی ئەکادیمیای زمانەوە هەوڵی بۆ بدەم، دەبێ (ئەکادیمیای کوردی و هاوشێوەکانی بخرێنە ئەولاوە)، ئەمانە بەرجەستە بکەین و بیخەینە بەردەم کورد خۆی و بەردەم میوان و دۆست و دوژمن.

**گوڵنار: تەنها کوردۆلۆجییەک کە ئەورووپییەکان لە کوردیان کردووە کافیە و باشە و وەڵامێکی بڕوا پێهێنەرمان دەداتەوە یان دەکرێ تێکەڵ بکرێ لەگەڵ ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ناوخۆییانەدا کە کورد لەسەر خۆی کردوونی؟**

د. محەمەد مەحوی: با من و تۆ لە ئاخاوتنەکانماندا نێوان دژی (تناقض) نەبێ، لەیەکدان و پێچەوانەی یەک نەبن، من پێشتر گوتم ئەورووپییەک کە هاتووە کەم و کورییەکانی ئێمەی باشتر بینیوە تا خۆمان، بەڵام خۆ خۆمان زیاتر لە خۆمان تێدەگەین، ئەو ئەوانەی بینیوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون و ئەنجامی دەستکەوتووە، بەڵام خۆمان باش لە خۆمان دەگەین، لەوان ڕەنگە باشترین لێکۆڵینەوە و خۆناسینیش ئەنجام بدەین، ئەوە نێواندژی نیە، لەبەر ئەوە کارەکانی خۆشمان ئەوانەی کە دەزانین زانستییە و دەزانین پیاهەڵدان و دوورکەوتنەوە نییە لە ڕاستی، بۆ جوانکردنی خۆمان نییە، ناشیرینییەکانیشمان وەکو خۆی بخەینە ڕوو، دەبێ هەموو ئەمانە ئامادەبن، بۆچی، چونکە دەبێ ئێمە خۆشمان خۆمان بناسین، خۆ ئێستا ئێمە خۆمان خۆمان ناناسین، ئێمە کە دەڵێین خۆمان دەناسین، ئێمە خۆمانین، لاقەی خاکی نیشتمان دەکەین، ئەوەی لە سیتەک و مێرگەپان ڕوو دەدات، ئەوەی لە دوکان ڕوو دەدات، لەسەر ئاوی دوکان مەیخانە کراوەتەوە و ئاوەکە پیس دەکرێ و پیساییەکە دەچێتە ناو ئاوەکەوە، ئایا ئەوە لاقەکردنی خاکمان نییە، ئاو و خاکی میللەتە، خاکی نەتەوەکەیە، هی کەسێکە کە لە قامیشلۆیە، هی کەسێکە کە لە ئامادە، هی کەسێکە کە لە سنەیە، ئەوە هی هەموومانە، بە مافی کێ ئەو کارە کراوە،

ئەمانە ناشیرینییەکانی ئێمەن، ئەمانەش بەشێکن لە خۆمان دەبێ باسیان بکەین، بەس ئێمە خۆمان ناناسین، ئەگەر خۆمان بناسین دەبێ ئەمڕۆ ئەوانە باس بکەین، دەبێ بەرامبەر بەوە دژ بوەستینەوە، ئەوەی کە لەوێ دا وەکو سامان بەدەستەوە دراوە چەند کۆمپانیای پێ بەڕێوە دەبرا کە دەکرا ئەم گەنجانەی ئێمە ئیشی تێدا بکەن، ئەو سرووشتە لەپێناو چی دا تێکدراوە، ئێمە باسی شەڕی ناوخۆ نەکەین و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکەین وەکو خۆی و ئەنجامەکەی نەدەین بەدەستەوە خۆمان چۆن دەناسین؟ ئێمە دان بەڕاستی دا نەنێین بڵێین عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەو کەسەیە و بڵێین فلان کەسیش ئەو کەسەیە! ئەوەش بەرهەم و ئەنجام و خەباتی هەردووکیان، خۆمان چۆن دەناسین؟ ئەی کە خۆمان نەناسین چۆن دەتوانین خۆمان بە دەرەوە بناسێنین؟ کەواتە سەرەتا دەبێ ئێمە خۆمان بناسین لە ڕێگەی ئەوەوە کە دەبێ ڕاستییەکان بڵێین، ناشیرینی و جوانییەکان بڵێین، ئینجا دەتوانین ڕێگاش بدۆزینەوە و ناشیرینییەکان جوان بکەین، ئەوە بەشێکە لە کوردۆلۆجی ئەم سەردەمە نەک کوردۆلۆجییە مێژووییەکە.

**گوڵنار: جگە لە بیانییەکان چەند لێکۆڵەرێکی عەرەب لێکۆڵینەوەیان لەسەر کورد کردووە و گرنگییان بە بابەتە کوردناسییەکان داوە، چۆن ئێمە وەکو کورد مامەڵ لەگەڵ ئەم جۆرە کوردۆلۆجیی و لێکۆڵینەوەیەدا بکەین، لەکاتێکدا دەگوترێت عەرەب هەمیشە بە چاوی دوژمنایەتی و داگیرکارییەوە لە کورد و کوردستانی ڕوانیوە؟**

د. محەمەد مەحوی: من لە ڕووی زانستییەوە قسەکەم ناکەم، بەڵام لەو ڕووەوە قسە دەکەم کە خوێندوومەتەوە لە گۆڤار و سەرچاوەکان دا، لەوێش دوو جۆر زانا هەن، یا نووسەر هەن لە بواری کوردۆلۆجی دا، هەیانە وەک نەیار نووسیوییەتی، من ناوەکانیان نازانم، هەیانە وەک زانای بێلایەن نووسیوییەتی، زانا بێلایەنەکان پشتیان پێدەبەسترێت، بەس ئەوەی کە دەگوترێ نەیارە و نەیارانە نووسیوییەتی ئەبێ ئێمە بیسەلمێنین کە ئایا نەیارانەیە یا زانستیانەیە، سەلماندنەکەشمان تەنها لە ڕێی زانستییەوە دەبێت، نەک ناشیرینییەکانی ئێمەی بەڕاستی گوتبێت و ئێمە بڵێین نەخێر هەر وانییە و مادام نەیار نووسیوییەتی ئیتر پشتی پێ نابەستین، ئەوە پێی دەگوترێت کاری زانستی، تا نەیسەلمێنیت بە زانستییانە نابێ پێی بڵێی ئەمە کاری نەیارە و پشتی پێنابەسرێت.

**گوڵنار: کەسایەتییەکانی ئێمە لە پیشاندانی وێنایەکی جوانی کورد بەدەرەوە (سورەوەردی و دینەوەری و شەمسەدین و سەلاحەدین و خانی و...)، ئەم کەسایەتیانە توانیویانە بە سوودی کورد هیچ مەڵۆیەک بخەنە سەر خەرمانی کوردۆلۆجی کورد؟**

د. محەمەد مەحوی: پێش ئەوەی ئەوان لە ڕێی ئەو کەسایەتییانەوە بمانناسن کە ناوت هێنان، من ئەگەر لەڕێی ئەحمەدی خانییەوە لەخۆم نەگەم کە باو و باپیرمە و ئەمەی کردووە، ئەی کێ لێی تێبگات، سەرەتا دەبێ خۆمان لێی تێبگەین و شانازی پێوە بکەین، دەبێ خۆمان بە بەها بەرزەکەی خۆمانی بزانین، ئینجا ئەمە کلیلی دەرگاش دەبێ بۆ کردنەوەی دەرگا لە بواری جیاوازدا تەنانەت بۆ ئەورووپییەکانیش، بۆ ئەورووپییەکان زەردەشت و ئایینی زەردەشتی چۆن دەبینن؟ فەیلەسوفەکەیان بە چی داناوە؟ دەرگایەکی سەرەکییە بۆ شارستانییەتی ئەوانیش، کە ئێمە لێیان دەکەینەوە، بەس ئێمە خۆمان بە هۆی ململانێی ئایینمانەوە، بەهۆی ڕێکنەکەوتنمان لە ئایین و سیاسەت و بوارەکانی ترەوەیە کە ئەم متمانەمان پشتگوێ خستووە، ئێستا دەبوایە زەردەشتی و ئیسلامیی و مەسیحی بخوێندرایە، لە قۆناغەکانی خوێندن دا، بەهاکانی ئەم ئایینانە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی و بۆ دونیا چییە؟ ئەبێ ئەمانە بزانرێن و دەربخرێن بەس ئێمە نایزانین.



**ئێمە ئەگەر فەرهەنگی نەتەوەیی کورد دابنێین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو فەرهەنگانەی کە بەرهەمی حوجرە و خانەقاکانن، ئەمەیە بەشداری ڕاستەقینەی حوجرە و خانەقاکان لە زانستی کوردۆلۆجییدا.**

**گوڵنار: ئایا تا ئێستا هیچ هەڵسەنگاندن و پۆلێنێک هەیە بۆ دیاریکردنی باکگراوند و ئامانجی ئەو کەسانەی لەسەر کوردیان نووسیوە؟ بەهەمان شێوەی ئەو قوتابخانە ڕۆژهەڵاتییانەی گرنگییان بە ڕۆژهەڵات داوە لەگەڵ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرهەمە کوردییەکان؟**

د. محەمەد مەحوی: خۆزگە ئەو پرسیارەت لە مەڵبەندی کوردۆلۆجی بکردایە، خۆزگە ئەم پرسیارەت لە نووسەری ئەم کتێبە (کوردۆلۆجی زانستێک بۆ ناسینی کورد) دەکرد، یان لە نووسەرەکانی کتێبی بواری کوردۆلۆجی دەکرد، من ئیشی وام نەبینیوە، شتی وا نەکەوتۆتە بەرچاوم کە بتوانم وەڵامی پرسیارەکەی تۆ بدەمەوە، کە وەڵامم نەکەوتبێتە بەرچاو ئیتر چۆن بتوانم وەڵامی پرسیارەکەی تۆ بدەمەوە.

**گوڵنار: مەبەستم ئەوەیە ئاماژەت بەوە کرد کە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە هەن بە چاوی نەیاری نووسراون و هەندێکیشیان زانستییانە لایەنە ناشیرینەکانی کوردیان پێشچاو خستووە، هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی ئەم یار و نەیارە کێ کردویەتی؟**

د. محەمەد مەحوی: من ئەوەم نەسەلماندووە، ئێستاش ناتوانم ئەمەت بۆ بسەلمێنم، من پێمگوتی ئەوەم خوێندووەتەوە لە گۆڤار و سەرچاوەکان دا، بەڵام پێویستە ئەوە بسەلمێنرێت، ئەگینا ئێمە چۆن لە خۆمانەوە بە کەسێک کە ڕەنگە خزمەتی کوردیشی کردبێت بڵێین ئەمە نەیار بووە و وەک دژێک نووسیویەتی، دەبێ بە زانست بیسەلمێنین، بەڵام ئەوانەشی کە نەیارن دیارە، بۆ نموونە بە من بڵێ کوڕی جنۆکەیە، ئێ دیارە نەیارە، ئێمە کە لە کوردۆلۆجی دەدوێین کە بریتییە لە زانستی ناسینی کورد، زانستیش دەبێ لە سەدا سەد لەڕاستییەوە نزیک بێ، هەتا نزیک بێ باشترە.

**گوڵنار: چۆن دەکرێ مامەڵە لەگەڵ کوردۆلۆجی بکرێ کە بەهۆی جیاوازی زمان و کەلتووری بیانییەکان وەک پێویست لە ناخی کۆمەڵگەی کوردی و شوناس و کەلتووری نەگەیشتبن؟ ئایا دەکرێ تەنها پشت بەم زانستە ببەسترێت بۆ ناسینی کورد و دیاریکردنی ڕەچەڵەک و وێژە و زمان و ئاراستە کۆمەڵایەتییەکانی؟ ڕۆڵی ئەکادیمیست و توێژەرانی کورد دەبێت چی بێت لەم کایەیەدا؟**

د. محەمەد مەحوی: یەکەم من گوتم ئێمە خۆمان باشتر لە خۆمان تێدەگەین، دووەم ئەوەشم گوت کە دەبێ بەشەکانی کۆلێژەکانی لای ئێمە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو لایەنانە بکەن لەسەر کورد بەشی جوگرافیا، مێژوو، کۆمەڵایەتی، زمان و وێژەوانی بەرهەمی ئەمانەیە کە گوێ بدەن بە کەرەستەی کوردۆلۆجی، ئەنجامەکانی ئەمانە دەبن بە کەرەستەی کوردۆلۆجی، ئەگەر ئێمە خۆمان ئەوە نەکەین کێ بۆمان بکات، ئەورووپی پێویستی بەوە نییە، چونکە ئەوەندەی سەرچاوە هەیە ئەوەندە تۆوی لەناو خۆمان دا چاندووە کە



**ئەگەر منداڵەکانمان هەر لە سەرەتایی و بنەڕەتییەوە قۆناغ بە قۆناغ زانیاریی لەبارەی نەتەوەکەیانەوە بخوێنن کوردۆلۆجی لە زانکۆدا پێویست ناکات، بەڵام کە نەیانخوێندووە کوردۆلۆجیەکە هەیە لە زانکۆدا بۆ خوێندکاران.**

پێویستی بەوە نییە کە بزانێ کفتەی سابونکەران و شفتەی جولەکان چییە؟ چونکە تەنانەت تا ئەو ئاستەش ئەوان دەزانن! حەز دەکەم بزانیت تەنانەت ئەو زانیارییە ورد و سادانەشیان لایە، یەکێک لێرەوە ڕا بکات بۆ سویسرا، لە سویسرا دەزگایەک هەیە زانیارییەکان لەسەر ئەو وڵاتانە دەنووسێ کە خەڵکی لێیانەوە ڕا دەکەن بۆ ئەوەی لە ئەوروپا ببن بە پەنابەر و زانیاریی کۆ دەکاتەوە، لەسەر شاری سلێمانی باسی کفتە و شفتە و گیپەی تێدایە، مەبەستم ئەوەیە بزانە گەیشتوونەتە چ ئاستێکی کۆکردنەوەی زانیاریی، ئەوان هەموو زانیارییەکیان لەسەر ئێمە هەیە، ئەوان ئێمە دەناسن، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت و ئەوەی کە خۆمان دەمانەوێ لەڕێیەوە ئێمە بناسن، ئەو زانیارییانەمان نەداونەتێ، حەز دەکەم لەوە تێبگەیت، ئێمە دەمانەوێ ئەوان ئێمە بناسن لەڕێی ئەو ئیشانەوە کە ئێمە خۆمان دەمانەوێ، نەک لەڕێی ئەوانەوە کە خۆیان دەیانەوێ، ئێمە ئەو کارەمان نەکردووە.

**گوڵنار: لە ڕابردوودا کوردستان شوێنی تێدا نیشتەجێبوون و حەوانەوە و ئاینداریکردنی بەشێکی زۆر لە شوێنکەوتووانی ئاینی مەسیحی و جولەکە بووە، ئەمانە چ ڕۆڵێکیان لە کوردۆلۆجی یا پێدانی وێنەی کورد بە ئەوروپا هەبووە؟**

د. محەمەد مەحوی: ئەو وێنە جوانەیان داوە کە بەڕێزت باسی دەکەی لە پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵ کردن، ئەو وێنە جوانەیان بردۆتەوە، چونکە خۆیان باسیان کردووە، بەڵام خۆ ئێمە خۆمان دەزانین وێنای ناشیرینیشان بردۆتەوە، من منداڵ بووم جولەکەیەک هەبوو شتی دەفرۆشت و ڕیشێکی درێژی هەبوو، کەسێکیش کە مێشکی ناتەواو بوو لە گەڕەکی سەرشەقام جاروبار دەچوو شقارتەیەکی دەنا بە ڕیشییەوە، خەڵک لەبری ئەوەی فریای بکەون و یارمەتی بدەن، پێی پێدەکەنین، ئەوەش ڕووە ناشیرینەکەیە، بەس ناکرێ ئەو وتی بڵێی و ئەمە بڵێی، ئەگەر ئێمە بمانەوێ مرۆڤ بوون و مافی مرۆڤ هەبێت کەی دەگەین بەوەی کە مرۆڤبوونمان هەبێ؟ هەموو ڕاستی و جوانییەکان، چەوتی و ناشیرینییەکان بخەینە بەردەستمان و دانیان پێدابنێین و کار بۆ ئەوە بکەین جوانەکان زیاتر و جوانتر بکرێن و ناشیرینییەکانیش کەمتر و جوانتر بکەین.

**گوڵنار: کەواتە گەڕانەوەی ئاوارەی ئاینییانی جوولەکە و مەسیحی بۆ ئەوروپا جێدەست و کاریگەریی لەسەر لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان هەبووە بە هەردوو باری ئیجابی و سلبییەوە؟**

د. محەمەد مەحوی: بەدڵنیاییەوە، ئێستاش چەند ڤیدیۆی گۆرانی و هەڵپەرکێت بینیوە هی ئەو کوردە جولەکانەی لێرە بوون و چوونەتەوە ئیسرائیل تا ئێستاش شانازی بەچییەوە دەکەن، بە هەڵپەرکێ و گۆرانی گوتنەوە، ئەی ئەوە بەشێک نییە لە کوردۆلۆجی؟ جلوبەرگیان هەر لەوێ بە

کوردییە و بە کوردی ئاهەنگ دەگێڕن و بە کوردی گۆرانی دەڵێن، ئەوە هەر بۆ خۆی کوردۆلۆجییە، ئینجا هەر بۆ خۆیان نییە، بۆ جولەکەکانی تریشە کە لەوێن و دەیانبینن و کوردیش نین!

**گوڵنار: لە قۆناغی یەکەمی زانکۆکانی هەرێم دا وانەیەک هەیە بەناوی کوردۆلۆجی، بەڵام گلەیی و رەخنە لەسەر ئەوە هەیە لەلایەک تێکەڵە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی بیانی و ناوخۆیی، لەلایەکیترەوە وێنەیەکی روون و رەوانی لەسەر کوردناسی لە دیدی بیانییەکانەوە پێشکەش نەکردووە لە زەینەفۆنەوە تا شاند و نێردە دیبلۆماسییەکانی ئێستا، چۆن دەکرێ ئەم وانەیە دەوڵەمەند و تۆکمە بکرێت؟**


د. محەمەد مەحوی: ئەمەی دواییانە، وەکو گوتم وانەکە لاببرێت هەموو کەرەستەکانی بکرێت بە بابەتی خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندن دا، لە منداڵییەوە منداڵەکانمان خۆیان بناسن لەرێی ئەو بابەتانەوە، بزانن کوردستان چییە؟ کورد چییە؟ رەفتار و هەڵسوکەوتمان، نەریت و ئاهەنگەکانی، چۆن بووە؟ شین و شەپۆڕمان، دەبێ هەموو ئەوانە لەوێوە بناسرێن.

ئەمەی تریان ئێمە دەبێ ئەمڕۆ بۆ ئامانجەکانی خۆمان کە سیاسیین بە ئەورووپای دەرەوەی بناسێنین، دەبێ ئەو لایەنەمان جوان بکەین، ئینجا زانستگاکانمان لێکۆڵینەوە لەسەر بوارەکانی کوردۆلۆجی بکەن لە کوردستان دا ئەنجامی لێکۆلینەوەکانمان بخەنە بەردەست، ئەنجامەکان بۆ ئێمە و لێکۆڵینەوەکان بۆ خۆیان ئەنجامەکان دەبن بە کوردۆلۆجی و لێکۆڵینەوەکان دەبن بە بەرهەمی زانستی بۆ خوێندکارەکان.



# ڕۆژهەڵاتناسیی و کوردۆلۆجی:

## ڕۆژهەڵاتناسی چۆن وێنای کوردی کردووە





**د.عوسمان عەلی**

لەدایکبوی ١٩٥٥، دکتۆرا لە دراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامیی. چەندین کتێب و توێژینەوەی بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکردوەتەوە.

رۆژهەڵاناسیی چەند لایەنێک دەگرێتەوە، هەموویان پەیوەستن بە یەکەوە، یەکێک لە لایەنەکانی رۆژهەڵاتناسی، بەشێوازی خوێندنەوە دادەنرێت بۆ فیکر، کە هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەی وجودی و مەعریفی، لە زۆرکات دا جیاوازی دروستکردنە لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا. رۆژهەڵاتناسی وێنەیە ک دەکێشی بۆ رۆژهەڵات کە رۆژئاوا دیەوێت لەم وێنەیەدا رۆژهەڵات دواکەوتو و لاواز وپێویستە کۆنترۆڵ بکرێت لە لایەن رۆژئاواوە.

رۆژهەڵاتناسی بزوتنەوەیەکی رۆشنبیری و ئیدۆلۆژییە، دەزگاکانی ئیمبریالیستی پاڵپشتی دەکەن. و کار دەکات بو تێکدانی چەمکەکان و رەخساندنی لێکۆڵینەوەی زانستی و وێنەو و مەزهەبەکان تەنانەت بیرۆکاریەتی داگیرکاری، بەرواد کردنی هەمو شێوازەکانی داگیرکاری کۆمەڵێک نووسەر ئەم کارە جێبەجێ دەکەن: شاعیران و رۆمانووسان و فەیلەسوفان و تیۆرستانی سیاسی و ئابووری و بەرێوی دەبن.

جیاکردنەوەی سەرەکی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا خاڵی سەرەکییە بۆ تیۆرەکان بەدرێژی و داستان و رۆمانەکان وەسفی کۆمەڵایەتی و حیساباتی سیاسی پەیوەست بەرۆژهەڵات و گەلەکەی و داب و نەریت و عەقڵیەت و تواناناکانی ترە، پاشان هەموو ئەو کارانە کاریی ئەکادیمی بن، یاخود کاری نائەکادیمی بن، بەرهەم هێنراون و شەرق بەرهەم دەهێنن، بۆیە ئیدوارد سەعید کۆمەڵێک جیاوازی دەرخست، کە بە شێوەی بەردەوام دووبارە دەبوونەوە١.

بۆ گوتاری داگیرکاری رۆژهەڵاتناسی بە سادەیی ئاماژە بۆ کۆمەڵێک دەق ناکات، خاوەن بابەتی هاوشێوەبێت، بەڵکو ئاماژە بۆ کۆمەڵێک چالاکی و رێسا دەکات کە ئەو دەقانەی بەرهەم هێناوە و میتۆدێکی بۆ بیکردنەوە رێکخستووە، کە ئەو دەقانە لە رۆژهەڵاتناسی سەرچاوەی لێوەگرتوون.

ئیدوارد سەعید ئەو مەعریفەی لەلایەن زانایان و فێرخوازان و گەشتیاران و شاعیران و رۆمانوسان بەرهەم هاتووە، وەک سەرچاوەیەکی مەعریفەی رۆژئاوایی و بەرهەمهێنەری رۆشنبیری وەسف کردووە.

## ١ـ کوردی و سۆڤیەت و رۆژهەڵاتناسیی کوردی:

ئیم لیزنبەرگ رۆژهەڵاتناسی هوڵەندی لە لێکۆڵینەوە دەربارەی رۆژهەڵاتناسی کوردۆلۆجیا دەڵێت:

لە سەدەی نۆزدە و بەشێکی زۆر لەسەدەی بیستەم بڵاوکراوەکان دەربارەی کورد لەلایەن زانایانی روسی و سۆڤیەتی بە چەندێتی و چۆنیەتی بازنەیەکی فراوانی گرتبۆوە، دەمەوێت بەکورتی سەرنجی خۆم لەسەر ئەو مێژووەی کورد بەزمانی رووسی دەربرم، دەمەوێت تەنها گفتوگۆ دەربارەی لێکۆڵینەوە کوردییەکان نەکەم، هەروەک کۆمەڵێک پرسیاری گشتی و تیۆری دەروژێنێت، بەتایبەت دەخوازێت هەمواری هەندێک تێزی سەرەکی رۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ ئیدوارد سەعید بکرێتەوە (١٩٧٨).

کە زەمەنێکی زۆرە ئاماژە بەوە دەکرێت بەڵگەی سەعید ئەوەیە پێوەندی بەهێز لە نێوان لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی و پرۆژەی داگیرکاری هەیە، بەشێوەیەکی سەرەکی تەرکیزی لەسەر ئەزموونی ئینگلیزی و فەرەنسایە لەسەدەی نۆزدە، لەسەر ئەمریکاش لە سەدەی بیستەم، بەپێچەوانەوە ئەو گرنگییە گەورە بە رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی و رووسی و هۆڵندی نەدراوە، لەگەڵ ئەوەی لەسەدەی نۆزدەهەم زانایانی ئەو سێ وڵاتە گرنگی گەورەیان بە رۆژهەڵاتناسی داوە.

ئەوەی کارەکەی ئاڵۆزکردووە رۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتییە، کە ژمارەیەکی بەرچاوی زانایانی رۆژهەڵاتی لەخۆی گرتووە، هەروەک ژمارەیەکی

بەرچاو لە شارەزایانی کورد، کە ڕەچەڵەکیان کوردە لەسەرەتاوە بەرهەمی مەعریفەی سۆڤیەتین، ئەوانە کوردەکانی سۆڤیەتیان پێ دەڵێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە شەستەکان ژمارەیەک کورد لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت عێراق بۆ خوێندن ڕوویان لە خوێندگاکانی سۆڤیەت کرد.

دەربارەی لێکۆڵینەوە کوردییەکان لە ڕووسیای قەیسەری دەکرێت بە متمانەوە بگوترێت: کوردناسی وەک بەشێکی سەربەخۆ لە خوێندنی ئێرانی لە ئیمپراتۆری ڕووسی لە دایک بوو، بەڵام لە دایکبوونەوەی بەهۆی ئەو بانگەشەیە بوو زمانەوانی ئەڵمانی پێی بەخشی پشتی بەکوردۆلۆجی دەبەست بەو پێی ئەوتێزەی پێی وایە زمانی کوردی بەشێک نییە لە فارسی، بەڵام لقێکی جیاوازە لە زمانەکانی هیندۆئێرانی، ئەوەش دەخوازێت پارێزگاری لێ بکرێت، هەردوو لێکۆڵەری ئەڵمانی ئیمیل ڕودیگر (١٨٠١-٧٤) وئۆغستس فریدریش بوت (١٨٠٢-٨٧) بەدرێژی باسیان کردووە.

ئەو جیاوازییە زمانیە بووە بنەمایەکی سەرەکی کە کوردەکان فروانتر بانگەشەی ئەوە بکەن، ئەو نەتەوە و گەلێکی جیاوازن بەواتا ڕۆمانسییە مۆدێرنەکەی، وا سەیری کورد دەکرا کە ئەوان خاوەن فۆلکلۆر و داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان بن و جیایان بکاتەوە لە گەلانی دراوسێیان لە موسڵمان و مەسیحی وەک تورک و فارس و ئەرمەن و ئاشوور، ئەو دیدگا ڕۆمانسییە نەتەوەییە، گرنگی دانی بەکورد چڕکردەوە لەسەر ڕەچەڵەک و ڕۆشنبیریان بەشداریان لە ژینگەیەکی فراوانتر.

لێکۆڵەری ئەڵمانی بیترلیتش(١٨٢٧-١٨٨٤) هەندێک زانیاری دەستکەوت بوو لەلای دیلەکانی جەنگی کورد کە دەستبەسەربوون لە بەشی سمولینسک لە کاتی شەڕ دژی عوسمانی، لێکۆڵینەوەی کوردناسی پێشەنگ بوو لە ڕووسیای قەیسەری لەلایەن زانای ئەرمنی خاتشاتور ئەبوفیان (١٨٠٩-١٨٤٨) کارەکانی بەزمانی ئەرمەنی بڵاودەکردەوە، بەڵام تەنها کەمێکی سود گەیاند لەو شوێنانەی کە بە ئەرمەنی دەدوان.

ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە کاریگەریان زیاتر بوو لەسەرەتاوە لێکۆڵینەوەکانی دبلۆماتەکانی ڕووس بوو، کە تەرکیزیان لە ناوچە کوردییەکان بوو، یان نزیک لەو ناوچانە، ئەلیکساندەر ژابا(١٨٠١-١٨٩٤) لە دایکبووی پۆڵەندا بوو پێوەندی بە مەلا مەحمودی بایەزیدی دەکات، ئەویش هاوکاری کردووە لە بەدەستخستنی ژمارەیەک لە دەستنووسی زمانەوانی، کە دواتر بۆتە بنەمای بەشی دەستووسنووس لە (سانت بترسبرگ)، کۆمەڵێک دەستنووسی گرنگی بەدەستی خۆی نووسی، فەرهەنگی ژابا کوردی ـ فەرەنسی، ئەوە کۆنترین هەوڵە لە فەرهەنگی کوردی لە ساڵی ١٨٧٩ لە لایەن فردیناند جوستي چاپکرا، هەر لە سان بترسبرگ لەلایەن فلیامینوف-زرنوف وەرگێرانی شارموي فەرەنسی بۆ شەرفنامە چاپکرا.

ئەکادیمایی پادشایی بۆ زانستەکان لە سان بترسبرگ و پاشخانە سۆڤیتیەکەی پێی دەگوترێت ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە جیهان، تەرکیزکردنی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی لەسەر جیاوازی کورد و ئەرمەنە لەگەڵ دراوسێکانی بەشێوەیەک گونجاو بێت لەگەڵ ویستە فروان خوازیەکانی ڕووس بەرامبەر ئیمپراتۆری عوسمانی و قاجار و فارس، لەگەڵ ئەو تاکتیک و حکومانەی دەیگرتە بەر بەمەستی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە. لێکۆڵینەوەکان بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی دوو ئامانج هەوڵیان داوە: پاساوهێناوە بۆ فراوانکردنی ڕۆژئاوایی و پێدانی شەرعییەت بەداگیرکاری، ئەوەی تر قەناعەت پێهێنانی دانیشتوانە ڕەسەنەکەیە، بەوەی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی شارستانیەتی جیهانییە، قبوڵکردنی دەستکەوتی زۆری هەیە٢.

بیرمەندانی پۆست کۆڵینیالیزیم لە میانەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی و شیکارییان، لە شیکار و ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتی پێیان وایە ڕۆژهەڵات

حەقیقەتێکی نەگۆڕە، بەڵام وەک دیاردەیەک بەهۆی نووسەران و هونەرمەندان و بیرمەندان نووسراوە.

ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتی لەمیانەی پێدانی زەمالەی خوێندن بە کۆمەڵێک قوتابی کورد لە عێراق توانی تێکەڵ و پێکەڵی گەورە دروست بکات لە لێکۆڵینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد، بەهۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسی رووسی بەشی کوردناسی ئەرمەن سەرۆکایەتی دەکات، بۆیە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئەدەبی کوردی دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی و ئیسلام دەکات، لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت و ئەرمەن دەکات، دەکرێت ئەو تێبینییە وەک نموونە لەسەر لێکۆڵینەوەکانی د.کەماڵ مەزهەر هەبێت، بەتایبەت لە بابەتی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان، کە دکتۆر کەمال کاریگەری تەواوی بەڵگەنامەکانی ڕووسیای لەسەرە. ٣

باسیل نیکتین قونسوڵی رووسی لایەنگری ئەرمەن کوردی بەناشیرنترین شێوە وەسف کردووە، ئەو ناشیرین کردنە دووبارە دەبێتەوە لە لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامەی بەریتانییدا.

نکیتن دەڵێت: کۆمەڵکوژی ئەرمەنی مەسیحی لە ساڵی ١٨٩٤–١٨٩٦ (ناسراوە بە کومەڵکوژی حەمیدیەکان) لە جەنگی نێوان عوسمانی و ئەرمەن، ئەو توند و تیژییە شاراوەیە دەدرێتە پاڵ کورد، بۆ نموهونە باسیل نیکتن دەنووسێت:» لەکۆمەڵکوژی مەسیحییەکان زانراوە کە کورد تینوتر بوون لە دەشتەکییەکانی تر، هەروەها دەنووسێت:» کوردی خائین سڵی نەکردۆتەوە لە کوشتنی ئەو پیاوەی کە داوای هاوکاری لێ دەکات».

## ڕۆژهەڵاتتناسی بەریتانی کلود ریچ و گەشتەکەی بۆ سولەیمانی لە بیستەکانی سەدەی نۆزدە.

کلاودیویس جیمس ریچ لەگەشتەکەی ژمارەیەک ستراتیژی جێبەجێ کرووە، لەوانە ئایدیالیزم، سروتی داروخان، داننان بەهەڵەو نامۆیی، کوردی وەک بەشێک لە ڕۆشنبیری دواکەوتووی ڕۆژهەڵات وێنا کردووە.

ئەو ستراتیژە وێنای کۆمەڵگا و ڕۆشنبیریەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە، کە ئەوانە لەدەرەوەی سروشتن و ئەفسانەیین، ئەوەش ئاڵۆزە پڕە لە خەیاڵ، ریچ ئەو ستراتیژیەتەی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی سەرنج ڕاکێشتر بێت، لە کتێبەکەی ئاماژە بەوە دەکات گوێی لەشتی سەیر دەبێ و شتی نامۆدەبینێت.

دەڵێت: خەڵک پێیان وایە ئاوی بەهار شیفای هەندێک نەخۆشییە، ئەوە لەبەر پاکی ئاوەکە نییە، بەڵکو لەبەر بیروباوەڕی ئەفسانەییانە دەربارەی بەهار، خەڵک بڕوایان بە بوونی جن هەیە لە بەهار.

چەند نموونەیەک لە ڕۆژهەڵاتناسی و وێنەی کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا.

## ڕاپۆرتێك دەربارەی دۆخی ڕواندز.

Air ٥١٢/٢٠

ئامادەکردنی دەبلیۆ. هاي، ئەفسەری سیاسی - هەولێر.

٢٦ كانون الأول ١٩١٩،

ئەگەر بمانەوێت دەست بەسەر هەولێردا بگرین پێویستە پارێزگاری لە نفوزی خۆمان بکەین لە ڕواندز، بەڵکو پێویستە ڕاستەوخۆ دەستبەسەرداگرتنی سەربازی ئەنجام بدەین، هەرکات بیر لە دۆخی کورد دەکەمەوە بڕوام زیاتر دەبێت، کە ئەوان ناتوانن هەڵسن بە سەربەخۆیی، هەر حەزیشیان بەسەربەخۆی نییە، یەکێک لە پیاوە دیارەکانی ڕواندز پێی گوتم: کاتێک حکومەتێک لێرە نەبێت، حاڵی ئێمە وەک مێگەلێکە بەبێ شوان، ئەو دۆخە تەنیا بەسەر شارەکان جێبەجێ نابێت بەتەنیا، بەڵکو بەسەر عەشیرەتەکانی دەوروبەریش جێبەجێ دەبێت، لەو ڕووەوەی ترسێک لە نێوان جوتیار و ئەهلی پیشەکان هەیە لە ئاغەکان، ئاغەکان لە یەکتر دەترسن، بۆیە ئێمە پێویستمان

> **رۆژهەڵاتناسی وێنەیەك دەكێشی بۆ رۆژهەڵات كە رۆژئاوا دەیەوێت لەم وێنەیەدا رۆژهەڵات دواكەوتو و لاوازە و پێویستە كۆنترۆڵ بكرێت لە لایەن رۆژئاواوە.**

بە هێزێکی دەرەکی هەیە تا هاوسەنگی و ئاشتی رابگرێت لەو ناوچەیە،ساڵی پار من لە کۆی سنجەق بووم، یەکێک لە ئاغەکان ئەو پرسیارەی لێکردم، بۆچی هەوڵنادەن بەردەوام یەکێک لەسەر ئێمە وەک حاکمی کوردستان فەرزبکەن؟ هەمووی ئەوەی ئاواتی بۆ دەخوازین حاکمێک بەسەر ئێمە فەرز بکرێت لە دەرەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بێت، ئەگەر تورکیش بێت؟

ئەگەر سەرۆک هۆزێکی بەتوانا و لێهاتوو هەبوو، کێشە نییە رێگای بدەن ناوچەی هۆزەکەی بەڕێوە ببات، ئەوەش بە دیاریکردنی پلەیەک بۆی، بەڵام بەمەرجێک ئەوە بزانێت ئەو ماڵەی پێی دەدرێت لەبری خزمەتگوازی لە بەڕێوبردنی ناوچەکە، نەک بەرتیلە حکومەت پێی دەدات لە ئەنجامی هەستکردن بەلاوازی بەرامبەری، کورد لە زۆر بۆنە پێیان گوتووم گەلی کورد»زاهیر بینە« واتە گرنگی بە پشتی شتەکان نادەن، کارەکان بەس بەچاو سەیر دەکەن، ئەگەر کوردێک قامچییەکی بەدەستی گەورەکەی بینی هەڵسوکەوتەکانی چا دەکات، ئەگەر دوو سریە سەربازی پیادە لە رواندز ببینێت ئەوا بەو ئەندازەی دەتەوێت گوێڕایەڵت دەبن، ئەوەیە من دەمەوێت قسەی دواتر قسەی لەبارەیەوە بکەن، ئەگەر تۆ ئەندازەیەکی تەواو سەرباز و هێزت لابوو لە رواندز و رانیە، هەرگیز ناچارنابیت بەکاریان بهێنیت، بەڵام ئەگەر ئەو هێزانەت دووربوون لە کەرکوک، یان هەولێر ناچاری هێرش لەدوای هێرش بەدوایان بنێریت، لەپێناو زاڵبوون بەسەر دۆخی رانیە و رواندز.

بۆیە ئەگەر ویستان ئەفسەرێکی یاردەریی سیاسیمان لەگەڵ بێت لە رواندز، ئێمە پابەند دەبین بە دانانی هێزەکانمان لە ژێر فەرمانی ئەو لەوێ، بەکورتی من لەسەر ئەو بڕوایەم، ئەگەر هیچ هەستێکی دژ بە حکومەت نەبێت کورد نیشتەجێن لەنێوان دوو زێ، بەشێوەیەکی گشتی حەزیان لە بوونی هێزی حکومی هەیە لە ناویان، بۆیە پێشنیاز دەکەم دووبارە رواندز لەلایەن هێزەکانی بەریتانیا داگیر بکرێت، یاریدەدەرێکی ئەفسەری سیاسی لەوێ دامەزرێت، دووبارە بەزووترین کات راستەوخۆ ئیدارەی بەریتانیا بگەڕێتەوە.

**FO ٣٧١/ ٥٠٦٩**

**ژمارە:٥**

**٧ مارس ،١٩٢٠**

**لە/ یاریدەری ئەفسەرسیاسی بەریتانی کۆیسنجق**

**بۆ/ ئەفسەرسیاسی بەریتانی لە هەولێر.**

پاشکۆی ئەم یاداشتە لەلایەن مەلا محەمەدی حاکمی شەرع* و جەمیل ئاغا (یاریدەری حاکمی شەرع)ەوە هاتووە، هەر بۆ زانین ئارەزوومەندانە ئەو یاداشتەیان ناردووە و لەو بارەیەوە کەس قسەی لەگەڵ نەکردوون.

دوێنێ سەردانی مەلا محەمەدم کرد، ئامانجی رواڵەتیم لەو سەردانە ئاسایی و رۆتینی بوو، بەڵام لە راستیدا دەمویست بۆچوونی لەسەر توورک لە

ئەستەنبۆڵ بزانم، هەموو هەواڵەکان ناگەنە ئێرە، بەڵام ئەو بەیاننامەی لەو بارەیەوە دەرچووە، جێی بایەخی ئەو نەبوو، مەلا محەمەد گوتی: بەداخەوە دەوڵەتانی هاوپەیمان نەیانتوانی دەست بەسەر تەنگەرەکەو شاری ئەستەنبوڵ دا بگرن، بەڵام دژی ئەوەبوو کە ئەو تەنگەبەرە لەژێر دەسەڵاتی دەولی بێت، مەلا محەمەد گوتی: بۆ بارودۆخی ئەمرۆ واچاکە ئەستەنبۆڵ لەژێر دەسەڵاتی تورک بێت، بەڵام بۆ زەمانەتی ئازادی بازرگانی و هاتووچۆ ئەو تەنگەبەرە لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانی بوایە.

لەگەڵ ئەوەدا ئەو لە ئیدارەی تورک بەسەر ئەستەنبوڵەوە دوودڵ نەبوو، بەڵام زۆر بەتوندی بەرهەڵستی گەڕانەوەی ئیدارەی خراپی عوسمانی بوو بۆ کوردستان، مەلا محەمەد گوتی:

حورمەتی زۆرم هەیە بۆ ئیدارەی بەریتانی لە کوردستانە بەڕێزی زۆرەوە لەو ئیدارەیە سەرنجی راکێشاوم، دەیگوت: من تەنیا پاکی و دادگەری و چەلەنگیم لە ئیدارەی بەریتانیا بینیووە، دەیگوت: ئەوە ئیجابییە و ئەوەش کە لە ئیدارەی خراپی تورکی بینیومە بە ڕاشکاوی تێکدەگیرێ لەگەڵ ئەو حوکم و ئاکارەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، چەند جار ئەوەی دووبارە کردەوە، کە ئەو قەناعەتی تەواوی بە ئاییندەی کوردستان هەیە، کە پەیوەست بێت بە بەرژەوەندییەکانی بەریتانی بەبێ چاودێری و ڕێنمایی بەریتانیا دۆخی کورد زۆر خراپ دەبێ، هەروەها دەیگوت: ئەگەر دەسەڵاتی تورک بۆ کوردستان بگەڕێتەوە خەڵک ناچار دەبن بە کۆمەڵ ناوچەکە جێبهێڵن.

سەرەڕایی ئەو بۆچوونەی سەرەوە مەلا محەمەد سوور بوو لەسەر ئەوەی پێویستە حوکمڕانێک بۆ هەموو کوردستان دابندرێ. لە مەلا محەمەدم پرسی کێ باشە بۆ ئەو پلەیە؟ ئەو پێشنیازی کرد بوو یەکێک لە ئەندامانی خانەوادەی بابان بۆ ئەو پلەیە باشە، بەبۆچوونی ئەو چونکە هێشتا لە کودستان ڕێزی زۆریان هەیە.

بەڵام ئەو پێی چاک بوو هەر کەسێک بێت، دەبێ بە ئامۆژگاری و راوێژی بەریتانیا بجوڵێتەوە، هیچ گومانی تێدا نییە، کە مەلا محەمەد مەبەستی حەمدی بەگی بابانی بوو، چونکە هەموو ئەو لیوایە پشتگیری دەکەن، بەرای پیاوماقوڵانی هەولێر حەمدی بەگ کوردێکی رۆشنبیرە و دەتوانێ بە هاوئاهەنگی و راوێژی بەریتانییەکان بۆ بەرژەوەندی هەموو کورد کاربکات، بەستنەوەی کورد بە کۆیە بە لیوای هەولێر وادەکات پیاوماقوڵان وا قەناعەت بهێنن، کە چارەنووسی کوردستانی سەربەخۆ هەرگیز سەرناگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆیە پشتگیری شێخ مەحمودیان نەکرد، پێیان چاک نەبوو ئاییندەی لیوایەکە بەکوردستان نەک بە ئیدارەی راستەوخۆی بەریتانیاوە، لە عێراق ببەسترێتەوە. مەلا محەمەد پێی وابوو، زۆرترین پیاوی زیرەک و رۆشنبیری کورد لە لیوای هەولێرە، ئەوە دڵنیایە کە بۆچوونی ئەو لەسەر ئەو بابەتە بۆچوونی زۆربەی پیاوماقوڵانی ئەو لیوایەیە، بەڵام زۆربەی کورد وەک مەلا محەمەد دەیگوت تەنیا بیر لە نانی رۆژانەیان دەکەنەوە، کە زۆر بەزەحمەت دەتوانن بۆ منداڵەکانیان بەدەست بخەن.

**ئەفسەری سیاسی یاریدەری بەریتانی سی. ئای، راندۆڵ.**

تێبینی:

ئیدارەی بەریتانی وا ڕاهاتبوو، نازناوی گەورە و ستایشکردنی لەئەندازە بەدەر بدات بەو زاناو کەسایەتییە کوردانەی هاوکاربوون لەگەڵیان، لە بەرامبەردا لەقەبی ناشیرین و نادروستی دەدا بەو کەسایەتیانەی لە دژیان بوون، لەگەڵ ئەوەی ئێمە دەزانین مەلای گەورەی کۆیی زانایەکی گەورە و بەرێزە لە کوردستان، بەڵام ئەگەر دژایەتی سیاسەتی بەریتانیای بکردایە، بەوجۆرە وەسف نەدەکرا، بۆ نموونە شێخ مەحمودیان بەکەسایەتیەکی منداڵانە و نەزان و خۆسپێنەر وەسف دەکرد، هەروەک سەید ئەحمەدی

> پێوەندی بەهێز لە نێوان لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی و پرۆژەی داگیرکاری هەیە، بەشێوەیەکی سەرەکی تەرکیزی لەسەر ئەزموونی ئینگلیزی و فەرەنسایە لەسەدەی نۆزدە، لەسەر ئەمریکاش لە سەدەی بیستەم.

خانەقا لە کەرکوک کە کەسایەتییەکی زانستی و کۆمەڵایەتی سیاسی بەرز بوو، دژی ئیدارەی بەریتانیا بوو، لەبەر دوورخستنەوەی کەرکوک لە کوردستان، بەریتانییەکان بەکەسێکی ڕگەزپەرست و ئینتیهازییان وەسف دەکرد، هەروەها ئینگلیز بە شێخ ئەحمەدی بارزانیان دەگوت»شێت و نەزان و خۆسەپێنەر» شایەنی باسە ئیدارەی بەریتانیا بۆ تەرکیزیان لەسەر مەلای گەورە بوو، چونکە هەوڵی دەدا جێگرەوەی شێخ مەحمود بدۆزێتەوە، حەمدی بەگی بابان مەلای گەورە بەربژێری کردبوو، لای ئینگلیز قبوڵکراو بوو، کە داوای لە لایەنگرانی کردبوو لە کوردستان کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان پێک بهێنن، ئەوەش لەبەر ئەوەی حەمدی بەگ لە سلێمانی قبوڵکراو بوو، بەڵام حەمدی بەگ سەلماندی کە توانای ئەوەی نییە ببێتە جێگرەوەی شێخ مەحمود، لە ڕاستیدا لە کوردستان ناسراو نەبوو، بەو ئەندازەی کە لە بەغدا ناسراو بوو.

**هێزەکانی بەریتانیا ـ عێراق**
**بەغدا**
**٣٠آذار ١٩٢٧**

**بۆ وەزیری هێزی ئاسمانی**
ئاداسترال هاوس، کینگ وی
لندن ،دبلیو ،س ،٢ لندن
گەورەم

١ـ لە ڕاستی دا ئەو ڕاپۆرتە دەربارەی بزاڤی کورد ئامادەکراوە بۆ ئاگاداریتان.

٢ـ لە خوێندنەوەی دەردەکەوێت کورد وەرقەیەکی ئامادە پێک دەهێنن، خاوەن کارایی بێت، بەدەستی ئەو کەسەی بیانەوێت بەکاری بهێنن بۆ دروستکردنی تەنگەژە لە عێراق، هەروەها ڕوسیای شیوعی بەدیاریکراوی سودەمەندی گەورەیە، ئەو وەرەقەیە هەرکات بیەوێت بەکاری دەهێنێت، ئەو ڕاپۆرتە بۆ ئەو ڕۆژگارە گرنگی زۆری هەیە، ئێمە بە جدی گفتوگۆی هێز و پێکهاتەی دەکەین، بەتایبەت برگەی٦ی ئەو ڕاپۆرتە.

گەورەییە بۆمن بەندەیەکی دڵسۆزتان بم.

**تي اٰس هیجنس**
**سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی.**
**سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی بەریتانیا ـ عێراق.**

بزاڤی نەتەوەیی کوردی.

١ـ تێبینی گشتی:

أـ لەگەڵ دەستپێکی مێژووی کوردستان دەورەدراوە و لەژێر کاریگەری دەرەکییە، بەڵام هیچ کات تورە نەبوو، هەندێکجار ئیمارەتیکی سەربەخۆ لێرە و لەوێ دەرکەوتووە، یەکێکی تر لەوێ کۆتایی هاتووە، ئیمارەتێکی کاتی سەرلە نوێ لە شوێنێکی تر دەرکەوتۆتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کات کورد وەک نەتەوەیەک لە مێژوو دەرنەکەوتووە، لە هەمان کاتیش هیچ کات ڕەش نەبۆتەوە، ئەمرۆ

کورد گەلێکی گەورەن، بەڵام یەکگرتوو نین، کورد دابەشکراوە بەسەر حکومەتەکانی تر کە کورد نین، بەڵام وەک گەلێک تایبەتمەندی و زمانی نەتەوەیی خۆیان هەیە، خۆشەویستیان بۆ کێو و دۆڵەکان لەکۆتایی جێی شانازی کوردن.

ب ـ کورد سروشتێکی جیاوازی هەیە، نەزانە فیکری کاریگەرە بە ژینگەی چیایی، عەقڵیەتی گوێ پێنەدانی هەیە، کە ناتوانێ بەبەهای نموونەیی بەخەبەری بهێنێ، بەڵکو تەنها تموح دەیجوڵێنێت لە هەر بۆچوونێکی تر زیاتر، لەکاتێک دا گەلانی تری رۆژهەڵات وەڵامی شەپۆلە نەتەوەیەکانی تر دەدەنەوە، بەتایبەت پێکهاتەی نەتەوەیی وڵاتان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کوردی بەخەبەر نەهێنا لە خەوی بێ ئاگایی، هەوڵی ناسنامەی خۆیان نەدا، دوای ئەوەی تورکیا و ئێران جەختیان لەسەر دەکردەوە و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکانیان چەسپاند، لێرەوە کورد دەستی بە پرسیارکردن کرد، بۆچی هەمان ئیمتیازاتی درا بە وڵاتی عەرەبی نوێ (عێراق) نەدرا بەکورد، کورد درەنگ بەخەبەرهات لە بانگەشەی نەتەوەیی چونکە هەلەکەیان لەدەست دابوو، کە ئاشتی دوای جەنگ دەستەبەری کردبوو.

٢ــ دۆخی ئێستای کوردستان.

أـ هەندێک رووی هاوشێوەی ورد هەیە لە نێوان کوردستان و ئەورووپای سەدەکانی ناوەراست، کە دەکرێت تێبینی بکرێت، کە خەڵێکی زۆری نەجیبزادە و سوارچاک و مەلا و جوتیار نەبوون، بەهەمان شێوە کورتبینین.هەموو کوردێک لە دەروونی خۆی بڕوای بەسەربەخۆیی هەیە، بەڵام لە تێگەیشتنی بۆ سەربەخۆی پشت بە پێگەی کۆمەڵایەتی و دەرەبەگایەتی باو لەوێ، هەموو کوردێک لەو بڕوایە دایە چاوەروانی داهاتوویێکی نادیارە، کە کورد حوکمی خۆی بکات و کۆتایی بەحوکمی بێگانە بێت لەسەریان.

ب ـ چوار توێژی گرنگی کۆمەڵایەتی هەیە لە کۆمەڵگەی کوردی ئەمرۆ:

١ـ چینی ئەفەندی، کە ئەوانە کەمینەیەکی رۆشنبیریان لەنێو هەیە، زۆرینەیان کەم دەزانن، هەوڵی قۆستنەوەی دەرفەت دەدەن بۆ خۆیان.

٢- چینی شێخ و سەید و مەلا و دەروێش، ئەو چینە رۆشنبیری و ئاسۆیان فراوانترە، کە چینی سەرۆک هۆزەکان بەدەستیان هێناوە، بەڵام هەموو ئەندامێک لەو چینە هەوڵدەدات بۆ زیادکردن دەسەڵاتی کاتی خۆی.

٣ـ چینی سەرۆک عەشیرەتەکان.

٤ـ کۆی تاکەکانی هۆزەکان خەڵکی ئاسایین، بەپێچەوانەی تاکەکانی هۆزە عەرەبەکان، کە لایەنداری تەواویان هەیە بۆ سەرۆک هۆزەکان.

چینێکی بچوک هەیە لە بازرگان، کە هەندێک گرنگیان هەیە بۆ ئاسایشی ئابووری نێوان هۆزەکان لەگەڵ ئەوەی لەهەندێک شاری نزیک بەهێزترە.

٢ـ سەربەخۆی کوردستان بۆ سەرۆک عەشیرەتی کوردی واتە ئازادی و رەخساندنی هەل بۆ کۆکردنەوەی باج لە جوتیاران لە پێناو دەوڵەمەندبوونی خۆی و بەرێوبردنی ئەو ناوچەی تێیدا باڵادەستە بە ئارەزووی خۆی، بژێوی خۆی باشتر بکات بە قیاس بە دراوسێکەی، هۆزەکەی رازی بن بە هەموو باجێک، کە سەرۆک عەشیرەت دایدەنێ، چونکە ئەوە فەرمانێکی خواییە، پشت دەبەستێ بەهێزی کەسی، بەڵام فەرمانەکانی حکومەت رەت دەکەنەوە، چونکە پێیان وایە ئەوە دەسەڵاتێکی نامۆیە بەسەریانەوە، زانایی ئایینی وەک سەرۆک عەشیرەت بیری دەکردەوە، بەڵام لە هەندێک کار جیاواز لەو، زانای ئایینی پێی وایە خۆی نوێنەری زیاد لە هۆز و ناوچەیەکە، پێی وایە خۆی سەنتەری هێزە لەو ناوچەیە، دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی رەها نەبوو، لەو ناوچەی دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەو.

هەرچی ئەفەندی نیچمە رۆشنبیر بیری دەوڵەتی

کوردی خەیاڵە، ئەو بڕاوی بەوەیە دەوڵەتی کوردی یانی وەزیفەی حکومەتی خاوەن مووچەی بەرز، تەماح و ئیرەیی و شانازی بە رەگەزی کوردی تاکی هۆزەکان هەستیان پێی دەکرد، ئەوەش کەشێکی باشی رەخساندبوو بۆ چاندنی فێڵە جۆراوجۆرەکانی چینی ئەفەندی، ئەو جۆرنە نیمچە رۆشنبیرە ئینتیهازییە بەرئەنجامی چەند هۆزێکە هەڵگەڕانەوە بەناوی سەربەخۆیی، لە راستیدا ئەو ئەفەندیانە گەورەترین دوژمنی پرسی کوردن.

ماوەتەوە کەمینەیەکی کەم لە رۆشنبیرانی کورد حەزی فراوانیان هەیە، ئەوانە لە کوردستان زۆر گەڕاون، هەستیان بە نەزۆکی هەوڵەکانیان کردووە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، لە ئەنجامی پەرش و بڵاوی هەوڵەکان لێرەو لەوێ، چونکە هەوڵەکان یەک نین، پلانی سەرەکی نییە دژی حکومەتە باڵادەستەکانی سەر کورد.

## مەترسی لە پرسی کورد:

هەستکردن بە نارەزایی لە حکومەت، یان دۆخی نەبوونی سەقامگیری بەردەوام لە زیادبوون دایە لە کوردستان، کورد لەو دواییە هەڵگەڕایەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی تەواو و پاڵپشتی بۆ هەڵگەرانەوە لەلایەن کوردەکانی تر شکستیان خوارد، لەگەڵ ئەوەی هەڵگەڕانەوەکە بەهێز تێکشکێندرا، بەڵام رۆحی سەرپێی و هەڵگەڕانەوە تا ئێستا بوونی هەیە، دۆخەکە لەو نزیکانە دەتەقێتەوە، هەڵگەڕانەوەیەکی لاوازتر لە کوردستانی ئێران هەیە، هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوەن حکومەت ئامادەیی هەیە بۆ بەرەگاربوونەوەی ئەو ئەلەنگەریانەی کورد.

سیاسەتی حکومەت بریتییە لە ئامادەسازی سەربازی و سیاسەتی نەرم بەرامبەر کورد، بەڵام هەندێک ئامادەسازی تر هەیە لە کوردستانی ئێران بۆ شۆڕشی گەورەتر دژی حکومەت، بەڵام سەبارەت بە کوردی عێراق، وردە وردە واقیعە سەپێندراوەکە قبوڵ دەکەن، کە جۆرێکە لە ئیدارەی خۆجێیی کە بەریتانیا فەرزی دەکات لە سەر کورد و حکومەتی عەرەبی لەبەغدا.

کورد لەو دواییە پەیان بەوە برد کە داواکاری مافەکانیان نا بەجێن دۆخییان لە عێراق باشترە لە کوردی تورکیا و ئێران، بەڵام دەترسن لە حاڵەتی کشانەوەی بەریتانیا ناچار بە ملکەچکردنی حکومەت بکرێت لە بەغدا و باج بدەن بەبێ مەرج و پاراستنی مافەکانی کورد.

لەگەڵ ئەوەی میکانزمی هەڵگەڕانەوە تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتادایە، پێویستی بەگەشەکردن هەیە، ئەوەندە هەیە ئەو میکانزمەی کە هەیە تەواوە، دەکرێت لە دژی حکومەت بەکار بهێندرێت، لەگەڵ ئەوەش ئەو میکانزمەی کە هەیە بۆ هەڵگەڕانەوە لە کوردستان توانای ئەو دۆخەی ئێستای نییە، کە کیانێکی سەربەخۆی کوردی دروست بکات، بەڵام ئەوەندە هەیە دەکرێت لەلایەن هەندێک دەزگا و کەس بەکار بهێنێت بۆ یاریکردن بەدۆخەکە و بەکارهێنانی لەپێناو بەدەستهێنانی هەندێک ماڵ و زێڕ، بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری لە باکووری عێراق و باکووری ئێران و باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا، کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئارامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات جێی مەترسییە.

بەشە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەی میکانزمی هەڵگەڕانەوە لە کوردستان:

١ـ سەرۆک عەشیرەتەکان سەرچاوەی گرنگی ئەو هەڵگەڕانەوە پێ دەهێنن، لەبەر بوونی ناکۆکی و حەزی لایەنی ئازادی و هەڵگەڕانەوەیان، لەگەڵ زیادبوونی وشیاری نەتەوەیی، کە تێبینی دەکرێت تێیاندا.

٢ـ لیژنەی مەحلی شانەکان لە شار و شارۆچەکەکان بۆ کاری قەومی، کە هەوڵیان دەدا بەناوی نەتەوەیی سەرۆک هۆزەکان بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان.

٣ـ لیژنەی مەرکەزی لە عێراق و تورکیا و

ئێران هەوڵی رێکخستن و هەماهەنگی کاری «لیژنەی مەحەلی»یان دەدا، بۆ فشار خستنە سەر حکومەتەکان لە پێناو پێدانی جۆرێک لە خودموختاری بەکورد لە سنووری هەرێمەکانی ئەو وڵاتانەی باسکران، لەگەڵ رێزگرتن لە سەروەری ئەو وڵاتانە لەسەر پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان.

٤ـ لایەنگرانی سەربەخۆی کوردستانی گەورە(پان کوردیزم) ئەوانە پێکهاتبوو لە شۆڕشگێرە توندڕەوەکان (کە ئەو رەگەزە قەومیانە لە زۆر وڵات بوونیان هەیە) لە هەر یەک لە ئێران و تورکیا و عێراق هەن هەوڵدەدەن بۆ دروستکردنی لیژنەی مەرکەزی بۆ کاری نەتەوەیی کوردی لە پێناو بەرپاکردنی شۆڕشیکی گشتگیر لە هەموو پارچەکان لە یەک کات لە پێناو دروستکردنی حاڵەتێکی مەترسیدار و نەمانی سەقامگیری، کە پاڵ بەهێزە ئەورووپیەکان وەدەنێ لە پێناو ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چارەسەری ئەوپرسە لەبەرژەوەندی کورد.

## پووختەی لێکۆڵینەوە:

بنەماکانی کوردۆلۆجیا لەسەر بنەماکانی رۆژهەڵاتناسی داندراوە، بۆیە جیادەبێتەوە بەلایەنداری بۆ رۆشنبیری رۆژئاوایی، زۆرێک لە نووسەرانی کورد لێکۆڵینەوەیان لە مێژوو و ئەدەبی کوردیان کردووە، لەوانە ئیدوارد سەعید بەوانە دەڵێت: رۆژهەلاناسی ناوخۆیی، رۆژهەڵاتناسی رووسی و سۆڤیەتی و بەریتانی لەسەر بنەمای سەنتەری بوونی ئەورووپی دامەزراوە، بۆ باڵادەستی و داگیرکاری ئەوروپی و کاریگەری بەرچاوی هەیە لە لێکۆڵینەوەی کوردی، ئەوەش پێویستی بە لێکۆێنەوەی ورد و شیکاری ئەو کاریگەریانە هەیە، چونکە کاریگەری لەسەر کەسایەتی کورد هەیە کە تووشی خۆ بەکەم زانی کردووە بەرامبەر هەموو شتێکی رۆژئاوایی.


## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١ـ (میلز ، ١٩٩٧ ، ص ١٠٦).
2ـ Bertens 2004
3انظر ـ Soviet Kurdology and Kurdish Orientalism
https://www.researchgate.net/publication/254810726_Soviet_Kurdology_and_Kurdish_Orientalism
4. Kurds and Kurdistan: A Political, Sociological and Historical Study (Nikitin, 1987(، 183 ص).
5FO 371/513 , letter from APO , Koi , to CC ; Air 20/ 513 “ memo” by Hamdi Beg to Lieutenant Colonel Sir Arnold T. Wilson , Baghdad , 6ـ August , 1920

* مەلا محەمەد مەبەستی مەلای گەورەی کۆییە، بەڵام ئێمە لەبەر ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە چۆن هاتووە، بەوجۆرە وەرمان گێراوە، دەستکاری نازناوەکەمان نەکردووە«.

# کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا





**د. جەمال نەبەز**

ساڵی ١٩٣٣ لەسلێمانی لەدایکبووە. لەسەرەتای خوێندنیدا جگە لە خوێندنی ئیسلامی، فەلسەفە و سیۆلۆجی و فیزیا و ماتماتیکی خوێندووە. زیاتر لەشەست کتێبی چاپ بووە.

که «کۆڕی زانیاری کورد» ڕووی ئەوەی لێنام وتارێک لەبارەی کوردناسییەوە لە ئەڵمانیادا بنووسم، هەڵبژاردنی وشەی «کوردناسی» kurdenkundeم لە جیاتی «کوردەوانی» kurdologie بە هەڵبژاردنێکی بەجێ هاتە بەرچاو، چونکە «کوردناسی» وتەیەکە مانایەکی فراوانی هەیە و هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشان و چالاکی و کاروبارانە ئەگرێتەوە کە بۆ ناساندنی کورد بە ئەڵمان دراون، سا ئیتر لە ڕووی زمانەوانی و ئەدەبیاتەوە بووبێ، یا لە بارەی مێژوو و سیاستەوە بووبێ، یا لە لایەن هونەر و کۆمەڵایەتییەوە بووبێ، یا تەنانەت وتاری پڕ لە دەنگوباسی درۆ یا ڕاستی، ناو ڕۆژنامە بووبێ. لەکاتێکدا کە وشەی «کوردەوانی» بەزۆری بەشێکی تایبەتی ئەو کارە ئەگرێتەوە، کە ئەوەش «زمانەوانی»یە، واتا Lingdisti.

**وا من لەم وتارەدا سەرنجێکی یەکجار سەرپێی لەسەر کوردناسی ئەڵمانیا ئەگرم و پێشکەش خوێنەرەکانی ئەم گۆڤارەی ئەکەم:**

هەرچەندە ناوی کورد لە ناو ئەڵمانەکاندا بە زۆری لەم دە ساڵی دواییەدا و بە هۆی گۆڕانی باسی سیاسی کوردستانەوە کەوتووەتە سەر زمانی خەڵکی و چووەتە ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانیانەوە، بەڵام هەوڵدان بۆ ناساندنی کورد بە ئەڵمان مێژوویەکی کۆنی هەیە لەم وڵاتەدا، دوور نییە ئەو گەشتنامە «Reisebuch»یەی کە لە ساڵی ١٤٧٣دا لە لایەن زێڕینگەری باڤارییەوە ( Johann Schiltberger ١٣٩٤ – ١٤٢٧) بڵاوکراوەتەوە، کۆنترین سەرچاوەیەکی ئەڵمانی بێ کە ناوی کوردی تێدا هێنراوە.

هەروەها یەکێک لە سەرچاوە هەرە کۆنەکانی ئەڵمانیا و ئەورووپا کە لە بارەی کورد و وڵاتەکەیەوە ئەدوێن، ڕاپۆرتێکە بە بۆنەی یەکێک لە جەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە لە ژمارە (٣٨)ی گۆڤاری «Turchis-Estats-und Kriegs-Bericht»دا لەلایەن Thomas von wiering ناوێکەوە لە هەمبورگ، لە مانگی شوباتی ١٦٨٤دا بڵاوکراوەتەوە.

لە سەدەی هەژدەهەمی فەرەنگییدا چەند سەرچاوەیەکی ئەڵمانیمان بەرچاو ئەکەوێ کە لەبارەی کوردەوە ئەدوون. یەکێک لەمانە باسی گەشتێکە کە نیبور Niebuhr ناوێک کردوویەتی بۆ وڵاتی عەرەب و ئەو وڵاتانەی دەرو دراوسێی وڵاتی عەرەبن، لە بەشی دووەمی ئەو گەشتنامەیەدا کە لە ساڵی ١٧٦٦ دا دەرچووە، نووسەر باسێکی لەسەر کوردیش نووسیوە. بێرگ Bergh ناوێکیش گەشتێکی کردووە لە کوردستان و ئەرمەنستان و گورجستان و ئەنەدۆڵ و عێراقدا و نامیلکەیەکی لەوبارەیەوە نووسیوەتەوە و لە ١٧٩٩دا بڵاوی کردووەتەوە، ئەم کتێبە گەلێ نیگاری جوانی تێدایە و دوو نەخشەشی لەگەڵە.

لە سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنگییدا ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی بە زمانی ئەڵمانی نووسراومان لەسەر کورد و کوردستان دەستئەکەوێ. ڕاستیەکەی لەم سەدەیەدا نەک هەر ژمارەیەکی زۆر لە زانا ئەڵمانەکان لە بارەی زمان و ئەدەبیات و مێژووی کوردەوە خەریکی لێکۆڵینەوە بوون و بەس، بەڵکو گەلێک لەو ئەڵمانەی ڕێیان کەوتووەتە کوردستان سا ئیتر بە ئیشو کاری تایبەتی خۆیان بووبێ، یا بۆ پشکنینی زانستانە بووبێ، یا بۆ گەشتوگێڵ بووبێ، یا بۆ ئیشوکاری نهێنی و سیاسەتیبازی دەوڵەتەکانیان بووبێ، لەسەر کورد و وڵاتەکەی، کەموزۆر، چاک یان خراپ، نووسینیان بۆ بەجێهێشتووین.

ئەوەشمان نابێ لەبیر بچێتەوە کە چیرۆکنووسی ئەڵمان کارل مای (١٨٤٧ – ١٩١٢) بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەی «بەناو کوردستانی کێوی»دا، ناوی کورد و کوردستانی نەک هەر لە ناو ئەڵمانەکاندا،


بەڵکو لە هەموو ئەورووپادا لە سنوورێکی یەکجار فراواندا بڵاوکردەوە. ئێستەش کە بە هەر ئەڵمانێک بڵێیت «کوردم» و نەزانێ کورد چییە و لەبارەی کوردەوە هیچی نەبیستبێ، ئەگەر هاتوو پێت وت: «ئەی کتێبەکەی کارل مایت نەخوێندووەتەوە؟» دەستبەجێ ناوی کوردستانی دەکەوێتە بیر و ئیتر دەست ئەکات بە پێکەنین.

ئەوی ڕاستی بێ ئەم چیرۆکە هەرچەندە لە چیرۆکێکی ئەفساناوی و باسی دێو درنج ئەچێ، چونکە نووسەرەکەی تەواوی ژیانی خۆی بۆ نووسینی ئەم جۆرە چیرۆکانە تەرخان کردووە، بێجگە لەوەش خۆی نە لە ناو کورددا ژیاوە و نە کوردستانیشی بە چاو دیوە، بەڵکو دەنگوباسەکانی تەنیا بە دەمی لە داستانگێڕەوەکانی ئەو سەردەمە بیستووە. لەبەرئەوە هەندێ لە قسەکانی زیاتر لە قسەی هەڵەقومەڵەق ئەچن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ لایەنی باشی ڕەوشت و خوو و جۆری بیرکردنەوەی کوردی پیشان داوە، وەک میوانداریێتی و هاوڕێیەتیی و ئازایەتی و وەفادارێتیی. ئەگەرچی سڵی لەوەش نەکردووەتەوە کە کورد تێکڕا بە جەردە و ڕێگر بداتە قەڵەم. هەر لەم چیرۆکەدا زۆرداری و نالەباری سوڵتانەکانی عوسمانلیشی پیشان داوە و دەریخستووە کە کورد زوو هەڵئەخەڵەتێن و بە قسەی خۆش و زمانی لووس تەفرە ئەدرێن، جا ئەوەی ئەم چیرۆکەی زیاتر لە جاران خستە ناو ناوانەوە، ئەوەبوو کە شەش حەوت ساڵێک لەمەوبەر کرا بە فلیم و لە سینەماکانی ئەڵمانیا و ئەورووپادا پیشان درا، خاوەن سینەماکانی کوردستانیش ئەتوانن ئەم فیلمە بکڕن و لە سینەماکانیاندا پیشانی بدەن، ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە فلیمەکە پڕ بە پڕی ئەو چیرۆکە نییە کە لێی وەرگیراوە.

هەر لەم سەدەیەدا ڤۆن هەمەر Von Hammer مێژوونووسی نەمسایی بەناوبانگ و یەکێک لە نووسەرانی مێژووی دەوڵەتی عوسمانلی، زنجیرەیەک کتێبی لەبارەی مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلیەوە دەرکرد. هەمەر لە دووتوێی ئەو باسانەدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی کە لە بەرگی سێیەمی گەشتنامەی گەشتوەری تورک ئەولیا جەلەبی دا هەیە، لە ساڵی ١٨١٤دا باسێکی لەسەر زبانی کوردی و شێوە جۆربەجۆرەکانی نووسیوە، جا ئەم باسە ئەگەر لەباری زانستیەوە ئەوەندە گرنگ نەبێ، ئەوا بێگومان لەباری مێژووییەوە نرخێکی زۆری هەیە.

نەمسایییەکەی کە کە ناوی Von Klaproth بووە، هاتووە ژمارەیەکی زۆر وشەی کوردی کۆکردووەتەوە و لەگەڵ وشەی فارسی و زمانە نزیکەکانی تردا بەراوردی کردوون و لەسەر ئەوە وتارێکی لە ١٨٨٨دا بڵاوکردۆتەوە.

لە سەدەی ڕابوردوودا پەیوەندی سیاسی و بازرگانی دەوڵەتی عوسمانلی بە دەوڵەتی پرۆسیای ئەڵمانەوە زۆر بەهێز بوو، هەر لەبەر ئەوە گەلێک ئەفسەری ئەڵمان لەم دەورەدا لە سوپای عوسمانلی دا خزمەتیان کردووە. یەکێک لەوانە هێلمۆت ڤۆن مۆڵتکە Hellmuth Von Moltke بووە کە لە دواییدا بووە بە فیلد مارشاڵی سوپای ئەڵمان. مۆڵتکە بە هۆی ئەوەوە کە لە لەشکری عوسمانلی دا ئەفسەر بووە، ناچار بووە دژی شۆڕشگێڕە کوردەکانی ئەو دەمە بجەنگێ، لەو نامەدا کە مۆڵتکە لەبارەی وەزعی تورکیاوە لە ١٨٣٦ – ١٨٣٩ بۆ ژنەکەی نووسیون، ئەوەی لەبیرچووەتەوە کە باسی ئازایەتی و دلێری و سوارچاکی و جەنگاوەری کورد بکات. ئەو باسەی کە لەسەر کورد و وڵاتەکەی نووسیویەتی بە تەواوی دەریدەخات کە فیلد مارشاڵ مۆڵتکە تا چ ئەندازەیەک شارەزای ڕەوشت و خو و جۆری بیرکردنەوەی کورد بووە و تا چ ڕادەیەک دڵی بە گەلی کورد چووە. مۆڵتکە لە یەکێک لە نامەکانی



**مۆڵتکە لە یەکێك لە نامەکانی دا کە لە تورکیاوە نووسیونی لێوەکرۆزی لەوەی کردووە کە کوردەکان یەك ناگرن و کەسیان پشتی ئەویتریان ناگرێ، خۆئەگەر بێتو یەك بگرن و لە هەر کەس بۆخۆیی دور بکەونەوە، ئەوا دوژمن لەبەریاندا خۆی ناگرێ.**

دا کە لە تورکیاوە نووسونی لێوە کرۆزی لەوەی کردووە کە کوردەکان یەک ناگرن و کەسیان پشتی ئەویتریان ناگرێ، خۆئەگەر بێتو یەک بگرن و لە هەر کەس بۆخۆیی دور بکەونەوە، ئەوا دوژمن لەبەریاندا خۆی ناگرێ، مۆڵتکە ئەڵێ:

« هەر یەکێ لەم (سەرۆک هۆزانە) تەنیا لەسەر هۆزەکەی خۆی ئەکردەوە، بێ هێزیی ئەم گەلە ئا لەمەدایە، خۆئەگەر یەکیان بگرتایە ژێر نەئەکەوتن، بەڵام کەسیان نەهاتنە سەرئەوەی لەسەر ئەویتریان بکەنەوە، لەکاتێکدا کە ڕەشید پاشا و حافز پاشا ناوچەیەکیان لرف ئەدا، ئەوانی تر بەوە دڵی خۆیان خۆش ئەکرد کە ئاگرە سوورە لە خۆیان دوورە، تا سەرە هاتە سەر ئەوانیش».

لە سەدەی ڕابووردواو ژمارەیەکی زۆر لە گەشتوەرانی ئەوروپایی و ئەمریکایی و لەناو ئەوانەدا ژمارەیەکی زۆر ئەڵمان ڕوویان کردە کوردستان. ئەم گەشتوەرانە زۆر یا کەم، چاک یا خراپ، لەبارەی گەشتەکانی خۆیانەوە شتیان نووسیوە، بۆ وێنە: Sandrecfhi ناوێک لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابووردوودا چۆتە موسڵ و بە کوردستاندا گەڕاوە هەتا گەیشتووەتە ورمێ و پاش گەڕانەوەی باسێکی ئەم گەشتەی خۆی نووسیوە.

گەشتوەرێکی ئەڵمانی کە ناوی Blau ە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابووردوودا گەشتێکی بە کوردستانی ئێران و تورکیادا کردووە و لە (١٨٥٨ – ١٨٦٢) چەند بەرهەمێکی خۆی بڵاوکردووەتەوە، نامیلکەیەکی لەبارەی هۆزە کوردەکانی ژووروی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نووسیوە، هەروەها لە گۆڤاری «کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەڵمان Zdmg» دا دوو وتاری لە بارەی گەشتێکی خۆیەوە نووسیوە کە لە زەریاچەی ورمێ وە تا زەریاچەی وان کردوویەتی. دیسان لەبارەی ئەو گەشتانەوە کە بە ڕۆژهەڵاتدا کردونی وتارێکی لە «گۆڤاری جوگرافیای گشتی»دا بڵاوکردووەتەوە.

Strecker ناوێک چووە بۆ ناوچەی زێی گەورە و لە یانەوە تاکوتور بە گەشت گەڕاوە و لەوبارەیەوە کتێبێکی نووسیوە کە بە زۆری باسی وڵاتی کورد و ڕەوشت وخوی گەلی کوردە.

ڤامبەری Vambery ناوێکیش چووە بۆ ئێران و لەبارەی ئەم گەشتەوە لە ١٨٦٧دا کتێبێکی دەرکردووە کە باسی کوردیشی گرتووەتەوە.

بێکەر Becher ناوێک دو وتاری لەبارەی ئەو گەشتانەی خۆیەوە نووسیوە کە لە بەسرەوە تا میزۆپۆتامیا و موسڵ و لە موسڵەوە تا حەڵەب و بە کاروان بەناو کوردەکاندا کردوویەتی، بیر و سەرنجی خۆی بەرامبەر ژیانی ئەوسای کورد نیشان داوە.

Pachstein ناوێک سەفەرێکی کردووە

بە کوردستاندا و لەسەر ئەوە کتێبێکی لە ساڵی ١٨٨٣دا لە بەرلین بڵاوکردووەتەوە.

ڤونش wunsch ناوێکی نەمسەیی گەشتێکی بە کوردستان و ئەرمەنستاندا کردووە و سەرنجی خۆی لەبارەی ئەم دوو وڵات و دوو گەلەوە لە دوو کتێبدا بڵاوکردووەتەوە: یەکێکیان بەتایبەتی لەسەر کوردستانە و لە ١٨٨٣دا دەرچووە و ئەویتریان لەسەر کوردستان و ئەرمەنستانە و ساڵێک دوای یەکەم دەرچووە.

لە دەمە دەمی کۆتایی سەدەی رابووردوودا Belck ناوێک بۆ لێکۆڵینەوە چووەتە کوردستان و چەند وڵاتێکی تری وەک قەفقاس و ئەمەنستان، پاش گەڕانەوەی دوو وتاری لەسەر ئەو گەشت و لێکۆڵینەوەیەی حۆی نووسیوە.

بورخارد ناوێک چووە بۆ کوردستان و شتێکی لەوبارەیەوە بڵاوکردووەتەوە، پرۆفیسۆری ئیسلامەوانی ئەدوارد سەخاو لەبارەی ئەم گەشتەی بورخاردەوە کۆمەنتارێکی نووسیوە کە لە بەرلین لە ١٨٩٦دا بڵاوکراوەتەوە.

لە ناو ئەم گەشتنامانەدا کە گەشتوەرە ئەڵمانەکان لە سەدەی رابووروودا نووسیویانە ـ هەروەک گەشتنامەی هەندێک گەشتوەری ئەورووپایی تر ـ چەند نامیلکەیەک ئەبینین کە خاوەنەکانیان بە گیانێکی دوژمنانەوە بڵاویان کردوەتەوە، ئەوانە پێش ئەوەی بچنە کوردستان هەندێ باسی خراپیان لەبارەی کوردەوە بیستووە و کە چوونەتە ئەوێ تەنیا بۆ شتی خراپ گەڕاون، خۆئەگەر سەد باشە و میوانداریتی و ڕووی خۆش و دڵپاکێتییان دیبێ، کاری تێنەکردوون و بەسەر ئەو هەموو چاکەیەدا بازیان داوە و بە دوای تەنیا خراپەیەکدا گەڕاون، ئەمجا گوێیان نەداوەتە ئەوەی ئەگەر لە کوردستاندا جاروبار جەردەیێتی و ڕێگریی و پیاوخراپییەک بووبێ، ئەوە گوناهی کورد نییە، بەڵکو گوناهی شێوەی ناقۆڵایی بەڕێوەبردنی کاروبارە لەلایەن عوسمانلیی و قاجارییەکانەوە کە ئاغای کوردستان بوون. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کوشتنی پرۆفیسۆرێکی ئەڵمان کە ناوی Schultz بووە لە ١٨٣٠دا و گوایە لە کاتی خۆیدا بۆ پشکنینی زانستییانە چووە بۆ کوردستان، هەروەها لەناوبردنی جولەکەیەکی زێڕفرۆش بەدەستی کابرایەکی دەرەبەگی کورد کە کاربەدەستی عوسمانلی بووە، یەکجار تیری هەندێ لەو گەشتوەرە ئەورووپاییانە تێکداوە کە بە دوای بنچینەی کاردا نەگەڕاون، بەڵکو هەر لە خۆیانەوە و بەهەوەس فەرمانیان داوە بەسەر کورددا و کوردیان بە پیاوکوژ و جەردە و ڕێگر و خوێنڕێژ داوەتە قەڵەم. لێرەدا پێویستە ناوی چەند دانەیەک کتێبی لەم بابەتە ببەین:

فاولەر Fowler ناوێک کە گوایە سێ ساڵێک لە ناوچەی فارسدا ژیاوە و گەشتێکی کوردستانیشی کردووە، دوو بەرگ کتێبی لەسەر ئەم گەشتەی دەرکردووە، بێ سڵکردنەوە و دڵ لەدڵدان کوردی بە پیاوکوژ و دڵڕەق و خوێنڕێژ داوەتە قەڵەم. موریتز ڤاگنەر Moritz wagner ناوێک گەشتێکی بە کوردستان و ئەرمەنستان و وڵاتی فارسدا کردووە و پاش گەڕانەوەی دوو کتێبی دەرکردووە، یەکێکیان لەبارەی ناوچەی ئارارات و ئەرمەنستانی ژووروووەوەیە و ئەویتریشیان لەبارەی ناوچەی فارس و وڵاتی کوردەوەیە؟ ڤاگنەر لە نووسینەکانی دا بەتایبەتی لە بەرگی دووەمدا لەگەڵێ لاوە، بێ پەروا، کوردی بە جەردە و خوێنڕێژ و پیاوکوژ داوەتە قەڵەم. سەرچاوەیەکی تر لەم بابەتە کتێبێکە لەلایەن بارۆن فۆن نۆڵدە Von Nolde ناوێکەوە نووسراوە، بەڵام لام وایە ئەم نۆڵدەیە کوردستانی یا بە باشی نەدیوە و تەنیا لامسەرلایی پێیدا تێپەڕیوە، یا ئەوەتە شتەکانی لە خەڵکی تر بیستووە و کوردستانی بە چاوی خۆی نەدیتوە، ئەمیش گەلێک ناو و ناتۆرەی خراپی بە کوردەوە ناوە، وێنەی ئەم کتێبانەی بە زمانە ئەورووپاییەکانی تریش هەن، ڕاستییەکەی


ئەوەیە چونکە کورد ئەو دەمە کەسی وای نەبووە بەربەرەکانێی ئەو درۆ و دەلەسانە بکا و تەنیا لایەک لە کوردستانی پێشکەش ئەوروپاییەکان کردبێ هەر عوسمانلی و قاجارییەکان خۆیان بوون، دیارە ئەو داگیرکەرانەی کوردستانیش دەستێکی درێژیان بووە لە چەسپاندنی ئەو تۆمەت و بوختانانەدا بەسەر گەلی کورددا هاتوون. بێگومان هەموو ئەوروپاییەکی تێگەیشتوو ئەزانێ کە لە هەموو وڵاتێکی ئەم سەرزەمینەدا دزی و جەردەیی و پیاوکوژی بووە و ئەبێ، سا ئیتر زۆر یا کەم، تەنانەت لەم ئەڵمانیایەدا لە ساڵی ١٩٧٢دا ڕۆژ نییە چەند کەسێک نەکوژرێ، یا بانقێک نەبڕرێ، یا پەلاماری یەکێک نەدرێ، یا.....، یا.... هتد.

هیچ نەتەوەیەکیش بەوە نابێتە جەردە و پیاوکوژ، ئێمەی کوردیش زۆر چاک ئەزانین هەرکاتێ داوای فشە مافێکی خۆمانمان کردبێ، هەزار ناو و ناتۆرەی سەیر سەیرمان لێ نراوە. لەبەرئەوە ئەوەندە خۆشە بووین کە ئەم جۆرە قسانە کارمان تێنەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ بێوچان خەریک بین و بیروڕای گشتی جیهان بەرامبەر خۆمان و مەسلەکەمان بەجارێ ڕۆشن بکەینەوە. ئەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێ ئەو ئەڵمان و ئەوروپاییانەی کە بە زۆری ئەم بەیتوباڵۆرانەیان خستۆتە دوای کورد، یا نانخۆری دەوڵەتی عوسمانلی، واتە کاربەدەستی دەوڵەتی تورک بوون، یا کە هاتوونەتە کوردستان لە لایەن تورکەکان و قاجارییەکانەوە گوێیان بە خراپی کورد ئاخنراوە. بۆ وێنە: ڤۆن هەممەر ـ وەک لەمەوپێش ناومان برد ـ مێژوونووسێکی نەمسایی بووە و یەکێک بووە لەوانەی کە زۆر لە وڵاتی عوسمانیلی دا ژیاوە و بۆ تورک کاری کردووە. ئەم هەممەرە زنجیرەیەک کتێبی چەند هەزار لاپەڕەیی لەبارەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانلییەوە دەرکردووە، لە نووسینەکانیدا گەلێ حوکمی نارەوای داوە بەسەر کورددا، چونکە سەرچاوەی زانیارییەکانی (هەممەر) ئەدەبیاتی تورک و سیاسەتی حکومەتی عوسمانلی بووە. هەروەها فردریک میلینگی ئینگلیز Frederich Millingen کە کورد بە «خوێن خۆر» ئەداتە قەڵەم کاربەدەستێکی دەوڵەتی عوسمانلی بووە.

زانای ڕووس خالفین لەم بارەیەوە ئەڵێ: «ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان کە لە بارەی کوردستانی سەدەی نۆزدەیەمەوە نووسراونەتەوە، کورد بە «دز و جەردە» ناو ئەبەن. ئەم جۆرە ناو ناتۆرانە وە نەبێ لە هەموو کاتێکدا لە ڕاستییەوە نزیک بن».

ئەوەی شایانی باس و دڵخۆشیمانە ئەوەیە ئەم باسە نازانستیانە و دەستکرد و درۆ و دەلەسانە، ئەم دەنگوباس و هەواڵانەی کە بۆ کورد هەڵبەسترابوون لەلایەن هەندێ گەشتوەر و خۆ بە زانازانەوە، کاری لە زانا ڕاستەقینەکانی ئەڵمانیا نەکرد و هەر لە سەدەی ڕابووردا هەندێ لە زاناکانی ئەڵمان و ئەوروپا خۆیان زۆر بە زمان و ئەدەبیات و مێژووی کوردەوە خەریک کرد. بۆ وێنە: فردریک ڤۆن بۆدن شێت Friedlich Von Bodenstedt لە ساڵی ١٨٤٩دا باسێکی زانستیانەی لەسەر گۆرانی و ئاوازی کوردی بڵاوکردەوە.

لە ساڵی ١٨٥٧ – ١٨٥٨ سێ بەرگ کتێبی زانای بەناوبانگی ڕووس Peter Lerch کرا بە ئەڵمانی، ئەمانە بریتی بوون لە لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی کورد و هۆزە کلدانییەکانی ئێرانەوە. فردریک میوللەر F.Mullerی نەمسایی سێ بەرهەمی لەبارەی زمانی کوردییەوە پێشکەش کرد، یەکێکیان باسێکە لەسەر فەرهەنگۆکی کوردی و سریانی و ئەوی تریان باسێکە لەسەر شێوەی زازا و ئەوی تریشیان لەسەر شێوەی کرمانجی باکوور، باسی یەکەمیان لە ١٨٦٣دا و هی دووەمیان لە ١٨٦٤دا و هی سێیەمیان لە ١٨٩٤دا و هەرسێکیان لە ڤییەنا بڵاوکرانەوە.



**لە ناو ئەم گەشتنامانەدا کە گەشتوەرە ئەڵمانەکان لە سەدەی ڕابووروودا نووسیویانە ـ هەروەك گەشتنامەی هەندێك گەشتوەری ئەوروپایی تر ـ چەند نامیلکەیەك ئەبینین کە خاوەنەکانیان بە گیانێکی دوژمنانەوە بڵاویان کردوەتەوە**

بارب Barbی نەمسایی، ئەندامی ئەکادیمی زانستی ڤییەنا، لە ماوەی ١٨٥٨ – ١٨٥٩ چەند ڕاپۆرتێکی زانستیانەی لەبارەی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بتلیسییەوە بڵاوکردەوە.

شلێفلschiefel کە زانایەکی ئێتنۆلۆگ بووە باسێکی لەسەر کوردستان لەبارەی ئێتنۆگرافییەوە نووسیوەتەوە.

پرۆفیسۆر فردیناند یوستی F.Justi لە ٢٩ لاپەڕەدا باسێکی لەسەر هەندێک لە دەنگەکانی زمانی کوردی نوسیوەتەوە.

ئەم باسە کە لەبەر ڕۆشنایی بەراوردکردنێکی زمانەوانییانەی کوردی لەگەڵ زمانە ئێرانی و هیندۆ ئێرانییەکان هێنراوەتە بەرهەم، نەک بۆ کاتی خۆی، (واتا ساڵی ١٨٧٣)، بەڵکو تەنانەت بۆ ئەمڕۆش نرخێکی زانستانەی هەیە و هەڵئەگرێ وەربگێڕرێتە سەر زمانی کوردی. هەر ئەم زانایە لەسەر ڕێزمانی کوردی نامیلکەیەکی بە ئەڵمانی نووسیوەتەوە و لە ١٨٨٠دا لە شاری پەتریسبۆرگ چاپی کردووە.

هۆتوم شیندلەر Hoetum – Schindler لەبارەی گەنجینەی وشەی کوردییەوە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بە دوو بەرگ پێشکەش کردووە. ئەم زانایە وشەی گەلێ شێوەی کوردی بەتایبەتی موکری، کۆکردۆتەوە. هۆتوم لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێزمانەی کە Justi لە ١٨٨٠دا بڵاوی کردۆتەوە، هەندێ لایەنی دەستووری زبانی کوردی ڕۆشنتر کردووەتەوە. زانای سویسرەیی ئەلبەرت سۆسین (١٨٤٤ – ١٨٩٩) کە پرۆفیسۆری بەشی ئیسلامەوانی بووە لە زانستگای لایپزیگ، بە هاوبەشی Egen Perin دوو بەرگ کتێبی دەرکرد بەناوی کەشکۆڵی کوردییەوە، لێرەدا گەلێ چیرۆکی فۆلکلۆری و داستانی کوردی بە وەرگێڕانی ئەڵمانییەوە بڵاوکردەوە.

زانای ئەنترۆپۆلۆجیست Von Luschan باسێکی لەسەر بەرەیەکی لە مووری قژی ئادەمیزاد دروست کراو لە ١٨٨٨دا بلاوکردەوە. هەر ئەم زانایە لە ١٨٩٠دا باسێکی لەسەر گەلی کورد بە وێنەوە لە گۆڤاری Globus دا نووسی، هەروەها لە بەرهەمێکی تردا کە لەبارەی زمان و ڕەگەزەوە نوسیویەتی باسی کوردی کردووە.

Ceyp لە ڕۆژنامەی Allgemeiner Zeitung دا وتارێکی لەسەر ئاینی یەزیدییەکان بڵاوکردۆتەوە. هەروەها بوتیکا Bntypa ناوێکی نەمسایی کتێبێکی لەسەر ناوچەی دەرسیمی کوردستانی تورکیا بڵاوکردووەتەوە.

Von Steinin یش وتارێکی لەسەر کوردەکانی ناوچەی یەریڤان نووسیوە، هەر لەم ماوەیەدا Roediger و Pott چەند وتارێکیان لەسەر «لێکۆڵینەوە لە کورد و زمانەکەی» لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەڵماندا بڵاوکردەوە. زانای زمانەوانی زۆر بەناوبانگی ئەڵمان و ئەوروپا پرۆفیسۆر تیۆدۆر نویڵدەکە (Theodor Noeldke

١٨٣٦ – ١٩٣٠) باسێكی زۆر گرنگی لەسەر پەیوەندی وشەی كاردۆ Kardu بە كورد Kurdەوە نووسیوە لە كتێبێكدا كە پێشكەش بە زانای ئەڵمانی كۆچكردوو Kiepert كراوە، لە ١٨٩٨دا لە بەرلین بڵاوی كردووەتەوە، ئەفسەرێكی سوپای ئەڵمان لەسەر شاری سلەیمانی (كە سنجەقێكی عوسمانلی بووە)، هەروەها وڵاتی ئێرانی دراوسێی سلەیمانی، باسێكی جوگرافیایی و مێژوویی لە باری سەرنجی سوپاییەوە نووسیوەتەوە، ئەم باسە نەخشەیەكی لەگەڵە كە وەزعی شاری سلەیمانی بەتایبەتی لە دەورانی ئاشووری و بابلییەكاندا ئەخاتە بەرچاو. شترێك Strech) ) ناوێك وتارێكی لە گۆڤاری «ئاشوورەوانی»دا بڵاوكردووەتەوە و هەوڵی ئەوەی داوە وڵاتی كوردستان و ئەرمەنستان و رۆژئاوای ئێرانی زەمانی بابل و ئاشوور، لەبەر رۆشنایی ئەو سەرچاوە بابلی و ئاشوورییانەی كە بە خەتی بزماری نووسراون بخاتە بەرچاو.

لە ساڵانی دوایی سەدەی ڕابوردەووەوە هەتا ئەگاتە جەنگی جیهانی یەكەم، چەند زانایەكی ناوداری ئەڵمان وەک پرۆفیسۆر ئۆسكارمان و پرۆفیسۆر فۆن لكۆک و پرۆفیسۆر ئەدوارد سەخاو و پرۆفیسۆر ئاوگوست پێتەرمان و پرۆفیسۆر مارتین هارتمان ڕوویان كردە كوردستان. ئەمانە پاش گەڕانەوەیان نەک هەر تەنیا باسی زۆر زانستانە و بەكەڵكیان لەسەر زمان و ئەدەبیاتی كوردی بڵاوكردەوە، بەڵكو ژمارەیەک دەستنووسی كوردی و سەر بە كوردیشیان لە كوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كۆكردەوە و هێنایەوە بۆ ئەڵمانیا. هەندێ لەو دەستنووسانە ئێستا لە كوردستان نەماون، كەچی لە نامەخانەكانی Belin, Tubingen, Marburg دا چنگ ئەكەون. لەم ڕووەوە ئەمانە خزمەتێكی باشی كولووتری گەلی كوردیان كردووە، ئێستە لەم نامەخانانەدا ٨٩ دەستنووسی كوردی هەن، كە بەشی زۆریان هۆنراوەی دڵداری و پاڵەوانێتی و ئاینین. تێكشتی ئەم نووسراوانە بەشێوەی گۆرانی و كرمانجی سلەیمانین و تەنیا پێنج دانەیان نەبێ كە تێكستەكە هەمووی یا بەشێكی بە خەتی ئاشووری نووسراونەتەوە، ئەوانی كەی گشتی بە خەتی شكستەی فارسی نووسراونەتەوە، جا بۆ ئەوەی سەر لە خوێنەر تێكنەچێ، ئەمەوێ بڵێم زۆربەی زۆری ئەم نووسراوانە یەكی لە چەند لاپەڕەیەک تێپەڕ نابێ. هەندێكیشیان تەنیا یەک لاپەڕەن.

ئەدوارد سەخاویش یەكێک بووە لەو زانایانەی باسی زۆر گرنگی لەسەر هەندێ ناوچەی كوردستان نوسیوەتەوە، بەتایبەتی لەبارەی ناوچەكانی دەجلە و فوراتەوە. هەروەها لیدوانێكی لەبارەی گەشتی بۆرخات ناوێكەوە بۆ كوردستان بڵاوكردۆتەوە.

ئۆسكارمان كە لە ساڵانی ١٩٠١ – ١٩٠٣ و لە ١٩٠٦ – ١٩٠٧ دا بۆ لێكۆڵینەوەی زمانەوانی چووە بۆ كوردستان و وڵاتی فارس و هەندێ شوێنی تر، پاش گەڕانەوەی زنجیرەیەک نوسراوی بە ناوی لێكۆڵینەوەی كوردی – فارسییەوە دەركردووە. لەم زنجیرەیەدا – ئەوەندەی پەیوەندی بە كوردناسییەوە هەبێ – هەوڵی داوە كە بەپێی زانستی زمانەوانی لە شێوەی موكری و زازا و لوڕی و كرماشانی و كەڵهوڕی و كرمانجی و ڕۆژهەڵات بكۆڵێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە گەلێک چیرۆک و داستانی وەک مەم و زین و ناسر و ماڵ ماڵ و زەمبیل فرۆش و بەیتی ئەورەحمان پاشای بەبە و... هتدی كۆكردووتەوە و ئەم تێكستانەی بە تیپی عەرەبی و لاتینی و وەرگێڕانی ئەڵمانییەوە بڵاوكردۆتەوە. بێگومان ئەم كارە بۆ كاتی خۆی واتا هەفتا ساڵێک لەمەوبەر – كارێكی یەكجار بەنرخ و بەرز بووە –. تەنانەت بۆ ئەمڕۆش كەڵكێكی یەكجار گەورەی هەیە، ئەگەرچی هەندێ لەو كارانە پێداچوونەوە و ڕاستكردنەوەیان پێویستە. ئۆسكارمان هەندێ نووسراوی لە پاش بەجێ ماوە كە هێشتا چاپ نەكراون، ئەمانە وان لە نامەخانەی زانستگای هومیۆلت دا لە بەرلینی

ڕۆژهەڵات.

ئەلبەرت فۆن لکۆیکش هەر لە ساڵی ١٩٠١دا لەگەڵ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە شوێنەوارە کۆنەکان Archiologie چووە بۆ ناوچەی زەنجیرلی لە کوردستانی تورکیا و لەوێ لەلای مامۆستایەکی کورد کە ناوی وێسفە فەندی بووە کوردی خوێندووە و هەر لە زەنجیرلی چەند چیرۆکێکی کوردی لەگەڵ ژمارەیەک پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی ناوچەی کرمانج و زازا و بابان و هەروەها ئۆباری ئەحمەدی خانی و مولد النبی (کە بە لای ئەوەوە هی مەلای باتێیە) کۆکردووەتەوە و لە دیمەشق ئەم تێکستانەی بە هۆی چەند کوردی زانێکەوە شی کردووەتەوە، پاش گەڕانەوەی ئەمانەی بە سێ بەرگ و بە پیتی عەرەبی و لاتینی و تەرجەمەی ئەڵمانییەوە بڵاوکردووەتەوە. تەنانەت تێکستە زازاکانیشی بە شێوەی کرمانجی وەرگێڕاوە، بێجگە لەوەش فەرهەنگێکی بچووکی بۆ ئەو وشە کوردییانە دروست کردووە کە لە تێکستەکاندا ناویان هاتووە. مارتین هارتمان (١٨٥١ – ١٩١٨)ی باسێکی مێژوویی تۆبۆگرافی زۆر گرنگی لەسەر «یۆنان» نوسیوە و هەروەها دیوانی مەلای جزیری بۆ یەکەمین جار بە شێوەیەکی زۆر جوان و نایاب چاپ و بڵاوکردوەتەوە، بێجگە لەمەش باسێکی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی لە ١٩١٨دا و هەر لەسەر هەمان باس لە ١٩٠٥ و ١٩٠٦ و ١٩٠٧دا نووسیوە لە ناو ئەو ڕاپۆرتانەدا کە هارتمان لەسەر ڕۆژهەڵاتی موسوڵمانی نووسیوە باسێکی زۆری کوردی کردووە. بەڵام مارتین هارتمان هەر تەنیا خەریکی بڵاوکردنەوەی کولتوری کورد نەبووە، بەڵکو دۆستێکی دڵسۆزی گەلی کوردیش بووە. بە جۆرێ لە گەلێ شوێندا خۆشەویستی خۆی بەرامبەر ئەم گەلە پیشان داوە، تەنانەت لە یەکێک لە نووسراوەکانیدا کە بەتایبەتکاریش لەسەر کورد نەنووسراوە ئەڵێ:


«ئەگەر من کورد وەک نەتەوەیەک بدەمە قەڵەم کە بە ئاسانی کولتوری ئەوروپایی وەرئەگرێ، دیارە لام ڕوونە کە ئەو حەلە ئەم بیروڕایە تووشی هەندێ بەرهەڵست ئەبێ، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەنگوباسانەی ئەوانە ئەیگێڕنەوە کە بەم وڵاتەدا گەڕاون، پیاو ئەتوانێ بڵێ لە ژێر پێستی خاوی ئەم گەلەدا جیهانێکی پڕ لە بیری قوڵ و هەستی نازک شاراوەتەوە، گەلێک بەڵگە هەیە کە (ئەم کوردانە) زیرەکییەکی خواکردی تێکەڵ بە زۆر لە شت گەیبشتن و بەستراو بە خوڕەوشتێکی ڕێک و ڕاستی مەردانەیان هەیە».

هۆگۆ مەکەس (Hugo Maka) دوو بەرهەمی زۆر نایابی پێشکەش بە خوێنەرەکانی زمانی ئەڵمانی کردووە، یەکێکیان لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەیە لەبارەی زمانی کوردییەوە لەبەر ڕۆشنایی شێوەی کوردی دیاربەکر و شێوەی یەزیدیەکان، ئەم بەرهەمە لە ١٩٠٠دا لە شاری (هایدلبەرگ) چاپکراوە، ئەویتریشیان چەند تێکستێکی کوردییە کە بریتیە لە چیرۆک و داستان و پەندی پێشینانی ناوچەی ماردین بەشێوەی کرمانجی، ئەمەیان لە لینینگراد لە ١٩٢٦دا چاپ کراوە.

فۆلاند Vollaud ناوێک وتارێکی لەسەر قسە و باوەڕ پروپووچ لە کوردستان و ئەرمەنستاندا نوسیوە و جۆری بیرکردنەوەی ئەم دوو گەلەی پیشان داوە. فۆن هاندل تیزێتی وتارێکی لەبارەی گەشتێکی خۆیەوە بۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا نوسیوە، هەروەها وتارێکی تری لەبارەی جوگرافیای کوردستانەوە نوسیوە.

(ڕۆدۆڵف فرانک) ناوێک نامیلکەیەکی لەبارەی شێخ عادی سەرگەورەی یەزیدیەکانەوە نووسیوە.

ڤاڵتەر باخمان ناوێکیش نامیلکەیەکی لەسەر مزگەوت و کڵێسەکانی کوردستان و ئەرمەنستان بڵاوکردووەتەوە. ماوەیەکی کەم پێش جەنگی جیهانی یەکەم چەند ئەڵمانێک وتاریان لەسەر کوردستان لەباری سەرنجی سوپایی و ستراتیجییەوە نووسیوە. لەمانە گراف ئێستارپ



**شایانی باسە ماوەیەکی کەم پێش شەڕی جیهانی دووەم و لە ماوەی شەڕدا، ئەڵمانیا چاوی بڕیبووە نەوتەکەی کوردستان، بۆ ئەمە کەوتە پیلان دانان و لێکۆڵینەوە لەبارەی کورد و وڵاتەکەیانەوە، بۆ ئەوەی کوردەکان بۆ خۆی ڕاکێشێ و بیانکا بە گژ ئینگلیزەکاندا کە داگیرکەری نەوتەکەی کوردستان بوون.**

کە ڕێگەکانی کوردستان و ئەرمەنستانی باس کردووە. هەروەها ڤیلهلم باخمان ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەو ڕێگایانە نووسیوە کە ئەکەونە بەینی موسڵ و وانەوە، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی نەخشەیەک کە بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچەیە کێشراوە، ئەم باسە بۆ شەڕی جیهانی یەکەم کەڵێکی سووپایی زۆری بووە. هەر لەم ماوەیەدا باسێکی ستراتیجی لەبارەی هەندێ ناوچەی کوردستانی عێراقەوە لەلایەن ئێڤاڵد بانزەوە دەرچووە. هەر ئەم نووسەرە لەبارەی خەتی شەمەندەفەری بەغدادەوە نامیلکەیەکی دەرهێناوە و لەباری جوگرافیایی و ستراتیجی سوپاییەوە باسێکی کوردستانی کردووە و باسێکی هەندێ لە هۆزە کوردەکانی بە خۆیان و جلوبەرگ و ڕەوشت و خوویانەوە کردووە، ئەوەشی لەبیرنەچووە ناوی هەندێ لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازیەکانی کورد بهێنێ، ئەم نامیلکەیە سیاسەتی ئەوسای دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە کورد و گەلە ژێردەستەکانی تری تورک ئەخاتە بەرچاو.

زانای زمانەوانی بەناوبانگی نەمسا و ئەندامی کۆڕی زانستی شاهانە لە ڤیەننا، پرۆفیسۆر ماکسیمیلیان بیتنەر M. Bittner لە ساڵی ١٩١٣دا هەردوو کتێبە پیرۆزەکەی یەزیدیەکانی بە کوردی و عەرەبی و وەرگێرانی ئەڵمانییەوە بڵاوکردۆتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییانەی یەکجار قووڵی لەسەر نووسیون. ئەم تێکستانە گوایە کاتی خۆی کوردێکی زیرەک و وریا کە بە درۆ خۆی کردووە بە یەزیدی، لە یەزیدیەکانی دزیوە و فرۆشتوونی بە زمانەوانی عەرەب «ئەب ئەنستانس ماری ئەلکەرمەلی»، کەرمەلی ئەم تێکستانەی بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری Anthropos دا بڵاوکردۆبوەوە و بەلێدوانێکەوە بە زمانی فەرەنسی. بیتنەریش لە گۆڤاری Anthroposەوە تێکستەکانی وەرگرتووە و گۆڕیونی بە ئەڵمانی و جارێکی تر بە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیەوە بڵاوی کردوونەتەوە. بڵاوکردنەوەی کتێبە پیرۆزەکانی یەزیدیەکان شەست ساڵێک لەمەوبەر بە زمانێکی کوردی ڕەونی جوان، خزمەتێکی گەورەیە بۆ کولتوری نەتەوەی کورد. هەر ئەم زانایە بیست ساڵێک لەوەپێش بەرهەمێکی تری خۆری لەبارەی شاری شنۆ و ورمێیەوە بڵاوکردۆتەوە. بڵاوکردنەوەی کتێبە پیرۆزەکانی یەزیدییەکان شەست ساڵێک لەمەوبەر بە زمانێکی کوردی ڕشەوانی جوان، خزمەتێکی گەورەیە بۆ کولتوری نەتەوەی کورد، هەر ئەم زانایە بیست ساڵێک لەوەپێش بەرهەمێکی تری خۆی لەبارەی شاری شنۆ و ورمێیەوە بڵاوکردۆتەوە.

ئەو بەرهەمانەی لەپێشەوە ناومان بردن ڕێگەیان خۆش کرد بۆ هەندێ زانای تری ئەڵمان،

کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم بەرهەمی تر لە پێشانگای کوردەوانیدا بخەنە ڕوو، یەکێک لەوانە کە زۆر شایستەی ناوبردنە کارل هەدانکە karl Hadank. هەدانگ کەڵکێکی زۆری لەو کەلەپورە وەرگرتوە کە ئۆسکارمان بەجێی هێشتووە بێجگە لەوەش دۆستێکی نزیکی مێژوونووس و تێکۆشەری کۆڵنەدەری خوای لێخۆش بووی کورد، داماو حوزنی موکریانی بووە هەروەها هاوڕێی دوکتۆر کامەران بەدرخان بووە و لە کارەکانیدا کەڵکی لە هەردووکیان وەرگرتووە، لە بەرهەمەکانی هەدانک: پێداچوونەیەکی ئەو یاسایانە کە ئۆسکارمان لەسەر شێوەی زازا نووسیونی. هەروەها باسێکی زانستانەی زۆر ورد لەسەر شێوەی بۆتان و یەزیدیەکان، ئەمەی دوایینی لەبەر ڕۆشنایی چەند تێکستێک کردووە کە بە یارمەتی بەدرخان نوسویەنیەتەوە، هەدانک باسێکی تریشی لەسەر شێوەی گۆران بڵاوکردووەتەوە.

لێکۆڵینەوەی زاناکانی ئەڵمان هەر لەبارەی زمانەوانییەوە نەبووە، بەڵکو گەلێ لایەنی تریشی گرتوەتەوە، بۆ وێنە:

دوو ئەڵمان کە ناویان بەرلینەر و بورخارد بووە چوونەتە کوردستان و گەلێک کەوچک و چەقۆ و قەڵەمبڕ و خشڵی ژنان و شتی تری لە زیو دروست کراویان کۆکردۆتەوە و لەسەر ئەم پیشەسازییەی کوردستان کتێبێکیان دەرکردووە. تیلکە Tilke ناوێک بە بۆنەی لێدوان لەبارەی جلوبەرگی ڕۆژهەڵاتییەوە باسێکی جلوبەرگی کوردیشی کردووە.

هێسە Hesse ناوێکیش لەبارەی مەسەلەی موسڵ و شەڕەدەنووکی بەینی عێراق و تورک و ئینگلیز لەسەر خوارووی کوردستان، نامیلکەیەکی دەرکردووە و دۆز (مەسەلە)ی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا خستۆتە بەرچاو.

ئێرنست کلیپل Ernst Klippel گەشتێکی بەتناو یەزیدییەکان و کوردەکانی تردا کردووە و سەرنجی خۆی لەم بارەیەوە بە نامیلکەیەک پیشان داوە. زانایەکی ئەڵمان کە ناوی Koehler بووە هەوڵی داوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو گەشتنامەیەی کە گشتوەری تورکی عوسمانلی ئەولیا چەلەبی لە سەدەی ١٧ی فەرەنگی دا کردویەتی، باسێکی شاری بتلیسی کورد بکا، کۆیلەر ئەم بەرهەمەی خۆی لە شێوەی دوکتۆرنامەیەکدا داوە بە زانستگای مۆنیخ.

زیک Sick لە ساڵی ١٩٢٩دا باسێکی بە بۆنەی بزووتنەوەی کوردەوە لە کوردستانی تورکیادا بە ئەڵمانی نوسیوە و داخوازییەکانی کوردی خستۆتە ڕوو. Pfitzen Mayer ناوێک وتارێکی لە گۆڤاری Erdball ئەڵمانیدا لەسەر پەیوەندی و خەباتی کورد و ئەرمەنی نووسیوە.

کابرایەک کە ناوی Artasches Abeghian بووە و ڕەنگە ئەرمەنی بووبێ، لە ساڵی ١٩٣٠دا وتارێکی لەبارەی ژیانی فیکری کوردەوە بە ئەڵمانی نووسیوە و لە گۆڤاری «ڕۆژهەڵات Der Olient»دا بڵاوی کردۆتەوە.

دوکتۆر فۆن ڤێزن دۆنک وتارێکی بە ناوی «مەسەلەی کورد»ەوە لە (١٩٣١)دا بڵاوکردۆتەوە.

«کۆمەڵی زانست لە زانستگای گۆیتبنگن» لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوای ئیمرۆ کتێبێکی لە ساڵی ١٩٣٩دا لە بارەی شێوە زمانە ئێرانیەکمانەوە دەرکرد لەبەر ڕۆشنایی ئەو کەلەپوورە زانستیانەی لە پرۆفیسۆر F. C. Andreas بەجێ مابوو. ئەم کتێبە کە بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر Arthur Christensen و هاوکاری Kaj Barr و W.Henning دەرچووە، باسێکی ٣٨٦ لاپەڕەیی زمانەوانییانەی لەبارەی شێوەی کوردی گەڕوس و سنەیی وکرماشانی و کێلون و ئەیدوێنی تێدایە کە بەڕاستی هەموو کوردەوانێک پێویستە بیخوێنێتەوە و کەڵکی لێ وەربگرێ.

لە کاتی شەڕی جیهانی دووەمدا (١٩٤٣) نامیلکەیەکی (٩٦) لاپەڕەیی لە شاری پۆتسدام بە ناوی «لە کوردستانەوە بەرەوماڵەوە» لەلایەن

ئۆتۆڤێرنەر و فۆن هێنتێگەوە دەرچوو.

ئەوەی شایانی باسە ماوەیەکی کەم پێش شەڕی جیهانی دووەم و لە ماوەی شەڕدا، ئەڵمانیا چاوی بڕیبووە نەوتەکەی کوردستان، بۆ ئەمە کەوتە پیلان دانان و لێکۆڵینەوە لەبارەی کورد و وڵاتەکەیانەوە، بۆ ئەوەی کوردەکان بۆ خۆی ڕاکێشێ و بیانکا بە گژ ئینگلیزەکاندا کە داگیرکەری نەوتەکەی کوردستان بوون. بەجێهێنانی ئەم کارە و پەیوەندی بەستن بە کوردەوە سپێردرابوو بە ئەفسەرێکی ئەڵمان کە ناوی گۆنفرید یۆهاتس میوللەر بوو، ئەم میوللەرە لە ساڵی ١٩٣٧دا نامیلکەیەکی بە ئەڵمانی بە ناوی «خۆ کوتانە ناو کوردستانی داخراو»ەوە دەرکرد.

لە ساڵی ١٩٥٩یشدا کتێبێکی بە ناوی «لە ڕۆژهەڵاتی گرتێبەربوودا» بڵاوکردەوە. میوللەر لەم نووسراوەی دووەمیدا بە دووردێژی باسی ئەوە ئەگێڕێتەوە کە چۆن چەند ئەفسەرێکی ئەڵمان لەگەڵ کوردێکی هەولێری کە ناوی (ڕەمزی) بووە، بە سەرۆکایەتی ئەو بە فڕۆکەیەکی سوپای ئەڵمان چوونەتە کوردستان و خەریک بوون بە دزییەوە هۆزە کوردەکان ڕێک بخەن و هانیان بدەن دژی ئینگلیزەکان. ئەوەش باس ئەکا کە چۆن هەموویان لە کوردستانی عێراق گیراون و فڕێ دراونەتە زیندانەوە، ئەم کابرایە لە کتێبی دووەمیدا بەم جۆرەی خوارەوە باسی کورد ئەکات:

« هەرکەسێ لەگەڵ کوردێک، بەڵام کوردێکی ڕەسەن، هەڵسوکەوت بکا، ئەو کەسە کوردی خۆش ئەوێ و وڵاتەکەیانی خۆش ئەوێ. واتا کوردستانی خۆش ئەوێ. کورد هەموو مرۆڤی چاوگەش و وتووریان و هێز و وزەیەکی شاراوەی بەکارنەهێنراویان هەیە».

جا کە ئێمە باسی ئەو زانایانە ئەکەین کە بەرهەمی زانستانەی بەکەڵکیان هێناوەتە کایەوە، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە چەند کەسێکی بەناو زانای ئەڵمان و ئەورووپایی بوون و (ئێستەش هەر هەن) کە شتی زۆر کاڵوکرچ و ناڕاستیان لەبارەی کورد و کوردستانەوە بڵاوکردۆتەوە، بۆ وێنە پرۆفیسۆرێکی ئەڵمان کە ناوی Hans F. K. Guenther بووە، لە نووسراوەکەیدا کە ناوی «ڕەگەزی باکوور لە ناو هیندۆ جەرمەنەکانی ئاسیادا»یە، زمانی کوردی زۆر ناشیبیانەی بە «شێوەیەکمی فارسی!» داوەتە قەڵەم. هەروەها دکتۆر هێرتزفێڵد ناوێک لە (١٩١٤)دا چووە بۆ ناوچەی زەردی ئاوا بۆ پشکنینی پاشماوەی ئەو خەتی پەهلەوییەی ساسانییەکان کە لە گوندی «پەیکوڵی»دا بەجێماوە، ئەم کابرا سپڵەیە هەرچەندە باسی ئەوەش ئەکا کە کوردەکان خۆی و هاوڕێکانی وەک میوانێکی بەرێز تەماشا کردووە، کەچی ئەڵێ «تەنانەت ئەم میواندارییە گیان ئازاردانێکی تەواو بوو» چونکە گوایە کوردەکان «دەستیان لە شتومەکەکانی داوە»، ئەمجا ئەڵێ ئەو پەندی پێشینانەی کە ئەڵێ: «»ثلاثة في الدنيا من الفساد: الكردي والجريدي والجراد» هاتە دی.

هەندێ قسەی بێسەر و پێی تریشی کردووە، لە پاداشی میوانداری و چاکەدا، کورد ڕاستی وتووە: بۆ بۆرە پیاو خۆت بدەی بە کوشت ئەڵێ بە دەردی خوا مرد». لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە، کوردەوانی – مەبەستم لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە – ئەستێرەی کوژایەوە و لەو ماوە دوورودرێژەدا و بگرە تا ئێستەش بە دەگمەن باسێکی کوردەوانی لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوە گەلێک باسی مێژوویی و سیاسی بە ئەڵمانی دەرچووە کە شایانی باسکردن و دڵخۆشین. لێرەدا هەندێک لەو بەرهەمانە باس ئەکەین:

شتیک فیکاندەر کە پرۆفیسۆرێکی سوێدییە باسێکی بە زمانی ئەڵمانی لە بارەی جەژنێکەوە نووسیوە کە لە کوردستان ئەکرێ و لە ئاڤێستای زەردەشتدا باس کراوە. ڕۆژنامەنووسێکی ئیسلەندەیی کە ناوی ئەرلەندەر هەرادڵسەنە و لە ١٩٦٣ و ١٩٦٥دا چووە بۆ کوردستان و بە

زمانی ئیسلەندی کتێبێکی لەبارەی کوردستانەوە دەرکردووە، هەر ئەم کتێبە بە زمانی ئەڵمانیش لە هامبورگ لەساڵی ١٩٦٦دا چاپکرا و بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەمجارە بەناوی «کوردستان.... وڵاتێک لە شۆڕشدا». هەر لە ساڵی ١٩٦٣دا Hans Henle کتێبێکی لەسەر «رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ» دەرکرد و لە بارەی مەسەلەی کوردەوە بیروڕا و سەرنجی خۆی بەشێوەیەکی بابەتانە خستە بەرچاو. یەکێ لە زاناکانی ئەڵمان کە خۆی بە لێکۆڵینەوەی زانستانە لەسەر کولتور و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەوە خەریک کردووە، زانایەکی خەڵکی بەرلینە کە ناوی ڤۆڵفگانک رودۆڵف (Wolfgang Rudolph).

رودۆڵف پرۆفیسۆری ئیتنۆلۆژییە لە زانستگای ئازاد لە بەرلین و بۆ ئەم مەبەستە سێ جار چووە بۆ کوردستان، جاری یەکەم لە پایزی ١٩٥٨دا چووە بۆ کوردستانی تورکیا و (٤) مانگ لەوێ ماوەتەوە، جاری دووەم لە پایزی ١٩٦٢دا چووە بۆ کوردستانی ئێران و (٤) مانگ لەوێ ژیاوە و لە ١٩٦٤ – ١٩٦٥ جارێکی تر بۆ ماوەی ساڵێک چووەتەوە کوردستانی ئێران.

رودۆڵف لە ١٩٥٩دا و پاش گەڕانەوەی لە کوردستانی تورکیا دوو وتاری بە ئەڵمانی نووسیوە، یەکێکیان لە گۆڤاری زانست و تەکنیکدا و ئەویتریان لە گۆڤاری Soziologuدا. لە ساڵی ١٩٦٧دا دوو وتاری لەبارەی کوردستانەوە بڵاوکردۆتەوە، یەکێکیان لەبارەی رێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە لە کوردستانی ئێراندا لە گۆڤاری Soziologuدا و ئەویتریشیان وتارێکە لەسەر هۆزی فەیزوڵڵا بەگی بۆکان کە بە هاوکاری کوردێکی ئێرانی کە ناوی حەسەن فەلاحە بڵاوی کردۆتەوە. وتاری سێیەمیشیان لەبارەی کوردەکانی کوردستانی ئێرانەوەیە و لە گۆڤاری «بوستان»دا کە لە نەمسا دەرئەچێ بڵاوی کردۆتەوە.


Kaster لە کتێبەکەیدا «ئیسلام بەبێ پەچە» باسێکی گەشتەکەی خۆی ئەکا بۆ سلەیمانی و ناوچەکانی کەی کوردستان و گەلی کورد بە گەلێکی ڕووخۆش و میواندۆست ئەداتە قەڵەم.

رۆژنامەنووسێکی ئەڵمان (Karsten Dettmann)، گەشتێکی کردووە بۆ کوردستان و ماوەیەک لە ناو پێشمەرگەکان ژیاوە. پاش گەڕانەوەی کتێبێکی بە ئەڵمانی بە ناوی «شێر بە لەپی خۆت بگرە شێخ عادی نایەتە هاواری تۆ»وە بڵاوکردۆتەوە. ئەم کتێبە کە لە ساڵی ١٩٦٦دا دەرچووە پڕە لە وێنەی جوانی کوردستان، پێشمەرگە دلێرەکانی.

پرۆفیسۆر فۆخلەر هاوکە زانای بەناوبانگی ئەڵمان لە ساڵی ١٩٦٦دا نەخشەیەکی کوردستانی لە یەکێک لە باشترین چاپخانەیەکانی ئەڵماندا کە ناوی Jro یە، بە ناوی «کوردەکان – گەلێکی بێ دەوڵەت»ەوە لە چاپدا، نەخشەکە کورتە مێژوویەکی کورد و بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی کوردستان لەگەڵە. ئەم زانایە زۆر زانستانە و بابەتانە لەسەر کورد ئەدوێ. جا هەرچەندە نووسینەکەی کورتە چونکە وەک خۆی ئەڵێ کەمی سەرچاوە و زانیاری لە بارەی کوردەوە تەگەرەیەکی گەورەیە لە رێی ئەوانەدا کە ئەیانەوێ لەسەر کورد و وڵاتەکەی بنووسن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نووسینە کورتە زانیارییەکی باش ئەدا بە خوێنەرەوەکەی وتارەکە. نووسەر لەبارەی خووڕەوشتی کوردەوە ئەڵێ: «سەر ڕاستی و دڵپاکی و ئازایەتی لە سەربازیدا، لەگەڵ بێ فیزی و خۆبەزل نەگرتن، گرنگترین سروشتی کوردن، ئەو کوردەی کە هەرچەندە ئایینی ئیسلامی پەسەند کردووە کەچی سەرەڕای ئەوەش ژن هەر لە کۆنەوە لەناو ئەم گەلەدا ئازادی زیاتر بووە وەک لە گەلەکانی دەرو دراوسێی».

ئەوەمان نابێ لەبیر بچێ کە رۆژنامەکانی ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرەش (واتا ئەو وڵاتانەی گەلەکانیان بە ئەڵمانی قسە دەکەن)، لەم یانزە ساڵی دواییەدا کەم و زۆر، لەسەر کوردیان نووسیوە

**دوژمنانی کورد زۆر وەستان لە پڕوپاگەندە کردندا دژی گەلی کورد. بۆ وێنە لە جێیەکی وەك ئەوروپادا کە وڵاتی دیانە، وا دیمانە ئەکەن کە گوایە کورد موسوڵمانی تەنگەتیلکەن و ئەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کوردیان بە «ئەرمەنی کوژ» ئەدایە قەڵەم.**



و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆکانیان جاروبار لەسەر کورد و کوردستان فلیمیان پیشان داوە و وتاریان خوێندۆتەوە، جا ئەگەر لە هەندێ ناتەواوی و کەموکوڕی بگەڕێین، هەروەها هەندێ دەنگوباسی ناڕاست و دەستکرد و هەڵبەست بخەینە لاوە، ئەوا ئەتوانین بڵێین زۆربەی زۆری ئەم هەواڵ و دەنگوباس و نووسینانە ڕاستی بوون و بەکاری کورد هاتوون. لەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەڵمان و نەمسایی و سویسەریی کە لەم دە ساڵی دواییەدا چوونە کوردستان و پاش گەڕانەوەیان وتار یان کتێبیان لەسەر کورد دەرکردووە ناوی چەند کەسێک ئەبەم:

Erick Helmensdorfr, Richard Anderegs, Hoest Blunig , Randolph Braumaunn, Clauda Deffarge, Gordion Trocller, Peter Leuhefeld, Karl Breyer, Arnold Roehen.

هەروەها ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی سیلڤیو ڤان ڕۆی، سەرۆک و دامەزرێنەری کۆمەڵەی جیهانی کوردستان (International Society Kurdistan) لە ئەمستردام، تا ئێستە بێجگە لە دەرکردنی گۆڤارێک بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی (Kurdish Facts)وە چەند وتارێکی لەسەر مەسەلەی کورد لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیادا بڵاوکردۆتەوە.

هەندێ ڕۆژنامەنووسی تر هەن کە نەچوونەتە کوردستان لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ وتاریان لەسەر کورد و کوردستان بڵاوکردۆتەوە، هەرچەندە ناوبردنی ئەمانە هەموویان لە وتارێکی وا کورتدا جێی نابێتەوە، بەڵام ئەوا ناوی چەند کەسێکیان هەر بۆ نموونە ئەبەین:

Wolfgang Hoepker, Eva Lorenz, Arnold Hottiner, Heinz Gastrein, Rudolph Clinelli, Franz Von Gzullig, Zuergen Beier, Harald Vocke, Friedlich Wilhelm Fernan, Roland Oertel, Von Stock Housen, Geong Von Hubbent, Giselher Wirsing.... و هتد.

جا ئێمە کە ئەڵێین ڕۆژنامەنووسەکانی ئەڵمان لەم دە ساڵەی دواییەدا چەند سەد وتارێکیان لەسەر کورد بڵاوکردۆتەوە، مانای وا نییە کە گەلی ئەڵمان لە مەلەسەی کورد و کوردستان بە تەواوی گەیشتووە. نەخێر، زۆر کەس هەن ئێستەش کوردستان بە هۆی چیرۆکەکەی کارل مایەوە ئەناسن. واتا هیچیان لەبارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەوە کوردەوە نەبیستووە. ئەمەش سەبارەت بە وەیە ئەو کوردانەی لێرە ئەژین و ئەوانەی دۆستی کوردن، هەتا ئێستە نەیانتوانیوە مەسەلەی کورد لە سنوورێکی فراواندا بخەنە بەرچاو، هەر ئەم کەمتەرخەمییەیە ڕێگەی بۆ دوژمنەکانی کورد خۆش کردووە، ناوی کورد و مەسەلەکەی بەشێوەیەکی خراپ پێشکەش گەلی

ئەڵمان و گەلە ئەوروپاییەکان بکەن، چونکە کە دوژمن ترسی لێپرسینەوەی لێ نەنیشت هەرچییەکی لە دەست بێ، لە ڕووی خراپەکارییەوە ئەیکا و سڵ ناکاتەوە، ئا لێرەدا چەند نموونەیەکی ئەو بوختان و خراپەکارییانەی هەندێ لە ئەڵمانەکان ئەنووسم:

چەند پرۆفیسۆر و رۆژنامەنووس و کاربەدەستێکی ئەڵمان هەن کە ویژدانیان مردووە و لەبەر چەند هۆیەکی زۆر دوور لە زانستەوە بوختان و درۆ و دەلەسەی ناهەموار لەبارەی کوردەوە بڵاو ئەکەنەوە، بۆ وێنە پرۆفیسۆرێکی ئەنترۆپۆلۆژی کە ناوی (Von Bickstedt)ە، کتێبێکی بە ناوی «تورک و کورد و ئێرانی لە کۆنەوە تا ئێستا» لە ١٩٦١دا دەرکردووە، ئەم کابرایە لە هەر لایەکەوە و بە هەر بۆنەیەکەوە ناوی کوردی هێنابێ نوسیویەتی «کوردە جەردەکان».

کابرایەکی تر، ڤۆگەڵ Vogal ناوێک کە لە کن خۆی دوکتۆری فیزیکە، لەگەڵ چەند کەسێکی تر چووە بۆ کوردستانی تورکیا، هەرچەندە میوانداریتی کوردیش ئەگێڕێتەوە، بەڵام دیسانەوە لە وتارەکەیدا کە لەبارەی ئەو گەشتەوە نوسیویەتی کورد بە جەردە ئەداتە قەڵەم، کە سکرتێری گشتی «یەکێتی نەتەوەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا» نامەی بۆ نووسی و لێی پرسی ئایا بە ڕیشی ئەو ڕەوایە ئەو درۆیانە بۆ کورد هەڵبەستێ؟ لە وەڵامدا وتی: ببورن من لە تورکیا ئەمانەیان بۆ گێڕامەوە، ئەگینا خۆ من کوردی نازانم. کاربەدەستان حکومەت ئەم قسانەیان بۆ کردم. ڕاستە ئەم کابرایە کوردی نازانێ، بەڵام ئایا دوکتۆرێکی فیزیک ئەبێ ئەوەندە گەوج بێ بچێ بە قسەی ئەمو و ئەو و لەبەر بوورە بکەوێتە هەڵەکە سەما؟.

کابرایەکی تر کە ناوی Hans Themaیە لە وتارێکدا نوسیویە: «چوومە ناو کوردەکانەوە، کوردەکان جەردە و ڕێگرن و هەرچ کڵێسەی ئەو ناوە هەیە ڕووخاندوویانە و ماڵی گاورەکانیان کاول کردووە»، بەڵام پیاو لە وتارەکەی نابێتەوە کە هۆی ئەم بوختانە تێ ئەکات، چونکە Thema هەر لەو وتارەدا مەتحێکی زۆری «میوانداریێ و نان بدەیتێ» ژاندرمەی تورک ئەگێڕێتەوە لە کوردستان. ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە کە دوژمنانی کورد زۆر وەستان لە پروپاگەندە کردندا دژی گەلی کورد. بۆ وێنە لە جێیەکی وەک ئەوروپادا کە وڵاتی دیانە، وا دیمانە ئەکەن کە گوایە کورد موسوڵمانی تەنگەتیلکەن و ئەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کوردیان بە «ئەرمەنی کوژ» ئەدایە قەڵەم، ئەمە بۆ ئەوەی بیروڕای گشتی ئەوروپا لە دژی کورد هان بدەن. چونکە هەر ئەوانە و هاوتای ئەوانەن کە لە ناو موسڵمانەکاندا جۆرە دیعایەکی تر لە دژی کورد ئەکەن، ئەوەش ئەوەیە کە گوایە کورد زەردەشتی و مەجوسی و دوژمنی ئایینی ئیسلامن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە نووسەر و بڵاوکەرەوەی ئەم بەیتوباڵۆرانە ئەوەندە نەزان و نەفامن، ئایینی زەردەشتی بە ئاینێکی ئاگرپەرست ئەدەنە قەڵەم و شۆڕشگێڕانی کەڵەپیاوی کوردی وەک ئەبو موسلیمی خوراسانی و بابەکی خوڕەمی بە ئاگرپەرست و فارس ئەدەنە قەڵەم.

**ئەم بابەتە لەکتێبی کوردناسی بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کورد ساڵی ١٩٧٤ وەرگیراوە، لەبەر نەبوونی جێگا لێرەدا بەپوختی خراوەتە ڕوو.**

# وێنای ژنی کورد

## لە تۆماری گەڕیدەوکوردناسەکاندا





**سوزان کەریم مستەفا**

لەدایکبوی چەمچەماڵ/ ١٩٨٠. پرۆفیسۆری یاریدەدەر. زانکۆی سلێمانی. بەشی مێژوو. خاوەنی دوو کتێب و ١٤ توێژینەوەی زانستییە.

ژنی کورد یەکێکە لەو بابەتانەی کە کوردناسەکان زۆر قسەیان لەسەر کردووە، بەجۆرێک بۆتە خاڵێکی جودابونەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناوچەکە، کە ئەمەش بۆخۆی خاڵێکی بەهێزەو دەکرێت سودی لێوەربگیرێت کە کورد هەرچەندە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەژێر هەمان سیستمی کۆمەڵایەتی نەتەوە دواکەوتووەکانی ناوچەکەدا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژناندا زۆر جیاواز بوون، تاڕادەیەکی باش ڕێزیان لە ڕەگەزی مێیینە ناوە. چونکە پلەو پایەو دۆخی کۆمەڵایەتی ژن لەناو هەر نەتەوەیەکدا پێناسەی کەسایەتیو تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات، لەم ڕووەوە کورد بە ڕۆشنبیرترینو ئازادانەترین بیرکەرەوەی ناو کۆمەڵگە مسوڵمانەکان دەژمێردرێت(١). هەرچەندە گەڕیدە ئەوروپییەکان زۆریان بە شانو باڵی ژنی کورددا هەڵداوە بە ڕادەیەک جاروبار هەست دەکەیت کەمێک زۆر ڕۆیشتون، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە لە کۆڵانە تەسکەکانی شارە داخراوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونە ناو شاخو داخە کراوەکانی کوردستانەوەو کەمێک سەریان لێ تێچکچووە، بۆیە ژنی کوردیان لە ژنانی دەوروبەر باشتر هاتۆتە بەرچاو(٢). چونکە ژنی کوردیش وەک زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات باری ژیانی سەختو دژوار بووەو لە نێو هەموو ئاستو چینەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا وەک یەک نەیانڕوانیوەتە ژن. کەچی باسیلی نیکیتن دەڵێت:» کوردەکان لە هەڵوێستیاندا بەرامبەر بە ژن لە نێو هەموو گەلانی ئیسلامیدا زۆرتر کراوەن»(٣). هەروەها دەبلیو ئار هەی شایەدیەکی باش لەو بارەیەوە دەداتو دەڵێت:» کوردەکان ئەوەندە بەڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنەکانیاندا دەکەن کەلە هەموو میللەتە محەمەدییەکان تێدەپەڕێ«(٤).

ئەمە بۆخۆی ئەوە دەسەلمێنێت کە ژنی کورد شوێنێکی شیاوی هەبووە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیداو شایەدی دانێکی زۆر باشە بەتایبەتی گەر بڕوانین ئەم کوردناسە ماوەیەکی زۆر لە کوردستاندا ماوەتەوە، واتا ئەوەی نووسیویەتی تەنها چاوپێکەوتنێکی سەرپێیانە نەبووە، بەڵکو بە حوکمی مانەوەیو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورددا گەیشتۆتە ئەو بڕوایە.

## تەوەرەی یەکەم:
## پێشەوایەتی کردنی ژنان

لە بارەی دەسەڵاتی ژنانەوە دەبلیو ئارهەی ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێکجار ڕودەدات لە دێدا ژنێک ببێتە پێشڕەوو ڕەنگە ببێتە سەرۆک هۆزیش، ئەمەش بەتایبەت کە منداڵێکی شیرە خۆرەی هەبێتو ببێتە سەرپەرشتیاری موڵکو ماڵەکەی کە لە مێردەکەیەوە بۆی بەجێما بێت، بەڵام ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە دەگمەنە ژنێک ئەو پایەیە وەرگرێ، چونکە دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە. هەروەها دەڵێت:» زانیم کە ژنی موختاری گوندێک دەچێتە دیوەخانیش»(٥). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ژنان بەشداری دانیشتنەکانی دیوەخانیان کردووە.

(نیکیتین)یش دەڵێت: ژنانی کورد ڕووی خۆیان داناپۆشنو لە کاتی کۆبونەوەدا تێکەڵی پیاوان دەبنو قسەی خۆشیان هەیە کە پیاوان گوێیان بۆ دەگرن(٦). ئاماژەی بەوەش کردووە کە زۆربەی سەرۆکەکان لەژێر کاریگەی ژنەکانیاندانو دەڵێت:» من پێم وایە کە ئەو ژنانە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤیان هەیە، ڕێگرن لەبەردەم ئەو ڕایە خراپانەی کە ڕەنگە پیاوەکانیان هەیانبێو ببنە گاڵتەجاڕی ئەو بۆچونانەیان، هەر سەرۆکێک بە دایکی فلان بانگی ژنەکەی دەکا یان باسی دەکاو ناوی کوڕە گەورەکەی دێنێ«(٧). چ هۆکارێک وا لە سەرۆک عەشیرەتێک دەکات کە ڕێچکەیەکی جیاواز لەوەی باو بووە بگرێتە بەر، ڕەنگە ژنی ڕۆهەڵاتی ڕۆڵێکی زۆر لەوە مەزنتر ببینێتو هەموشی لە پشتی پەردەوەیە، بێ ئەوەی ملکەچی لێپرسینەوەیەک

بێت، کاپتن لاین دەڵێت:» پیاوی ئازای وام بینیوە خۆی لە سوچێکی ژوورەکەی خۆی توند کردووە تا لە چاوی ژنە جامبازەکەی بە دوور بێت، خانمە خانەوادەی وام ناسیووە دەمانچەی راکێشاوەو تەقەی لە شوان کردووە هەر لەبەر ئەوەی گومانی ئەوەی کردووە مەڕی دزیوە»(٨).

مینۆرسکی ئاماژەی بەوە کردووە کە ژن لە کوردستاندا شوێنێکی سەربەخۆیان هەیەو زۆر هەڵدەکەون، ژنان لە نێو رەشماڵەکانیاندا بە شانازییەکی بێوێنەوە پێشوازی لە میوانەکانیان دەکەن، زۆرجار هەڵکەوتووە ژنی کورد کاروباری تیرەو کۆمەڵگای خۆی سەرکەوتووانە بەڕێوە بردووە(٩). درک کینانیش جەختی لەسەر ئەم بۆچوونە کردۆتەوە کەوا لە نێو تەواوی چینەکانی کوردا ژنان رێزێکی تایبەتیان هەیەو گوێ لە قسەکانیان دەگیرێ، ژنانی کورد لە هەندێ کاتدا سەرکەوتوانە رێبەرایەتی هۆزەکەی خۆیان کردووەو رەعیەتەکانیان تەواو لێیان رازی بوون، تەنانەت جارێکیان لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەندا هەرچەندە بەپێی یاسا کاندید کردن تەنها مافی پیاوان بووە ژنان خاتونێکیان بە نوێنەرایەتی خۆیان هەڵبژاردووە(١٠).

لە باسی ئازایەتیو چاونەترسی ژنی کورددا کوردناسەکان تێبینیو روداوی زۆریان تۆمارکردووە کە لەمێژووی کورددا ناویان ونەو بەهیچ جۆرێک بەیاد نەکراون، بۆنموونە خاتوو (دیم فریا ئیستارک) گەشتیارو نوسەری ئینگلیز لە باسی ئازایەتی ژناندا لە سنووری عێراقدا باسی ئازایی چوار ژن دەکات کە بە شێرە کچ ناوبانگیان دەرکردبوو ئەوانیش (قەدەم خێر قیلاوەندی کە ژنێکی ئازاو چاو نەترسی شۆخ بووەو نازی خاتوون بیرانوەندی، غەزی ئەلەشتەری خوشکی مێر عەلی خان حەسەنوەندو کاکۆلی) بوون(١١).

باسیلی نیکتین لەوبارەیەوە وتویەتی کە ژنانی کورد لە هەر چینێکو تەمەنێکدا بوبن ئەسپ سواریان زانیوەو بگرە لەو بوارەدا کێبڕکێی پیاوانیان کردووە(١٢). رەنگە ئەمە کەمێک زیادە رەوی تێدابێت چونکە ژنانی هەموو چینەکان بەو شێوەیە نەبوون. بەڵام هیچ گومانێکیش لەوەدا نییە کە کەسایەتی ژنی کورد زۆر جیاواز بوە، ناوی چەند ژنێک دێت کە سەرۆک عەشیرەت بوون‌و کەس لە قسەیان دەرنەچووە، بۆ نموونە نیکیتین ئاماژە بەوە دەکات کاتێک تورکەکان ناوچەی هەکاریان داگیر کردووە ژنێک حکومڕانی ئەو ناوچەیەی کردووە(١٣). هەروەها ناوی (قەرە فاتم) دێنن کە ژنێکی کوردەو بەناوی شێری کوردستان‌و قارەمانی کوردستان ناوی رۆیشتوەو لە ساڵی (١٨٥٣) بە (٣٠٠) چەکدارەوە لە دەسپێکی جەنگەی قرمدا چۆتە ئەستەمبوڵ(١٤). ئەمە جگە لەوەی کە دوو ژنی کورد لە ناوچەی پشدەر یەکێکیان بەناوی (پورە حەلیمە) لە تیرەی کافرۆش بوەو ئەوی دیکەشیان بە ناوی (پورە نەرگس) لە خێڵی شوان بووە، ئەم دوو ژنە چەندین ساڵ یەک لە دوای یەک لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانیدا لە ناوچە کورد نشینەکاندا خەباتی چەکدارانەیان کردووە، دانیشتوانی ناوچەکەش بە دڵ و بە گیان یارمەتیان داون(١٥). کوردناسەکان ئەم نموونانە لە ماوەیەکی مێژوویدا باس دەکەن کە ژنانی نەتەوەکانی دراوسێی کورد لە چوارچێوەی ماڵەکانیان نەهاتونەتە دەرەوە ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە کارێکی گەورەو کرانەوەیەکی دیار بووە، ئەمە جگە لە نموونەی ژنانی تری کورد لە سەردەمەکانی دیکەدا ناویان هاتووە وەک:(مەستورەی کوردستانی، عادیلە خانم، حەپسەخانی نەقیبو مینا خانی هاوسەری قازی محەمەد)و زۆری تریش کە هەریەکەیان بەجۆرێک لە خەباتی سیاسیو چەکداریدا شانبەشانی پیاوان جەنگاون.

ئیدمۆندس بە سەرسامیەکەوە باس لە جوانیو بوێری عادیلەخانم دەکات کاتێک چۆتە هەڵەبجە

عادیلە خانم بەسواری ئەسپ چۆتە پێشوازیو دەڵێت: عادیلە خانم بە کراسێکی پێۆک پێۆکی بەهاری بە سواری ئەسپ لە هەموویان جوانتر بووە(١٦). هەروەها مینۆرسکی لە وەسفی عادیلە خاندا دەڵێت:» لە ساڵی ١٩١٣ خۆم چاوم بەیەکێ لەو ژنە سەرنج راکێشانە کەوت لە هەڵەبجە لەماوەی شەڕی (١٩١٤- ١٩١٨) ژمارەیەکی زۆری لە ئەفسەرە بەریتانیەکانی لە مردن رزگار کردو لەلایەن قوماندانی ئینگلیزەوە نازناوی (بەهادور خان)ی پێبەخشرا(١٧).

## تەوەرەی دووەم: پرۆسەی هاوسەرگیری ژنان

لە بارەی هاوسەرگیریو کچ بەشودانەوە کوردناسەکان سەرنجی زۆریان تۆمارکردووەو رەخنەشیان لە بەشێکی زۆری ئەو پرۆسەیە گرتووە، رەنگە زۆرترین گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە کرابێت بەو پێیەی بەشێک لەوداب‌و نەریتانەی لە پرۆسەی هاوسەرگیردا لای کورد هەن جیاوازبوون‌و جێگای تێرامانبوون، ئەمەش وایکردووە لە زۆر شوێندا ئەم پرۆسەیە بکەوێتە بەر رەخنەو بەکارێکی نەشیاوی بزانن، بۆنموونە لە بارەی شیربایی‌و مارەیی‌و ژن بە ژن‌و فرە ژنی...هتد. رەنگە نەبوونی خۆشەویستی پێش پرۆسەی هاوسەرگیری دیارترین ئەو بابەتانە بێت کە جێگەی سەرسوڕمانی کوردناسەکان بوون. نیکیتین لەم بابەتەدا نووسیویەتی: هەرچەندە کورد سنوور بۆ ئازادی ژنەکانیان دانانێن بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هاوسەرگیری پێش گۆڕینەوەی خۆشەویستی لە نێوان کورو کچدا دەکەوێت، چونکە ئەو سۆزە رۆمانسیانە تەواو بەسەر دڵی کوردەکاندا زاڵە(١٨).

کوردناسەکان سەرنجی دیاردەی فرە ژنیان داوە لای کوردو بە کارێکی نەشیاویان زانیوە، ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەو یاسایانەی ژنهێنان‌و تەڵاق رێک دەخەن هەمان ئەوانەن کەلەناو موحەمەدییەکاندا باون، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ نەریتی سەیر هەن پەیوەندییان بە عورفی خێڵەکییەوە هەیە، لەوانەش پیاو بۆی هەیە چوار ژن بهێنێ(١٩)، ئەمان وەکو هەموو موحەمەدییەکان دەتوانن زیاتر لە ژنێک بهێنن(٢٠)، لێرخ هۆکاری فرە ژنی لای کورد بۆ شێوەی ژیانیان‌و سروشتیان گێڕاوەتەوەکە زۆر جیاوازن، ئەم دیاردەیەشی زیاتر تایبەت کردووە بە کوردە کۆچەرییەکان کە لە کوردە شارییەکان جیاوازن‌و زیاد لە ژنێک دەهێنن(٢١). هەروەها لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا (ی.ب. سۆن)یش ئەوەی روونکردۆتەوە کردووە کە کورد نەریتی یەک ژن هێنانیان پاراستووە، رەنگە تەنها لە نێو چەند تیرەیەکدا دیاردەی فرە ژنیان هەبێ(٢٢). بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دیاردەی فرە ژنی لەنێو کورددا بوونی هەبووەو لەهەندێ جێگەدا وەک نەریت پیادە کراوە، رەنگە ئەمەش بۆ هۆکاری ئابووری‌و پێداویستی ژیانی خەڵکی لەو سەردەمەدا بگەڕێتەوە کە زیاتر پێویستیان بە نەوەی زۆرو دەستی کاری زۆر بووە.

یەکێک لەو هۆکارانەی کەلە کێشەی خێڵایەتی‌و تیرەگەرێتی کوردستاندا پتر لەهەر کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی دی، دەوورێکی نەرێنی بینیووەو ماکی درێژخایەندنی ئاشوب‌و هەرا بووە، مەسەلەی ژن‌و ژنخوازی لە نێو یەکەمی‌و لەسەر ئاستێکی ئەوپەڕی بەرتەسکی پلەو کەسە نزیکەکانی هۆزدا بووە، ژن‌و ژنخوازی لە نێوان ئامۆزاو بنئامۆزادا، زۆر باوو لە پێش بووە، ئامۆزای کچەکە دەتوانێت بەربەرەکانێتی هەموو خوازبێنیکەرێک بکات‌و دژی بوەستێتەوە، گەر باب بخوازێت کچەکەی بە بێگانەیەک بدات دەبێت جارێ پرس بە ئامۆزاکانی بکات‌و ئەوان رازی بن، بەوە ئەوان دەستبەرداری مافی لە پێشێتی خۆیان دەبن، مارتین ڤان برۆنەسن دەڵێت:»بۆ خۆم قەت نموونەی لەو بابەتەم نەبینی، بەڵام لە زۆر گۆشەی کوردستان



**پلەو پایەو دۆخی کۆمەڵایەتی ژن لەناو هەر نەتەوەیەکدا پێناسەی کەسایەتیو تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات، لەم رووەوە کورد بە رۆشنبیرترینو ئازادانەترین بیرکەرەوەی ناو کۆمەڵگە مسوڵمانەکان دەژمێردرێت.**

باسی ئەو دابەم بیست، کە کچە ئامۆزایەکی خوازبێنی بکات ئەستەمە بابی نەیدات، گەر بڵێم هەر شێوای رەتکردنەوە نییە»(٢٣). ئەگەر کچ خزمێکی نزیکی نێرینەی نەبێت ئەوا دەتوانێ شوو بەهەر کەسێک بکات، بەپێی نەریتی خێڵەکی کورە مام لە پێشترە بۆ هێنانی کچە مام(٢٤). هەروەها لە هەموو شوێنێکی کوردستان ئەو شیربابییەی لە ئامۆزا دەستێنرێت زۆر کەمترە لەوەی لە بێگانەیەک داوا دەکرێت، ئاشکرایە ئەم جۆرە ژنو ژنخوازیە دابەشبوونو خانەکردنێکی ئێجگار تێکەڵو پێکەڵ لە درەختی بنەماڵەکەدا دەسازێنێت، لە کاتێکدا ژنو ژنخوازی لە نێوان دوو بنەماڵەی ئامۆزای یەکدیدا تێکەڵیو خزمایەتی دوو تایەفەکە پتەو دەکات بەتایبەت گەر ئامۆزازا یاخود بنئامۆزا بن(٢٥). قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ بێگانەیەکدا زۆرجار کارەساتی ناخۆشو کوشتنی بەدوای خۆیدا هێناوە، کوردناسەکان بەشێک لەم رووداوانەیان بینیووەو تۆمارکردووە، لە بارەی کوشتنی درندانەی کچێک کە ئامادە نەبووە پەیرەوی ئەم دەستوورە بکات دەبلیو ئارهەی دەڵی:» لە کاتێکدا کە لە هەولێر بووم کارە ساتێکی کوشتنی زۆر ناخۆش رویدا، هۆکارەکەشی رەتکردنەوەی ئەو مافە بوو،... چونکە کورە مام لە هەموو کەس زیاتر مافی ئەوەی هەیە داوای دەستی کچە مام بکات، ئەمەش بەهۆی رەتکردنەوەی داوایەکی لەو بابەتە بوەهۆی رووداوێکی گەورە کەلە تەمموزی (١٩٢٠) رویدا شانۆی رووداوەکەش گوندی (کەپنکی رەش) بوو»(٢٦).

گەر کچە بە ئامۆزایەکی نەبڕا ئەوجا ئامۆزازا یان بنئامۆزایەکی دێتو ئەوان لە خزمێکی دی لە پێشترن، خزمێکی دوورتر لە بێگانەیەک لە پێشترە، لە هەندێک شوێن فشاری کۆمەڵایەتی زیاتر بەلای ژنو ژنخوازی لە نێو تایەفەکە خۆیدا دادەشکێنێت، ژنو ژنخوازی نێو گوندێک خۆی لە ژنو ژنخوازی نێو تایەفەیەک لە پێشترە چونکە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێو خەڵکەکەیدا نییە. بەپێی سەرژمێریەیەک کە لە باشووری کوردستاندا ئەنجامدراوە، بە پێی ئەو سەرژمێرییە لە نێو خێڵەکیەکانی کورددا، لە ٪٤٠و لە نێو نا خێلەکیەکاندا ٪١٠ی ژنو مێردەکان ئامۆزاو بنئامۆزان، لە کاتێکدا مەزەندە کراوە کە لە باکووری کوردستان رێژەکە لەوە باڵاتر بێت(٢٧).


لە بارەی وەرگرتنی مارەیی(شیربایی)یەوە کە وەک کڕینو فرۆشتن تەماشای کراوەو بە خاڵێکی نێگەتیڤ لە نێو کۆمەڵی کوردیدا لێی روانراوە، بۆنموونە ئاماژە بەوە کراوە کە ئێزدیەکان ژنەکانیان لە باوکیان دەکڕنو هەرگیز رێگەیان پێنادەن دوای هاوسەرگیری لێیان جیاببنەوە، تەنها مەگەر ئەوکاتانەی خۆیان تەرخانی پەرستگاکەیان

بکاتو ئەو کاتە رێگەیان پێدراوەو دەتوانن جارێکی دیکە هاوسەرگیری بکەنەوە(٢٨).

میولەریش رووداوێک دەگێڕێتەوە کە خۆی بینیویەتیو دەڵێت :» لەگەڵ شەهاب شێخ مەجید خانە خوێ کەمدا بەشداریم لە خوازبێنی کچێکدا کرد، ئێمە لە راو بووینو رێمان کەوتە دێیەکی بچوک، شێخ مەجید چاوی بە کیژۆڵەیەکی بچووکی ئەم دێیە کەوت، بەرەو دوازدە ساڵی دەچوو، زۆر بە دڵی بوو، یەکسەر دابەزین شوێنمان دیاریکرد خزمەتکارێکی ناردە لای باوکی مناڵەکە، ئامادەبیو مامەڵەی خوازبێنی لەگەڵدا بکات، کاتێک پیاوەکە هات زۆر دڵخۆش بوو بەوەی گەورەی چەکداران شێخ مەجید زۆر دڵی بە کچەکەیەوەیەو دەیەوێ بیهێنێ، باوکی کچەکە لە مامەڵەکەدا مناڵەکەی بە شانازیەوە بەبێ هیچ شتێک بەدیاری پێشکەش کرد بەڵام شێخ مەجید قبوڵی نەکرد پەنجا مسقاڵی بەدەستی دایە باوکی... هەموو کەسێک بەو برە پارەیە خۆشحاڵ دەبێ«(٢٩). نیبۆ پێی وایە بۆچوونو عەقڵیەتی کورد لەچاو عەرەبەکان جیاوازە، کاتێک کە مناڵێکی کچیان دەبێت زۆر دڵیان خۆش دەبێت، کەچی کاتێک کە مناڵێکی کوڕیان دەبێت هێندە دڵخۆش نابن، چونکە لای کوردەکان بوونی کچی زۆر مانای سامانو دەوڵەمەندی دەگەیەنێت، بۆ نموونە کوردێک کاتێک کچەکەی داوە بەشوو، داوای پەنجا کیسە لیرەی لە خانەوادەیەکی ناودار کردووە، وەکو مارەیی کچەکەی، لە کاتێکدا عەرەبو تورکەکان هێندە داوای مارەیی لە زاوا ناکەن(٣٠). هەرچەندە ناکرێت بوونی چەند نموونەیەک بەسەر هەموو کۆمەڵگەی کوردیدا گشتگیر بکرێت چونکە لە هەموو شوێنێکدا وەک یەک نەبووەو تا ئێستاش لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەر دڵ بە بوونی کوڕ خۆش دەکەن، وەرگرتنی شیربایش بێگومان هەبووە.

بە بۆچونی ئەوروپایی ژنهێنان لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا وەک ئەوە وایە مناڵێک بچێت شت بکرێت، کیژۆڵە لە دوازدە تا سیازدە ساڵی پێگەیشتوەو لەوپەڕی لاویدایە، ئەم تەمەنە هەرەتی لاویو خۆشەویستییە، دەچن دەیانکڕن زۆرجار مامەڵەو گۆڕینەوەیان لەگەڵ کچ یا خوشکی خۆیان پێ دەکەن (ژن بە ژن) ئەم کڕینە لە ئەسپو مەڕو بزن زیاتر لەسەریان دەکەوێ(٣١). ئەو برە پارەیەش بەپێی پلەو پایەی ژنەکەو زاواکە دەگۆڕێ، پارەکەش نزیکترین کەسی عەشیرەتی ژنەکە وەریدەگرێ باوک، برا، مام. پیاوەکە یەکجار بۆی هەیە ژنەکە ببینێ پێش ئەوەی زەماوەند بکرێ(٣٢). (فردریک بارپ) لە نوسینەکانیدا ئاماژەی بە ژن بە ژن کردووە، کە خەرجی ژن خواستنەکەو زەماوەندو تفاقی بوکێنی هەموو پێکەوە گرێ دەدرێ. ئەم جۆرە ژن خواستنە بەپێی بۆچونی بارپ لە رووی داراییەوە مەسەلەیەکی سودمەندە وادیارە پێوەندی بەو جۆرە ژن خواستنەوەوە هەیە کە ماف بە ئامۆزا دەدات کچی مامی خۆی بخوازێ، لە نێو ئەو گوندانەشدا کە دوورن لە کارتێکەری هۆزگەریی زۆر بڵاوەو پێڕەو دەکرێت، بەڵام هەر کێشەو گرفتێک لە یەکێک لەو دوومالەدا رووبدات ئەوە لە ماڵەکەی دیکە رەنگ دەداتەوە(٣٣).

سەبارەت بە مەسەلەی شەرەفوکوشتنی ژنان لە کوردناسەکان شاراوە نەبووەو لەمبارەیەوە سەرنجی خۆیان خستۆتە روو بەوەی کە جیاوازی مامەڵەکردن لە نێوان رەگەزەکاندا زۆر بەرچاوە، دەگونجێت پیاوێک بەبەردەوامی سەردانی خراپخانەکان بکاتو کەرامەتی ژنەکەی بڕوشێنێت بێ هیچ سزایەکیش بۆی دەرچێت، لە کاتێکدا لەسەر گومانێکی پڕوپوچ لەشەرەفی ژن خزمێکی نزیکی باوک یا برا، هەڵدەستێت بە کوشتنی ژنەکە بە ناوی پاراستنی ئابڕووی خێزانەوەو بێ ئەوەی بەپێی دابی کۆمەڵایەتی هیچ سزایەکی بدرێت. وەک کاپتن لاین دەڵێت مەزنترین نەفرەتو دەردی کوردستان مەسەلەی خوێنو تۆڵەیە(٣٤). کاتێک کەسێک لەلایەن کەسێکی دیکەوە دەکوژرێتو دوژمنایەتی



**نیبۆر لە قوشتەپە دیمەنێکی جوانی ژنی کورد باس دەکات و دەڵێت: لەوەتەی هاتومەتە وولاتانی رۆژهەڵات ئەمە یەکەمین جارە ژنێك ببینم و لە دەشتاییدا بە تەنها نوێژ بکات، چونکە لە شوێنەکانی تردا ژنان نابێت بچنە دەرەوەو هەر لە ماڵەوە دەبن**

دەخاتە نێوان دوو بنەماڵەوە یان دوو هۆزەوە، بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شەڕو دوژمنایەتییە ژنێک یان زیاتر دەدەن بە بنەماڵەی کوژراوەکە(٣٥). ئۆتەر کورد بە خوێن ڕێژ وەسف دەکات‌و دەڵێت زۆر حەز لە خوێن رشتن دەکەن، بە رادەیەک کە بە ئاسانییش لە جیاتی خوێنی کوژراوەکە بە گایەک یان ئەسپێک یان (١٠) سەر مەڕ کۆتایی بە کێشەکە دێنن یان کچێکی هۆزەکە لە خوێندا دەگرن‌و لەگەڵ خاوەن کوژراوەکەدا سەودا دەکەن(٣٦).

لە باسی رەوشتی ژنی کورددا درایڤەرباسی لە رەوشت بەرزی ژنی کورد کردووەو دەڵێت ژنانیان بە ئەخلاق ناویان دەرکردووەو کەم‌و زۆر لە هەموو هۆزێکدا خەڵکی داوێن پیس دەکوژرێن، دەتوانین بڵێین کە خۆفرۆشی هەر لەناویاندا نەناسراوەو دیسان بە متمانەوە دەکرێ بڵێین کە لە زمانی کوردیدا هیچ ووشەیەک بۆ داوێن پیسی نیە(٣٧). بەڵام ئەم بۆچوونەش رەهایی زۆری تێدایەو لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا خراپەکاری بوونی هەیەو کوردیش لەمە بێبەش نییە.

### تەوەرەی سێهەم: ئیشوکاری ژنان

لە رووی کارکردنەوە هەرچەندە ژنانی کورد زیاتر لە چوارچێوەی ماڵدا کاریانکردووەو بۆ دەستکەوتنی پارەو دروستکردنی ئابووری سەربەخۆ کاریان نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەرکە قورسەکان کەوتۆتە سەر ژنان، کە جگە لە کاری تایبەتی نێو ماڵ هاوکاری پیاویشیان لە کێڵگەکاندا کردووە. بێگومان لە ناو کورددا هەموو کارە گرنگ‌و سەختەکان ژنان ئەنجامی دەدەن، لە ماڵدارییەوە تا دەگاتە مناڵابە خێو کردن‌و نان کردن‌و چێشت لێنان‌و ماڵداری کردن، بۆیە دەتوانین بڵێین ژنان زیاد لە پیاوان کاری سەخت‌و گران ئەنجام دەدەن(٣٨). چونکە لەو کاتەدا هۆزەکانی کورد لە رووی ژیانی ئابووریەوە بەشێوەیەکی گشتی پشتیان بە ئاژەڵداری بەستبوو، بەتایبەتیش بەخێوکردنی مەڕو ماڵات، بۆ ئەم مەبەستە گەرمیان‌و کوێستانیان کردووە. ژنی کورد لەنێو هۆزەکاندا کاری هاوبەشییان دەکردو کاری زۆر گرانیان لەسەر شان بوو کە زیاتر پیاوان ئیش‌و کاریان بریتی بوو لە لەوەڕاندنی مەڕوماڵات، سەرجەم کارەکانی تر لە ئەستۆی ژناندا بوو(٣٩). وبەهۆی کەمی ئامێرو ئامرازەکانی ناوماڵ، ژنی کورد هەموو ئیشێکی بە دەستی خۆ دەکردو دەربەست نەبوون لەوەی ئیشێکی زۆر لە نێو ماڵدا جێبەجێ بکەن(٤٠).

جویس بلۆ پێی وایە ژنانی شوان‌و جوتیارانی کورد، لە ژیانی ماندووکەری خۆیاندا هاوپشکن لەگەڵ خوشکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو سەرەڕای



**مارتین ڤان برۆنەسن دەڵێت:»بۆ خۆم قەت نموونەی لەو بابەتەم نەبینی، بەڵام لە زۆر گۆشەی کوردستان باسی ئەو دابەم بیست، کە کچە ئامۆزایەکی خوازبێنی بکات ئەستەمە بابی نەیدات، گەر بڵێم هەر شێوای رەتکردنەوە نییە»**

ئەوەش کاروبارە سەختو دژوارەکانی ماڵداریو ئامادەکردنی ئاوی خواردنەوە لەسەرچاوە دوورە دەستەکانو بەشێکی زۆری کارە کشتوکاڵیەکانییان لە ئەستۆدایە، لەگەڵ ئەمەشداو بە پێچەوانەی ژنانی مسوڵمانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا پلەو پێگەی تایبەتی هەیەو سەرجەم پیاوانی هۆزەکەش بە دیدێکی رێزەوە لێی دەڕوانن، بە پێچەوانەی ژنانی تری رۆژهەڵاتەوە ژنی کورد لە غیابی هاوسەرەکەیدا تەواوی کاروباری ماڵو یاخود کڕین بە تەنیا ئەنجام دەدەن(٤١).

گومانی تێدا نییە کە هەموو کارە قورسەکانی ماڵ ژنان پێیهەڵدەستان، لە کانیو چۆمەکانەوە ئلویان دەهێنا بۆ ماڵ، باریان دەخستە سەر باربەرو باریان لێ دەکردەوە، بۆ مەڕو ماڵات دۆشین لە بەرزاییو شاخەکان بەسەر دەکەوتن، دارو پوشی خۆ گەرم کردنەوەیان کۆدەکردەوەو دەیانگواستەوە بۆ ماڵ، لە کاتی ئەنجامدانی هەموو ئەم کارانەشدا، ئەو ژنانەی منداڵی بچووکیان هەبوو لە خۆیان دوورنەدەخستنەوەو بەهۆی پشتوێنێکی درێژەوە لە پشت خۆیان دەبەستو کاریان پێوە دەکرد(٤٢). ئیدمۆندس پێی سەیر بووە کاتێک رەشماڵی کورد دوور لە ئاو بووەو دەڵێت ژنەکانیان لە رۆژگاری کۆنەوە لەگەڵ هەڵگرتنی مەشکەی پڕ لە ئاو بۆ چێشتلێنانو قاپو قاچاخ شتنو خواردنەوەو دەستنوێژ شتن لە مەودایەکی زۆر دوورەوە راهاتبوون، بەڵام ئەو هاتوچۆیە بۆ ئێمە دژوار بووە(٤٣). ژنان لە کاتێکدا کە پیاوەکانیان لە کێڵگەدان، هەمیشە خواردن ئامادە دەکەنو جل دەشۆن، ئەوان بەکاری گرانی ناوماڵ هەڵدەستن(٤٤).

تەنانەت پیاوان کاتی بەسەر بردنی چەند ساتێکی خۆشیان هەبوو، لەو کاتانەدا کە دەستیان بەتاڵ بوایەو سەرقاڵی راو نەبوونایە واتە کاتی بێکاری، غارو رمبازیو شەڕو گەمەیان دەکرد، بەڵام ژنەکان دەبوو خەریکی کار بونایە، وەک جل شتنو پاککردنەوەو چاککردنەوەو درومانو چاندنی دانەوێڵەی پێویستو خزمەتکردنی رەزەکانیان، بە کورتی هەموو کارەکان لە ئەستۆی ئەوان بوو(٤٥) لێرەدا میوللەر دەڵێت:» لەبەر زۆر مانەوەم لە کوردستان ئەم پرسیارەم لە خۆم دەکرد ئاخۆ پاش گەڕانەوەم بۆ کلتووری رۆژئاوا بتوانم جارێکی تر وەک یەک بڕوانمە توخمی مێ؟ ئەم بێ دەرەتانە خواکردانەی لە رۆژهەڵاتو لای ئیسلام کە کەمتر شارستانین، تەنیا وەک ئاژەڵ کاردەکەن»(٤٦). رەنگە ئەم جۆرە دەرخستنە شیاوو گونجاو نەبێت بۆ ژنان چونکە ژنان بەوپەڕی خۆشەویستییەوە کارەکانی خۆیان ئەنجامدەدەنو بیر لە باری قورسی کارەکانیان ناکەنەوەو هەمیشە ئامادەن لە پێناو خێزانەکانیاندا قوربانی بدەن، ئەمە بۆتە ناسنامەی ژنی کورد، هەرچەندە باری شانیان

قورس بوو بێت بە بێدەنگیو بەبێ گلەییو گازەندە کارەکانی ژیانیان راپەڕاندووەو چێژیان لەوە بینیووە کە کاری زیاتر بکەن، بەبێ ئەوەی دەست مایەیەکیان لەو کارانەدا دەست کەوتبێت.

بۆنموونە گەر باس لە پیشەسازییە دەستییەکان بکەین کە بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بایەخێکی زۆری هەبوو، ئەگەرچی نەگەیشتبووە قۆناغی پێشکەوتوو، بەڵام لە کاری جۆلاییو دروستکردنی جاجمو بەرماڵو رانکو چۆغەو کڵاوو کاری گڵێنەکاری وەک دروستکردنی دیزەو گۆزەو کوپە، پێداویستیەکانی خۆیان پێ دابین کردووە(٤٧). ژنانی کورد خۆیان لە ماڵەوە لە خوری مەڕومالآت لبادو جلوبەرگو رەشماڵیان دروست دەکرد(٤٨). لە پیشەسازییە دەستییەکاندا بە تەواوی جێدەستی ژنانی کورد لە چنینی سوجادو فەرشو جلو بەرگو رێکخستنی شوێنی نیشتەجێ بونیانو رەشماڵەکانیاندا دیاربوو کە بە سەلیقەیەکی زۆر جوانو بەرز دروستکرابوون(٤٩). ژنانی کورد رستنو چنینی خوریان لە ئەستۆدابوو جار جار لەچکی ئاوریشمیان دروست دەکرد کە بەلیرەی ئاڵتون یان زیوو دەنەخشێنران، هەروەها ئەوان قاڵی گەورەو بەرماڵو لبادو....هتد دەچنی(٥٠). ژن کاروباری ماڵەکەی خۆی بەڕێوە دەباتو لە کێڵگەشدا کاردەکاتو منداڵەکانی پەروەردە دەکات دورینی جلو بەرگ(٥١). دروستکردنی سوجادو ئەو قوماشانەی کە دەیچنن زۆر جوانو سەرنج راکێشن، بە گشتی ژنی کورد زۆر حەزی لە کارکردنە(٥٢).

هەر بۆیە ژنی کورد زۆر زوو جوانیو ناسکیان لە دەستداوە، بەتایبەتیش ژنی چینە گشتییەکەی کۆمەڵگا، بەڵام ژنی بەر پرسو سەرۆک خێڵەکان کە پێیان دەوترا خانم، ژیانیان خۆشترو ئاسودەتر بوو، بۆیە زیاتر پارێزگاریان لە جوانییەکەییان دەکرد(٥٣). بیللی فر یزەریش تێبینی ئەوەی کردووە کە هەرچەندە ژنی کورد بەگەنجی زۆر جوانن، بەڵام کاتێک دەچنە تەمەنەوە یاخود کە دەگەنە تەمەنی کامڵ بوون لە جوانی بەتەواوی دووردەکەونەوە زۆر بە خێرایی گەورەییو پیربوون لە روخسارياندا دەبینرێت(٥٤). درايڤەريش ئاماژەی بەوە کردووە کە ژنانیان بە گەنجی زۆر جوانن، بەڵام روخساریان دوای ئەوەی لاوێتیان دەژاکێ خێرا وەک روخساری پیاوی لێ دێت(٥٥).

ئەلیساندرۆ دی بانکی جوانترین تابلۆمان لەبارەی ژنی کوردەوە بۆ دەکێشێو دەڵێت:» روخساری جوانی بەخەندەو رەنگی ئەسمەریو زیندوێتی چاوەکانیان سیحربازە ترسناکەکانی کێوانمان بیردێنێتەوە، وەک شاعیران خەیاڵی دەکەن، هەر لەتەمەنی پازدەو تا بیست ساڵیشەوە لەوپەڕی سەرنج راکێشاندان، بەهۆی راهاتنیشیان لەسەر ژیانی دەربەدەری هەرلەمناڵیانەوە بەخێرایی چالاکیو وورياپەکی وا دەستدەخەن کۆنترۆڵ ناکرێن... سواری ئەسپی کەم وێنە دەبن لە خێراییدا لە گردو کێوە سەختەکاندا بە ئازایانە سەردەکەونو دادەبەزن، لە پێشبرکێ خێراکاندا کێبرکێی مێردەکانیان دەکەن، دوایان دەکەونو لەشەڕە ترسناکەکاندا یارمەتیان دەدەن، بەڵام ناگەنە تەمەنی بیستو پێنج ساڵیان ئەم زیرەکیو چالاکییەیان لەدەست دەدەن لەولاوەش هێزی لاشەیان بەهێز تر دەبێت بۆ بەرگە گرتنی گرفتەکانی ژیانی رۆژانە ئیتر روخساریان بەم شێوە سیحراوییە نامێنێت، کە پێشتر جوانو سەرنج راکێشی دەکردن»(٥٦). هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژنان زۆرتر کاری قورس ئەنجام دەدەنو وەک هاوبەشێک سەرجەم کارە ئاسانو گرانەکانیان لەگەڵ پیاوان رادەپەڕێنن(٥٧). درک کینانیش دەڵێت ژیانی ژنی کورد زۆر زەحمەتەو ناهەموارەو پڕە لە کاری سەختو گران(٥٨).

شری لەیزەر دەڵێت:» ئەوەی زیاتر لە هەموو

شتێکی دیکە پێویستی بە ریفۆرمی دەستبەجێ بوو، ژیانی ژنانی کورد بوو بارودۆخی ئەم ژنانە جوداییەکی وای لەگەڵ بارودۆخی داپیرەکانیان نەبوو، ژیانی ژنانی گوند لەگەڵ گیروگرفتی رۆژانەیان ژیانێکی پێش مێژوو بوو، ژیانی ژنانی ئەمرۆ جوداییەکی وای لەگەڵ ئەو ژیانە نەبوو کە گەشتیارانی کۆن باسیان کردووە»(٥٩).

## تەوەرەی چوارەم: ئازادی ژنان

لە بارەی ئازادی ژنانی کوردو کراوەیی کۆمەڵگەی کوردیەوە، زۆربەی کوردناسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی زیاتر کراوە ترەو ژنان ئازادیو سەربەستیەکی زیاتریان هەیە لەچاو ژنانی تری رۆژهەڵات، رەنگە لە هەندێک شوێندا ئەم بۆچونانە زیادە رەوی تێدا بێت، بەڵام بە شێوازێکی گشتی گومان لەوەدا نییە کە ژنی کورد ئازادیەکی زیاتری هەبووە لە چاو ژنانی تورکو فارس و عەرەب، هەر ئەمەشە وای لە کوردناسەکان کردووە کەزۆر جەخت لە کراوەییو ئازادی ژنی کورد بکەنەوە. پێترۆدێللەڤاللی لە باسی رۆڵی ژن لە کۆمەڵی کوردیدا دەڵێت:» بە پێچەوانەی ژنە مسوڵمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژنانی کورد بە ئازادیو کراوەیی بە رێگادا دەرۆن لەگەڵ پیاواندا قسە دەکەن، وەک چۆن لە ماڵی خۆیاندا قسە دەکەن، جا ئەو پیاوانە خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان بن یان بێگانە»(٦٠). دەبلیوئارهەی دەڵێت:» ژنان لە هەموو شوێنێکدا وەک پیاوەکان بە ئازادی دەسورێنەوە»(٦١).

نیبۆر کە هاتۆتە ناوچەکە بە قوشتەپەدا تێپەڕیوەو لە قوشتەپە دیمەنێکی جوانی ژنی کورد باس دەکاتو دەڵێت: لەوەتەی هاتومەتە وڵاتانی رۆژهەڵات ئەمە یەکەمین جارە ژنێک ببینمو لە دەشتاییدا بە تەنها نوێژ بکات، چونکە لە شوێنەکانی تردا ژنان نابێت بچنە دەرەوەو هەر لە ماڵەوە دەبن(٦٢).

میولەر پێی وایە خاڵێکی ئیجابی لە کارەکتەری کورددا پێدانی ئازادییە بە ژنانو دەڵێت: ژنی کورد تاڕادەیەک ئازادە هاتوچۆی هەرکوێیەک بکات کە پێی خۆشە، کوردان بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەوینداریو دەسگیرانبازی دەکەنو دۆست دەگرن، دەتوانرێ ئەوەش بوترێ کە ژن لە ناو هەموو هۆزێکدا بێ حیجابە، لەئەنجامی بەیەکگەیشتنی ژنو مێردیشدا، ژن دەوری کەسایەتی دووەم نابینێو وەک کۆڵەکەی ماڵ چاوی لێدەکرێ(٦٣). هەروەها درک کینانیش ئاماژەی بەوە کردووە کە ژنان لە نێو کوردان ئازادییان لە ژنانی عەرەبو تورکو فارس زۆر زیاترە، عەبا لەنێو ژنانی کورددا نییەو ژنی کورد ئەگەرچی لە شێوەی رەفتارو کرداریدا شەرمنە، بەڵام لە پیاوی بێگانە راناکاو لە روبەڕوو بونەوەیدا ناپەشۆکێ(٦٤)، هنری بایندەریش دەڵێت: ئەم ژنانە بێ سەرپۆشن لەم روەوە کوردەکان وەکوو مسوڵمانانی دیکە دەمارگرژ نین(٦٥).

هینی هارۆڵد کە ماوەیەک لە کوردستان ماوەتەوە دەڵێت: ژنانی ئێرە واتە دێهات وەک ناوشار پەچەو عەبا ناپۆشن، تەنانەت پێی وایە چینی خێزان لەو دێهاتانەدا تاڕادەیەک لە هی ناو رۆژئاوا دەکاو جیاککردنەوەی کورەکان لە ژنو کچەکان لێرە باش دیاری نەکراوە، لە ناو خێزانێکی لادێ پیاوو ژن پێکەوە دەژینو هاوکاری دەکەن، خزمو هاوسێو برادەری نێرینەی ماڵەکەمان بۆ دیدەنیمان دەهاتنو دەیانتوانی لەگەڵ ژنەکاندا بەسەربەستی قسە بکەن(٦٦).

پێترۆ لەم بابەتەوە ئەزموونێکی راستەوخۆی هەیە، لە یەکێک لەو میوانداریيانەی بۆی کراوەو دەنوسێت:» ژنێک هەبوو ناوی شانوون سوڵتان بوو لە وانەیە خاتون سوڵتان بێت، گەورەی شوێنەکەو دەوروبەری بوو، ناتوانین وەسفی ئەو رێزەی بکەین کەلە پێشوازی کردنیدا بۆمان لێینان، ئەوە ئەگەرچی مێردەکەشی لە ماڵ نەبوو...، بۆیە زۆر ئاسودە بووین بەو رێزو چاکەیەی لەگەڵی

کردین»(٦٧). هۆکاری ئەو جیاوازیەی نێوان ژنانی لادێو شار دەگەڕێتەوە بۆ باری ئابووری لادێکانو پێویستیان بەدەستی کاری ژنان وایکردووە لە ماڵەکان بێنە دەرەوەو بەسەربەستی کاری خۆیان شانبەشانی پیاوان ئەنجام بدەن، هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ بارە کۆمەڵایەتییەکە، کە خەڵکی لادێکان هەموو یەکتریان دەناسیو تێکەڵاوی یەکتر بوون، ئەمەش ریگە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی ژنان بەسەربەستییەکی زیاترەوە تێکەڵ بە پیاوان ببنو بەشداری کۆڕو کۆبونەوەکان بکەن.

ویلیام ئیگلتۆنیش شایەدی ئەوە دەدات کە ژنانی کورد بەتەواوی دانەبڕاون، لە راستیدا ئەوان بە ئازادیەکەیانو بە سەربەخۆی کەسایەتیو جوانیان بەناوبانگن، ئەوان موحەجەبە نین، زۆرجاریش خۆیان پیشانی گەشتیارە بیانیەکان دەدەن بەتایبەتی ئەگەر ژنێکیان لەگەڵ بێت، ئەگەر پێویست بوو پیاوان لە دەرەوە کۆببنەوە ئەوا ژنان لە دواوە دەمێننەوە، خواردنو خواردنەوە بەهاوکاری پیاوان یاخود کورانی میوان پێشکەش دەکەن(٦٨).

لێرخ دەڵێت:»ژنی کورد ئازادییەکی زیاتری هەیە زیاتر لەوەی لای گەلانی دراوسێی کورد هەیە، پەیوەندی کوردەکان بە ژنەکانیانەوە ژیانی خێزانداری لە رۆژئاوای بیرخستمەوە، ژنی کورد حیجاب ناپۆشێ نە لەکاتی کارکردنو نە لەنێو کۆبونەوەی پیاواندا، پیاوانیش متمانەیەکی زۆریان بە دڵسۆزی ژنەکانیان هەیە متمانەیەکی تەواو»(٦٩).

ریچ لە گەشتنامەکەیدا زۆر بەجوانی وەسفی ژنی کورد دەکات بەوەی کە ژنی کورد بەبێ روبەندو عەباو هەندێ جاریش بەیانیان زوو هاوینان لەسەربانی ئەو خانووە نزمانەیانەوە کە هەر (٥- ٦) پێ لە زەوییەوە بەرز دەبنەوە بەسەر کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا دەنوارێت، لەناوجێگادا لەگەڵ مێردەکانیاندا دەبینرێنو لەناوجێ دێنە دەرێ بۆ سەر کاروباری خۆیان، سەرباری ئەم ئازادیو دیاردەی بێدەربەستیەشیان بەڵام هیچ ژنێ ئەوەندەی ژنی کورد رەوشت بەرز نین ئەمانە لەم شکۆو سەربەرزیەوە زۆر لە ژنی تورک لەسەروترەوەن(٧٠).

لەوەسفی ژنانی ناوچەی سلێمانیدا (مینتشاشڤیلی) بەم شێوەیە باس دەکات کە ژنانی ئەم ناوچەیەو گشت ناوچەی سلێمانی لە چاو ژنانی رۆژهەڵاتدا بەسێ شت بەناوبانگن:

١. تا دڵ حەزکات و تابڵێی جوانو نازدارن.
٢. بێ سەرپۆشو عەباو پەچە دێنو دەچن.
٣. سەربەستن، لێرە ژن هیچ شەرم نییە لەگەڵ پیلاوی بێگانەو نەناسراودا قسە بکاتو بیناسێ، ئاساییە مێرد ژنەکەی خۆی بە میوانەکەی بناسێنێ(٧١).

ئەگەرچی کوردناسەکان باسیان لە ئازادی ژنانی کورد کردووە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لە بیر بێت کۆمەڵگەی کوردی تا ئەمڕۆش گیرۆدەی دەستی دواکەوتوویی‌و تێڕوانینی نایەکسانە بۆ هەردوو رەگەزی نێرو مێ، ئەگەرچی ئەم ووتانە جێگەی دڵخۆشین، بەڵام لەهەمان کاتدا ژنانی کورد وەک سەرجەم ژنانی جیهان گیرۆدەی بێ مافیو چەوساندنەوە بونەتەوە، ئەمەش پێویستی بە هەوڵو تێکۆشانی ژنان خۆیانە بۆ دەرچوون لەو چوارچێوە بەرتەسکەی بۆیان دیاریکراوە.

# پەراوێزەکان:

١- پرشنگی بابایی: باری کۆمەڵایەتی ئافرەت لە رۆژگاری دێریندا، و/ وریا قانع، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٩٠.

٢- کەمال مەزهەر ئەحمەد(دکتۆر): ئافرەت لە مێژوودا، بەغدا، ١٩٨١، ل٧٤.

باسیل نیکیتین(١٨٨٥- ١٩٦٩) لە شاری (Sostonovit) کە شارێکە لە پۆڵەنداو بە شێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی روسی لە خێزانێک لە دایک بووە کە ژمارەیک رۆژهەڵاتناسی تێدابووە، بۆیە ئەویش زۆر بایەخی بەم بابەتە داوەو چەندین گەشتی بۆ دەریای رەش‌و قوقاز کردووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی ساڵی(١٩٠٤) چۆتە روسیاو پەیوەندی بە پەیمانگای لازارێڤ بۆ فێربوونی زمانی فارسی‌و تورکی کردووە، ساڵی (١٩٠٨) دەبێتە باڵیۆزی روسی لە ئەفغانستان‌و دوای شۆڕشی (١٩١٧)ی بەلشەفیکەکان بریاردەدات نەگەرێتەوە بۆ روسیاو لە فەرەنسا نیشتەجێ دەبێت‌و وازلە کاری سیاسی دەهێنێت‌و دەست دەکات بە نوسینی کتێب‌و ژمارەیەکی زۆر کتێب‌و نوسراو بڵاو دەکاتەوە کە زۆربەیان تایبەتن بە کورد (https://www.revolvy.com/main/index.php?s=Basil+Nikitin)

٣- باسیلی نیکیتین: الكرد دراسة سوسيولوجية و تاريخية، ت/ د. نوری طالبانی، اربیل، ٢٠١٣، ص١٦١.

٤- دەبلیو ئارهەی: دووساڵ لە کوردستان گەشتێکی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا، و/ لوقمان باپیر، هەولێر، ٢٠١٠، ل٤٦.

٥- هەمان سەرچاوە، ل٤٦-٤٧.

٦- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص١٦١.

٧- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

والاس لاین (١٨٩٢- ١٩٧٧) لە بنەماڵەیەکی ئایینی سکۆتلەندییەو لە ئێرلەندا لەدایک بووە، لە ساڵی (١٩١٢) چۆتە هیندستان، ساڵی(١٩١٨) رەوانەی میسۆپۆتامیا کراوەو لە رێگای ئاسنی نێوان بەغداو بەسرە دانراوە، پاشان بۆ دەرپەڕاندنی سوپای تورک لە موسڵا بەشداری کردووەو هاتۆتە کوردستان‌و زۆرترین ماوە لە ناوچەکەدا ماوەتەوە، لاین بیرەوەریەکانی خۆی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٩- ١٩٦٤) تۆمارکردووەو داوای لە کچەکەی کردووە دوای مردنی بڵاوبکاتەوەو ساڵی (٢٠٠٢) لەلەندەن چاپکراوە(کاپتن لاین: کورد عەرەب بەریتانیەکان، بیرەوەریەکانی کاپتن لاین لەمەر روداوەکانی باشوری کوردستان ١٩١٩- ١٩٢٩، و/ د. یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٤، ١٥).

٨- هەمان سەرچاوە، ل١٤١- ١٤٢.

ڤلادیمێر ڤیۆدۆرۆڤیچ مینۆرسکی لە ساڵی (١٨٧٧) لە شارۆچکەی کۆرجیڤای باکوری خۆرئاوای مۆسکۆ لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی‌و دواناوەندی تەواوکردووەو لەبەرئەوەی بە پلەی نایاب سەرکەوتوو بووە، خەڵاتی زێرینی وەرگرتووەو لە زانکۆی مۆسکۆ لە کۆلێژی ماف لە ساڵی (١٨٩٦) وەرگیراوە، پاشان چۆتە ئامۆژگای خوێندنی زمانە رۆژهەڵاتیەکانی لازارێڤ‌و لە ساڵی (١٩٠٠) تەواوی کردووە، خاوەنی چەندین بەرهەمە لەسەر مێژوو کۆمەڵگەی کوردی(تاریق محەمەد عەبدولرەحیم: ڤلادیمیر ف. مینۆرسکی رۆژهەڵاتناس، و/ ئازاد عوبێد ساڵح، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٣).

٩- ڤلادیمێر مینۆرسکی: مینۆرسکی‌و کورد، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٤.

١٠- درک کینان: کوردو کوردستان، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٩.

١١- محەمەد حوسێن: لورستان لەسەفەرنامەی گەشتیاراندا، و/ سەلاح نیساری، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٣٠.

١٢- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص١٦١.

١٣- المصدر نفسه، ص١٦٥.

١٤- رۆهات ئالاکۆم: کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، و/ ئەحمەد تاقانە،کوردستان، ٢٠٠٥، ل١٣٩، ١٤٠.

١٥- پرشنگی بابایی: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

سیسیل جۆن ئیدموندس(١٨٨٩- ١٩٧٩) ئەفسەرێکی سیاسی بەریتانی بوو، زانکۆی کامبریجی تەواوکردووەو لەگەڵا سوپای بەریتانیادا لە ناوچەکانی ووڵاتی میسۆپۆتامیادا خزمەتی کردووە، ساڵی (١٩٣٥- ١٩٤٥) راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ بووە لە عێراق‌و سەرنجەکانی خۆی لە کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩١٩- ١٩٢٥) لە کتێبێکدا بە ناوی کوردو تورک‌و عەرەب تۆمار کردووە(http://wikivisually.com/wiki/Cecil_John_Edmonds/wiki_ph_id_٠)

١٦- سیسیل جۆن ئیدمۆنس: کورد، تورک، عەرەب، و/ حامید گەوهەری، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤٥٧.

١٧- ڤلادیمێر مینۆرسکی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

١٨- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص١٦١.

١٩- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

(٢٠- سەفەرنامەکەی نیبۆر لەسەدەی هەژدەدا، و/ ئەردەلان عەبدوڵلا، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٠١.

ب. لێرخ ساڵی (١٨٢٨) لە دایک بوەو ساڵی (١٨٥١) زانکۆی پترسبۆرگی تەواو کردووە، نازناوی سەرکردەی زمانە رۆژهەڵاتەکانی وەرگرتووەو یەکێکە لە زانا گەورەکانی روسیا خاوەنی چەند بەرهەمێکە لەسەر کورد، ساڵی (١٨٨٤) کۆچی دوایی کردووە(ب. لیرخ: دراسات حول الكرد الايزيدين و اسلافهم الكلدانيين الشماليين، ت/ د. عبدی حاجی، سلیمانسە، ٢٠٠٨، ص٧، ٨).

٢١- المصدر نفسه، ص٣٩.

٢٢- وەرگیراوە لە شری لەیزەر: کوردستانی بەر ئاگردان، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٩.

مارتین ڤان برۆنەسن ساڵی(١٩٤٦) لە ئۆترێختی هۆڵەندا لە دایک بووە، هەر لەو شارە قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە، سەرەتا فیزیای خوێندووە پاشان دەستدەکات بە خوێندنی ئیتنۆلۆژیو سەردانی باکوری کوردستانی کردووەو زمانی کوردی بەهەردوو زاراوەی کرمانجیو سۆرانی فێر بووە (مارتین ڤان برۆنسن: ئاغاو شێخو دەوڵەت، بەرگی یەکەم، و/ کوردۆ، چ٤، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧).

٢٣- هەمان سەرچاوە، ل١٠٩.

٢٤- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

٢٥- مارتین ڤان برۆنسن: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

٢٦- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨، ٧٤؛ ئی. ئار لیچ: رەوشی ئابوریو کۆمەڵایەتی کوردی رەواندوز، و/ عەزیز گەردی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٥٠

٢٧- وەرگیراوە لە مارتین ڤان برۆنسن: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

٢٨- ولیەم هیود: سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆ کوردوستان ساڵی ١٨١٧، و/ نەجاتی عەبدوڵلا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٨٥.

گۆتفرێد یۆهانس میولله‌ر(١٩١٤- ٢٠٠٩) لە گوندی گشفێندەی خواروی ئەڵمانیا لە دایک بووە، ساڵی (١٩٣٥-١٩٣٦) گەشتێکی بە دەریاو ووشکانیدا ئەنجام داوەو چۆتە فەلەستینو بەغدادو تا گەیشتۆتە کوردستانی داخراو لە کتێبێکدا لە ساڵی ١٩٣٧ کە بە پیتی ئەڵمانی کۆن نوسراوە بڵاوکردۆتەوە، ساڵی (١٩٤٥- ١٩٤٨) لەگەڵ رەمزی نافعدا کە کوردێکی شاری هەولێر بووە پرۆژەی (مامۆت)یان ئەنجامداوە بەڵام پاش ئاشکرابوونیان لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئینگلیزەوە خراوەتە بەندیخانەوەو ساڵی (١٩٥٩) لە بەندیخانەدا کتێبی (لە رۆژهەڵاتی گڕگرتودا بڵاوکردۆتەوە، ساڵی(١٩٩٩) لە تەمەنی (٩٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.(گۆتفرێد یوهانس میوولەر: لە رۆژهەڵاتی گڕگرتودا، و/ بەدران ئەحمەد حەبیب، چ٢، هەولێر، ٢٠١٣).

٢٩- گۆتفرێد یوهانس میوولەر: دزە کردنە ناو کوردستانی داخراو، و/ عوسمان عەبدوڵلا هەڵەبجەیی، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٣٧.

کارستێن نیبۆر زانای ماتماتیکو نەخشەسازو گەڕیدەی بەناوبانگی ئەڵمانییە، ساڵی (١٧٣٣) لە دایک بووە و لە تەمەنی(٨٢)ساڵیدا لە ساڵی (١٨١٥) لە شاری مێلدرۆف کۆچی دوای کردووە، ساڵی (١٧٦١) گەشتەکەی بەرەو رۆژهەڵات دەستپێکردووە (سەفەرنامەکەی نیبۆر لەسەدەی هەژدەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١، ١٦).

٣٠- سەفەرنامەکەی نیبۆر: سەرچاوە پێشوو، ل٢٠١- ٢٠٢.

٣١- گۆتفرێد یوهانس میوولەر: دزە کردنە ناو کوردستانی داخراو، ل١٣٦- ١٣٧

٣٢- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

٣٣- بەدرخان سندی: کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەڵاتناسیدا، و/ ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، دهۆک، ٢٠٠٨، ل١١٨؛ بارۆن ئیدوارد نۆلد: گەشتێک بە عەرەبستانو کوردستانو ئەرمەنستاندا، بەشی دووەم، و/ د. حەمید عەزیز، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤٩.

٣٤- کاپتن لاین: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

٣٥- بوار نورەدین: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

٣٦- ژان ئۆتەر: سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، و/ محەمەد حەمە باقی، هەولێر، ٢٠١٣، ل٩١.

گۆدفری رۆللیس درایڤەر (١٩٨٢- ١٩٧٥) مامۆستای پێشووی مێژوو لە زانستگەی (مەکدێلین) لە شاری ئۆکسفۆردی بەریتانیاو پسپۆڕی زمانی عیبریو یاسای بابیلی بووە، زمانی عەرەبی زانیوە، زنایەکی گەورەی رۆژئاوایە کەلەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا مێژوو

ئایینی کوردی خستۆتە بەر توێژینەوەو بە شێوازێکی بابەتیانە لە بواری جۆربەجۆری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی مێژوویی گەلی کوردی کۆڵیوەتەوە(گ. ر. درایڤر: درایڤرو کورد، و/ ئەنوەری سوڵتانی، ٢٠٠٥، ل٥).

٣٧- هەمان سەرچاوە، ل٧٥.

٣٨- پرشنگی بابایی: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠- ٩١.

٣٩- بەشدار عومەر ڕەفیق: ڕۆڵی کۆمەڵایەتیو سیاسی ژنی کورد لە باشوری کوردستاندا (١٩٢١- ١٩٥٨)، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتییەکان، ٢٠١٢، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە ، ل٩

٤٠- هینی هەرۆڵد هەنسن: کچانی کورد گەشتێک لەناو ئافرەتانی مسوڵمان لە کوردستان، و/ ناجی عەبباس ئەحمەد، بەغدا، ل٧٧.

د. جویس بلۆی کوردناسی بەناوبانگی فەرەنسیو پرۆفیسۆر لە بواری زمانو ئەدەبیاتی کوردیدا، لە ساڵی (١٩٦٥) پلەی دکتۆرای لە بارەی زمانی کوردیەوە بەدەستهێناوە چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانەی سەبارەت بە کورد نوسیووە (جویس بلۆ(پرۆفیسۆر. دکتۆر): دۆزی کورد، و/ کارزان محەمەد، سلێمانی، ٢٠٠٤).

٤١- جویس بلۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠- ٢١.

٤٢- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص١٦١.

٤٣- سیسیل جۆن ئیدمۆنس: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٩.

٤٤- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

٤٥- گۆتفرێد یوهانس میوولەر: دزە کردنە ناو کوردستانی داخراو، ل١٣٧.

٤٦- هەمان سەرچاوە، ل١٣٦.

٤٧- بەشدار عومەر ڕەفیق: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

٤٨- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص٩٣.

٤٩- المصدر نفسه، ص١٠٣.

٥٠- جویس بلۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

٥١- ب. لیرخ: المصدر السابق، ص٣٨.

٥٢- المصدر نفسه، ص٣٩.

٥٣- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص ١٦١.

جیمیس بیلی فرەیزەر(١٧٨٣- ١٨٥٦) لە سکۆتلەندا لە (١٧٨٣) لە دایک بووەو گەشتیارو نوسەر بووە و چۆتە هیندستانو ساڵی (١٨٣٤) گەشتێکی کردووە بۆ بەغدادو بەشێکی زۆری زانیاریەکانی گەشتەکەی بە نامە بۆ خێزانەکەی نووسیوە(جیمیس بیللی فریزر: رحله فریزر الی بغداد سنه ١٨٣٤، بیروت، ٢٠٠٦، ص١١).

٥٤- المصدر نفسه، ص٥٩- ٦٠.

٥٥- گ. ر. درایڤر: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

٥٦- مێریلا گالێتی: کلتوری کورد لە دانراوی ئیتالیەکاندا، و/ ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٦٦، ٦٩.

٥٧- بەشدار عومەر ڕەفیق: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

٥٨- درک کینان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

٥٩- شری لەیزەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣- ١٦٤.

پیەترۆ دێلا ڤالا گەڕاڵی بەناوبانگی ئیتالییە گەشتنامەکەی لە پاریس لە ساڵی (١٦٦٢) بە زمانی فەرەنسی بەناونیشانی (سەفەرە بەناوبانگەکەی پیەترۆ دێلا ڤللا بڵاو کراوەتەوە(فەرهاد پیربال(دکتۆر): سەرچاوەکانی کوردناسی، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٣٧).

٦٠- مێریلاگالێتی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

٦١- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

٦٢- سەفەرنامەکەی نیبۆر: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

٦٣- گ. ر. درایڤر: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

٦٤- درک کینان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨- ١٩.

هینری بیندەر گەڕیدەی فەرەنسی یەکێکە لە یەکەمین ئەو گەڕاڵە فەرەنسیانەی کە سەرجەم سەفەرنامەکەی بۆ گەلی کورد تەرخانکردبێتو ناوی کوردستانی بەکارهێنابێت، زۆربەی شارەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان گەڕاوە، کاتێک گەڕاوەتەوە پاریس بیرەوەریەکانی خۆی لە سەفەرنامەیەکدا بە ناونیشانی لە کوردستاندا لە ساڵی (١٨٨٧) بڵاوکردۆتەوە(فەرهاد پیربال(دکتۆر): زێڕی ناو زبڵ، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٨٥)

٦٥- هنری بێندەر: سەفەرنامەی هێنری بایندەر کوردستان، میزۆپۆتامیا، ئێران، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٥٩.

٦٦- هینی هارولد هەنسن: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.

٦٧- مێریلاگالێتی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

٦٨- یلیام ایغلتون: القبائل الکردیة، ت/ د. احمد محمود خلیل، اربیل، ٢٠٠٦، ص٢٤.

٦٩- ب. لیرخ: المصدر السابق، ل٣٨.

(٧٠- کلۆدیۆس جێمس ریچ: گەشتنامەکەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و/ محمد حەمە باقی، چ٣، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٦١.

٧١- ا.م. مینتیشاشڤیلی: کورد کورتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابوری ڕۆشنبیریو گوزەران، و/ د، پ، عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٤٨.

# کوردناسی

## لە نێوان ئامانجی ڕۆژهەڵاتناسی و نووسینەوەی مێژووی کورد دا

### گەشتنامەی «ژاك ڕیتۆری» بە نموونە






**فاخر عالی خان ئاودەلی**

ماموستا لە زانکۆی سۆران

قوتابی دکتۆرا لە مێژووی نوێی دەوڵەتی عوسمانی.

کاری ڕۆژهەڵاتناسی هەموو ئەو هەوڵ و کۆششە ڕێکخراو و تاکە کەسیانە دەگرێتەوە کە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا بە شێوەی گەڕیدەیی ڕوویان لە ناوچە وڵاتانی ڕۆژهەڵات کردووە. ڕۆژهەڵاتناسی ڕیشەیەکی دوور و درێژی چەند سەدەیی هەیە، ڕای جۆراجۆر سەبارەت بە سەرەتای دەرکەوتنی مێژووی دەرکەوتنی کاری ڕۆژهەڵاتناسی هەیە، بەڵام تا ڕادەیەک جۆرە کۆدەنگییەک لە نێوان توێژەران دا دروستبووە، مێژووی کاری ڕۆژهەڵاتناسی بۆ کۆنگرەی ڤیەننای کەنیسەیی (١٣١٢ زاینی) دەگەڕێنەوە، لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری دامەزراندنی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانیان لە ئەورووپا ڕاگەیاندووە.

بەمشێوەیە زمانی نەتەوەی کوردیش لە چوارچێوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دوای چەند سەدەیەک لەلای ڕۆژهەڵاتناسەکان کاری لەسەر کراوە، بۆیە دەکرێت سەرەتای کاری کوردناسیی لە سۆنگەی بەرنامە ڕێژی و ئامانجەکانی کۆنگرەی ناوبراوەوە دەستی پێکردبێ، ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەی کە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە کراون، ستراتیژییەتی ناوچەی ژیان و زمان و کەلتوری نەتەوەی کورد سەنگ و بایەخێکی بەرچاوی لەلای گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان دروستکردووە، وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی، کوردەکان بوونەتە کەرستە و ئامانجی کارەکانی گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان، لەگەڵ دەستپێک و هاتنی گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕۆژهەڵات ناوی کورد و کوردستان بۆتە جێی باس و سەر زاری گەڕیدە ڕۆژهەڵاتناسییەکان، لە هەموو بوارەکاندا بایەخێکی تایبەتیان بە ناوچە کوردییەکان داوە.

دەکرێ بگوترێ کاری کوردناسی یاخود کوردۆلۆژی بابەتێکی مێژوویی فرە ڕەهەند و ئامانجی ئایینی، ئابووری، سیاسیی و ئەکادیمییە، بۆ ئەو مەبەستە دامودەزگا فەرمی و ئەکادیمیەکان چەندین نەوەی بواری ڕۆژهەڵاتناسیان پێگەیاندووە، بۆیە کاری زۆربەی گەڕیدە ڕۆژهەڵاتناسییەکان لە ڕوانگەی ئەو ئامانجانەدا بووە و خزمەتێکی زۆریان بە وڵاتەکانیان کردووە. ئەو بابەت و ڕووداوانەی لە کاتی گەڕان و گەشتەکانیاندا بوونەتە جێی سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسەکان، لەسەر ئەو بنەمایە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژیارییانەی نەتەوەی کوردیان کۆڵیوەتەوە، بە تایبەت ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە شێوەی ژیانکردن و زمان و کلتورییەوە هەبووە، بابەتە ئایینی، سیاسیی و ئابوورییەکانیش لە سەرووی هەموویانەوە بووە.

ئەو لێکۆڵینەوە و دیڤچوونانەی کە لە لایەن گەڕیدەکانەوە کراون، چەندین زانیاری ورد و تایبەتیان دەربارەی نەتەوەی کورد تۆمار کردووە، ئینجا گەڕیدەکان بە ئامانجی سەرەکی بووبێت یاخود لاوەکی بەبێ وردبینیکردن و بە دواداچوونی ڕووداوەکان دیمەنی هەر بابەت و ڕووداوێکیان بەرچاو کەوتبێ تۆماریان کردووە، ئەوەی کە بینیویانە و بیستویانە بە پێی بیروبۆچوون و تێگەیشتنی خۆیان نووسیویانەتەوە، لەبەر ئەوە بەشێک لە کاری گەڕیدە ڕۆژهەڵاتناسییەکان زێدەڕۆیی تێدا بەدی دەکرێت، ئەم زێدەڕۆییەش بە کارێکی ئامانجدار بووبێت یاخود هەڵە لە سەرچاوەکاندا تۆمار کراون، لە چوارچێوەی گەشتەکانیادا هەر شتێکی نەخواستراویان لە ناوچە کوردییەکاندا بەسەر هاتبێ ئەوە بە شێوەیەکی خراپ باسیان لە کورد کردووە و کارە خراپەکانیان داوتە پاڵ کورد، ئەو گروپ و کەسە باش و خراپانەی کە لە کاتی گەڕان و گەشتەکانیاندا تووشیان بوونە، لەسەر تەواوی نەتەوەی کوردیان ئەژمار کردووە. لەو بارەیەوە مەسعود محەمەد لە پێشەکی کتێبی بەرکوتیکی خەرمانی کوردناسییدا دەڵێت:

١. نووسەرەکان چ مەبەستێکی ناپەسندی دژایەتی کورد و مێژوو ڕاستییان نەبووە، بە ئارەزوو و ئەنقەستیش ئەو هەڵەیان نەکردووە، ئەگەر زانیبایان کە ڕایەکەیان هەڵەیە هەر نەبێ لەبەر خاتری خۆیان و ناو شۆرەتی زانستیان لە هەڵە دوور دەکەوتنەوە، دیارە بە پێی تێگەیشتنی خۆیان بۆ بابەتەکە ڕۆیشتوون و دوچاری هەڵە بوون.

٢. ئەوسا کە ئەو نووسەرانە خەریکی توێژینەوە بوون لە بارەی زمانی کوردییەوە لە توێژینەوەیاندا هەڵەیان دەکرد، هێشتان هیچ تاکێک لە گەلی کورد پیتێکی لە بارەی زمانی کوردی و ئەسڵ و ڕەچەڵەکییەوە نەنووسی بوو. لەم دوایانەشدا کە زمانزانانی کورد گەیشتنە پایەی توێژینەوە و پشکنینەوەی فیلۆلۆژی سودێکی باشیان لە لێکۆڵینەوەی ئەو ماموستا و گەڕیدە بە هەڵە چووانەی ئەورووپا وەرگرت.

مەسعود محەمەد لەم بۆچوونەیدا زیاتر مەبەستی لە کار و ئامانجی ئەکادیمی ڕۆژهەڵاتناسەکان بووە، چونکە لە هەمان سەرچاوەدا بە نیگەرانییەوە، ڕەخنەی لە کاری ڕۆژهەڵاتناسی گرتووە، مەسعود محەمەد لەوە گەیشتووە کە هەموو ئەو کار و لێکۆڵینەوانەی کە گەڕۆکە ڕۆژئاواییەکان بە مەبەستی زانستی و ئەکادیمی کردوویانە بە هەڵە تێیکەوتوون. بۆیە بەدەر لە کارە زانستی و لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکان، کار و لێکۆڵینەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتناسەکان زیاتر بۆ مەبەستی ئامانجە تایبەتەکانی خۆیان بووە، لەو بارەیەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە زۆربەی کاری گەڕیدەکان هێندەی بۆ مەبەستی بەرژەوەندی و هەژموونی خۆیانیان بووە، هێندە بۆ خزمەتکردن و ناساندنی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات نەبووە، هەر بابەتێک کە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان دوور بووە بە لایەوە دانەچوونە، ئەو ڕووداو و بابەتانەی کە تۆماریشیان کردوون هێندەی باس لە خراپییەکان دەکات ئەوەندە باس لە چاکی و ناساندنی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نەکردووە. لەو ڕوانگەیەوە خوێندنەوەیەکی زانستی و ڕەخنەییانە بۆ گەشتنامەی مسیۆنێری (ژاک ڕیتۆری) (١٨٧٨) دەکەین، لە چوارچێوەی ئامانجی ئایینی و مسیۆنێری گەڕیدە ڕۆژهەڵاتناسییەکان گەشتنامەی ژاک ڕیتۆری تاوتوێ دەکەین.

- ناساندنی کتێبەکە:
- نووسەر: ژاک ڕیتۆری
- ناونیشانی کتێب: گەشتنامەی مسیۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی لە ساڵی (١٨٧٨)
- وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵا
- ژمارەی چاپ: چاپی یەکەم
- چاپخانە: شڤان
- شوێنی چاپ: سلێمانی
- ساڵی چاپ: ٢٠٠٨
- (ژاک ڕیتۆری) (١٨٤١ – ١٩٢١) کێیە؟

ژاک ڕیتۆری لە (٢١ ئابی ١٨٤١) لە فەڕەنسا لە دایکبووە، لە نۆزدە ساڵیدا چۆتە ناو ڕاهیبەکانی سانت ماکسیمین، لە (١٩ تشرینی یەکەمی ١٨٦١) بووە بە دۆمۆنیکانی توولوز، لە ساڵی (١٨٦٥) کراوە بە سەردەستەی ڕاهیبەکانی دێرەی مازیەر، وەک چۆن بەخۆی حەزی لەوە بووە خۆی بۆ کاری مسیۆنێری تەرخان بکات، هەر زوو بانگی دەکەن بۆ کڵێسەی کۆربان، لە ساڵی (١٨٧٤) بە هاوڕێیەتی لیۆنی نوێنەری پاپا دەچێتە میزۆپۆتامیا، سەرەتا وەک قەشە لە نشینگەی مار یەعقوب لە کوردستان جێنشین دەبێ، ژاک ڕیتۆری تاکو ساڵی (١٨٧٩) لە کەنیسەی ماریەعقوب دەمێنێتەوە، لەوێ شارەزای زمان و ئەدەبی ئاسووری و کلدانی دەبێ، لە هەمان کاتدا قوتابخانەیەکی مسیۆنێری فەڕەنسی لە ناوچەکە بەڕێوە دەبات، ساڵی (١٨٧٩) بۆ

موسڵ بانگ دەکرێ و ئەرکی تەواوەتی مسیۆنێری فەڕەنسی پێدەسپێردرێت.

هەر لەو ساڵەدا بووگەشتەکەی لە موسڵەوە بۆ ناوچەکانی هەولێر، کەرکوک و سلێمانی لە (١٧ حوزەیران) دا دەست پێکرد و لە ڕۆژی (١٧ ئاب) گەڕایەوە موسڵ، دوای گەڕانەوەی لە ساڵی (١٨٨١) لەگەڵ دوڤاڵ ڕەوانەی ناو ئەرمەنییەکانی وان دەکرێ و یەکەمین قوتابخانەی مسیۆنێری لەوێ دەکاتەوە، تا ساڵی (١٨٩٣) لەم قوتابخانەیە دەمێنێتەوە. لەم قوتابخانەیەدا فێری هەردوو زمانی ئەرمەنی و تورکی بووە. دوای ناڕەزاییەکی زۆری ناوچەکە پارچە زەویەکی کڕیوە و چەند ژوورێکی لەسەر دروستکردووە. ساڵی (١٨٩٣) لە لایەن (فروهرێرس) بۆ قودس بانگ دەکرێ، لەوێ لە قوتابخانەیەکی تەوراتیدا کە تازە کرابووەوە تا ساڵی (١٨٩٧) دەرسی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دەڵێتەوە.

دوای گەڕانەوەی دووبارە لە وان نیشتەجێ دەبێتەوە و سەرپەرشتی قوتابخانە مسیۆنێرییەکان دەکات. هەر لەم ماوەیەدا ئەرکی بڵاوکردنەوەی مسیۆنێرێکی تایبەتی لە ئێران پێ سپێردراوە، بۆ ماوەیەکیش لە ئێران ماوەتەوە. ساڵی (١٩٠٨) دووبارە بۆ کڵێسەی ماریەعقوب بانگ کراوەتەوە. لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا باس لەوە دەکات کە تورکەکان بێڕێزیان بە مسیۆنێری فەڕەنسی کردووە، هەروەها لە تەمەنی (٧٣) ساڵیدا بە دیلکراوی بۆ ماردین، دیاربەکر و خەرپوت دوور دەخرێتەوە، لەو ماوەیەدا چەند ڕووداوێکی تایبەتی لەبارەی کرستیانەکان تۆمارکردووە و بە کارەساتبار ناوزەندی کردووە، لەسەر داوای موتەسەریف بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ماردین ماوەتەوە، دوای ئەم دوو ساڵە بۆ ئەنقەرە دوور دەخرێتەوە و لە وێشەوە بۆ (کۆنستانتینۆپل)، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕاگەیاندنی ئاگربەست، لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٠) دەگەڕێتەوە موسڵ و لە تەمەنی (٧٩) ساڵیدا لە کاری مسیۆنێری فەڕەنسایی بەردەوام دەبێ، ژاک ڕیتۆری لە (١٤ ئاداری ١٩٢١) لە تەمەنی هەشتاویەک ساڵی بە شێوەیەکی لە ناکاو کۆچی دوایی دەکات. بەمشێوەیە ژاک ڕیتۆری شەست ساڵی تەمەنی لە خزمەتی پیشەی ڕەهبانی و چل و حەفت ساڵی تەمەنیشی لە خزمەتی کاری مسیۆنێریدا تەواو کردووە، هەروەها بۆ ماوەی چل ساڵیش لە نێو ئاسورییەکانی کوردستان و ئەرمەنەکان کاری کردووە. لە دوای خۆی چەندین کتێب و یاداشتنامەی بە جێهێشتووە، ئەم کتێبەی ئێستا یەکێک لەو کتێبانەیە کە ژاک ڕیتۆری بە شێوەی یاداشتکردن لە گەشتێکی دوو مانگیدا تۆماریکردووە.

وەک ئەوەی لە ژیاننامەی «ژاک ڕیتۆری»دا دەردەکەوێت، یەکێکبووە لەو مسیۆنێرە دڵسۆز و چالاکانەی کە هەموو توانایەکی خۆی بۆ بڵاوکردنەوە و یارمەتیدانی کرستیانەکان بە گشتی و ناوچە کوردییەکان تەرخانکردووە، وەک خۆی کە لە گەشتەکەیدا باسی دەکات وێڕای هاندان و هاوسۆزی دەربڕین، بە شێوەی مادديش هاوکاری کرستیانەکانی کردووە. ئەم گەشتەی ژاک ڕیتۆری ڕێک دوو مانگی خایاندووە، لە (١٧ حوزەیرانی ١٨٧٨) لە ناوەندی ولایەتی موسڵ دەستی پێکردووە و لە (١٧ ئابی) هەمان ساڵ گەیشتۆتەوە موسڵ، گەشتەکەی چەند زانیاری و وردەکارییەکی لەسەر گوند و شارۆچکەکانی ولایەتی موسڵ و سێ پارێزگاکەی (هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) تێدایە، لەبەر درێژ نەبوونەوەی بابەتەکە تەنها لەسەر ئەو ڕووداوو بابەتانە دەوستین کە پەیوەندیان بە کورد و بڵاوکردنەوەی بیری مەسیحەتەوە هەیە. ئەم یاداشت و تۆمارەی ژاک ڕیتۆری وەکو خۆی بە شێوەی ئەلقە ئەلقە لە خوارەوە باس دەکەین.

١

## لە موسڵەوە بۆ ئەربیل، زاب، عەنکاوە و مەسیحییەکانی

لە (١٧ حوزەیرانی ١٨٧٨) لەگەڵ کاروانێکی موسڵ بەرەو ئەربیل بەڕێ دەکەوێ، بەبێ دیارکردنی ناوی شوێنەکان بە شێوەیەکی گشتی باسی ڕێگایەکە دەکات، باس لەوەکات کە لە غیابی نەبوونی دەسەلاتێکی بەهێزی دەوڵەت دزوجەردەیەکی زۆر لەسەر ڕێگایەکە بڵاو بوونەتەوە، وەک لە گێڕانەوەکەیدا دەردەکەوێت دزی و جەردەیی لە دەوروبەری موسڵ بووە و لە ناوەندی ئەربیل و دەوربەریدا نەبووە، چونکە کاتێک دەگاتە هەولێر جگە لە باسکردنی لایەنە مێژووییەکەی هیچ ڕووداوێکی دیکەی باس نەکردووە، لێرەدا زانیارییەکی گرنگی باسکردووە، باس لەوە دەکات کە هیچ مەسیحییەک لە ناوەندی هەولێر ناژییت و هەموویان لە عەنکاوە دەژین، هەروەها دەڵێت: بێجگە لە چەند بنەماڵەیەکی جوو دانیشتوانەکەی دیکەی هەولێر هەموویان موسڵمانن. بە خۆشحاڵییەوە لەسەر داوای چەند کرستیانێک دەچێتە عەنکاوە، دوای گەیشتنی بە عەنکاوە کرستیانەکان بە گەرم و گوڕی پێشوازییان لێ نەکردووە، لەبەر ئەوە هەست بە نیگەرانی دەکات، کرستیانەکان ژاکیان وەک گومان لێکراوێک سەیر کردووە، تۆمەت و بانگەشەی ئەوەیان داوەتە پاڵ کە بە نیازی لاتینیزەکردنی بیروباوەڕی کلدانی و کڵێساکانیان چۆتە عەنکاوە، لەوبارەوە بە چەند ڕوونکردنەوەیەکی ئایینی مەسیحی و بیروباوەڕەکەی نیگەرانی خۆی بە خەڵکەکە ڕاگەیاندووە.

٢

## لە عەنکاوە بۆ کەرکوك، زێی بچووك، ئاڵتون کۆپری، شار و مەسیحیاییەتی کەرکوك

دوای مانەوەی چەند ڕۆژێک لە عەنکاوە، بەرەو ڕێگای کەرکوک کەوتۆتە ڕێ، باس لەوە دەکات کە بە چاودێری خودا خۆی لە دزوجەردە پاراستووە، دوای ١٣ کاتژمێر گەیشتۆتە پردێ، باس لە جوانی و شێوەی هەڵکەوتەی پردێی کردووە، دواتر بەرەو کەرکوک بەڕێ کەوتووە، کاتژمێر دووی شەو گەیشتۆتە کەرکوک، وەک دەڵێت: نەیویستووە مەتران جارس بکات ئەو شەوە لە دەرگای چەند ماڵێکی داوە و کەس دەرگایان لێ نەکردۆتەوە، لەبەر ئەوە ناچار بووە لە لاپاڵی کۆلانێک بمێنێتەوە و نیوەچڕ خەوێک بکات، دوای ئەوەی کە هەست بە دزینی شتێکی خۆی دەکات کە لە لایەن ڕێنیشاندەرە ژاندارمەکانی لێی دزراوە، درود بۆ چاکسازییەکانی سوڵتان دەنێری و هەوڵەکانی سوڵتان بەرز دەنرخێنێ، وێڕای نیگەران بوونی لە چەند ڕۆژی سەرەتا، دواتر زۆر خۆشحاڵی خۆی بە مەسیحیەکانی کەرکوک دەربڕیوە، باس لەوە دەکات کە لە کەرکوک جیهانێکی مەسیحی هەرە بەهێزی خواپەرستیم بینی، ڕۆحانیەتی یەکگرتوویی، حەماسەت بۆ جێبەجێکردنی ئایین، ڕێزگرتن و گوێڕایەڵی بۆ مەترانی پیرۆز.

ژاک ڕیتۆری زۆر بە بایەخەوە باس لە گیروگرفت و پێداویستییەکانی مەسیحی و کڵێساکانی کەرکوک دەکات، لە هەبوونی گەرموگوڕی ئایینی خۆشحاڵی و لە کەموکوڕییەکانیش نیگەرانی خۆی دەربڕیوە، وێڕای پێبەخشینی چەند دیاری پیرۆز بە مەتران، چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەکیشی بە مەسیحیەکان ڕاگەیاندووە. ڕیتۆری بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ لە کەرکوک ماوەتەوە، باس لەوە دەکات بە پێشوازیی مەسیحیەکانی کەرکوک خۆشحاڵ بووم، ئەگەر بە ویستی خۆم بوایە ئەوا لەوێ دەمامەوە، بەڵام شوێنی دیکەی کڵێسەی خودا بانگەوازیان بۆ کردووم.

## ٣
## ڕێگای سلێمانی و هۆزی هەمەوەند

لە ڕۆژی (٩ ی تەمموز) لەگەڵ کاروانێک بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتووە، بەشێوەیەکی زۆر خراپ باس لە ڕێگری و چەتە بوونی هۆزی هەمەوەندەکان دەکات، ئەم سیفەت و کردەوانەی ئەو لەبارەی هۆزی هەمەوەندەکان باسی کردوون لە سەرچاوەکانی دیکەش باسیان لێوە کراوە، لێرەدا نامەوێ پاکانە بۆ کارەکانی هۆزی هەمەوەندەکان بکەم، چونکە بابەتێکە بوونی هەبووە، بەڵام ئەوەی لەم باسکردنەی ژاک ڕیتۆری تا ڕادەیەک زێدەڕۆیی تێدا بەدی دەکرێ، چونکە دەکرێ لە ناو هەموو هۆز و نەتەوەیەکدا کەسایەتی باش و خراپ هەبێ، بۆیە ڕیتۆری بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم لایەنە هەموو هۆزی هەمەوەندەکانی بە دز و ڕێگر ناوزەد کردووە، تەنانەت وای نیشانداوە کە هەموو دانیشتوانی ناوچەی چەمچەماڵ ئەم کار و پیشەیان ئەنجام داوە و بژێوی ژیانیان لەسەر ئەم ڕاو و ڕووتکردنەی ڕێبوار و کاروانەکان بووە، ژاک ڕیتۆری لەم بابەتەدا نادادییەکی زۆر بە ناوچەکە دەکات و دەڵێت: « لە سایەی خوادا توانیمان بەبێ هیچ کێشەیەک لەم وڵاتەی دزان تێپەڕ ببین، ڕۆژی ١٠ تەمموز دۆڵی بازیانمان بڕی ئێوارە لە پێدەشتی سلێمانی گەیشتینە شوێنێک کە پێی دەڵێن کانی جنە، لەوێدا شەومان لە ناو ڕەشماڵی گوندێکدا بەسەر برد». هەر لەبارەی دزی و جەردەیی ناوچەی چەمچەماڵ چەند گێڕانەوەیەک باس دەکات، ئەم گێڕانەوانە کەم و زۆر، زیاتر گومانی نادروستی لێدەکرێ نەوەکو ڕاستی، لەبەر ئەوە دەکرێ لە زاری کەسانی دیکە گوێی لێبوبێت و ئەویش خوێ و بۆی پێدا کردبێت.

## ٤
## سلێمانی و مەسیحیایەتی و شار

ڕیتۆری باس لەوە دەکات کە لە سەرەتای گەیشتنی بە سلێمانی، کرستیانەکان پەلەی بینینی ئەویان هەبووە، وەک خۆی باس دەکات دەڵێ: بەهۆی لایەنگرانی جودابوونەوەی کرستیانەکان کە مەبەست لێی بیروباوەڕی کرستیانەکانە، بەم پێشوازیکردنەی کرستیانەکان زۆر خۆشحاڵ بووە، وەک پیشەی گەڕیدایەتی، باسی لە شێوە و پێکهاتەی شار و خەڵکەکەی کردووە، باسی لەوە کردووە موسڵمانەکانی ئەم شارە واتە سلێمانی، بە داب و نەریت و زمان کوردن و هاوسۆزییان لەگەڵ مەسیحییەکاندا کەمە.

## ٥
## تێپەڕ بوون بە ناو هۆزی شوان و ڕێگەی کۆیسنجەق

ڕۆژی ١٩ تەمموز سلێمانیم بەجێ هێشت و هەموو مەسیحیەکان لەگەڵ مندا هاتنە دەرەوەی شار، ڕێگەی کۆیسنجەقم گرتەبەر کە بەهیوا بووم بۆ سبەینێیەکەی بگەمە کۆیسنجەق، بەڵام بڕوام بە هۆزی شوان نییە کە دەبێ بە ناو خاکیاندا تێپەڕ ببم. لەم گەشتەیدا زۆر بە خراپی باسی ئەو کەسانە دەکات کە حاکمی شاری شلێمانی بە مەبەستی ڕێنیشاندان لەگەڵی ناردبوونی، وەک لە گێڕانەوەکەیدا دەردەکەوێت سەختی و زەحمەتیەکی زۆری لە گەڵدا بینیون، هەروەها باس لە هۆزی شوانیش دەکات، لەگەڵ هۆزی هەمەوەندەکان بەراوردیان دەکات، وێڕای ناوبردنیان بە چاوچنۆکی، بە ترسنۆک و ناشایستەشی زانیون، باس لەوە دەکات و دەڵێ: ئەگەر لە ترسی ئەوە نەبوایە کە سڵیان لە ناوی فەڕەنگ دەکردەوە، بێگومان بە کراسەکەی بەریشمەوە ڕووتیان دەکردمەوە.

دوای دابڕان و خۆ دزینەوەی ڕێنیشاندەرەکان باس لەوە دەکات کە بە هەڕەشەی تەواوی تورەیی فەڕەنسا و و سوڵتان توانیم ڕێنیشاندەرێکی دیکە بە دەست بخەم، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە خراپی باس لە ڕێنیشاندەرەکانی دەکات و بە چەپەڵ ناویان دەبات. ژاک ریتۆری باس لەوە دەکات کە لەسەر ڕێگایەکە بیست سوارەیەکیان لێ پەیدا بووە، هۆزی شوانەکان بە هەمەوەندەکان ناویان بردوون و لێیان ترساون. لە درێژەی یاداشتەکەیدا باس لەوە دەکات بە درێژایی ڕۆژەکە لەگەڵ هۆزی شوان لەشەڕ دابووە، هەروەها هۆزی شوانی بە نا میوان دۆست ناوبردووە و ناوچەکەی بە کێوی ناوبردوون. هەروەها باس لە ڕووداوێک دەکات کە هاوڕێگە و ڕێنیشاندەرەکان لەگەڵ تاریک و ڕونی بەیانی لێیان هەڵاتن و دواتر لە ڕێگادا بینیویانەتەوە کە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی دیکە نوێژی بەیانیان کردووە، باسکردنی ئەم ڕووداوە لە لایەن ریتۆری بۆ لێدانی ئایینی ئیسلام بووە، بە شێوەیەکی ئامانج پەنهانی وای نیشانداوە کە ئەو کەسانە کاری خراپ دەکەن و نوێژ و خواپەریستیش دەکەن.

## ٦

## کۆیسنجەق، مەسیحیایەتی شارەکە و کوردەکانی. هەرمۆتە

گەیشتنم بە کۆیسنجەق خۆشی شادی خستە نێو مەسیحییەکان، ئەو بارودۆخ و ڕەوشەی کە خۆیان تێدا دەبینییەوە، حەزیان دەکرد قەناعەت بەخۆیان بکەن کە من هاتووم چارەسەری کێشەکانیان بکەم، ژاک ریتۆری نیگەرانی خۆی بۆ بارودۆخی مەسیحییەکان دەربڕیوە، وای ڕاگەیاندووە کە جگە لە قسە و دڵدانەوە ناتوانێ هیچ بۆ مەسیحییەکانی کۆیە بکات، بە ناوی خوداوە هیوای خوازی بۆ خواستوون.

لە بارەی خەڵکی کۆیەدا دەڵێت: چ موسڵمانێکن؟، خەڵکی شانازیکار دەمارگیر، ڕادەبەدەر جاهیل، بە چاوێکی سوک بێزیان لە مەسیحییەکان دەبێتەوە، تەنها بە ناو و ناتۆرەی گاور و بێ ئیمان بانگیان دەکەن، لە چاوی ئەوان منیش سەرۆکی گاورەکان بووم، لەبەر چاوی ئەوان ناچار بووم خاچەکەم بشارمەوە، بەهۆی گاڵتە کردن بە خانەخوێیەکەی کوردەکانی بە بێ شەرمی ناوبردووە، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: مەسیحییەکان لە ترسی موسڵمانەکان لە ژێر زەمینێکدا پەرستشە ئایینیەکانیان ئەنجام دەدەن، هەروەها کوردەکانی بە دز ناوبردووە، چونکە دەڵێ: هیچ شتێک لەم کڵێسە هەژارەدا نییە کە ببێتە هۆی چاوتێبڕینی دزەکان. نەبوونی قوتابخانەی تایبەت بە مەسیحییەکان وایکردووە کە لە کارە پێشینەکانی خۆی داناوە، ئەوەی ڕاگەیاندووە کە دەبێ لەم وڵاتەدا قوتابخانە بکرێتەوە. هەروەها باس لە گوندێکی جوانی مەسیحییەکان بە ناوی هەرمۆتە دەکات، گوایە ئاغا کوردەکانی کۆیە بە سوود وەرگرتن لە پشێوی بارودۆخی حکومەت و دزەکان لە بن دەستی مەسحییەکانی دەرهێناوە و داگیریان کردووە، باس لەوە دەکات کە شەش بنەماڵە لەوێ مابوونەوە، بەڵام لە سایەی دزەکان ژیانیان لێ تاڵبووە. ریتۆری لە کۆیە نەخۆش دەکەوێت و گەرمی تا دەیگرێت، دەڵێت: مەسیحییەکانی کۆیە هەوڵیانداوە کە سود لە نەخۆشبوونەکەی وەربگرن و لەلای خۆیان بمهێڵنەوە، بەڵام مەسیحییەکانی شەقڵاوە بەپێ هاتبوون پێم بڵێن: (باوکە بە زووترین کات وەرە لای ئێمە، تۆ هەر کە ئاوی سازگار و شیرینی ئێمە بکەی چاک دەبیتەوە).

### ٧
## ڕێگەی شەقڵاوە، ئاوایی شەقڵاوە، چەوساندنەوەی مەسیحییەکان لەلایەن کوردەکانەوە

دوای تەواوبوونی کارەکانم لە کۆیسنجەق، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٣٠ تەمموز لەگەڵ مەسیحییەکانی شەقڵاوە بەڕێکەوتم، باس لە ڕێگە و ئەو ناوچانە دەکات کە پێیدا تێپەڕیوون، بە خۆی ناوچەکە سەرسام بووە، دوای گەیشتنی بە شەقڵاوە بە شێوەیەکی تایبەت لە لایەن مەسیحییەکان پێشوازی کراوە، ئەوەی پێڕاگەیاندوون کە وڵاتەکەیان بەهەشتێکی سەر زەوییە و پێویستە سوپاسی خوا بکەن. لەوەڵامی ڕیتۆریدا پیرە پیاوێک وەڵامی داوەتەوە کەوا کەمێک چاوەڕان بکات ئێستا دەبینێ ئەو بەهەشتەی ئێمە شەیتان دێتە ناوییەوە و هەموو ئەو شتە باشانەی کە خودا بە ئێمەی بەخشییوە لێمانی تاڵ دەکات. ڕیتۆری دەڵێت: پیرە پیاوەکە ڕاستی پێگوتم چونکە دەسەڵاتی کوردی وەک هەموو لایەنەکانی دیکە بە توندی خۆی سەپاندۆتە سەر ئەم وڵاتە. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە مەسیحییەکانی شەقڵاوە و ژاک ڕیتۆری کوردەکانیان بە شەیتان و زاڵم و داگیرکار وێنا کردووە، مەسیحییەکان مەملوک یاخود کرێگرتەی ئاغایەکی شەقڵاوە بوونە و دەبوو ساڵانە سەرانەیەکی زۆر بە ئاغاکان بدەن، هەروەها باس لەوە دەکات کە مەسیحییەکان هەقی ئەوەیان نییە بەرگری لەخۆیان بکەن لەوکاتەی کە کوردێک دەستیان لێ بەرز بکاتەوە، هەتا ئەگەر لەبەرامبەر خۆی ژنەکەشی منداڵەکەی سەر ببڕن، زیاد لەوەش مافی ئەوەشیان نییە بە ئارەزووی خۆیان جلوبەرگ لەبەر بکەن. لەبەر ئەوە کوردەکانی بە چاوچنۆک و دەمارگیر ناوبردووە، باس لە میری شەقڵاوە دەکات کە لە سایەی خزمەت و بێگاری مەسیحییەکان بۆتە گەورەترین و دەوڵەمەندترین موڵکداری ناوچەکە. ڕیتۆری باسی ئەوەشی کردووە کاتێک مەسیحییەک پاشەکەوتێکی لەسەر دەم و نەخواردنی خۆی کردبێ، ئەوە لە کاتی پێزانین، کوردەکان دێن هەمووی تاڵان دەکەن و خۆیشی ئەگەر بە ساغی دەربچێ ئەوە کارێکی خواییە، لەبەر ئەوە خوێنی گاور لە وڵاتی شەقڵاوە زۆر هەرزانە.

### ٨
## کوشتنی سارا، مەسیحییەکانی شەقڵاوە و باخچەکانی ئاوایی

ڕیتۆری باس لە ڕووداوی کوشتنی کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵی مەسیحی دەکات، گوایە بە شێوەیەکی بەربەری کوژراوە، بە گوێرەی گێڕانەوەکانی خۆی باوکی کچەکە لە ژێر فشاری هێرشەکانی میری سۆران موسڵمان بووە و دواتر گەڕاوەتەوە سەر ئایینی مەسیحی، دوای مردنی دایک و باوکی کچەکە موسڵمانەکان داوای کچەکەیان کردووە، ئەوەیان ڕاگەیاندووە دەبێ کچەکە بە موسڵمانی بمێنێتەوە، دوای هەوڵدانێکی زۆر، کچەکە موسڵمان بوونەکەی ڕەتکردۆتەوە، لەبەر ئەوە لە لایەن خاوەن پێگە ئایینییەکان لە مزگەوت کۆبوونەوەیەک دەکرێت و موفتی ئاوایی فەتوای کوشتنی کچەکە دەردەکات، ئەم کارەش لە لایەن دوو فەقێ جێبەجێ دەکرێت. هەر چەندە هیچ شتێک لە بارەی ڕاستی و ناڕاستی ڕووداوەکە نازانرێ، بەڵام ڕیتۆری ڕووداوەکەی بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشانە گێڕاوەتەوە و ناخی هەموو مەسیحییەک دەهەژێنێت کە بیخوێنێتەوە، چونکە وێنایەکی وای نیشانداوە کە پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی لە پێناو خوادا قوربانی دەستی موسڵمانەکانن و بە هەموو شێوەیەک لە لایەن کوردە موسڵمانەکان دەچەوسێنرێنەوە. وێڕای ناشیرنکردنی ئایینی ئیسلام وێنەیەکی زۆر ناشیرین و نەخوازراوی بە کوردەکان داوە.



«هەرکییەکان خاڵی لە یەکچوویان لەگەڵ فەڕانسایییەکاندا هەیە، هەرکییەکان وریا و ڕاشکاو و زۆر تێکەڵاون. بەڵام ئەم سیفەتە چاکانەیان بە غەریزەی تاڵان و بڕۆیی بە هەدەر داوە».

هەروەها مەسیحییەکانی شەقڵاوەی بە باشترین گرووپی کاتیۆلیکی نێو کلدانیەکانی زانیووە.

ژاک ڕیتۆری دوای ١٥ ڕۆژ مانەوەی لە شەقڵاوە، باس لەوە دەکات دەڵێ: دەبوو لەو خەڵکە میهرەبانە جیا ببمەوە، ڕوانینی بەدبەختیان و خۆڕاگرییان پەیوەندیەکی هاوسۆزی لە نێوان من ئەواندا دروستکردبوو، گڵکۆی سارای بێگوناهـ زیاتر نەرم و نیانتری کردبوو، حەزم دەکرد زیاتر بمێنمەوە بۆ ئەوەی دۆستایەتیمان زیاتر گەرم و گوڕتر بێت.

٩

## گەڕانەوە، ڕێگەی شەقڵاوە بۆ عەنکاوە، هۆزی هەرکی و گەڕانەوە بۆ موسڵ

بەیانی ڕۆژی ١٣ ئاب، ماڵئاوایم لە مەسیحیایەتی خۆشەویستی شەقڵاوە کرد، بە هاوەڵی چوار کورد کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد یەکێک لە ئەسپەکانم هی ئەوانە بە ڕێکەوتم، هەتا لە شەقڵاوە بووم بە هێز دەستیان بەسەر داگرتبوو، بەڵام میر لە ترسی کونسوڵی فەڕەنسی لە موسڵ بۆیان گێڕامەوە. باس لەوە دەکات من چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کە گەشتەکەم بە هێمنی لەگەڵ ئەوانەدا نەبڕم، ڕاستیەکەی کە لە ناو چیایەکان ونبووین بە چەکەکانیان هەڕەشەیان لێکردین، بەڵام بۆ یەکەم جار توانیمان چەکەکانیان لە دەست دەربهێنین. ئەم مقۆمقۆیەی نێوانیان بەردەوام بووە.

لە ڕێگادا ئەوەی بینیوە باسیکردووە، باسی هۆزی هەرکی کردووە، دەڵێت: هۆزی هەرکی خۆیان دەگێڕنەوە سەر ڕەچەڵەکی فەڕەنسییەکان، دەڵێ: بیستومە کەوا کوردی دیکەش هەمان شانازی بەخۆیانەوە دەکەن، ئەگەرچی دەشزانن دوپاتکردنەوەیان هیچ بنەمایەکی نییە. لێرەدا خۆیان وا نیشانداوە کە ڕەگەزی خۆیان زۆر لەوە بەرزتر و گەورەترە کە کەسانێکی لەو شێوەی کورد خۆیان بگەڕێنەوە سەر ڕەگەزی فەڕەنسییەکان. هەروەها باس لەوە دەکات کە هەرکییەکان خاڵی لە یەکچوویان لەگەڵ فەڕانسایییەکاندا هەیە، هەرکییەکان وریا و ڕاشکاو و زۆر تێکەڵاون، بەڵام ئەم سیفەتە چاکانەیان بە غەریزەی تاڵان و بڕۆیی بە هەدەر داوە.

لە ڕوانگەی ئایینیەوە باس لەوە دەکات کە کوردەکان لە سەدەی یەکەمی زایینی بوونەتە مەسیحی، لەبەر ئەوە ژمارەیەکی زۆری کڵێسە و دێر ئێستا بەرچاو دەکەون. هەر لەو ڕوانگەیەوە دەیەوێ لایەنگیری بۆ ئایینی مەسیحی پەیدا بکات و دەڵێت: هەرکییەکانمان واتە هۆزی هەرکی، زۆر چاک دەزانن کە لە چەند دەورانێکدا باوباپیرانیان مەسیحی بوون و شیمانەی ئەوە هەیە کە ئەوان دوایەمینی ئەم گەلانە بن کە واز لە مەسیحی بێنن، چونکە تا ئەم ڕۆژانە ترادسیۆنەکانیان پاراستووە. هەروەها هەرکییەکان لە هەموو هۆزەکانی دیکە زیاتر لەگەڵ مەسیحییەکان تێکەڵن، ان شاالله بەمزوانە کڵێسە دەسەڵاتی ئایینی خۆی لە ناو ئەم گەلانە دادەمەزرێنێ، بۆ ئەوەی فێری ئەو فەزیلەتەیان بکات کە لێی دوورکەوتونەتەوە.

ڕیتۆری ئەوەی نیشانداوە کە فەزیلەت و گەورەیی تەنها لە ئاینی مەسیحییەتدا هەیە، هەموو ئەو شتانەی کە باسیکردوون بەهۆی ئایینەوە بووە، بە ناڕاستەوخۆ گومان و تاوانی ڕووداوەکان دەخاتە سەر ئاینی ئیسلام. ڕیتۆری ئێوارەی ڕۆژی ١٣ ئاب دوای یازدە کاتژمێر ڕۆیشتن گەیشتمەوە عەنکاوە، دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە عەنکاوە، ڕۆژی ١٧ی ئاب گەیشتمەوە موسڵ.

## «ئەنجامی گەشتەکەی ڕیتۆری»

ژاک ڕیتۆری وەک گەڕیدەیەکی مسیۆنێری ڕۆژهەڵاتی، لە کۆتایی گەشتەکەیدا خەمباری، دڵخۆشی و سوپاسگوزاری ڕاگەیاندووە، خەمباری بۆ خراپی بارودۆخ و سەختی ژیانی مەسیحییەکان دەربڕیوە، دەڵێ: من لە پێناو عیسای مەسیح سەفەرم کردبوو کەچی بە سوک سەیر دەکرام و دڵیان شکاندم، هەروەها بەوەش دڵخۆش بووم کە ئەو هەموو مەسیحییە میهرەبانانەم بە چاوی خۆم بینی، من لای ئەم مەسیحییە هەژارانە کۆڵەمەرگی جەستەیم بینی، من بەختیارم کە توانیم لە سایەی ئەو دەستگیرۆییە خێرخوازییەی بڵاوکەرەوەی ئایینی و قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بڕێکی سووک بکەم، هەروەها توانیم بە دەنگ ئەو کڵێسە هەژارانەوە بچم بەوەی ئارایشت و جلوبەرگی ئایینییان بەسەر دابەش بکەم، ئەو بڕە پارەیەی کە لەگەڵ خۆم بردبووم هەموویم لێ خەرج کرد، ئەمەش لە سایەی خێرخوای ژنانی کاری تەبشیری و مسیۆنی دۆمینیکان بوو کە لە بن نەدەهات و ئێمە پشتمان بەو بەستبوو. هەر لە چوارچێوەی گەشتەکەیدا باس لەوە دەکات و دەڵێ: ناتوانم سەربوردەکەم تەواو بکەم و سوپاسی دەسەڵاتکارانی تورک نەکەم، چاکەیان نکوڵی لێ ناکرێت و هەمیشە یارمەتیان داوم، ئەوە بۆ من قەرەبوکردنەوەیەکی شادمانانە بوو بۆ ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی کە لە لایەن کوردەکانەوە چەشتم، خودا پاداشتی ئەوەیان بداتەوە کە چاکەیان بۆ مسیۆنێری و هەژارەکان هەبووە، خودا لەوانەش ببوری کە خراپەیان بەرامبەر کردووم.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان کردوویانە، لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییە ئایینی، ئابووری، سیاسییەکانیان بووە، کەم کارییان لە پێناو خزمەتی زانستی بوون و ئەکادیمی بووبێت، هەرچەندە ژمارەیەک لە نووسەر و لێکۆڵەران باس لەوە دەکەن و دەڵێن گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان خزمەتێکی زۆریان بە کوردناسی کردووە، ئێمە بە پێچەوانەوە لەم بۆچوونە دەڕوانین، چونکە هەرچەندەی شتی زانستیان لەسەر کورد نووسیبێ کە زۆر کەمە، بەشی ڕاستکردنەوەی ئەو هەموو هەڵە و وێنە خراپانە ناکات کە بە شێوەیەکی زۆر نازانستی و داخ لە دڵانە دراونەتە پاڵ کورد، ئەو هەڵە و وێنە ناپەسندانەی کە دراونەتە پاڵ کورد بە هەزارەها توێژینەوە و کاری ڕاگەیاندن ڕاست ناکرێتەوە. هەموو ئەو دروشم و قسە باق و بریقانەی کە ئێستا لەسەر پێکەوە ژیانی ئایینی دەگوترێن هەمووی قسەی پوچ و بێ بەهان، ئەم دروشم و قسە قەبانە تەنها بۆ ئەو کاتە دەگوترێ کە لە بەرژەوەندی ڕۆژئاواییەکاندا کۆتایی بێت، بۆ ئەو ئامانجەش لە هیچ شتێک نەگەڕاونەتەوە و دەستیان بۆ هەموو کون و کەلەبەرێک بردووە. هەروەها هیچ بەڵگەیەکی زانستیش نییە کە نوسین و قسەی ئەو گەڕیدانە پشتڕاست بکاتەوە، ئەو ڕووداوانەی کە ژاک ڕیتۆری باس دەکات تەنها تایبەت نەبووە بە مەسیحییەکان، بەڵکو خەڵکانی دیکەش لە هەمان شێوەی ژیاندا ژیاون، چونکە کۆمەڵگەی سەدەی نۆزدەهەم پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی خێڵایەتی و دەرەبەگی بووە و زۆرینەی خەڵک ژیانێکی هاوچون یەکیان هەبووە.

# کوردناسی ڕووسی مینۆرسکی
# چمکێ لە ژیاننامە و چالاکی و بیر و بەرهەمەکانی لە بواری کوردۆلۆجیدا






**پ.ی. د. زریان حاجی**

لەدایکبووی ١٩٨٢، سلێمانی. ماستەر و دکتۆرا لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی (سەدەکانی ناوەڕاست). مامۆستا لە بەشی شوێنەوار و مێژوو/ زانکۆی سلێمانی. سێ کتێبی چاپکراوی هەیە.

مینۆرسکی یەکێکە لە دیارترینی مێژوونوس وکوردناسە گەورەکانی نەک ڕووسیا، بگرە جیهان بەگشتی کە بەزۆرێک لە زمانەکانی جیهان بابەتی نووسیوە، لەم چوار چێوەیەشدا بەچاوپۆشی لە مەبەستەکانی دەتوانین بڵێین خزمەتێکی یەکجار گەورەی بە کورد و بەمێژووی کورد و نووسینەوەی ئەو مێژووەش کردووە، هەر هێندەی ڕەنگبێ بەس بێت، کە توانی بنەچەی کورد و ڕەگەزیان بەهەموو جیهان و کورد خۆشی بناسێنێت، کەچی ئەم کەسایەتییە تا ئێستا لە ناوەندە فەرهەنگی و کلتوریەکانی کوردی دا وەک پێویست نە ناسێنراوە، لە بارەی ژیاننامە و بەرهەمەکانی و کارو چالاکی یەکانی و بوارەکانی بیر وباوەڕەکانیەوە شتێکی ئەوتۆ نەوتراوە، بۆیە پێمان وایە کە لێکۆڵینەوە و نووسین لەبارەی کەسایەتییەکی وا تەنانەت بەکوردناسەکانی تریشەوە کارێکی پێویستە تا هیچ نەبێت خۆمان وەک کورد ئەوانە بناسین و لێیان تێبگەین کە لە بارەمانەوە نووسیویانە و لێکۆڵینەوە و دراساتیان لەسەرکردووین.

لەم نووسینەماندا هەوڵ ئەدەین، کە مینۆرسکی کوردناس لە ڕووی ژیاننامە و کەسایەتی و چالاکی یەکانی لەبواری کوردناسی و بەرهەمەکانیشیەوە بناسێنین بەهیوای ئەوەی کە بتوانین هیچ نەبێت وەک لە ناونیشانەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە چمکێک لەبارەی ژیاننامەو کارو چالاکی یەکانیەوە دەربخەین.

(لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا بوو، وڵاتە جوانە ڕزاوەکەتانم بینی، بێگومان ئێستا پێشکەوتووە، بەڵام من وائەزانم کە پێشکەوتنەکەی لەسەر خۆیە، دانیشتوانیم خۆش ئەویست و ئێستاش خۆشم ئەوێن، من زۆر بەختیارم لەم کۆڕە جیهانی یەدا کورد ئەبینم و هاتوون بەدووای ڕۆشنبیری خۆیاندا دەگەڕێن) وتەی مینۆرسکی لەبەرامبەر کوردە بەشداربووەکانی کۆنگرەی بیست وپێنجەمی ڕۆژهەڵاتناسی جیهانی لەمۆسکۆ ساڵی ١٩٦٠

## باسی یەکەم:
## ژیاننامەو کەسایەتی مینۆرسکی:

**یەکەم: لەدایک بوون و پێگەیشتن و خوێندنی:**

ڤلادیمێر ڤیۆدۆرۆڤیچ مینۆرسکی لە ٥ی شوباتی ١٨٧٧ لەگوندی (کۆرجیڤا) کەدەکەوێتە باکوری خۆرئاوای مۆسکۆوە هاتۆتە دنیاوە، لەوێ گەورە دەبێت و پاشان ڕوودەکاتە خوێندن و پلەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مۆسکۆ تەواو دەکات، پاش ئەوەی کە لە ناوەندیدا بە پلەی نایاب دەیبڕێت و خەڵاتی مەدالیای ئاڵتون وەردەگرێت، ئەمە ڕێگای بۆ ئاسان دەکات لە زانکۆ بەشی یاسا وەربگیرێت لەساڵی ١٨٩٦ دا و لەساڵی ١٩٠٠ بەسەرکەوتوویی ئەم کۆلێجەتەواو دەکات، لەپاڵ خوێندنی لەکۆلێجی یاسا لەپەیمانگای تایبەتی زمانە رۆژهەڵاتییەکان کە ڕۆژهەڵاتناس لازاریف سەرپەرشتی دەکرد دەیخوێند، ئارەزووی لەتەواو کردنی ئەم بوارەش هەبوو بۆیە تا ساڵی ١٩٠٣ لەم پەیمانگایەدا بەردەوام دەبێت ولێرەوە ئیدی چاوی بەدنیای ڕۆژهەڵاتناسی و خوێندنی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دەکرێتەوە لەسەردەستی مامۆستاکانی ئەوێ، کەچەندین ڕۆژهەڵاتناسی گەورەبوون لەوانە: (لازاریف و ف أ کورش و بارون ستاکلبلرک و ستافرس ساکۆم و س.دزریونیان و أ.ی. کریمسکی)، مێژووی ڕۆژهەڵاتیشی لەسەردەستی ڕۆژهەڵاتناسی گەورە (ف. میللر) خوێند، زمانەکان و مێژووی ڕۆژهەڵات دەخوێنێت و باش کامڵ و پەروەردەدە بێت بۆ بواری ڕۆژهەڵاتناسی و تاکەسایەتیەکی وای لێدەربچێت، کە بەڕاستی ڕۆژهەڵاتناس بێت لەهەموو بوارەکاندا...

**دووەم: کارکردنی لەبواری دبلۆماسیەت دا:**

مینۆرسکی پاش تەواو کردنی پلەکانی خوێندن ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە کاری دیبلۆماسی ڕووسی و لەوبوارەدا وەک کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی



## لەکاری دبلۆماسیەکەیدا خەریکی لێکۆڵینەوە و گەڕان و زانیاری کۆکردنەوە بووە لە بارەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وەك ڕاپۆرتێك پێشکەشی بەڕووسیای دەکردەوە.

ڕووسیا وەردەگیرێت، ئەمەش ڕەنگە لەبەرئەوە بوو بێت کە مینۆرسکی سەرباری ئەوەی کەسایەتیەکی یاسایی بووە، لەهەمان کاتیشدا کەسایەتیەکی شارەزاو لێزانێکی باشیش بووە لەبواری زمان و مێژوو کەلتوری ڕۆژهەڵاتەوە، بۆیە هەر لەسەرەتاکانی کارکردنیەوە لە و بوارەدا کۆمەڵە پۆستێکی پێدەدرێت لەوانە:

لەساڵی ١٩٠٤ – ١٩٠٨ دەکرێت بەڕاوێژکاری باڵوێزخانەی ڕووس لەتاران و تەبرێز، هەروەها لەساڵی ١٩١٣ بەئەندامی لیژنەی دیاریکرنی سنوور لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا دادەنرێت، دوای ئەمە سەر لەنوێ کرایەوە بە ڕاوێژکاری باڵوێزخانەی ڕووسیا لەتاران و لەم پۆستەشدا تاساڵی ١٩١٩ ماوەتەوە، پاشان دەچێتە فەرەنساو لە وێش ماوەیەکی کورت لەو باڵوێزخانەیەدا کار دەکات، پاش ئەمە واز لە کاری دبلۆماسی دەهێنێت و ئیدی ڕوودەکاتە بواری ڕۆژهەڵاتناسی و بەتایبەتیش ئێرانناسی و کوردناسی و لەپاریس دەبێتە مامۆستا، پاش ئەمە لەساڵی ١٩٣٢ دا دەچێتە لەندەن و لەوێ لە قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتیدا دەست دەکات بەوانە وتنەوە، لەپاش مردنی سەرۆکی بەشی ئێرانناسی لەم قوتابخانەیە پرۆفیسۆر د.ڕۆسای لەساڵی ١٩٣٧ دا مینۆرسکی لەشوێنی ئەبێتە سەرۆکی ئەم بەشە لەم پۆستەشدا دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٤١ کەلە پۆستەکەی لادەبرێت بەڵام هەر بەئەندامی فەخری ئەو خوێندنگایە دەمێنێتەوە.

سەرباری ئەمانە لەچەندین کۆنگرەی جیهانی گەورەی ڕۆژهەڵاتناسیدا بەشداری کردووە وەک کۆنگرەی بیستەمی ڕۆژهەڵاتناسی کەلەبرۆکسل بەسترا تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەربارەی (نەژادی کورد) پێشکەش کرد.. لە ٢٥ ی مارتی ١٩٦٦ دا لە لەندەن کۆچی دوایی کرد و لەڕۆژنامەو گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهانی و سۆڤێتیدا ووتاری ماتەمینی بۆ نووسراوە.

**سێیەم: چالاکییەکانی لە بواری کوردناسی لەماوەی ژیانییدا:**

ئەتوانین بواری چالاکییە سیاسی و ڕۆژهەڵاتناسی و بیرەکانی مینۆرسکی دابەش بکەین بەسەر سێ ماوەی سەرەکییدا ئەوانیش:

**قۆناغی یەکەم: (قۆناغی ژیانی لە ڕووسیا):**

ئەم قۆناغەی بەبوارەکانی خوێندنی لە کۆلێجی یاساو هەروەها پەیمانگای لازاریف بۆ زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دەست پێدەکات، دواتر کارە دبلۆماسییەکانی تادەگاتە هەڵایسانی شۆڕشی بەلشەفیک لەڕووسیا ١٩١٧.

لەم ماوەیەدا لەکاری دبلۆماسیەکەیدا خەریکی لێکۆڵینەوە و گەڕان و زانیاری کۆکردنەوە بووە لە بارەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وەک ڕاپۆرتێک پێشکەشی بەڕووسیای دەکردەوە، ئەم کارەی ڕەنگبێت بۆ مەبەستی سیاسی و وڵاتەکەی

بووبێت، بەڵام لەم ڕێگایەوە توانی خزمەتێکی بەرچاو بەگەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەنێویشیاندا بەتایبەتی کورد بکات، لەو سەردەمدا تێبینی و لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەزمانی ڕووسی پێشکەش دەکرد، لەکارە گرنگەکانی ئەم ماوەیەی کتێبی (ئەهلی هەقە) کە لە ساڵی ١٩١٩ لە مۆسکۆچاپ کراوە، ئەم کتێبەی لەئەنجامی دەسکەوتنی چەندین بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتی مێژوویی بەنرخەوە هات، کە لە تاران دەستی کەوت و سەربارى ئەوەی کەتوانیبووی چەندین پەیوەندی بەهێز لەگەڵ شوێنکەوتوانی ئەم تایەفە ئاینی یەدا ببەستێت، هەروەها یەکێکی تر لەبەرهەمە بەنرخ و دیارەکانی ئەو سەردەمە کتێبە بەناوبانگەکەیەتی بەناوی (کورد تێبینی و وورد بوونەوە) کە بەیەکێک لەناوازەترینی بەرهەمەکان دادەنرێت کە لەبواری کورد ناسیدا نوسرابێت.

لەم ماوەیەدا مینۆرسکی ڕاستەوخۆ لە گەلانی ئێران وتورک و عەرەب و تورک کورد کۆڵیوەتەوە و سەردانی گوند و ناوچە سەختەکانی کردووەو پەیوەندی کردووە بەخەڵکی ئەو وڵاتانەوە دەربارەی هەڵس و کەوت و ژیان وخورەوشتی ژیانی هاوڵاتیانی نووسیووە و فێری زمانیان بووە.

**قۆناغی دووەم: (سەردەمی فەرەنساو بەریتانیا):**

ئەم ماوەیەی ژیانی مینۆرسکی نێوان هەڵایسانی شۆڕشی بەلشەفیک لە ڕووسیاو جەنگی جیهانی دووەم دەگرێتەوە، لەسەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی بەلشەفیک لە ڕووسا مینۆرسکی دژی ئەم شۆڕشە بوو، لە تارانەوە دژایەتی ئەکرد و دژی سۆڤیەت بوو، تاکار گەیشتە ئەوەی کەتارانی بە جێهێشت و ڕووی کردە فەرەنسا و لەوێ چووە باڵوێزخانەی ڕووسیا لە پاریس کە ئەو کات زۆرێک لە دژەکانی ڕووسیا لە وێدا کۆبووبوونەوە، بەڵام زۆر لە گەڵ ئەمانیش کاری نەکرد و بەیەکجاری وازی لەکاری دبلۆماسیەت هێناو خۆی بۆ بواری ڕۆژهەڵاتناسی یەکلا کردەوە، لە خوێندنگای زمانە زیندووەکانی ڕۆژهەڵاتدا لەپاریس دەستی کرد بەوانە ووتنەوەی ئەدەبی ئیسلامی و پاشان وانەی مێژووی ئیسلام و تورکیای لەزۆرێک لە کۆلێج و زانکۆکانی فەرەنسادا وتووەتەوە.

لەساڵی ١٩٣٢ دا ڕووئەکاتە لەندەن و لە وێ لە خوێندنگای ڕۆژهەڵاتناسی و زانکۆی لەندەن وانەی ئەدەب و مێژووی وڵاتانی وتۆتەوە، لەم قۆناغەدا مینۆرسکی چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگی بەبواری ڕۆژهەڵاتناسی و گەلانی ڕۆژهەڵات و کلتورو داب و نەریتیان، بەزمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی پێشکەش کردووە و بڵاو کردۆتەوە، هەروەها چەندین بەرهەمی بەنرخی بەو زمانانە لە دائیرەی مەعاریفی ئیسلامیدا نووسیووە، لەدیارترین ئەو بەرهەمانەی کەپەیوەندی بەکوردناسیەوە هەبێت لەم سەردەمەدا (کورد و کوردستان) و (لەک و لوڕ)ە کەبەهەمان شێووە دووبەرهەمی ناوازەی نووسەرن.

**قۆناغی سێیەم: (کارەکانی لەماوەی خانەنشین بوونیدا):**

لەم ماوەیەدا کۆمەڵە بەرهەمێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتناسی پێشکەش بەوڵاتەکەی کردووەو کۆمەڵە کارێی گرنگی ئەنجام داوە لەدیارترینیان کتێبی (شرف الزمان) ی تاهر مروازی لەساڵی ١٩٤٢دا وەرگێڕایە سەر زمانی ڕووسی و پێشکەشی زانکۆی مۆسکۆی کرد، لەساڵی ١٩٤٣ دا کاتێک کتێبی (تذكرة العلوم) بڵاوکرایەوە پێشکەشی کرد بەرۆژهەڵاتناسە سۆڤیەتییەکان، هەروەها زۆر نزیک بۆتەوە لە ڕۆژهەڵاتناسە سۆڤیەتییەکان و نامەگۆڕینەوە لە نێوانیاندا هەبووە و ئەم هاتووە لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی بەرهەمە ڕۆژهەڵات ناسیەکانیانەوە کەلەیەکێتی سۆڤیەت بڵاویان ئەکردنەوە نووسیوەو بڵاوی کردونەتەوە.

مینۆرسکی بۆیەکەمجار لەپاش شۆڕشی

بەلشەفیەتەوە لەساڵی ١٩٦٠دا سەردانی ڕووسیای کردۆتەوەو بەشداری لە کۆنگرەی بیست وپێنجەمی ڕۆژهەڵاتناسی جیهانیدا کردووە کە لە مۆسکۆ بەستراوە و پاشان لەم گەشتەیدا سەردانی لینینگراد و باکۆو تەفلیسی کردووە، لەلایەن دەستەو ڕێکخراوە ڕووسیەکانەوە لە سەرجەم ناوچەکاندا بووەتە جێگای ڕێزو خۆشەویستی و چەندین خەلاتی ڕۆشنبیری و زانستی پێبەخشراوە، لەدیارترینی هەوڵەکانی تریش ئەوەیە کە مینۆرسکی پێش ئەوەی بمرێت وەسیەت ئەکات کە سەرجەم کتێب و دەسنووسە بڵاو نەکراوەکانی پێشکەش بکرێت بە کتێبخانەی زانکۆی گەلانی ئاسیای ڕۆژهەڵات سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت لە لینین گراد، پاش مردنی سەرجەم بەرهەمەکانی گواسترایەوە بۆ ئەو شوێنەی کەئاماژەی بۆکردبوو لە وەسیتەکەیدا، بەشێکی تایبەتی بۆدانرا بەناوی کتێبخانەی مینۆرسکی یەوە، کە ئەکرێت ئەمەشی لە بواری چالاکی و بەرهەم دا بۆ حساب بکەین چوونکە بەم کارەی توانی خزمەتێکی باش بە لێکۆڵیاران و ڕۆژهەڵاتناسان بکات کەبیانەوێت کار لەسەر ڕۆژهەڵاتناسی بکەن لەلایەک و لەلایەکی تریش پاراستنی سەرجەم بەرهەمەکانی بوو لە لەناوچوون و فەوتان، کارو چالاکیەکانی مینۆرسکی لەبواری ڕۆژهەڵاتناسیدا بەگشتی و بەتایبەتی کوردناسیدا بایەخێکی گەورەیان هەیەو بەسامانێکی بەنرخی وادائەنرێت کەناتوارێت بەهای بۆدابنرێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەهەوڵیداوە لەزۆرێک لەنووسینەکانیدا بێلایەنی خۆی بپارێزێت و بەزانستیانەو وورد لەبابەت و مەسەلەکان بکۆڵێتەوە ڕاستە ڕەنگبێت لە هەندێک شوێندا کەوتبێتە هەڵەوە و باش مەبەستەکانی نەپێکابێت بەڵام هەروەک وتمان زۆرینەی بەرهەمەکانی جێگای بایەخە.

## باسی دووەم: لێکدانەوەی بیروباوەڕی مینۆرسکی لە دیدگای بەرهەمە کوردناسیەکانیەوە:

ئەتوانین بەرهەمەکانی مینۆرسکی لەبواری کوردناسی بەتایبەتیدا دابەشبکەین بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا ئەوانیش:

یەکەم: کتێب: لەدیارترینی کتێبەکانیشی لەم بوارەدا (کورد تێبینی و ورد بوونەوە) کەیەکێکە لەناوازەترینی بەرهەمەکانی و تیایدا باسێکی ڕاستەوخۆی کورد و بنەچەو ڕەگەزو شوێن و نیشتمان و جوگرافیا و مێژوو و کەلتورو داب ونەریت و ڕەوشت و ئایین و زمان و ئەدەب ورۆشنبیری کورد بەشێوەیەکی زۆر وردو جوان دەکات وروونی دەکاتەوە، ئەم بەرهەمەی لە ساڵی ١٩١٥دابڵاو کراوەتەوە کە د.مارف خەزنەدار وەریگێڕاوەتە سەرزمانی عەرەبی و حەمەسەعید حەمەکەریم یش وەریگێڕاوەت ەسەر زمانی کوردی، هەر لەم کتێبەیەتی، کە بیردرۆزە گرنگەکەی خۆی بۆ سەلماندنی بنەچەی کورد دەخاتە ڕوو ئەویش گەڕاندنەوەیانە بۆ سەر مادەکان و بەڕوونی وەڵامی بیردۆزەکانی تریش دەداتەوە، کە دەیگێڕنەوە بۆ سەر کاردۆخی و هەروەها چەندین بیردرۆزی دیکە، ئەم بیردۆزەی بەیەکێک لەدروستترین ئەو بیردۆزانە دادەنرێت، کە تا ئەو کاتەو بگرە ئێستاشدا لەبارەی کورددا وترابێت، زۆرێک لە مێژووناسان و ئەکادیمیان پشتیان پێبەستووەو بەڕاستیان داناوە، کەسەرجەم بابەتەکانی تری لەداهاتوودا لەسەر ئەم بیرەوە دارشتۆتەوە ، تەنانەت لەدوادواکانی تەمەنیشیدا لەسەر ئەم بیرەی هەرمایەوە و پشتگیری لێکرد و وەڵامی ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتناسانی تری پێداوەتەوە، ئەوەتا بەچەند ماوەیەکی کەم بەر لەمردنی لێکۆڵینەوە یەکی دیکەی زانستی گرنگ لەبارەی بنەڕەتی کورد

دەنووسێت بەناوی (کورد نەوەی میدیەکانن)، و تیایدا بەوردی باس لەبنەچەی کورد دەکات و دەیباتەوە سەر میدیەکان، ئەمانیش جیادەکاتەوە لەفارسەکان و ئەمەش بەبەڵگەوە ڕوون دەکاتەوە، گرنگی ئەم بابەتەشی لەوەوە دێت کەپاش سی ساڵ لەدوای دەرچوونی بۆ چوونەکەی تریەوە جەختی لێکردۆتەوە، هەروەها کتێب (چەند لێکۆڵینەوەیەک لەمێژووی قەوقاز) کە لە ساڵی ١٩٥٣ دا بڵاو کراوەتەوە مینۆرسکی ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەشێوەیەکی زۆر وورد تایبەت کردووە بە باس کردن لە هەردووخێزانی کوردی شەدادی و ئەیوبی، کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا رۆڵێکی دیاریان لە ڕووداوەکاندا هەبووە دوو بنەماڵەی ناودارن و هەردووبنەماڵەش دوو دەوڵەتی گەورەی کوردیان بنیاتناوە، هەروەها هەرلەبارەی کوردەوە لەسەردەمی ئیسلامیدا لەچەند کتێبێکی تریشیدا ئاماژەی بۆ کردووە لەوانە کتێبی (سنووری جیهان) کەلەساڵی ١٩٣٧ دا بڵاو کراوەتەوە.

دووەم: لێکۆڵینەوەو بابەتی نووسراو: لە دیارترینی نووسراوەکانیشی لەم بوارەدا ئەوانەن کە لە (دائیرەی مەعاریفی ئیسلامیدا) بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانەش دوو بابەتە بەناونیشانی (کورد و کوردستان)، وەهەروەها لەگۆڤاری لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقیدا لەدیارترین بابەتەکانیشی لەم گۆڤارەدا بەناوی (گۆران) لە ساڵی ١٩٤٣ دا بڵاوی کردۆتەوە، هەروەها بابەتێکی تریشی بەناوی (ناوە مەغۆلیەکان لەشوێنەکانی کوردستانی موکریاندا)، سەرباری ئەمانەش ئەو بابەتەیەتی کەباس لەبنەڕەتی کورد دەکات بەناونیشانی (کورد نەوەی میدیەکانن) هەروەک لەسەرەوە لێی دوایین.

سێیەم: پیداچوونەکان: ئەم پێداچوونەوانەی مینۆرسکی کە بۆ زۆرێک لەبەرهەمە کوردناسیەکانی تر، یاخود ئەو بەرهەمانەی کەئەچنە چوارچێوەی بواری کورد ناسیەوە ئەنجام داوە بەدیارترین سەرچاوە ئەزانرێن لەبارەی دەرخستنی بیرو بۆچوونەکانی مینۆرسکییەوە لە بارەی کوردناسییەوە، لە دیارترینی ئەو بەرهەمانەش کەمینۆرسکی پێیدا چۆتەوە ئەتوانین کتێبەکەی (الكاكائية في التاريخ) مێژوناسی عێراقی عباس العزاوی دەستنیشان بکەین کەلەساڵی ١٩٥٣دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها دوو بابەتی گرنگی تری وەک گەشت نامەکانی (ابى دولف مسعر بن مهلهل) بەناوی (الرسالة الثانية) و وە بابەتی (فصول من تاريخ الباب وشروان)ی (منجم باشى) کە لەساڵی ٤٩٨ک (١١٠٤ز) دا بەزمانی عەرەبی دانراون وباس و خواستێکی گرنگ و تایبەتیان تیایە سەبارەت بەمێژووی کورد بەتایبەتی لە سەردەمی ئیسلامیدا و ناوچە کوردیەکان، مینۆرسکی پیایاندا چۆتەوەو لە سەریانی نووسیوە و پاشان بڵاوی کردوونەتەوە، سەرباری ئەمانە هەوڵیداوە بە بەرهەمە زمانەوانیەکانی کەسە نووسەرەکانی یاخود بیردۆزەکانی ئەو زمانەشدا بچێتەوەو ڕەخنەی خۆی ئاراستەیان بکات بۆ نمونە کاتێک کە زانای زمانەوانی گەورەی کوردی (تۆفیق وەهبی) دێت بنەماکانی زمانی لاتینی دادەنێت و لەکتێبێکدا بڵاوی ئەکاتەوە مینۆرسکی بەهۆی ئەو شارەزایی و لێزانینە زۆرەی کەهەیبووە لەبواری زمانەوانیدا دێت ڕەخنەی لێدەگرێت و بەنامەیەک هەندێک شتی بۆ ڕاست ئەکاتەوە، لەوانە پێی دەڵێت باش وایە کەلەجێی ئەوەی بۆ خ KH ئەمە دابنێیت ئەوە باشتر وایە کە X دابنرێت، ئەگەر لەم بۆچوونە بکۆڵینەوە دەبینین بەڕاستی ڕایەکەی لەجێگای خۆیدا و دەردەکەوێت کەچەندە ئەم کەسایەتی یە لەفۆنەتیکی کوردی یان زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان شارەزابووە.

## باسی سێیەم: پێڕستی سەرجەم بەرهەمە کوردناسییەکانی بەپێی ماوەی مێژوویيان:

### یەکەم: بەزمانی ڕووسی:

١. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە وەک ڕاویژکارێکی باڵویزخانەی گشتی ڕووس لە تەوریز لەکاتی گەشتەکانیدا بۆ مەراغە و ناوچەی ڕووباری جاگات و تاتاو لەسەرەتای ئابی ١٩٠٦دا کۆی کردۆتەوە، کەلە (دەنگوباسی سەرکردایەتی ناوچەی قەفقاسی جەنگی ژمارە ٢٠ ی ساڵی ١٩٠٧ی ل٣٣ – ٥٥) دابلاوبۆتەوە.

٢. لێکۆڵینەوەیەک کە وەک ڕاوێژکارێکی باڵوێزخانەی گشتی ڕووس لە ئازەربایجان، لەکاتی گەشتەکانیدا بۆ ناوچەی ماکۆ لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥دا، کە لە (کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات ل١ – ٦٢ ی ساڵی ١٩٠٩دا لەگەڵ نەخشەیەکی ناوچەکەدا) بڵاوبۆتەوە.

٣. ئەهلی حەق یاخود (عەلی ئیلاهی یەکان) پێشەکی، تێکست، وەرگێڕان، مۆسکۆ ١٩١١.

٤. هەندێک زانیاری دەربارەی دانیشتوانی چەند ناوچەیەکی کوردی لەسەر سنوری تورکی فارسی لە (کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات ١٩١٥ بڵاوکراوەی دووەم ل ٤٣٣ – ٤٨٠).

٥. کورد تێبینی وورد بوونەوە، پیترۆگراد، ١٩١٥. (ئەم کتێبە د.مارف خەزنەدار کردوویەتی بەعەرەبی و حەمەسەعید حەمەکەریم کردوویەتی بەکوردی).

٦. گەشتی نوێنەرانی ڕووس و ئینگلیز ((مینۆرسکی و سیپلی)) لە ٦/ ئەیلویی/ ١٩١١ دا بۆ ناوچەکانی فارس کەتورکیا داگیری کردبوون (کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵانت بڵاوکراوەی دووەم، لاپەڕەی ١ – ١٣٢ لەگەڵ نەخشەیەکدا بڵاوی کردۆتەوە).

٧. سنوری تورک و فارس کەلەلایەن مینۆرسکی یەوە وەک نوێنەرێکی ڕووس دیاری کراوە لە ساڵی ١٩١٤ (کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات ١٩١٥بڵاوکراوەی دووەم ل٢١٩ – ٤٣٢ ،لەگەڵ شەش نەخشەو ١٢ وێنە.

٨. سنوری تورک و فارس لەلایەن مینۆرسکی یەوە (دەنگ و باسی کۆمەڵەی جوگرافی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی ١٩١٦ بەرگی ٥٥ بڵاو کراوەی پێنجەم ل٣٥١ – ٣٩٢ لەگەڵ ٩ نەخشەو ٣ خشتەو یەک وێنە.

٩. دێرینی ماکۆ، تێبینی گەڕۆکێک، پترۆگراد ١٩١٦ ل٢٩ لەگەڵ ٨ خشتەدا.

١٠. کێلەشین و کۆنترین پاشماوەی مێژوویی لە نزیک دەریاچەی وان (بڵاو کراوەی بەشی ڕۆژهەڵاتی کۆمەڵەی پاشماوەکانی ئیمبراتۆریەتی ڕووسی ١٩١٦ بەرگی ٢٤ ل ١٤٥ – ١٩١ بەزمانی ئینگلیزی).

١١. مەسەلەی موسڵ (ناوەندی ڕاپرسی کێشەکانی جیهان سەر زانکۆی ئەمریکی لە پاریس لە ١٥ ی نیسانی / ١٩٢٦ ژمارە ٩–١٠ ل ١–٤٤ لەگەڵ دوونەخشەدا).

١٢. تێبینی دەربارەی ئەلف و بێی کوردی لاتینی (گۆڤاری کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی تەموزی ١٩٣٣ بەشی سێیەم ل٦٤٣ — ٦٥٠).

١٣. ڕاپۆرتێک دەربارەی کتێبی (أ.م. هاملتۆن) گەشتێک لەکوردستاندا، لەندەن ١٩٣٧، چاپی یەکەم (بڵاوکراوەی قوتابخانەی ڕۆژهەڵات و لێکۆڵینەوەکانی ئەفریقی ١٩٣٧ بەرگی نۆیەم ژمارە ١).

١٤. ڕاپۆرتێک دەربارەی کتێبی (تی، ر، لچ یاسا کۆمەڵایەتی ئابووریەکانی ڕەواندوزی کورد لەندەن ١٩٤٠ گۆڤاری جوگرافی نیسانی ١٩٤١).

١٥. گوران (بڵاوکراوەی قوتابخانەی ڕۆژهەڵات و لێکۆڵینەوەکانی ئەفریقی ١٩٤٣ بەرگی یانزەهەم بەشی ١ ل٧٥ – ١٠٣ د.ناجی عەباس ئەم ووتارەی کردووە بەکوردی بروانە گەلاوێژ ژمارە ٥–٩

بەغداد ١٩٤٢.

١٦. هۆزەکانی ڕۆژئاوای ئێران (گۆڤاری زانکۆی ئەنسرۆپۆلۆجی شاهانە ١٩٤٥ بەرگی ٧٧ بەشی ١،٢ ل ٧٣ – ٨٠).

١٧. ڕاپۆرتێک دەربارەی کتێبی (ێ. سافراستیان ، کوردەکان و کوردستان، لەندەن ١٩٤٨ لایدن ١٩٥٠ ژمارەی ٢ ل ٥٠ – ٥١.

١٨. لێکۆڵینەوەی مێژووی قەوقاس لەندەن ١٩٥٣ لاپەڕەکانی ٩،٢١ ، ٣٢، ٣٧ ، ١١٣،١١٦ ، ١٢٤ ، ١٤٦.

١٩. ناوی شوێنەکان لەکوردستانی موکریان بەزمانی مەغۆلی (بڵاوکراوەی خوێندنگەی ڕۆژهەڵاتی و لێکۆڵینەوەی ئەفریقی ١٩٥٧ بەرگی نۆزدەهەم ژمارە ١).

٢٠. مێژووی شیروان و دەربەند لەهەردوو سەدەی دەیەم و یانزەیەمی زاینی دا (کە لە بنەڕەتدا بەئینگلیزی نووسراوەو کراوە بەڕووسی) مۆسکۆ ١٩٦٣.

**دووەم: بەزمانی فەرەنسی:**

٢١. تێبینی دەربارەی ئەهلی هەق (گۆڤاری جیهانی ئیسلامی ١٩٢٠ بەرگی ٢٥ و٢٦ ل ١٩–٩٧.

٢٢. تێبینی دەربارەی ئەهلی هەق (گۆڤاری مێژوو ئاین) ١٩٢٨ بەرگی ٤٥ ژمارەی یەکەم لا ٩٠ – ١٥٠.

٢٣. کتێبێکی کوردی (گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ئیسلامی)١٩٣٠ بەرگی چوارەم بەشی یەکەم ل١٥٧–١٦٠.

٢٤. فەرمانڕەوایی دیلەمێیەکان (بڵاوکراوەی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی ئێرانی و فارسی) پاریس ١٩٣٣ ژمارەی سێیەم ل ٢٦.

٢٥. دەربارەی پەیوەندیەکانی تورکیاو ویتاڵیا لەسەدەی پانزەهەم دا (بڵاوکراوەی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی ئێرانی و فارسی) پاریس ١٩٣٣ ژمارەی هەشتەم ٢٣.

٢٦. نەژادی کورد لەکتێبێکدا (ڕاپۆرتەکانی کۆنگرەی بیستەمی ڕۆژهەڵاتناسی جیهانی لەساڵی ١٩٣٨) دا برۆکسل ١٩٤٠ ل ١٤٣ – ١٥٢.

٢٧. تێکستی کوردی کۆن (بڵاو کراوەی مەبەڵبەندی کوردناسی پاریس ١٩٥٠ ژمارەی ١٠ ل ٨–١٠).

سێیەم: چەند ووتارێک لەدائیرەی مەعاریفی ئیسلامیدا:

٢٨. کورد ، کوردستان بەرگی دووەم چاپی فەرەنسی ل ١١٩٦ – ١٢٢٢، چاپی ئینگلیزی ل ١١٣٠ – ١١٥٥، چاپی ئەڵمانی ١٢١٢ – ١٢١٤٠.

٢٩. لەک ، بەرگی سێیەم چاپی فەرەنسی ل ١١ – ١٢ ، چاپی ئینگلیزی ل ١٠ – ١١، چاپی ئەڵمانی ل ١١ – ١٢.

٣٠. لوڕ ، لوڕی گەورە و لوڕی بچوک، چاپی فەرەنسی ل ٤٣ – ٥١ ، چاپی ئینگلیزی ل ٤١–٥٠، چاپی ئەڵمانی ل٤٥ – ٥٤.

## پێڕستی سەرچاوەکان

١- مینۆرسکی: کورد تێبینی وورد بوونەوە، وەرگێڕی عەرەبی د.مارف خەزنەدار، وەرگێڕانی بۆ کوردی حەمەسەعید حەمەکەریم ، ١٩٨٣ ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

٢- طارق محمد عبدالله: المستشرق فلاديمير ميمورسكي وكتاباته عن الكرد في العصر الاسلامي حتى نشوء الخلافة العثمانية، ٢٠٠١ ، الطبعة الاولى، مؤسسة موكريان للطبع والنشر، لاپەڕەکانی ٤٥-٧٤.

٣- مینۆرسکی: الاكراد أحفاد الميديين، ترجمة د.كمال مظهر أحمد ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی یەکەم: بەشی یەکەم لاپەڕەکانی ٥٥٢ - ٥٦٣ ساڵی ١٩٧٣.

٤- ب.م. دانتسيغ: الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ترجمة وتعليق،د.معروف خزنەدار، ١٩٨١ ، بغداد دارالرشيد للنشر ، لاپەڕەکانی ٣٥٨ - ٣٦١

٥- ڤلادیمیر مینۆرسکی: مینۆرسکی و کورد ،کۆمەڵە ووتار ، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، هەولێر چاپی یەکەم ، ٢٠٠٢ ، دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٦- محەمەد ئەمین زەکی: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سلێمانی چاپی نوێ ٢٠٠٠ ، بەرگی یەکەم و دووەم دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، لاپەڕەکانی ٣٤ - ٣٩.

٧- ابی دولف مسعر بن مهلهل الخزرجي: الرسالة الثانية، أعتنى بنشرها و.مينورسكي الاستاذ بكلية لندن، مطبعة جامعة القاهرة ١٩٥٥.

٨- أحمد بن لطف الله معروف ب(منجم باشي) اعتنى بنشرها وتعليق عليها و.مينورسكي الاستاذ بجامعة لندن...

٩- کاغەزێکی بڵاونەکراوەی مینۆرسکی بۆ تۆفیق وەهبی: م.ج.ڕۆژبەیانی ، گۆڤاری ڕەنگین ، ژمارە ٧ مایسی ١٩٨٨ ،ل ٢١.

١٠- د.حنان اخميس: أصـــل الآكـــراد. سایتی ئەنتەرنێتی، www.FreeArabi.com

١١- ش. باشالار: اصطلاحى كرد وكردستان، سایتی ئەنتەرنێتی، http://members.lycos.jpg.nl/kirkukcity/ex٢

# ئەولیا چەلەبی

## کوردناسێکی عوسمانی





ئا: بژار عوسمان ئەحمەد

ماستەر لە مێژوو، زانکۆی سەکاریا/ تورکیا

خوێندکاری دکتۆرا لە مێژوو لە مالیزیا.

لەمێژوودا زۆرێک لە کوردناسان گرنگیان بەژیانی هەمەلایەنەی کورد و کوردستان داوە و تەنانەت سەردانی ناوچە کوردییەکانیشیان کردوە و ژیانی هەمەلایەنەی کوردیان بەچاوی خۆیان بینیوە و زانیارییان لەبارەوە یاداشت کردووە، یەکێکیش لەوانە ئەولیا چەلەبییە، کە لەماوەی گەشتە ٥١ ساڵییەکەی ژیانیدا چەندین جار بەکوردستاندا گوزەری کردوە، لەگەڵا ناسینی و تێگەیشتن لە کلتور و شارستانییەتی کوردی، ئەوا هەڵی فێربوونی زمانی کوردی داوە و چەندین وشە و ڕستەی بەزمانی کوردی لە دەستنوسەکەیدا یاداشت کردووە. بۆ زیاتر ناسینی ئەولیاچەلەبی بە پێویستی دەزانین کورتەیەک لە ژیانی ئەو باس بکەین و ئینجا باس لە تێگەیشتنی ئەو بۆ زمانی کوردی بکەین.

## ژیانی ئەولیا چەلەبی:

ئەم گەڕیدە عوسمانییە ئەولیا کوڕی دەروێش محمد زللی  بە ئەسل خەڵکی شاری کوتاهیە(١) یە، لە ١٠ ی موحەرەمی ساڵی ١٠٢٠ک / ١٦١١ز لە خانوە وەقفەکانی (ساغجلەر) لە ئون قابی لە استانبۆڵ لەدایکبووە(٢)، لەبارەی لەدایکبوونییەوە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی (سیاحەتنامە)دا هەمان ئاماژە بە بەرواری لەدایکبوونی خۆی دەکات و دەڵێت لە مزگەوتی (یەنی جامع) هاتۆتە دونیاوە(٣). ئەولیا لە ژیانی خۆیدا هیچ هاوسەرگیری نەکردووە، هەرچەندە بۆ ئەمە لەوانەیە بەردەوامی گەڕان و گەشتکردنی کردنی هۆکارێک بێت بۆ هاوسەرگیری نەکردنی(٤)، بەڵام سەرچاوەیەکیتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەولیا دەکەوێتە داوی عەشقی کچێکی (ترابزۆن)ی(٥) و دوای ئەوەی ئەولیا توشی هەندێک کێشە دەبێت لەوناوچەیە(٦) ئەوا ئەم کچەی نادەنێ و ئەویش دواتر ئەم شارە جێدەهێڵێت (٧). بەڵام بۆ ئەم بابەتە لە هیچ سەرچاوەکیتردا ئاماژەی بۆ نەکراوە و و هیچ سەرچاوەیەکی بەهێز پشت ڕاستی ئەم قسەیەی نەکردووە.

سەبارەت بە کات و شوێنی لەدایکبوونی ڕای جیاواز هەیە لەنێوان نوسراندا، هەندێکیان دەڵێن ئەولیا لەتەمەنی ٧١ ساڵی و لەساڵی ١٦٨٢ لە استانبۆڵ کۆچی دوایی کردووە (٨)، هەندیکیتر دەڵێن لەو کاتەی لەمیسر دەگەڕیتەوە لە ساڵی ١٦٨٢ کۆچی دوایی کردووە، هەندێکیتر دەڵێن لە ساڵی ١٦٨٤ کۆچی دوایی کردووە و بەشداری ئەو گەمارۆیەی دەوڵەتی عوسمانی کردووە کە بۆسەر شاری ڤیەننای پیاتەختی نەمسا ئەنجام دراوە(٩).

سەبارەت بە شەجەرەی بنەماڵەکەشی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆنەوەی پێغەمبەر (ص) (١٠) هەروەها خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆنەوەی (ئەحمەد یەسەوی)(١١)، هەروەکو لە بەرگی شەشەمی کتێبەکەیدا زنجیرەیەک لەناوی باوک و باپیرانی دەژمێرێت و دەڵێت» دەروێش زللی کوڕی قەرە ئەحمەد کوڕی دەمیرجی زادە قەرە مستەفا کوڕی یاوز کوڕی ئەجە یەعقوب کوڕی ئەلهوەردی ئاکای کوڕی محمد کریمانی کوڕی مامۆستا ئەحمەد یەسەوی کوڕی محمد حەنەفی تا ئیمام زەین العابدین کوڕی ئیمام حوسەین کوڕی ئیمام عەلی و فاتیمەی زەهرا کچی پێغەمبەر (ص) (١٢). باوکی ئەولیا، واتە دەروێش محمد زللی، سەرۆکی زێرنگرانی سەرای عوسمانی و دایکیشی ناوی ئەبازەیە، کە کەس و کاری ئەمیش لە ناو سەرای عوسمانی و دەوڵەتدا کاربەدەست بوون(١٣).

سەبارەت بە ژیانی زانستی و ئاینی ئەولیا، دەبینین ئەم دوولایەنە پەیوەیستەی یەکترین لەژیانیدا، ئەو هەر لەمنداڵیەوە وەکو کەسێکی زیرەک و لیهاتو دەرکەوتوە و یەکەم قۆناغی خوێندنی لە قوتابخانەی گەرەکەکەی خۆی (مەکتەبی سبیان) خوێندویەتی و زانستە ئیسلامیەکانی لەوێ خوێندووە، دواتر لە ناوچەی ئون قاپی لە استانبۆڵ لە مەدرەسەی شیخ الاسلام (حەمید ئەفەندی) دەرسی خوێندوە. هەروەها بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەسەردەستی مامۆستا ئەفاش

ئەفەندی دەرسی خوێندوە (١٤) ئەولیا هەروەکو خۆی دەڵێت لە لای چەندین مامۆستا دەرسی خوێندوە و لە لای مامۆستا محمد ئەفەندی قورئانی لەبەر کردووە، هەروەها دواتر لە قوتابخانەی شادی زادە (دارالقرائی شادی زادە) بۆماوەی ١١ ساڵ دەرسی خوێندوە، هەروەها لە سەردەستی باوکی فێری خۆش نوسی و جوان نوسی لەسەر بەرد هەڵکەندن بووە (١٥). ئەولیا لە شاگردەکەی باوکیەوە فێری زمانی ڕۆمی بووە، هەرەوەها زمانەکانی عەرەبی و فارسی و فیربووە و لە برادەرێکی باوکیەوە بەناوی وەستا سیمۆن زمانی لاتینی و یۆنانی فێربووە (١٦).

ئەولیا و زمانی کوردی

به گشتی هەر شارستانییەتێک خاوەنی زمانێکە بۆ گەیاندنی پەیام و پڕۆگرامەکەی، هەروەها شارستانییەتی ئیسلامی ئەگەرچی لە کۆندا زمانی شارستانییەتەکە عەرەبی بووە بە گشتی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئاینی ئیسلام و قورئان بەم زمانەوە بووە، بەڵام لەگەڵا ئەمەشدا میلەتەکانیتر زمانی خۆیان لەبیر نەکردووە و پارێزگارییان لە زمانی خۆیان کردووە. تەنانەت لە سەرەتای مێژووی ئیسلامدا زمانی فارسی زمانی کاروباری دەوڵەت بووە و دواتریش کاروباری دەوڵەت کرا بە زمانی عەرەبی، ئەمەش بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن لە کاروباری دەوڵەت و ئاسانکاری بۆ خەلیفە و کاربەدەستانی دەوڵەت. لەگەڵ ئەمەشدا بە هاتنی عوسمانییەکان بۆ سەر حوکمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو کۆتا دەوڵەتی ئیسلامی و میراتگری شارستانییەتی ئیسلامی، ئەوا زمانی عوسمانی کرا بە زمانی گشتی دەوڵەت و کاروباری ناوەخۆی دەوڵەتی ئیسلام. دواتر لەگەڵ هاتنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ناوچەکە، ئەوا زمانی شارستانییەتەکە دەبێت بە زمانی عوسمانی. زمانی عوسمانی زیاتر تێکەڵەیەکە لە زمانی فارسی و کوردی و عەرەبی و تورکی، وە لە یاسای ڕێزمانییەکەشیدا سودی لە ڕێزمانی ئەو زمانانە وەرگرتوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکەین لە سەدەی١٧ز دا لە ناوچەکەدا جگە لەوەی زمانی عوسمانی لە لایەن فەرمانبەران و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانییەوە بەکار هێنراوە، ئەوا زمانەکانیتریش بە کارهێنراون لە لایەن خەڵکەوە، چونکە لە ناوچە کوردنشینەکان چەندین کەمەنەتەوە و ئاین و ئاینزای جیاواز دەژین، وەکو: ئیسلام، مەسیحی، یەهودی، زەردەشتی، یەزیدی... هتد هەروەها ئەو زمانانە لەوسەردەمی بوونیان هەبووە و لە لایەن خەڵکانەوە بەکارهێنراوە وەکو زمانی کوردی، عەرەبی ، تورکی عوسمانی، فارسی (١٧) سریانی، عیبری. لە لایەن خەڵکەوە قسەی پێکراوە. ئەولیا چەلەبی لەبارەی زمانی خەڵکی ویلایەتی شارەزوور و موسڵ و میرنشینی بادینان بەگشتی و لەکاتی باسکردنی زمانی خەڵکی موسڵ دا دەڵێت «شێوەزاری تایبەت لەلایەن خەڵکەوە بەکار هێنراوە، خەڵکی موسڵ زوو تێدەگەن لە زمان و قسەکردن و سروشتی خاک و هەوایان پاکە، هەر لە باوک باپیرانیانەوە چەندین شێوەزاری زمانی کوردی دەزانن. هەروەها بەزمانی فارسیش قسە دەکەن. هەروەها لەخواروی موسڵەوە بەرەو بەغدا بڕۆی وشەی عەرەبی و مەوالی عەرەبی دێتە ناو زمانەکەیان و قسەکردنیان. لەگەڵ ئەمەش دا لە ناوچەکەدا زمانی ئەرمەنی لەلایەن ڕاهیبان بەکار دەهێنرێت. کە ئەمەش لە زمانی کوردییەوە نزیکە. بۆ نموونە ڕستەیەک بەکار دەهێنن: هەی گۆزوم ڤارمیشە، واتە: بڕێ گیانم هەرەدەیدن؟»(١٨).

هەروەکو دەبینین لەسەدەی ١٧ز دا زمانی خەڵکی موسڵ بە شێوەیەکی سەرەکی کوردی بووە و ئینجا زمانی عەرەبی و عوسمانیش هەبووە، بەڵام لەمڕۆدا، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە عەرەبن، ئەوا زمانی عەرەبی زمانی یەکەمی ناوچەکەیە و تەنانەت شێوازێکی تایبەتی قسەکردنیان هەیە کە پێی دەڵێن موسڵاوی.

کورد لەبەر ئەوەی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی

ناوچەی شاخاوی بووە، بۆیە دەبینین پەیوەندییەکانی نێوانیان قورس و گران بووە و هەر ئەمەش وایکردووە چەندین جۆر شێوەزارییان هەبێت. هەروەکو دەبینین ئەولیا چەلەبی دوازدە جۆر زمانی کوردی بۆ ئێمە هەژمارکردو و دەڵێت «کوردەکان لەبەر ئەوی لەناوچەی شاخاوی و چر و عاسێ ژیاون، بۆیە خاوەنی دوازدە جۆر زمانی کوردین. وە هەر ناوچەیەک وشە و عیبارەت و قسەکردنی تایبەت بە خۆی هەیە. تەنانەت کوردی دوو ناوچەی جیاواز ئەگەر قسە لەگەڵ یەک بکەن و ناوچەکانیان لە یەکتری نزیک بێت ئەوا بەزەحمەت لەیەکتری تێدەگەن ، بەڵام ئەگەر ناوچەکانیان لە یەکتری دوور بێت ئەوا بە وەرگێڕانەوە لە یەکتری تێدەگەن». لەگەڵ ئەمەشدا ئەولیا چەلەبی چەندین شێوەزاری بۆ زمانی کوردی ژماردوە، کە بە شازدە دانە شێوەزاری کوردی دادەنێت، لەوانە: کوردی زازاکی، لولو، هەرکاری چلۆ، عەونیقی، مەحمودی، شێروانی، جەزیرەیی، پیسانی، شەنگالی، هەریری، ئەردەلانی، سۆرانی، خالیدی، چەکوانی، ئامێدی، ڕۆژەکی. لیرەدا ئەو زمانانە کە لەیەکتری ناگەن وەکو ئەردەلانی و ڕۆژەکی و چەکوانی ئەو شێوەزارانە لە یەکتری دوورن و لەیەک ناچن. هەروەکو لەزمانی ئەردەلانیدا ڕستەیەک بەکاردەهێنێت و دەڵێت «سو ڤەر، واتە: ئاب بێە»(١٩).

ئەولیا چەلەبی لە باسکردنی مێژووی زمانی کوردیدا پشت بەزانیارییەکانی کتێبی مەقدیسی دەبەستێت و لەبارەی زمانی کوردیەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ مەلیک کوردیم کوڕی پێغەمبەر نوح (علیە السلام) کە لەوەوە ئەم زمانە دروست بووە، هەوەکو دەڵێت «لە دوای تۆفانەکەی پێغەمبەر نوحەوە یەکەم شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤایەتی ئەوا شاخی جودی یە، کە ئەم شارەش مەلیک کوردیوم دەبێتە حاکمی. ئەم حاکمە شەش سەد ساڵ ژیا و زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەڕا و دواتردەچێتە میافارقین و ئاو و هەوای ئەوێی بەدڵ دەبێت و لەو شوێنە نیشتەجێ دەبێت. لەوێدا نەوە و ڕۆڵەکانی زۆر دەبن و زمانێکی تایبەت بە خۆی دادەنێت کە لە زمانی عیبریەوە نزیکە. کە ئەم زمانەش نە عیبری و نە عەرەبی و نە فارسی و نە پەهلەوی و نە زمانی دەری یە. تاکو ئێستاش بەو زمانە دەڵێن زمانی کوردی، وە بە خاکی میافارقین و ناوچەکەش دەڵێن کوردستان. ئەم زمانە لە مەلیک کوردیوم و کوڕی نوحەوە ماوەتەوە و چەندین شێوەزاری لێکەوتەوە، وەکو: کوردی زازاکی، لولو، هەرکاری چلۆ، عەونیقی، مەحمودی، شێروانی، جەزیرەیی، پیسانی، شەنگالی، هەریری، ئەردەلانی، سۆرانی، خالیدی، چەکوانی،... هتد»(٢٠). لێرەدا ئەوەی بینیمان ئەولیا چەلەبی چونکە هێندە لە ناوچەکەدا ژیاوە تەنانەت شێوازی زمانی کوردی و شێوەزاریشی دیاریکردووە، بەڵام ئەوەی گرنگە لە شێوازی زمانی کوردییەکەدا، ئەوا شێوازی قسەکردنی خەڵکی ناوچەکەی بە زمانێکی تایبەتی کوردی هەژمارکردووە، هەروەکو دەڵێت» کوردی زازاکی، لولو، هەرکاری چلۆ، عەونیقی، مەحمودی، شێروانی، جەزیرەیی، پیسانی، شەنگالی، هەریری، ئەردەلانی، سۆرانی، خالیدی، چەکوانی، ئامێدی، ڕۆژەکی هەیە»(٢١).

لەگەڵ ئەمەشدا ئەولیا چەلەبی کاتێک باسی زمانی کوردی دەکات، چەندین وشەی کوردی بەکاردەهێنێت و دەڵێت ئەمە کوردی سۆرانییە، بەڵام ئەگەر لە خشتەکانی داهاتو سەیر بکەین دەبینین، ئەو شێوەزارەی ئەولیا چەلەبی بەکارهێناوە شێوەزاری کرمانجی سەرو (بادینی) یە، نەوەک سۆرانی. لەگەڵ ئەمەش دا ئەگەرچی ئەولیا چەلەبی لە باسکردنی زمانی کوردی سۆرانیدا هەڵەیکردووە، ئەوا لە تێیگەیشتنیشیدا هەڵەی هەیە. واتە هەم هەڵە تێگەیشتوە لەزمانی کوردی وە بە هەڵەش لە کتێبەکەیدا وەرگێڕانی لە کوردیەوە بۆ تورکی عوسمانی ئەنجامداوە. ئێمە لێرەدا لەم دوو خشتەیەی خوارەوە وشە و عیبارەت و ڕستە کوردییەکان ڕیکدەخەین.

| لەنوسخە عوسمانییەکەدا | کوردی/سۆرانی | بەژمارە |
|---|---|---|
| یک | یەک | ١ |
| دو | دوو | ٢ |
| سە ٢٢ | سێ | ٣ |
| چار ٢٣ | چوار | ٤ |
| پنج | پێنج | ٥ |
| شش | شەش | ٦ |
| هفت | حەوت | ٧ |
| هشت | هەشت | ٨ |
| نە | نۆ | ٩ |
| دە | دە | ١٠ |
| یاکزدە ٢٤ | یازدە | ١١ |
| دازدە | دوازدە | ١٢ |

هەروەها دەربارەی ڕستە و وشە کوردییەکانی کە بۆ زمانی عوسمانی وەریگێڕاوە، لەم خشتەیەی خوارەوەرێکیدەخەینەوە کە لەمانا و نووسینیدا هەر هەڵەیەکی هەبووبێت. لەگەڵ ئەمەشدا لە هەندێ وشە نە لە ماناکەی و نە لە ئەسڵی وشەکە تێنەگەیشتوین.

| نوسخەی عوسمانییەکە | کوردی بەشێوەزاری بادینی | کوردی بەشێوەزاری سۆرانی |
|---|---|---|
| - لو کرمانجی وارە رونی - سن کورد کل اطور | - تو کرمانجی وارە رونی | - تو کرمانجی ورە دانیشە |
| - سلامت هاتە - صاغ کلدک | - سلامەت هاتی | - سەلامەت هاتی |
| - حالتە چیە - ندر حالک | - حالێ تە چیە | - حاڵی تۆ چیە |
| - خوش قلاوی - ایی خوشم | ............ | ............ |
| - هرە شوغلی خو - کت کندک اشکە | - هەرە شوغلی خۆ | - بچۆ ئیشی خۆت |
| - حسبی سواربە - اتە بن | - هەسپی سواربە | - سواری ئەسپ بە |
| - ورە رونی - کل اگور | - وەرە رونی | -وەرە دانیشە |

| | | |
|---|---|---|
| –وەرە خواریَ – کل اشغی | – وەرە خوار | – ورە خوار |
| – هرە ژور – کت یوقار | – بچۆ ژور | – هەرە ژور |
| – برِۆ بینە– کت کتر | – هەرە بینە | – هر بین |
| – نان هەیە – اکمک واری می | – نان هەیە | – هیە نان |
| – هەیە – فار | – هەیە | – هیە |
| – چی هەیە بینە – ارپا ڤارسە کتر | – چی هەیە بینە | – جە هیە بین |
| – مریشک هەیە بینە – طاوق وارسە کتر | – مریشک هەیە بینە | – مرشک هیە بن |
| – نازانم مریشک – بلم طاوغی | – نزانم مریشک | – نزانم مرشک |
| –تۆدرۆی دەکەی –سن یلان سویلرسن | – تو درۆ دکەی | – تو درو دکە |
| – هەیە چەندە – وار صتارسن | – هەیە چەندە | – هیە چندک |
| – نازانم برۆ بیهینە – بلمم کت کتر | – نزانم هەرە بینە | – نچانم هرە بن |
| – رادبم سریتە چارتانکم بسر خانتە<br>– قالقارم باشنی دووردیرەدیرار خان باشچون | – رادبەم سەری تە چادکەم ب سەریَ خانیَ تە | – هەڵ دەستم سەری تۆ لەچوار جێوە بریندار دەکەم بەسەری خانی تۆ – |
| – ورە رونی کرمانج بسەر میرتە<br>– کل اطور کورد بک باشیچون | – وەرە رونی کرمانج ب سەر میریتە | – وەرە دانیشە کرمانج بەسەری میری تۆ. |
| – وەرە – کل | – وەرە | – ورە |
| - هرە – کت | – هەرە | – برۆ |
| – رابە – قالق | – رابە | – هەڵسە |
| – چانم – بیلرم | – دزانم | –دەزانم |
| - نازانم | – نزانم | – دزانم |
| - نان – اکمک | - نان | – نان |
| – او– صو | - ئاڤ | - ئاو |
| کوشت– ات | – گوشت | گۆشت– |
| – هنکوی– بال | – هەنگوین | – هەنگوین |
| – دبس | ............. | ............. |
| – بکهن | | |

| | | |
|---|---|---|
| - تره- اوزوم | - ترێ | - ترێ |
| - زبش- قارپوز | .................... | .......................... |
| - هژیر- انجیر | - ئەنجیر | - هەنجیر |
| - بچن - قیون | - کاڵەک/ گندۆره | - کاڵەک/ گندۆره |
| - بزن- کچی | - بزن | - بزن |
| - سیۆ- الما | - سێڤ | - سێو |
| - اشکوک - امروز | | |
| - سوز - قورما و زور | | |
| - کوز- جوز | - گوز | - گوێز |
| - شاپک هیه - شالک وار می | - شاپک هەیه | |
| - هیه- وار | - هەیه | - هەیه |
| - فروشی - صاترمسن | - دفروتی | - دەفرۆشی |
| فروشم - صاترم | - دفروتم | - دەفرۆشم |
| - به چند فروشک- نه چیه صاترسن | - ب چەند دفروشی | - به چەند دەفرۆشی |
| - چاریک - قوشاق | ...................... | ........................ |
| - کوپال - چوکان | - گوپال | - گۆپال |
| - لکان | | |
| - بابووج قاردەیوردنەجک | ...................... | ...................... |
| - تاخوک - قیزاق | ...................... | ...................... |
| - خیوت - چادر | - خیوەت | - خیوەت |
| - چوما جیزیری- جزره شهرینه واردم | - چوما جزیرێ | - چومه جەزیره |
| - کلک بردانی- کملری کویورمشلر | - کەلەک بەردان | - کەلەک بەردان |
| - بووچی کلند وتاهوره- نچون بوویله اندک باکه | .......................... | ............................ |
| - ایرو دو روژه مکان دووره - بووکون اکی کوندر اوندن اوزاقدر خان الواليدر | - ئیرو دو روژه ژ مکانی خۆ دووره | - ئەمرۆ دو روژه له شوێنی خۆی دووره |

| | | |
|---|---|---|
| - ای شوه چی شوه شوەکدار<br>- بوو کجه نه کجه درکه بوویله<br>قرانلقدر | - ای شەڤ چی شەوه<br>شەوەکی تاریکه | - ئەم شەو چ شەوه<br>شەوەکی تاریکه<br>باران باری |
| - باراند باری- ویاغمور یغار | | باران باری |
| - شوک حاجیان<br>- حاجیرلرکجه سنده | - شەوەکی حاجیان | - شەوەکی حاجیان |
| - بژنیک زراوه خال خالته<br>- انجه بووینده بکلری | - بەژنک زراڤه خال خالی ته | - بەژن درێژه خاڵ خاڵی تۆ |
| - کوهر دو کوهان<br>- قولاغنده ایکی کوپه | ......................... | ................ |

ئەگەرچی شەرەفخانی بەدلیسی وەکو ئەولیا چەلەبی هەموو کوردستان نەگەڕاوە، بەڵام شێوەزاری زمانی کوردی بە چوار شێوەزار دادەنێت، لەوانە: کرمانجی، سۆرانی، گۆرانی، لوڕی. هەروەها زمانی خەڵکی ئامێدی و دەوروبەری بە زمانی کوردی و هەروەها تێکەڵەیەک لەزمانی کوردی و عەرەبی دایناوە (٢٥)، هەروەها زمانناس و کوردناسی سەدەی بیستەم ویلیەم ئیگلتۆن بە هەمانشێوە زمانی کوردی بە چوار شێوەزار ناساندوە، ئەوانیش: کرمانجی، سۆرانی، زازاکی، لوڕی (٢٦)، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە دەبینین، ئەولیا چەلەبی ئاماژەی بە زمانیتر کردووە لە ناوچەکەدا ئەویش زمانی عیبرییە، چونکە ناوچەکە بە گشتی خاوەنی چەندین کەمە نەتەوە و ئاینە، هەر ئەمەش وایکردووە زمانی جیاوازی هەبێت. ئەولیا لە باسکردنی مێژووی موسڵ دا هۆنراوەیەکی بە زمانی سریانی بە ئێمە دەگەیەنێت، ئەمەش دەرخەری ئەو راستیەیە کە مەسیحییەکان لەوناوچەیە ژیاون.

ئەولیا لەمبارەیەوە دەڵێت «کاتێکی هۆلاکۆ خان بەرەو بەغدا دێت و کاولکاری لەم شارە دەکات، ئینجا بەرەو موسڵ دێت و کاولکاری لەم شارەش دەکات و لەمبارەیەوە ئەم هۆنراوە سریانییە هەیە:

Lev şilî ballem bî lânıkî.
Tercüme i mısra‘:
Bu dünyâda sebât yokdur.
Şum bize bir nâlûmı berkî.
Tercümesi:
Nahsdır gam i şâdî geçer
Ahbû tırminânî çarkî.
Tercümesi:
Ne denlü meyl edersen kaçar.
Kitülle buhtarsem hırkî.
Tercümesi:
Ehlî isen aldanma bakar (٢٧).

## پەراوێزەکان:

1- Mehmet AKBAŞ، Evliya Çelebi'nin Gözüyle Kürtler ve Kürdistan، Artuklu Akademi | Journal of Artuklu Academia 2015/2(1)، s.2; Re□le Evliya Çelebi fi Kürdistan âm 1056/1655, (Çev.) Reşit Efendi, Duhok: ânî Matba esi, 2008, s. 7.

2- Salih özkök، Evliyâ Çelebi Seyahetnamesi'nde dığu şehirleri (1641-1648) Yüksek lisans tezi، Kafkas Üniversitesi- SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ TARİH ANABİLİM DALI، YENİÇAĞ BİLİM DALI، Kars، 2013، s.17.

3- Robert Dankof-Seyit Ali Kahraman-Yücel Dağlı ve Yapı Kredi Yayınları، Evliyâ Çelebî، Seyahatnâme، İstanbul، 2000، I. kitap، s. 94؛ Evliya Çelebi، Evliya Çelebi Seyahatnamesi Topkapı Sarayı Kütüphanesi Bağdat 305 Numaralı Yazmanın Trabskripsiyonu-Dizin، C 1، (haz.) Yücel Dağlı، Seyit Ali Kahraman، İstanbul: YKY، 2000،.

4- Züleyha Günay، Evliya Çelebi Kimdir? (1611- 1682)، http://www.bilgiustam.com/evliya-celebi-kimdir-1611-1682/ ، 17-8-2016.

٥- - ترابزۆن: شارێکە لە باکووری تورکیا.

٦- بەدواداچونمان بۆ ئەم قسەیە کرد و نەمانزانی کێشەکە و هۆکارەکانی چیبوون.

7- Meryem Aybike SİNAN، Evliya Çelebi niçin hiç evlenmedi? ،http://www.haber7.com/yazarlar/meryem-aybike-sinan/740999-evliya-celebi-nicin-hic-evlenmedi

8- Ülkü ELİK ŞAVK، SORULARLA insanlık tarihine yön veren 20 kisiden biri، HACETTEPE ÜNİVERSİTESİ، TÜRKİYAT ARAŞTIRMALARI ENİSTÜTÜSÜ، Ankara، 2011، s.15.

9- Mehmet AKBAŞ، Ayni eser، s.3.

١٠- لەو سەردەمەدا وە بەتایبەتی لە مێژووی ئیسلام دا زۆر کەس شەجەرەی خۆیان گەراندۆتەوە بۆ پێغەمبەر (ص) ئەمەش بە مەبەستی پیرۆزی دانێک بەخۆیان بوویێت، یاخود بە ئامانجی ئەوەی دەولەت لەهەندێک جۆری باج بیان بەخشێت، لەگەڵ ئەمەش دا کەسانێک هەبوونە ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر (ص). بەڵام ئێمە هیچ زانیارییەکی باوەر پێکراومان نییە کە ئایا شەجەرەی ئەولیا دەگەڕێتەوە بۆ نەوەی پێغەمبەر(ص) یاخود ناگەڕێتەوە.

١٢- ئەحمەد یەسەوی: ناوی راستەقینەی ئەحمەد کوڕی ئیبراهیم کوری یەسەوی یە، لە شاری سەیرام لە رۆژئاوای تورکستان لە ساڵی ١٠٩٣ز لەدایکبووە، زانستی تەسەوفی لەشاری بووخارا وەرگرتوە، بەمەش ئەحمەد یەسەوی بوو بە شاعیر و دامەزرێنەری تەریقەتێک لە نێوتورکمانەکاندا، لە ساڵی ١١٦٦ز کۆچی دوایی کردووە. بروانە:

13- HOCA AHMET YESEVİ KİMDİR ?، http://www.sabah.com.tr/hoca-ahmet-

yesevi-kimdir-، 3-10-2016.

Robert Dankof-Seyit Ali Kahraman-Yücel Dağlı ve...، ayni eser c. VI، s. 133.

Muzaffer ÖZBAY، Evliya Çelebi’nin Seyahetnamesinde Anadolu Coğrafyasındaki Gayri Müslim Mabetleri،SAKARYA ÜNİVERSİTESİ - SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ، Mayıs 2010، s.20.

14- Martin van Bruinessen، Hendrik Boschten ، EVLİYA ÇELEBİ IN DIYARBEKIR، Volume I، p.7.

15- Züleyha Günay، Evliya Çelebi Kimdir? (1611- 1682)، http://www.bilgiustam.com/evliya-celebi-kimdir-1611-1682/ ، 17-8-2016.

16- Salih özkök، Ayni eser، s.17.

١٧- زمانی فارسی هەر لە سەدەی ١ز لە لایەن کوردانەوە بەکارهێنراوە تەنانەت زۆر لەپێشتریشدا وەکو زمانی رۆشنبیران و ئەدیبانی کورد وابووە، هەروەکو دەبینین لەکۆتاییەکانی سەدەی١٦ز دا میر شەڕەفخانی بەدلیسی کتێبەکەی (شەرەفنامە) بەزمانی فارسی نووسیووە. تەنانەت لەسەدەی١٨و١٩ز دا شاعیرانی کورد هۆنراوەکانیان بە زمانی عەرەبی و فارسی و تەنانەت تورکیش نووسیووە.

Filip Krinbrug- Kristen Âlison, Kürltür û Nasnameyi Kürt, (Çev) Wrya Rehmani, Duhok: Hani Matbesi, 2008, s.34. Evliya,IV, s.343.

١٨- ئەولیا چەلەبی لێرەدا هەڵە هەیە لەشێوازی وەرگێرانەکەی بۆ زمانی کوردی، چونکە بە تێگەیشتنمان و لێکدانەوەمان بۆ ڕستە تورکی عوسمانییەکە ئەوا مانا کوردییەکەی واتە: ئەی چاوەکەم هەیە؟.

19- Alpaslan, s.160-161; Evliya, IV, s.308.

20- Evliya, IV, s.55.

21- Evliya, IV, s.55.

٢٢- لێرەدا بە هەڵە لە نوسخە عوسمانییەکە نوسراوە، لەجیاتی (سە) نووسیویەتی (شە)، کە ئەمەش هەڵەیە، چونکە (٣/ سە) لە زمانی فارسیدا بەم شێوەیە دەنوسرێت لە کوردی سۆرانیدا دەنوسرێت سێ.

٢٣- ئەگەر سەیر بکەین زۆربەی ژمارەکانی بەشێوەی زمانی فارسی نووسیووە، نەوەکو کوردی سۆرانی.

٢٤- ئەم ژمارەیەی بەشێوازی نووسینی عوسمانی نووسیووە، چونکە نە لە کوردی و نە لە زمانی فارسیدا بەم شێوەیە نانوسرێت، بەڵام لە زمانی عوسمانیدا بەم شێوەیە دەنوسرێت.

25- Şerefname, s.295.

26- el-Eşair el-Kürdiye,(Çev.)Hüsain Ahmed el-Caf, Erbil: âras yayınları, 1.basın, 2007, s.15-16.

27- Evliya, IV, s.337.

# شێوازی خوێندنی بابەتی کوردۆلۆجی لە زانکۆکانی کوردستان (گرفت وچارەسەر)

**دەسپێك:**

لە پاش راپەڕین و سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی زانکۆکانی کوردستان، بابەتی کودۆلۆجی وەک بابەتێکی سەرەکی لە پرۆگرامی زانکۆکانی کوردستاندا دانرا، ئامانج لێی ئاشنا بوونی خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی زانکۆکان بوو بە (مێژوو، جوگرافیا، ئەدەب و زمانی کوردیی)، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە، لە بەشێکی زۆر لە زانکۆکان، ئەم بابەتە نەک ئامانجەکەی خۆی نەپێکاوە، بەڵکو بووەتە گرفت و لەمپەرێکی قورس لەبەردەم هەندێ لە بەشە زانستیەکان، بەتایبەت بەشە زانستییە پەتییەکان و وەک بابەتێکی نەخوازراو وبێزراو تەماشا دەکرێت. رەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ دارشتن وپێکهاتەو شێوازی ئەم وانەیە، لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین تیشکێکی کورت بخەینە سەر ناساندنی ئەو بابەتەو گۆرانکاریی لە شێواز وگەیاندنیدا، تاوەکو بابەتی (کوردۆلۆجی) ببێتە وانەیەک کە جێگای سودو کەڵکی خوێندکاران بێت و ئامانجە زانستیەکانی خۆی بەدەستبهێنێت.



**د. نەریمان عەبدوڵڵا هەڵەبجەیی**

لەدایکبووی ١٩٧٧ هەڵەبجە. دکتۆرا لەمێژووی سەدەکانی ناوەڕاست. چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەناوخۆو دەرەوەی هەرێم بڵاوکردوەتەوە.

## گرفتەکان چین:

١- گرفتی ناو: لە بنەڕەتدا ناونانی ئەم بابەتە بۆ خۆی گرفتێکی زانستییە، چونکە لە فەرهەنگی زمانەوانیدا وشەی لۆجی (logy) لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییەو بەمانای زانست، یان لێکۆڵینەوە لە زانستێکی دیاریکراو دێت. لێرەوە پەیڤی کورد جیاوازە لە وشەکانی تر کە لۆجی خراوەتە پاڵ، جگە لەوەی واتایەکی ڕون نادات، کاتێک بەراوردیی دەکەین لەگەڵ ئەو زاراوانەی کە لۆجی یان خراوەتە سەر بەرونی ئەم جیاوازیەمان بۆ دەردەکەوێت  بەم شێوەیە:

دەتوانین بڵێین بەشێکی زانیاریەکان کۆن و کلاسیکی و دووبارەن، بە خوێندنەوەی یان موتاڵاکردنی هیچ مەعریفەیەکی نوێ و ئەوتۆ نادرێ بە خوێندکار.

بۆ نمونە، لە باسی مێژووەکەیدا بەشێکی زۆری زانیاریەکانی سادەو دوبارەن، واتە بەشێک لەو زانیاریانە خوێندکار لە قۆناغەکانی ئامادەییدا خوێندویەتی، هەندێکی تر لە زانیاریەکانی نێو ئەم بابەتە کۆنن لەگەڵ توێژینەوە نوێیەکان وسەردەمدا یەکناگرنەوە، بە وردبونەوە لێی چەندین نمونە هەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەی سەرەوە، ئەگەر تەنها یەک نمونە وەربگرین: لە بەشێک لە بابەتی کوردۆلۆجی

| | | | |
|---|---|---|---|
| psychology | علم النفس | دەرونناسی | زانستی دەرونی |
| Sociology | علم الاجتماع | کۆمەڵناسی | زانستی کۆمەڵایەتی |
| Anthropology | علم الانسان | مرۆڤناسی | زانستی مرۆیی |
| kordology | علم الکورد | کوردناسی | زانستی کوردیی |

لێرەوە دەبینین لەڕوی پێکهاتەو واتاوە تێهەڵکێشکردنی وشەی کورد لەگەڵ پەیڤی لۆجی، ناتەواویی وکەموکورتی تێدایە، واتە کورد وەک نەتەوەیەکی دیاریکراوە ناکرێت وشەی (logic)ی بخرێتە پاڵ، لێرەدا پێشنیار دەکەم بۆ زانکۆکانی کوردستان و دەزگا ئەکادیمیەکان، لەبری زاراوەی کۆردۆلۆجی، (کوردستانناسی) بەکار بێت، چونکە ئەم وشەیە گشتگیرترو فرە ڕەهەندو واتا فراوانە،کە بەمانای ناسین ولێکۆڵینەوە دێ لە ناوچەیەکی دیاریکراو کە بریتیە لە کوردستان بە هەموو لایەنەکانی (نەتەوە، مێژوو، فەرهەنگ، جوگرافیا، کلتور، زمان، ئەدەب...هتد).

٢- گرفتی زانیاری: بۆنووسینی ئەم بابەتە پرۆگرامی بەشێکی زۆر لە زانکۆکانی کوردستانم بینیوە، زۆریان لەڕوی زانیارییەوە هەژارن،

ئەوە هاتوە کە کۆنترین گوندی کشتوکاڵی بریتییە لە گوندی چەرمو، دیارە سەرچاوەی ئەم زانیاریەش کتێبەکەیی (د. جمال رشید، فوزی رشید: تاریخ الکورد القدیم)، یاخود هەمان ئەو زانیاریە کۆنانەن کە پێشتر وتراونەتەوەو چەسپاون. کە لە ڕاستیدا ئەم زانیاریە پێویستی بە ڕاستکردنەوەو نوێکردنەوەو هەیە، چونکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو کنەوپشکنینی تیمێکی شوێنەوارناسانی زانکۆی ریدینج ی بەریتانی، بە سەرۆکایەتی (پرۆفیسۆر ڕۆجیر ماتیۆس)، ئەوە خراوەتە ڕوو کە گوندی بێسانسور یەکەم ناوچەیە کە مرۆڤ تیایدا لە چیاکان دابەزیێت وکشتوکاڵی لەو گوندە کردبێت، دوای لێکۆڵینەوەکانیان ئەوەیان خستە ڕووکە مێژووی کشتوکاڵ کردن لەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ ٩٧٠٠ پ ز، ئەمەش پێش گوندی چەرموو دێت.

زانیارییەکانی تایبەت بە جوگرافیاو زمان وئەدەبی کوردیش بەهەمان شێوە پێویستی بە نوێکردنەوەو لێکۆڵینەوەی وردترو سەردەمیانە هەیە، تاوەکو خوێندکار هەستبکات کە لەم بابەتەدا کۆمەڵێک چەمک و زانیاری نوێی پێدەدرێت.

٣- گرفتی میتۆدو وتنەوەی وانەکە: لە زانکۆکانی کوردستان ئەو مامۆستا بەرێزەی کە ئەم وانە دەڵێتەوە پسپۆڕی زمان یاخود ئەدەبی کوردییە، کە ئەمەش یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکانی وانەی کوردۆلۆجی، چونکە ئەم بابەتە تەنها تایبەتمەند نیە بە بوارێک یاخود زانستێکی دیاریکراو، بەڵکو وەک باسمانکرد پێکدێت لە (مێژووی کورد، جوگرافیای کوردستان، زمان وئەدەبی کوردیی، هتد)، بۆیە ناکرێت ئەو مامۆستایەی ئەم وانە دەڵێتەوە پسپۆریەکەی تەنها زمان وئەدەبی کوردیی بێت، ئیدی رەنگە زانیاری پێویستی نەبێت لەبارەی بابەتەکانی تر، دوای ئەوەی بەدواداچونم کرد لە پرۆگرامی کوردۆلۆجی هەندێ زانکۆکانی کوردستان لەبەر ئەوەی مامۆستای بابەتەکە پسپۆڕی زمان یاخود ئەدەب بووە، ئیدی خوێندکار ناچار کراوە بە خوێندنی کۆمەڵێک یاساو رێسای وشکی زمانەوانی قورس، ئەمەش جگە لەوەی ئامانجی زانستی بابەتەکەی نەپێکاوە، لەهەمان کات بەشێکی زۆر لە خوێندکاران بە تایبەت بەشە زانستیەکان بوەتە گرفتێکی گەورە لایان و نەیانتوانیوە تیایدا سەرکەوتوو بن. بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتەش پێشنیار دەکەم لەمەودوا تیمێک لە مامۆستایان ئەو بابەتە بڵێنەوەکە پسپۆڕییان بریتی بێت لە (زمان وئەدەبی کوردیی، مێژووی کورد، جوگرافیای کوردستان)، بەجۆرێک بابەتەکە دابەشبکرێت کە لەگەڵ کۆرسی خوێندندا یەکبگرێتەوە.

سەبارەت بە میتۆدی وتنەوەی ئەم وانەیە، ئەوا پێویستی بە شێوازێکی زیندوو سەردەمیانە هەیە، بەجۆرێک تەنیا لە چوارچێوەی هۆڵەکانی خوێندندا نەبێت، بەڵکو شێوازی نوێی وانە وتنەوە (پیداگۆجی) ومەیدانی تیایدا پەیرەو بکرێت و خوێندکار بکرێتە چەق، تاوەکو بابەتی کوردۆلۆجی (کوردستانناسی) ببێتە وانەیەکی سودبەخش وئامانجە زانستیەکانی خۆی بەدەستبهێنێت.

## راسپاردەکان:

لەپاش ئەم نووسینە ئەم راسپاردانە دەخەمە روو، بەهیوای ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار بەدواداچونی بۆ بکات و بەهەند وەریانبگرێت:

١. گۆڕینی ناوی کوردۆلۆجی بۆ (کوردستانناسی)، چونکە ئەم وشەیە فرە واتایەو رەهەندی مێژوویی و جوگرافی و زمان وئەدەب و لایەنەکانی تر لەخۆ دەگرێت.

٢. ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی تایبەت لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بۆ دانانی پرۆگرامێکی زانستی بەهێزو سەردەمیانە بۆ بابەتی کوردستانناسی، کە هەموو رەهەندەکانی کوردستانناسی لەخۆ بگرێت، تاوەکو سود بە مەعریفەی خوێندکاران بگەیەنێت. بە جۆرێک هەموو زانیارییەکانی تایبەت بە (مێژووی کورد، جوگرافیای کوردستان، زمان و ئەدەبی کوردیی، کۆمەڵگای کوردستان، بواریی رۆشنبیریی و کلتوریی وفەرهەنگی کوردستان) لەخۆ بگرێت.

٣. تیمێک لە مامۆستایانی پسپۆڕی بوارەکانی (مێژووی کورد، جوگرافیای کوردستان، زمان و ئەدەبی کوردیی) یاخود لانی کەم دوو مامۆستا لە پسپۆری (مێژوو، زمان و ئەدەبی کوردیی) ئەم بابەتە بڵێنەوە، بەجۆرێک بکرێتە دوو کۆرس، کۆرسێک تایبەت بکرێت بە مێژووی کورد، جوگرافیای کوردستان، کۆرسی دووەم بۆ زمان و ئەدەبی کوردیی کۆمەڵگای کوردستان و بواریی رۆشنبیریی و کلتوریی وفەرهەنگی کوردستان تەرخان بکرێت.

# ژنی کورد
## لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانەوە




**د.ئاراس محمد صالح**



نوسەرو مامۆستای زانکۆ، زیاتر لە دە کتێبی چاپکراوی هەیە، ژمارەیەک توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە زانستیەکاندا بڵاوکردوەتەوە، بەشداری چەند کۆنگرەو کۆنفراسێکی زانستی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات کردووە، ئەندامی سەندیکا ڕۆژنامەنووسانە.

ڕۆژهەڵاتناسی قوتابخانەیەکی فکری خاوەن تایبەتمەندی و ئامانج و مەبەستی خۆیەتی، ئاسان نییە بۆ هیچ توێژەرێک بتوانێت سەرەتای دەرکەوتن و هۆیەکانی سەرهەڵدان و هەموو ئامانجامەکانی ڕۆژهەڵاتناسی دیاری بکات، بەڵام دەتوانرێت لە ڕێگەی نووسین و لێکۆڵینەوەکانی خۆیانەوە هێڵە گشتیەکانی ئەم قوتابخانە فکریە دەستنیشان بکرێت و لە مەبەست و ئامانجەکانیان تێبگەین. ڕۆژهەڵاتناسی قوتابخانەیەکی فکری مەعریفی ڕۆژئاواییە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕۆژهەڵات، لە هەموو ڕووەکانی ئایین و مێژوو زمان و ئەدەب و کۆمەڵایەتی و زۆر ترەوە، لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆ و پەیمانگاو دەیان ناوەندی لێکۆڵینەوەو گۆڤاری ئەکادیمی و بڵاوکراوەی تری هەیە(١).

سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتناسی کۆنە، بەڵام هەردوو سەدەی هەژدەو نۆزدەوە زیاتر گەشەی کردووەو کاری بەرچاوی ئەنجامداوە، ڕۆژهەڵاتناسان بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ڕۆژهەڵاتەوە ڕوویان کردووەتە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات و زۆر لێکۆڵینەوەو نووسینی تایبەتیان ئەنجامداوە، لە هەمان کاتدا سەدان و هەزاران دەستنووس و دانراوی بەنرخی ڕۆژهەڵاتیان کۆکردوەتەوەو بردوویانەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان لە ئەرشیفخانەو و کتێبخانەکانی خۆیاندا پاراستوویانەو توێژینەوەیان لەبارەوە کردوون و هەندێکیانیان بۆ سەر زمانەکانی خۆیان وەرگێڕاوە(٢).

کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی جێگەی بایەخی ڕۆژهەڵاتناسان بووە، بەدرێژایی مێژوو ڕۆژهەڵاتناسان سەردانی کوردستانیان کردووە، بە تایبەتی لە سەدەی هەژدەو نۆزدەدا کۆمەڵێک ڕۆژهەڵاتناس هاتونەتە کوردستان و زۆر زانیاری و لێکۆڵینەوەی بە نرخیان لەبارەی مێژوو و زمان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایین و کەلتوور و ژیانی گشتی کوردەوە نووسیوە، لە هەمان کاتدا لەبارەی کوردستان و شوێنی جوگرافی و گرنگی بایەخی جیپۆلەتیکی کوردستان و پێکهاتەی دانیشتوانەوە کتێبی بەنرخیان داناوە، لە هەمان کاتدا دەیان دەستنووسی بە نرخ و کتێب و دانراوی زانایانی کوردیان لە ناو سندوق و تاقیچەی شارو گوندەکانی کوردستاندا کۆکردوەتەوەو لەگەڵ خۆیاندا بردویانەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

بێگومان ئەو نووسین و دانراو و لێکۆڵینەوانە سەرچاوەیەکی باشی کوردناسین، هەروەها سەرچاوەی باشن بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی کورد و مێژووی کوردستان و کەلتورەی کوردەوە، ئێمە لێرەدا تەنها باس لە تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسان دەکەین بۆ ژنی کورد، ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە وەک توێژەرێکی ڕۆژئاوایی بەشێوەیەکی مەیدانی شارو گوندی کوردستان گەڕاون، لەگەڵ خەڵکەکەیدا دانیشتوون و زانیاری زۆر وردیان لەبارەی شێوەی ژیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ئافرەتی کوردەوە نووسیووە، لە هەمان کاتدا باسی تێڕوانینی کوردیان کردووە بۆ ئافرەت، هەروەها ئاماژەیان بۆ ڕەوشی ژنی کورد و چۆنیەتی ژیان و بەشداریکردنی لە ژیانی گشتیدا کردووە(٣).

کورد یەکێک لە نەتەوە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات خاوەنی زمان و دابونەرێتو کەلتوری تایبەت بەخۆیەتی، یەکێک لە نەرێتە باشەکانی کورد ڕێزگرتنی ئافرەتە، بەدرێژایی مێژوو کورد بەبەراورد بە گەلانی دەوروبەری خۆی زۆر ڕێزی ژنی گرتووە، لەناو کوردا زیندە بەچاڵکردنی کچان نەبووە، هەروەها لەناو کوردا لە کۆنو نوێدا دیاردەی بەدڕەوشتی لەشفرۆشی ژنان تەنانەت ناوی نەبووە، بەڵکو ئەم جۆرە زاراوانە تازە هاتووەتە ناو نووسینی کوردیەوە، تاکی کورد خاوەنی ڕەوشتێکی بەرزەو هەموو کات دژی کاری بەدڕەوشتی و سیفەتی خراپ بووە، هەتا ئێستایش یەکێک لەو تاوانانەی لای کورد لێخۆشبوونی نییە مەسەلەی شەرەفە. یەکێک لەو بابەتانەی سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕاکێشاوە

ڕێزو پێگەی ئافرەتە لای کورد، ڕۆژهەڵاتناسان باسی ئەوە دەکەن ژنی کورد ئازادی زۆری هەیە، لەناو کوردا ئافرەت پەچە نابەستێ‌و پێشوازی میوان دەکات، لە کۆڕو کۆبونەوەکاندا بەشداری دەکات، ئەگەر پیاو لەماڵ نەبێت ژنی کورد پێشوازی لە میوان دەکات و لەگەڵی دادەنشێت، جگە لەوەی بەشداری کاری ڕۆژانەی پیاو دەکات، ژنی کورد جێگەی متمانەی پیاوەو پیاوان گومان لە ژنەکانیان ناکەن. لەناو کوردا ژن دەتوانێت ببێتە سەرۆک خێڵ و کاروباری خێڵەکەی بەڕێوەببات، هەندێ جار ژنی کورد تفەنگ هەڵدەگرێت و بەشداری شەڕی خێڵەکان دەکات‌و بەرگری لە خێڵەکەی خۆی دەکات، کورد بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەی لەلایەن ژنەوە قبوڵ دەکات، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا عادیلەخانمی ژنی وەسمان پاشای جاف لەدوای مردنی مێردەکەی کاروباری هەڵەبجە بەڕێوەدەبات و سەرۆکایەتی خێڵێکی گەورەی وەک جاف دەکات، هەروەها نامە بۆ کاربەدەستان دەنووسێت لەلایەن دەسەڵاتی بەریتانیەوە نازناوی (بەهادرو)ی پێدەدەرێ(٤).

بێگومان لەناو کۆمەڵێکی خێڵەکی سەرەتای سەدەی بیستەمدا کە ڕێژەی نەخوێندەواری لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بووەو هیچ دامەزاوەیەکی فەرهەنگی و ئەکادیمی ڕۆشنبیری تێدا نەبووە، قبوڵکردن‌و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی لەلایەن ژنێکی وەک عادیلەخانمەوە بەڵگەی ڕێزو پێگەی ژنە لای کورد. هەروەها لەناو کەلتورو پەندی پێشینانی کوردا کە ڕەنگدانەوەی ناخ‌و زیهنیەتی کۆمەڵی کوردەواریە وێنای ژن باش کراوە، بۆ نموونە لەڕووی بەشداری لەکاروباری ڕۆژانەدا وتراوە: (ژنێکم ئەوێت ژنانە، پێستە بکا بە هەمانە) کاری پێستە خۆشکردن‌و دروستکردنی کونەو مەشکەو هەمانە، کارێکی قورس بووە، وەک کۆمەڵێکی کشتوکاڵی پێویستی ژیانی ڕۆژانەی خێزانیش بووە، هەموو ئەوانە ئەرکی ژنان بووە، ژنانی بەتواناو دەستڕەنگین توانیویانە ئەو کارە قورسە بکەن، هەروەها وتراوە: (ژن‌و ماڵیان وتوە)، ژن هۆی پێکەوەنانی ماڵ و خێزانە، پیاو هەتا ژنی نەبێت ناتوانێت ببێتە خاوەن ماڵ و سامان‌و منداڵی خۆی. هەروەها کورد ئەڵێت: (ژنێکم ئەوێ زبان دلێر، باوان و خەزور بەیەکەوە نێر) واتە: کورد شانازی بە ژنی قسەزان و بە تواناو ئازاو دلێرەوە دەکات، ژنێک لە ناو کۆمەڵدا پێگەی بەهێز بێت و خاوەن بڕیارو قسەڕۆیشتوو و بەهێزبێت‌و جێگەی شانازی باوان‌و خەزوری بێت.

## سەرەتایەك دەربارەی ڕۆژهەڵاتناسی لە كوردستاندا

مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵاتناسان وەک قوتابخانەیەکی فکری خاوەن تایبەتمەندی و پاڵنەرو مەبەستی تایبەت، بێگومان ڕۆژهەڵاتناسی وەک قوتابخانەیەکی فکری هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە هەموو کار و توانای خۆی چڕکردوەتەوە بۆ نووسین و لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی وانیاری لەبارەی کەلەپوری گەلانی ڕۆژهەڵات‌و شرۆڤەکردنی بەپێی میتۆدو ئامانجی ڕۆژهەڵاتناسی خۆیان. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕۆژهەڵاتناسی وەک بزوتنەوەیەکی فکری گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووەو ئەو بزوتنەوە ڕۆژهەڵاتناسیە کۆنە نییە کە تەنها بەشێوەیەکی نازانستی بەدوای بڵاوکردنەوەی گومان و دوژمنایەتی عەقیدەو کەلتوری گەلانی ڕۆژهەڵاتدا بگەڕێت، بەڵکو ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووەو بەپێی قۆناغەکان گەشەی کردووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەڕووی واتای وشەو زاراوەو ئامانج و بواری کارکردنی، هەروەها سنووری ئەو پێناسەی تێپەڕاندوە کە لە کۆندا بۆی کراوە، زیاتر گەشەی کردووەو بواری کارکردن و ئامانجەکان و ئەو میکانیزمانەی بەکاری دەهێنێت بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی فراوان بووە، ڕۆژهەڵاتناسی لە سەردەمی ئەمڕۆدا قوتابخانەو زانست و سیاسەت و ئابورییە، مەبەست لە ڕۆژهەڵات یان ناسینی

ڕۆهەڵاتناسین زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر ناسینی ئیسلام وەک عەقیدەو شارستانیەتو کەلەپووری نەتەوە، کە دەوترێت ڕۆژهەڵاتناسی واتە: گرنگیدانی زانایانی ڕۆژئاوا بە لێکۆڵینەوە ئیسلامیەکانو میتۆدی ئەو لێکۆڵەرانەو ئاراستەی فکرییانو مەبەستو ئامانجەکانیان(٥). ڕۆژهەڵاتناسان بەشێوەیەکی چڕ و بەرچاو لەسەدەی حەڤدەو هەژدە بەدواوە ڕوویان لە کوردستان کردووەو نووسین و توێژینەوەیان لەبارەی لایەنی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و فەرهەنگی کوردەوە نووسیوە، نووسینی ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی کوردستانەوەو جێگەی بایەخو لێکۆڵینەوەی زۆرە، ئەو سەردەمانەی ڕۆژهەڵاتناسان هاتوونەتە کوردستانو لەبارەی کوردەوە زانیارییان کۆکردوەتەوەو لێکۆڵینەوەیان کردووەو کتێبیان نوسیووە، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو سەردەمەدا لەلایەن خودی کوردەوە کەمترین نووسین لەسەر کورد نووسراوە.

دەیان ڕۆژهەڵاتناسی وەک: (ریچ)و(مێجەرسۆن) و(باسیلی نیکتین) و (تۆمابوا) و (ئۆسکارمان)و (ڤان مارتن برۆنەسن)و (کریس کۆچیرا)و(هێنی هەرۆڵد هەنسن)و دەیانی تر هاتوونەتە کوردستان و نووسینی گرنگو بەپێزیان لەبارەی کوردو کوردستانەوە نووسیووە، ئەمەیش بە واتای ئەوە نیە کە ئەو نووسینانە بێ کەموکوڕی‌و لەدەرەوەی ڕەخنەن، بەڵکو هەموویان جێگەی لێکۆڵینەوەو شرۆڤەی زانستین، بەڵام بۆ گەلێکی بندەستی وەکو کورد کە کەمترین نووسینی لەبارەی خۆیەوە نووسیووە هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، نووسینی گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسان جێگەی بایەخی زۆرە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت هەتا ئێستا کەمترین لێکۆڵینەوە لە سەر مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی لە کوردستان کراوە بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها ئەو لایەنانەی ڕۆژهەڵاتناسان بەتایبەت لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردوە کەمتر لەلایەن ناوەندە زانستیەکانەوە خراوەتە بەرباس و توێژینەوە.

## بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی ئافرەتی کوردەوە

ڕۆژهەڵاتناسان کاتێک هاتوونەتە کوردستان و ژنی کوردیان بینیوە بە بەراورد بە گەلانی دراوسێی کورد ستایشی ئافرەتی کوردیان کردووە، ئافرەتی کورد بەپێی تایبەتمەندی ژیانی گشتی میللەتەکەیان کە بەزۆری کۆمەڵێکی کشتوکاڵی بووە، لەبەر ئەوە ژنی کورد زۆر چالاکە بەشداری کاروباری خێزانەکەی کردووە، ژنی کورد لەگەڵ خێڵە کوردەکاندا کۆچی گەرمیان و کوێستانی کردووە، سەربێرەی گرتووەو مەڕو بزنی دۆشیوەو شیرو ماستی بەرهەمهێناوە، هەروەها هەموو ئەرکەکانی مەشکەژەندنو دروستکردنی کەرەو ڕۆنی کوردی و هەموو ئیشوکارێکی ناوماڵ کاری ژن بووە، پەروەردەکردنی مناڵ و ئیشوکاری ماڵو دیوەخان هەموو بەسەرشانی خانمانەوە بووە(٦).

هەروەها لەکاری کشتوکاڵ و دروێنەو خەرمان و شەنو کەوی دانەوێڵە ئافرەتی کورد چالاکە هاوکاری پیاوی کردووە، جگە لە کاری ناو کێڵگەو کشتوکاڵکردن، لە هەمان کاتدا خواردنی بۆ سەپان و جوتیارەکان ئامادە کردووە، هەندێ جار ژن درەوی کردووەو کۆڵکێشان و شاراو خەرمان دروستکردن ئەرکی ژنان بووەو بەپێی دابونەرێتی کۆمەڵی کوردەواری، هەرچەند ژن بەشداری کاری ڕۆژانەی کردووە، لە هەمان کاتدا ئەرکی ژنی کورد لە کۆمەڵێکی کشتوکاڵی سەرەتاییدا زۆر قورس بووە، ژنان چوون لە کانی ئاویان هێناوە، کانی ژنان جێگەی جل شتن و هەندێ جار خۆشۆردن و شوێنی بەسەربردنی کاتێکی خۆش هەواڵزانین و دەنگوباسی یەکتری بووە(٧).

ئەو هەموو بەشداریەی ژنی کورد لە کارو ژیانی ڕۆژانەداو ئامادەبوونی لەناو کۆمەڵدا، هەموو ئەوانە سەرنجی ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە ئەوروپاییەکانی ڕاکێشاوە کە زۆر بە باڵای ئافرەتی کوردە هەڵبدەن و باس لە هەڵوێستی

کورد لە بەرامبەر ژندا بە باشی بکەن، ڕاستە کورد وەک گەلێکی خاوەن سەدان بەهای بەرز بەرز بووە، وەک ڕوانینی بۆ مرۆڤ بە چاوێکی زۆر مرۆڤانەو بەبێ جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا، کە هەموو کات کورد بە چاوێکی ڕێزەوە سەیری ئافرەتی کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا کورد وەک کۆمەڵێکی کشتوکاڵی کە پێویستی بە دەستی کاری زۆر هەبووە، ئەوە هاوکارێکی باش بووە کە ژن بەشداری کاروباری ڕۆژانەی خێزان بکات(٨).

یەکێکی تر لە خەسڵەتە بەرزەکانی کورد کە زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسان ئاماژەیان پێکردووە، نەبوونی بەدڕەوشتی لە ناو کوردا، ئافرەتی کورد خاوەن خێزان بووەو زۆر لەوە گەورەتر بووە لای کورد تەنها بۆ تێکردنی غەریزەی جنسیو پەیداکردنی پارە بەکاربێت، کورد ئەو میللەتەیە کە نە لە کۆن نە لەسەردەمی نوێشدا کاری بەدڕەوشتی قبوڵ نەکردووەو وەک کارێکی قێزەون سەیری کردووە، هەروەها ئەو کەسانەیش ئەو کار ئەنجام بدەن وەک کەسانێکی نەفرەت لێکراو لەناو کوردا سەیر دەکرێن، نەبوونی زاراوەی (زینا) لەناو زمانی کوردیدا بەڵگەی کە بەدرێژایی مێژوو ئەو کارە لەناو کوردا نەبووە.

گەڕیدەیەکی وەک (ریچ) کە لە ساڵی (١٨٢٠ز) سەردانی کوردستانی کردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئافرەتی کورد سەربەستی هەیەو بەشداری زەماوەندو هەڵپەڕکێ دەکات بەبێ پەچە، زۆر شۆخ شەنگن‌و جلی کوردی لەبەر دەکەن‌و خشڵ زۆر بەخۆیانەوە دەکەن، تەنانەت لەناو سەرۆک خێڵە کۆچەرەکانیشدا ڕێزی ئافرەت زۆر دەگرن‌و بەهیچ شێوەیەک سوکایەتی بە ئافرەت ناکەن، کردەوەو ڕەوشتی خراپ لەناو کوردە زۆر کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵی لە ناو ژنان و پیاواندا هەیە، بەڵام ئافرەتی کورد زۆر ڕەوشت بەرزن(٩).

ڕۆژهەڵاتناس (مینۆرسکی) یەکێکە لەو گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسانەی هاتووەتە کوردستان‌و بەچاوی خۆی ڕەوشی گشتی ژیانی کوردەواری بینیووە، لەبارەی ڕەوشی ئافرەتەوە دەڵێت: کوردەکان لە هەموو گەلە موسڵمانەکانی تر لێبوردنیان زیاترە، ژن‌و کچانی کورد ئیشوکاری نارەحەتی ناوماڵ ئەکەن، لە کانی ئاو ئەهێنن، بۆ مەڕ دۆشین و کۆکردنەوەی دارو چیلکە دەچنە سەر چیا بەرزەکان، سەرەڕای ئەمانە بەردەوام مناڵە بچوکەکانیان هەڵگرتووەو بە پشتوێنێکی پان ئەیانبەستن بە کۆڵیانەوە. ئافرەتی کورد بێ پەچەن، بە ئازایی‌و بێ شەرم لە ناو کۆڕو کۆمەڵدا دائەنیشن‌و زۆرجاریش لە گفتوگۆدا هاوبەشی پیاوان ئەکەن، هیچ پەردەیەک لە نێوان کچ‌و کوڕدا نییە، بەشێوەیەکی زۆرباش یەکتری دەناسن، ژن هێنانیش لە نێوانیاندا بە ڕێکەوتن دەبێت، هەستێکی ڕۆمانتیکی فراوان دەستی بەسەر دڵیاندا گرتووە(١٠).

یەکێک لەو کێشانەی ژنی کورد گیرۆدەی بووە نەخوێندەوارییە، ڕۆژهەڵاتناس (هێنی هەرۆڵد هەنسن) کە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا سەردانی کوردستانی کردووە، باس لەوە دەکات کە ئافرەتانی گوندەکانی کوردستان نەخوێندەوارن، ئەو ڕۆژهەڵاتناسە خەفەت بۆ ئەوە دەخوات کە ژنانی کوردستان توانای خوێندنەوەیان نییە هەتا نامەیان بۆ بنوسێت، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات لە دێهاتەکانی کوردستاندا ژنان لە ئەورووپا سەربەسترن، تەنانەت کاتێک ژنێکی کورد داوای لە پیاوێک کردوە لە ئۆتۆمبێلێکدا جێگا بۆ ئەم ژنە ئەورووپاییە چۆڵ بکات، پیاوەکە زۆر بە ئاسایی هەستاوەو جێگەکەی بۆ چۆڵکردووە، ئەم ژنە ڕۆژهەڵاتناسە سەرسوڕمانی خۆی بەو هەڵوێستە دەردەبڕێت، هەروەها لە کتێبە بە نرخەکەیدا باس لە پێگەی ژنی کورد دەکات لەناو کۆمەڵدا(١١).

یەکێکی تر لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی سەردانی کوردستانی کردووە (مێجەرنۆئیل)ە، ئەم ڕۆژهەڵاتناسە دەڵێت: ژن هێنان بەلای کوردەکانەوە زۆر پیرۆزە، لەگەڵێک لە گەلە موسڵمانەکانی وەک تورک عەجەم بە بایەختر سەیری ئەو پەیوەندیە

دەکەن، ئافرەت لە کوردستانا لە زۆر لەگەلە موسڵمانەکانی تر ئازادترن، زۆربەی ژنهێنان لە ناو کوردا لە رێگەی دڵخوازیەوەیە، ئەو رێکەوتنەی لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیەوە پەیدا دەبێت دەورێکی باڵا دەبینێت لە ناو خێزانی تازەدا.

کورد ئافرەتی بە کۆڵەکەی ماڵ داناوە، لەوبارەیەوە دەڵێن: (ئافرەت کۆڵەکەی ماڵە)، ئافرەتی کورد زۆر رەوشت بەرزن، هیچ جۆرە بەدرەوشتیەک لەناو کوردا نیە، وشەی (زینا) کە لەناو گەلەکانی تردا هەیە، هەتا ئێستا لە ناو کوردا نییە، پیاوی کورد ئەگەر خانمێکی زۆر بەتوانا و ژیری نەبوبێت نەیتوانیوە میوانداری کەس بکات، تەنانەت ناوبانگ و گەورەیی پیاوان بە نان بدەیی ومیوان دۆستیەوە بەستراوە، هەموو ئەوانەش بە ژنان دەکریت، بۆیە بە کۆڵەکەی ماڵیان داناوە. لەگەڵ بوونی دەیان هەڵوێستی بەرزو نەرێتی جوانی کورد لەبەرامبەر ئافرەتدا، بەڵام نابێت ئەوەیش لە یاد بکەین کە کوردیش وەک نەتەوەیەکی رۆژهەڵاتی کە کەلتورو پێکهاتەی خێڵ هەژمونی تەواوی بەسەریدا هەبووە، بێگومان دابونەرێتی خراپیشی هەبووە لەبەرامبەر ژناندا، وەک بوونی شیربایی و ژن بەژن و گەورەو بچوکو خوێنبایی و بەزۆر بەشودان لەو ستەمانەن کە لە ژن کراون، هەروەها هەندێ دەستەواژەی ناشیرین کە زیاتر لەناو خێڵە دواکەوتووەکاندا بەکارهاتووە هێمای ناشیرینی تێدایە بەرامبەر بە خانمان، وەک (پیاو قسە دەکات)، (ئەو سمێڵە هی پیاو نەبێت)، (لە ژن کەمتر بم) بێگومان لەناو گەلێکدا کە رێژەی نەخوێندەواری تێدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بووە خاوەنی دابونەرێتی دواکەوتوو بەتایبەتی لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدەو هەتا بیستەمیشدا، لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا ستەم لە هەموو توێژێک دەکرێتو ژنانیش لەو ستەمدا پشکی شێریان بەردەکەوێت.

## کۆتایی:

رۆژهەڵاتناسان لە دوای سەدەکانی حەڤدەو هەژدەوە بەشێوەیەکی زیاتر و چڕتر ڕوویان لە کوردستان کردووەو لە ناو شاخ و دۆڵ و دێهات و شاری کوردستاندا گەڕاون، لە زۆر ڕووەوە زانیاریان لەسەر کورد کۆکردووەتەوە، لە ڕوەکانی مێژوویی‌و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوریەوە، ئەو نووسین و زانیاریانە بایەخو گرنگی تایبەتیان هەیە بۆ کوردناسی کە زۆر کەم زانیاری لە خۆی تۆمارکردووە.

نووسینی رۆژهەڵاتناسان لەبارەی پێگەی ئافرەتەوە لە ناو کوردا زۆربەی کات بە باشی باسی هەڵوێستی کوردیان کردووە لە بەرامبەر ژندا، باس لەوە دەکەن ژنی کورد بەشداری کاروباری ژیانی خێزانەکەی دەکاتو هەندێ جار ئەرکی ژن زۆر لە ئەرکی پیاو قورستربووە، ژن بەشداری کاری کشتوکاڵکردنی کردووەو منالی بەخێوکردووەو ئیشوکاری ناوماڵ و ئامادەکردنی خواردن و ئاوهێنانی لە کانی ئەنجامداوە.

رۆژهەڵاتناسان کاتێک لێکۆڵینەوەیان کردووەو لەسەر گەلانی دەوروبەری کورد، ئاماژەیان بەوە کردووە کە کورد بەبەراورد بەگەلانی دەوروبەری لە هەموویان کراوەتر بووە بەرامبەر بە ژنان، ژنی کورد بەشداری کۆڕوکۆبوونەوەی کردووەو لەگەڵ میواندا دانیشتووەو پەچەی نەبەستووە، هەندێ جار لە ئامادەنەبوونی پیاودا ژنان کاروباری خێڵیان راپەڕاندووەو بەشداری کاری سیاسی و بەڕێوەبردنی گشتیان کردووە، هەموو ئەمانە بەڵگەی پێگەی بەهێزو رێزی ئافرەت بووە لای کورد کە بەچاوی لاوازی و سووک سەیری ژنیان نەکردووە.

هەروەها میللەتی کورد بەدرێژایی مێژوو بەدوور بووە لە کچ زیندە بەچاڵکردن و کاری بەدرەوشتی بەکارهێنانی ژنان بۆ پەیداکردنی پارە، نەبوونی وشەی (زینا) لەناو فەرهەنگی زمانی کوردیدا بەڵگەی ئاشکرایە کە ئەو کردەوە قێزەونە لەناو کوردا نەبووە.

## پەراوێزەکان

- د. محمد فاروق النبهان، الاستشراق تعريفه مدارسه آثاره، الطبعة الأولى ٢٠١٢، منشورات المنظمة الاسلامية للتربية والعلوم والثقافة، السعودية، ص٧ وما بعدها.
- د.معروف الخزندار، تاريخ الاستشراق والدراسات العربيه والكرديه فى المتحف الآسيوى و معهد الدراسات الشرقيه فى لينينغراد ١٨١٨-١٩٦٨، الطبعة الأولى ١٩٨٠ بغداد، ص١٧١ وما بعدها.
- مێجەرنۆئیل، یاداشتەکانی مێجەرنۆئیل لە کوردستان، وەرگێڕانی: حسێن جاف و حسێن نێرگسەجاڕی، چاپی یەکەم ١٩٨٤، بەغداد، ل٣٩ بەدواوە.
- عادل صدیق، عادیلەخانم کەسایەتی و ئەردەڵانی بوون و ساحێبقرانی بوونی، چاپی یەکەم٢٠١٠، مەلبەندی کوردۆلۆجی- سلێمانی، ل١٥ بەدواوە.
- د. محمد فاروق النبهان، الاستشراق تعريفه مدارسه آثاره، الطبعة الأولى ٢٠١٢، منشورات المنظمة الاسلامية للتربية والعلوم والثقافة، السعودية، ص٧ وما بعدها.
- توما بوا، الكرد، تجمة: صلاح عرفان، الطبعة الاولى ٢٠٠٢، مركز الدراسات الكردية، السليمانية، ص٤١-٤٢.
- د.بدرخان السندي، المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي، الطبعة الأولى ٢٠٠٢م، مؤسسة اراس، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ص١١٧ وما بعدها.
- سي.جي. ادموندز، كورد وترك وعرب، ترجمة: جرجيس فتح الله، الطبعة الأولى ٢٠١٢م، دار اراس، ص٤١-٤٢.
- کلودیوس جێمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی سییەم٢٠٠٢، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل٢٥٩-٢٦١.
- مینورسکی، کورد تێبینی و وردبونەوە، وەرگێڕانی لە ڕوسیەوە: د.مارف خەزنەدار، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە:حەمە سەعید حەمە کەریم، چاپی یەکەم ١٩٨٣، ل١٥٩-١٦٠.
- هێنی هەرۆڵد هەنسن، کچانی کورد، وەرگێڕانی د. ناجی عەباس ئەحمەد، چاپی یەکەم ١٩٨٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ل٥٧ بەدواوە.

# کوردناسی و مێژووی ژیانی ڕۆژانە

## (مێژووی خۆراك وەك نموونە)





**د. کامەران محەمەد**

ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی لەدایکبووە.
هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە فەلسەفەی مێژوو.
پێنج کتێبی چلپکراوی هەیە.
چەندین توێژینەوەی بڵاوکردووەتەوە.

## مێژوونووسیی کوردی

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بڕوانینە نووسراوە مێژووییەکانی کورد، ئەوا زۆر بە ڕوونی بەو ڕاستییە بنەڕەتییە ئاشنا دەبین کە بەشی شێری ئەو نووسراوانە دەچێتە خانەی (مێژووی سیاسی)یەوە، لەنێو مێژووی سیاسیشدا مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە! ڕەنگە هەلومەرجی مێژوویی گەلی کوردو ژێردەستەیی بە درێژایی هەزارەها ساڵو هەڵکەوتەی شوێنی هاوسێیەتی کوردستانو بوونی بە گۆڕەپانی پێکداکێشانی بەرژەوەندیو تەنانەت سوپای نێوان ئیمپراتۆرێتییەکانو زلهێزەکان لەو هۆکارانە بووبن، کە نەخشی سیاسییان بەسەر تەواوی کایەکانی تری ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا جێهێشتووە. هەربۆیە لەنێو کەشێکی لەوشێوەیەدا کەسێکی وەک شەرەفخان دێتو بۆ ئەوەی بەسەرهاتو ناوی گەورە پیاوانو فەرمانڕوایانی کورد کوێر نەبێتەوە ( شەرەفنامە) بۆ پاراستنی مێژووی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستان دەنووسێتەوە، وەک خۆی دەڵێت:» هەموو نیازو ئاواتیشم هەر ئەمەیە کە خانەدانە گەورەکانی کوردستان ناویان لەناو ناوان بمێنیو لەناونەچن». (١)

کاروانی مێژوونووسی کوردی دوای شەرەفخان و بەتایبەت لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەهەمدا بە قۆناغێکی داکشانی درێژخایەنیدا تێپەڕی، کە دەتوانین بڵێین تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمی خایاند. لەم ماوەیە دوورودرێژەدا تەنیا چەند هەوڵێکی کەمی مێژوونووسینمان بەرچاو دەکەوێت: هەندێ لەمانە تەنیا بریتین لە هەوڵی درێژکردنەوەو تەواوکردنی نووسینەکانی پێشوو لە ڕێگەی نووسینی پاشکۆ بۆیان، بەتایبەتیش بۆ کتێبی شەرەفنامە. وەک پاشکۆ تایبەتەکەی (حاکمانی گەڵباخی- ١٦٨١)و پاشکۆیەکی تر لە ساڵی ١٦٨٧نووسراوەو (شەمعی) ناوێک دایناوە(٢).

لە پاڵ ئەم دوو پاشکۆیەداو لە ماوەی ئەو دوو سەدەیەدا تەنیا دوو هەوڵی سەربەخۆش بەرچاو دەکەون بۆ نووسینەوەی مێژوو: یەکەمیان نووسراوێکی گرنگی (ابن محمد) ناوێکە کە ناونیشانی (تاریخ کردستان -١٧٠١)ی هەڵگرتووەو بەڵام ئەم کتێبە فەوتێنراوە! دووەمیشیان بریتییە لە گەشتنامەیەکی مێژوویی کە قوتابییەکی ئایینی کورد لە سەدەی دوازدەی کۆچی (هەژدەی زایینی) پێی هەستاوە. ئەم قوتابییە کە تەهای کوڕی یەحیای کوردی بالیسانییە، بۆ خوێندن زۆربەی شارەکانی کوردستانی کردووەو ئینجا چووەتە شامو لەوێشەوە بۆ میسر. ناوبراو تێبینییەکانی خۆی سەبارەت بە گەشتەکەیو ئەو شوێنانەی کە پێیاندا تێپەڕیوە لە دەستنووسێکی (٩٤) پەڕەییدا تۆمارکردووە(٣).

بەڵام سەدەی نۆزدەیەم لە ڕووی مێژوونووسی کوردییەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەردوو سەدەی پێشووتردا هەبوو، چونکە لەو سەدەیەدا کۆمەڵە بەرهەمێکی مێژوویی گرنگ دەربارەی مێژووی کوردو لەلایەن مێژوونووسانی ئەو سەدەیەوە بەرهەم هات. لە گرنگترین ئەو بەرهەمانەش: (زوبدەتولتەواریخی سەنەندەجی) ی (مەلا محەمەد شەریفی قازی ئەردەڵان)و کتێبی (تاریخی ئەردەڵان -١٨٢٨)ی (ئیسماعیل کوڕی مەلا محەمەد حوسێنی ئەردەڵانی)و کتێبی (تاریخی ئەردەڵان -١٨٤٦) ی (ماهشەرەفخانمی کوردستانی)و کتێبی (تاریخی بەنی ئەردەڵانی (خوسرەو کوڕی محەمەد کوڕی مەنوچەهر)و کتێبی (مەلیخا) ی (میرزا محەمەد وەقائع نگار)و یاداشتەکەی زانای بەناوبانگی کورد (محەمەد کوڕی ئادەم)و هەردوو کتێبی ( کتابی تاریخی جدیدی کوردستان- ١٨٥٨و عاداتو رسوماتی ئەکرادیە)ی مەلا مەحمودی بایەزیدیو...تاد(٤).

تەواوی ئەو نووسراوە مێژووییانەو ئەوانەشی کە هەنو باسمان نەکردوون، زیاتر دەچنە

چوارچێوەی (مێژووی سیاسیی)ەوە، سەرەڕای ئەوەی لە هەندێکیاندا ئاماژە بە نەژاد کراوەو بە دەگمەنیش تەقە لە کایەکانی تری مێژوونووسیی دراوە. دواتر لەسەرەتای سەدەی بیستەمیشدا کاتێک تورک ئاڵای تۆرکچێتیو عەرەبیش بەیداخی عەرەبایەتی بەرز دەکەنەوە، وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو بانگەشانە کوردێکی وەک (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) هەستی بۆ کوردایەتی دەجوڵێتو دەیەوێت لەنێو ئەو خواستو داخوازیو بانگەشە نەتەوەییانەدا بوونی نەتەوەییو جودایی خۆی بسەلمێنێتو ڕوو دەکاتە کۆکردنەوەی هەزارەها لاپەڕە دەربارەی مێژووی (نەژاد)و (سیاسی) کوردو شاکارێکی وەک (خولاسەیەکی تأریخی کوردو کوردستان) گەڵاڵە دەکات. وەک خۆی لەژێر ناونیشانی (ئەم کتێبەم چۆن نووسی؟) دەنووسێت:» لەدوای ئەمە، کە لە جێگەی تەعبیری عموومیی (عوسمانلی)، لەفزی (تورک)و (تۆرانی)، لە تورکیادا باوی سەند، بە تەبیعەت، وەکو ئەفرادی میللەتەکانی تر، منیش لەناو ئەو کۆمەڵەدا غیرەتی خۆم چاکتر حیس کرد، وە غرووری قەومی، مەجبووری کردم کە لە هەموو فرصەتێکدا ئەم حیسسەی خۆم ئیظهار بکەم. تەئریخی قەومەکەم هیچم نەئەزانی،....»(٥). بەڵام ئەم کتێبە بە پلەی نایاب سەرچاوەیەکی مێژووی سیاسییەو بەوردی باس لە مێژووی فەرمانڕەوایەتی کوردو کورد لە ململانێ ناوچەییەکاندا کردووە!

هاوکات دەشێت ئەمە بۆ بەشێکی زۆری مێژوونووسانیی دواتر ڕاست بێت! واتە (سیاسەت) ئەو کایەیە کە هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی کایەکانی تری ژیانو مێژوونووسی کوردیدا سەپاندووە. بەڵام ئەو پرسیارە لۆجیکییەی لێرەدا دروست دەبێت، ئەوەیە کە مێژووی کورد تەنها لە ڕەهەندە سیاسییەکەیەوە دەتوانێت وێنەیەکی تەواوی (واقیعی مێژوویی) کوردیمان پێبناسێنێت؟ دواتر ئایا (واقعی مێژوویی) کە بابەتی بنەڕەتی توێژینەوە مێژووییەکانە چی دەگەیەنێت؟

### واقیعی مێژوویی

وشەی (واقیع) بۆ ئاماژەکردن بە شتگەلێکی ڕاستەقینە، یاخود سروشتی ڕاستەقینەی شتەکان بەکاردێت، نەک هزرگەلێکی ئەندێشەکراو یان داهێنراو یاخود تیۆرەکان. (مێژوویی)ش واتە کەسو هەڵوێستو شتە مێژووییەکان، ئەوانەی لە ڕابردودا هەبوونو بە بەشێک لە مێژوو دادەنرێن.

بەمشێوەیە (واقیعی مێژوویی) واتایەکی فراوان لەخۆ دەگرێتو بۆ دەرخستنی سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤەکانو هەڵوێستەکانیانو کردارەکانیان لە قوڵایی مێژووداو دوور لە هزرە ئەندێشەکراوەکانو داهێنراوەکانو تیۆرە دابڕاوەکان (ئەبستراک) بەکاردەهێنرێت.(٦).

مێژوونووس دەبێت لەو ڕاستییە تێبگات، کە (واقیعی مێژوویی) وەک ئەو وێنە لێکترازاوەی بەردەستی منداڵێک وایەو ئەو دەیەوێت پارچەکان پێکەوە بلکێنێتەوە! بۆ ئەوەی بتوانێت وێنەکە بەتەواوی دروست بکاتەوە! بەڵام ئایا مێژوو دەتوانێت بەتەنهاو بە فەرامۆشکردنی کایەکانی دیکەی نێو زانستە مرۆڤایەتییەکان ئەو کارە ئەنجام بدات؟ هەریەکە لە کایە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەک (جوگرافیا، ئابووری، کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆجیا، دەروونناسی، سیاسەت،....تاد) گوزارشت لە پارچەیەکی ئەو وێنەیە دەکەن! واتە هەر یەکەیان لایەنێکی (واقیعی مێژوویی) ڕووناک دەکەنەوە.

لێرەوە دەبێت مێژوو بەسەر تەواوی کایە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بکرێتەوە، هەر هیچ نەبێت ئاگاداری هێڵە پانەکانو میتۆدەکانیان بێت. چونکە ڕۆچوونی مێژوونووس لەناو بەڵگەنامەکانداو فەرامۆش کردنی کایەکانی تر، بێگومان (جوزئی بوون)و (ناتەواوێتی) توێژینەوەکانی لێبەرهەم دێت! هاوکات دەبێت مێژوونووس ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکات، کە (مرۆڤ)و (ژیان) پەرت ناکرێن. مرۆڤ بەتەنها ژیری یا ڕۆح یا جەستە یاخود دەروون،....تاد نییە،

بەڵکو مرۆڤ لە کۆی ئەو پێکهاتانە پێکهاتووەو هەر یەکەیان بە (شێوە)و (ڕێژە) جیاواز ڕۆڵو پشکدارییان لە ئاڕاستەکردنی مرۆڤو بزووتنەوەی مێژوودا هەیە. بەهەمان شێوە (ژیان)یش پەرت ناکرێتو تەنها گوزارشت لە لایەنێکی وەک ئابووری یا کۆمەڵایەتی یا سیاسەت یا یاسا یا...تاد بەتەنها ناکات. بەڵکو ژیان کۆی ئەو لایەنانە لەخۆ دەگرێت. ئەو لایەنانەش لەنێو تۆڕێکی کارلێککردندا کاردەکەنو هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوی ترو تەواوکەری یەکترین. واتە مێژوونووس دەبێت لەوە بەئاگابێت، کە ئەو میتۆدەی بۆ دروستکردنی مێژوو لە بەڵگەنامەکانەوە بەکاریدێنێت، ناتوانێت پەی بە ئاشکرا کردنی ڕاستییەکانی (واقیعی مێژوویی) ببات! بۆیە دەبێت لەوە تێبگات، کە دروستبوونی مێژوو بەبێ (تێڕوانین)! نەک (بەڵگەنامە بەتەنها)! دروست نابێت! هاوکات بەبێ دیدێکی گشتگیرانە بۆ ئەوەی لە ئەنجامی کارلێککردنی هەر سێ ڕەگەزی (مرۆڤ، شوێن، کات) دێتەئاراوە، بەدینایەت(٧).

## مێژووی ژیانی ڕۆژانە

(مێژووی ژیانی ڕۆژانە) جۆرێکە لە مێژوو و دەچێتە چوارچێوەی ڕەوتی (ئەنترۆپۆلۆجیای مێژوویی تەئویلی)، ئەم ڕەوتەش بەزمانی ئەڵمانی پێی دەوترێت(Alltagsgeschichte) کە واتای (ژیانی ڕۆژانە) دەگەیەنێت. دواتر دەتوانرێت ئەم بێژەیە بە واتەیەکی نزیکیی بە (مێژووی ژیانی ڕۆژانە) یاخود (مێژووی ڕۆژانە) وەربگێڕدرێت، ئەم ڕەوتە پشت بە (نزیکخستنەوەی مارکسیزمی نوێ) دەبەستێت، کە هۆکارە ڕۆشنبیرییەکان بە هێزی ڕاستەقینەی پاڵنەرەکانی مێژوو دادەنێت، ئەوەی کە لە حەفتاکاندا بونیادگەرەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدا، ئەوەش بەهۆی پەی نەبردنیان بوو بەرەهەندە ڕۆشنبیرییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی لەمێژووی کۆمەڵایەتیدا(٨).

(ژیانی ڕۆژانە) ئەو دەربڕینەیە کە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بەشێوازی ژیان یان هەڵسوکەوتی کەسێک یاخود کۆمەڵێک لە کۆمەڵگەکەیدا، هاوکات لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی بیرکردنەوەو هەستکردنیان بەشتەکانی دەوروبەر یان لەسەر بنەڕەتێکی ڕۆژانە(٩). دەتوانرێت (مێژووی ژیانی ڕۆژانە) لە ئەڵمانیا بەموومارەسەکردنێکی نوێ دابنرێت بۆ بەرهەمهێنانی مێژوورییەکی ناوخۆی (المحلی)، واتا جۆرێک لەو مێژووەی خوارەوە تەماشا دەکرێت، مەبەست لە مێژووی ڕۆژانە بریتی یە لەبەرچاوگرتنی شارەزایی بنەڕەتی مرۆڤە ئاساییەکانی کۆمەڵگە و، بیر وکردار وهەست و ناڵاندنەکانی گەل دەبێتە چەقی لێکدانەوە مێژووییەکان، بەتایبەتیش ئەو ماوانەی کە بەدوای جەنگە خوێناوییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا دێن. واتە هەوڵدان بۆ پەیبردن بەمێژووییەکی دورر لە دەسەڵاتە فەرمییەکان(١٠).

(مێژووی ژیانی ڕۆژانە) دەتوانرێت بەشێوە ئەڵمانییەکەی (مایکرۆ مێژووی ئیتاڵی) دابنرێت، لەهێڵە پانەکانیدا ڕەوتێکی تەواو هاوشێوەی ئەوە، هەر لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە لەنێو مێژوونوسانی ئەڵمانیادا بڵاوبویەوە، هەریەک لە (ڕیچارد ڤان دولمن-Richard vanDulmen هانس میدیک Hans Medicks)و ئەلف لوتک Alf luedtke) ڕۆڵی گەورەیان لەبڵاوکردنەوەیدا گێڕا. هاوکات ئەم جۆرە مێژووە بەهۆی بڵاوکراوەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای مێژوویی (Centre d anthropologie historique) لە زانکۆی ئیرفۆرت universitat d Erfurt) گەشەی سەند. بەم شێوەیە و بەشێوەیەکی قۆناغبەندی مێژوونووسیی لە ئەڵمانیا بەسەر ئاڕاستە نوێیەکاندا کرایەوە و هێواش هێواش ماڵئاوایی لەنەریتی کۆنی ئەڵمانی کرد. ئەم مێژوونوسانەش بەشێوەیەکی ئاشکرا کەوتبوونە ژێرکاریگەری کۆمەڵناسی ئەڵمانی(ماکس فیبەر)ەوە(١١).

(مێژووی ژیانی ڕۆژانە) دژ بە جیهانبینییەکانی (مێژووی نەریتیی) کە تێڕوانینێکە لەسەرەوە، واتە ئەو مێژووەی گرنگی بە تەواوی توێژە

جیاوازەکانی کۆمەڵگە نادات، ئەمە لەکاتێکدا مێژوونوسە نوێیەکان گرنگی بەو مێژووە دەدەن کە لە(خوارەوە) دروستدەبێت، واتا گرنگی بە مێژووی تێڕوانینی مرۆڤە ئاساییەکان و ئەزموونەکانیان دەدەن. ئەم جۆرەش لەنووسین تیشک دەخاتە سەر ڕووداوەکان و وردەکارییەکانی ژیانی کۆمەڵگە و گرنگی بەڕۆشنبیری و کەسایەتییەکان دەدا بەوپێیەی بونەوەرگەلێکی چالاکن. ئەگەر (ژیانی ڕۆژانە) لەڕابردوودا وەک بابەتێکی بێ بەها تەماشا کرابێت، ئەوا لەلایەن مێژوونووسانی ئێستاوە-تەواو بەپێچەوانەوە- وەک مێژوویەکی ڕاستەقینە هەژمار دەکرێت.(١٢).

(مێژووی ژیانی ڕۆژانە) وەک کاردانەوەیەکی بەهێز دژ بە ئەو گفتۆگۆو ڕەفتارانە هاتە ئاراوە کە دەربارەی (واتای مێژوو) لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەوروپا بەخۆیەوە بینی، بۆیە ئەم ڕەوتە زیندوێتی و چالاکی بۆ توێژینەوەی مێژوویی گەڕاندەوە، ئەویش لەمیانەی تەرکیزکردن لەسەر (تاکەکان)و توێژەکانی خوارەوە، ئەمە لەکاتێکدا گوتاری مێژوویی تا ئەوکاتەش گرنگی بەکەسایەتیە مەزن و پیاوەگەورەکان و دامەزراوە بەناوبانگەکان دەدا(١٣). لەڕوانگەی ئەم ئاڕاستەیەوە چوارچێوەی شوێن بریتیبوو لەچوارچێوەیەکی تەسکی ناوخۆیی وەک(گوند، گەڕەک، کۆڵان...تاد) و باوەڕیشیان وابوو، هەموو ئەوانەی لەسەرەوە (دامەزراوەکان، تیۆرییەکان..تاد) ئاستەنگ لەبەردەم تێگەشتنی هەموو ئەوانەدا دروست دەکات، کە لە جیهانی خوارەوەدا دەگوزەرێت، واتە جیهانی خەڵکی گشتی(١٤). خاڵی جەوهەری لەم مێژووەدا بریتییە: لە ژیان و هێشتنەوەی ئەو مرۆڤانەی کە بەدرێژای مێژوو بە نەناسراوی مانەوە!

مێژووی ژیانی ڕۆژانە تێڕامانە لەشێوازی ژیانی گشتی کۆمەڵگە، ئەو ژیانەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی و گشتی بەسەر مێژوونوساندا تێپەڕیووەو بەدەگمەنیش سەرنجێکیان پێنەداوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەو مێژووە ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە بووە، و شێوازو ڕەوشتی نان خواردن و(خوان)ەکان و شێواز و جۆرەکانی جل و بەرگ و شێوازی دروستکردنی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون و تاد. ئەمە لەکاتێکدا ئەمانە مێژووییەکی ڕاستەقینە دروستدەکەن و دەبنە بنەڕەت بۆ ئەو مێژووە فەرمییەی کەبەردەوام پێی گۆش دەکرێین.

کوردناسیو مێژووی ژیانی ڕۆژانە

(کوردناسی) بەو زانستە دەڵێن کە لە هەموو لایەنێکی ژیانو کەلتوورو زمانو نیشتمانو مێژووی گەلی کورد دەکۆڵێتەوە. ئەم زانستە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وردە وردە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی جودا دەبۆوە. ئیتر لەو ساتەوە لە زانکۆکانی ئەوروپادا (بەتایبەتی لە ئەکادیمیاکانی رووسیاو لە زانکۆکانی فەڕەنساو ئەڵمانیاو ئەرمەنستانو ئینگلستانو سوێد) وەک بەشێکی سەر بە لێکۆڵینەوەی ئێراننناسی دەخوێنرێت(١٥).

(کوردناس)ەکان ئەو گەڕیدە ئەوروپیانە بوون کە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کورددا هاتوونەتە کوردستانو بە ناوچە جیاوازەکانیدا گەڕاونو لە جوگرافیاوسیاسەتو ئابووریو ئایینو بیروباوەڕو هونەرو ئەدەبیاتو زمانو فۆلکلۆرو شوێنەوارو ژیانی ڕۆژانەو...تاد ڕاماونو نووسیویانەتەوە. بەوەش گەنجینەیەکی بەنرخیان بۆ ئاشنابوون بە مێژووو کەلتووری کوردی بۆ جێهێشتووین. ڕەنگە یەکێک لە بەختە باشەکانی کورد ئەوە بێت کە زۆرینەی ئەو بیانیانەی هاتوونەتە کوردستان مێژوونووس نەبوونو کتێبەکانیشیان بە کتێبی مێژوویی دانانرێت! بەڵام بەرهەمەکانیان بە کەرەستەیەکی خاو دادەنرێت بۆ بونیادنانی مێژووییەکی تەواو(١٦)!. ڕەنگە ئەم دەستەواژەیە بۆ هەندێ کەس جێگەی سەرسوڕمان بێت! ئاشکرایە گەر ئەم کوردناسانە مێژوونووس بوونایە بە واتا پیشەییەکەی، ئەوا لەبەر گرنگیدان بە ژیانی (کۆشک)و (میر)و (میرنشین وەک

یەکەیەکی سیاسی)و...تاد کە بابەتی مێژوونووسیی باو بووە، نەیان دەپەرژایە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی سادەو تێرامان لە شێوازی گوزەرانو جلوبەرگو بابەتەکانی خۆرازاندنەوەو خواردنو خواردنەوەو...تاد.واتە ئەم کوردناسانە وەک مرۆڤێکی ئاسایی لە کەلتووری کوردی ڕاماونو بەوردی وێنەیەکی جیاوازیان لەو وێنەیە پێشکەش کردوین، کە لە تەواوی سەرچاوە مێژووییەکانی ئێمەدا بەدی ناکەین! ئەمە لەکاتێکدا ئێستا بابەتێکی بنەڕەتیو ڕاستەقینەی مێژووە. بۆیە کاتێک بەرهەمی کوردناسەکان دەخوێنینەوە هەست بە زیندوێتیو سروشتێتیو چالاکیی کۆمەڵگەی کوردی دەکەین، وەک ئەوەی بە چاوی خۆمان ببینین! واتە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە ئاساییەکە لای کوردناسەکان بەشێوەکی گشتی نەک ڕەها، بووەتە بابەتی نووسراوەکانیان، نەک ژیانی سەرکردە یاخود میرێک یاخود ململانێ سیاسیو جەنگەکان! هاوکات ئەم لایەنانەشیان فەرامۆش نەکردووە. لەبەر فرەڕەهەندیو بەربڵاوێتی ئەو بابەتانە تەنها باس لە مێژووی خۆراکو خوانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕوانگەی کورناسەکانەوە دەکەین.

## مێژووی خۆراك

ئەمرۆ لە جیهانی پێشکەوتوودا لەلایەن مێژوونووسانەوە گرنگییەکی زۆر بە مێژووی خۆراک دەدرێت، ئەمەش لەو ڕوانگەوە کە ئاسۆگەلێکی فراوان بۆ شیکردنەوەو تێگەیشتنێکی قوڵتری کۆمەڵگا لە بەردەمیاندا دەکاتەوە. ئەوروپییەکان پێشەنگ بوون لە گرنگیدان بە مێژووی خۆراک، لەسەردەمی ڕۆشنگەریو بەدیاریکراوی لە ساڵی ١٧٨٢ کتێبێکی سێ بەرگی لەسەر ژیانی تایبەتی فەڕەنسییەکان بڵاوکرایەوەو تێیدا گرنگییەکی زۆر بە مێژووی خۆراک (جۆرو ژەمو ئامرازەکانی چێشتخانەو پیشەی پەیوندیدار بە چێشتخانەو...تاد) لە فەڕەنسا دراوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو بەتایبەت لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٨٨٧-١٩٠٢) لە دووتوێی بەرهەمێکی بیستو حەوت بەرگی کتێبێکی تایبەت بە مێژووی خۆراک لە فەڕەنسا بڵاوکرایەوە. هاوکات لە هەمان کاتدا کتێبێکی تایبەت بە ناونیشانی (مێژووی خۆراک) بڵاوکرایەوە(١٧).

ئەنترۆپۆلۆجیای مێژوویی گرنگییەکی بەرچاوی بە بەهای مێژووی خۆراکو مێژووی کرداری خواردنو مێژووی چێشتخانەو سروتەکانیو پەیوەندییەکانی ئەم مێژووە بە جوتیارێتیو پزیشکێتیو مێژووی ئابووریو کۆمەڵایەتیو مێژووی هزر داوە. هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر خۆراکدا هاتووەو نەریتی خواردنو پەیوندی خۆراک بە بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتیو دیموگرافییەوە.پاشان هەر لە ڕوانگەی جۆری خواردنەوە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانو دواتریش ڕەهەندە بایلۆجییەکانی خۆراک بووەتە بابەتی توێژینەوە مێژووییەکان(١٨). یەکێکیش لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە جێگەی بایەخپێدانی کوردناسەکان بووە، برتییە لە خۆراکی کوردەواری. هەریەک لە (میستەر ڕیچ، میجەر سۆن، ویگرام، هانسن، باسیلی نیکیتین، هەی،...تاد) زۆر بەوردی باسیان لە خواردنو خواردنەوەی کوردی کردووە. ڕەنگە هۆکارێکی ئەو گرنگییپێدانەیان بگەڕێتەوە بۆ ئەو بەخشندەییومیواندۆستییەی کورد کە بەرانبەر بێگانەکان هەیانبووە.

سەرەتا نەریتی دەست شتن لە پێشو پاش نان خواردن وەک دەستورێکی کوردەواری ژمارەیەکە زۆر لە کوردناسەکان تۆماریان کردووە.

(هەی) بە ڕۆڵی خۆی باسی ئەوەی کردووەو دەڵێت:» کەسێک دەستشۆرو مەسینەی ئاوو سابوونو خاولی هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی دەستی میوانەکان بشوا، لە ڕاستیشتدا ئەو ئاو دەرژێنێتە سەر دەستی ڕاستی میوانەکاندا پاش ئەوەش لە خواردن لێدەبنەوە جارێکی دی ئەو کارە دووبارە دەکاتەوە(١٩).

ڕیچ (١٨٢٠) زۆر بەوردی باس لە ژەمە

خۆراکییەکان دەکاتو پێکهاتەو جۆری خواردنو خواردنەوەکان شیدەکاتەوەو دواتر ئەو خزمەتانەی ڕوونکردووەتەوە کە لەکاتی (خوان) ڕاخستنو نانخواردندا پێشکەش کراوە، تەنانەت ئاماژەی بە شێوازی دانیشتنو (خوان) ڕاخستنیش کردووە. هەروەها بەراوردی ڕەوشتی خواردنی کوردی بە فارسەکانو تورکەکان و بەغداش کردووە!

بۆ نموونە ڕیچ باسی ژەمێکی بەیانیانی کردووە کە لەگەڵ پاشا واتە میری بابان پێکەوە خواردوویانەو دەڵێت: پتر لە ژەمی (شێو)ەوە نزیکبوو نەک بەرچاییو قاوەڵتی یان نانخواردنی بەیانیان، گشت جۆرە گۆشتێکی کوڵاوو برژاوی لەخۆ گرتبوو، قۆزی ئاخنراووبریانیو... خواردنەکەش لەسەر شێوازی فارسی پێشکەش دەکرا، کەوا شارەزاییەکی تری خستە سەر بەهرەمەندی کورد، لە گشت ئەو جۆرە خواردنانەی لە بەغداو لە شوێنەکانی دی خواردبووم چەوری کەمترو بەچێژتر بوو»(٢٠).

ئەگەر لەم دەقە کورتە ڕابمێنین ئەوا چەند زانیارییەک بە ئێمە دەبەخشێت کە کە بەهای مێژوویی گەورەیان هەیە بۆ مێژووی خۆراکی کوردەواری! کە لە نووسراوە مێژووییە نوێیەکانی کوردیدا تا ئەوکاتە (١٨٢٠ز) باس نەکراوە! سەرەڕای ئاماژەکردن بە بەکارهێنانی برنج وبریانی باس لە زاڵبوونی شێوازی فارسی دەکات بەسەر کەلتووری نانخواردندا! واتە ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تا چەند کەلتووری فارسی کاریگەری بەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئەوکاتەی کوردەوە هەبووە!

(هانسن) کاتێک باس لەو میوانداریيە دەکات کە خێزانێکی کورد بۆیان سازکردووە، ئەوان چێشتی دۆڵمەی گەڵامێویان بۆ لێناوەو ئەمیش زۆری بەدڵبووە(٢١).

(هەی) باسی ئەو جۆرە خواردنانەشی کردووە کە لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا بۆ خەڵکی پلەو پایە بەرز ساز دەکرێت پێشکەش دەکرێن کە ئەمانەن: لەشی بەرخێکی گەورەی لێنراو کە بە برنجو کشمیشو بەهارات ئاخنراوە. دوای ئەوەش سینییەکی گەورەی پڕ گوێزی کوڵاو بە هەنگوین، خواردنەکەش لە یەک یا دوو سینی برنج (پڵاو) کە بە ڕۆن لێنراوە، پارچەی هێلکەو (ئۆملێت)و کەعکی شیرینو ماستو میوەی لەسەر دادەنرێت، هەمووشیان لەیەک کاتدا دەخرێنە سەر یەک سینی(٢٢).

(هەی) وایبینیووە کە خۆراکی سەرەکی جوتیاری کورد نانی گەنمو مێووژو سەوزەو ماستو ساوەرە کەوا بریتییە لە گەنمی کوڵاوو کوتراو لە جیاتی برنج پێشکەش دەکرێتو بە چێژیشە. بەلایەوە بەرچایش لە شیرو ماستو پەنیر پێکدێت(٢٣).

(هنری فیلد) کە لەچاو کوردناسەکانی دی درەنگ یاداشتەکانی تۆمارکردووە، باسی ئەوەی کردووە کەوا برنج بووە بە خواردەمەنی بەردەوامی گشت چینەکان، جۆریشی بەگوێرەی ناوچەکان دەگۆڕێ، بەڵام ئەو برنجەی لە ناوچەی بەرواری باڵا دەچێنرێ باشترین جۆرێتی. ئاغاکان ڕۆژی دوو ژەم دەخۆن یەکەمیان پێشنیوەڕۆو دووەمیشیان پاش خۆر ئاوابوون، نانی نیوەڕۆژیش بریتییە لە سەوزە (مەرگە)و هێلکەو برنجو گۆشتی کوڵاو (هی مەڕ) یان مریشک. چینە هەژارەکانیش ناتوانن گۆشت بکڕن، بۆیە خۆراکیان بریتییە لە نانو هێلکەو برنجو سەوزە، بەڵام هەموو توێژەکان لە ژەمەکانیاندا شیر دەخۆنەوە(٢٤).

هەروەها (ڕیچ) باس لە چۆنێتی نانخواردن دەکاتو دەڵێت: کوردەکان وەک تورکەکان نین، بەڵکو لەسەرخۆ خواردن دەخۆنو لە کاتی نانخواردنیشدا قسەی خۆش دەگۆڕنەوە، خواردنەکەش هەمووی بەیەکجار دەخرێتە پێشیان»(٢٥). واتە لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن (خوان) لە کۆمەڵگەی کوردیدا مرۆڤەکان کۆدەکاتەوەو کەشێکی کۆمەڵایەتی خۆشو بەهێز لە نێویاندا دروست دەکاتو تەنانەت بەهۆی (خوان)ەوە بەشێک لە گرژیو کێشە



**سەدەی نۆزدەیەم لە ڕووی مێژوونووسی کوردییەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەردوو سەدەی پێشووتردا هەبوو، چونکە لەو سەدەیەدا کۆمەڵە بەرهەمێکی مێژوویی گرنگ دەربارەی مێژووی کوردو لەلایەن مێژوونووسانی ئەو سەدەیەوە بەرهەم هات.**

کۆمەڵایەتی‌و کەسییەکان چارەسەر کراون.

لە شوێنێکی تردا هەر باس لە چۆنێتی نانخواردنی کوردەکان کردووەو دەڵێت: کوردەکان وەک ئێرانییەکان لەسەرخۆ دەخۆن‌و لە میانەی نانخواردنیشدا دەمەتەقێ دەکەن، ماوەی نان خواردنیشیان وەک بەریتانییەکان درێژە دەکێشێ، لەگەڵ شێوەی نانخواردنی تورکەکانیشدا ناگونجێن کەوا بە پەلە نان دەخۆن‌و پەلاماری دەدەن.... کاتێکیش لە ڕووی دەستووری (خوان)ەوە لەگەڵ تورکەکاندا بەراوردی کردوون ڕیچ دەڵێت: یەک قاپی گەورەی خواردن دەخەنە سەر خوانەکە، لە پاش ئەوەی میوانەکە چەند پارووییەکی لێبخوات لای دەبەن‌و یەکێکی تر دەخەنە جێگەکەی، وایان لا باوە ئەوە شێوەی تاتاری کۆنە!!(٢٦) واتە لەو کاتەدا کوردەکان مێژووی ئەو شێوازەی پێشکەشکردنی خواردنەیان بۆ تەتەرەکان گەڕاندووەتەوە. کە ڕەنگە ئەم ڕستەیە لە هیچ کتێبێکی تردا تۆمار نەکرابێت!

(هەی) سەرنجی ئەوەی داوە کە لە هەندێ ناوچەی کوردی وەک مەخموور لە پارێزگای هەولێر لە کوردستانی عێراق خەڵک خواردن بەدەست دەخۆن بە تایبەت برنج. ئەمەش زیاتر لە نێو ئەو هۆزانەدا باوبووە  کە لە دەشتاییەکانی نزیک هۆزە عەرەبەکان ژیاون!(٢٧).

(ڕیچ) باسی لەوەش کردووە لەسەر ڕێگەی لە سنەوە بۆ سلێمانی لە گوندی (سێوی تاڵە) خۆی‌و هاوڕێکانی بۆ پشوودان لایان داوە، مەلای دێکەش هەنگوین‌و کەرەو ماست‌و خەیارو دۆی خستووەتە پێشیان، (ڕیچ) دەربارەی ئەمە دەڵێت:» ئەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵات هەنگوین‌و کەرە پێکەوە دەخۆن، دووریش نییە ئەمە لە بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتدا نەریتێکی باوبێت».(٢٨).

(ویگرام) باس لە (نان) دەکات‌و دەڵێت:» نان لە ئاردی بەڕوو دروست دەکرێت، ڕەنگە مرۆڤ بیری بۆ ئەو بچێت ئەو جۆرە نانە دڵی بۆی نەچێت، بەڵام زۆر بەچێژ بوو، بەری داربەڕووش کەوا لە کوردستاندا دەڕوێ‌و قەبارەی گەورەیە وەک بەڕووی ئینگلیزی نییە (کەستەنا) کە تاڵە‌و تامی جیاوازە، بەڵام ئەوانیش وەک ئێمە بە برژاوی دەیخۆن، بە گشتیش دەیهاڕن‌و دەیکەنە ئاردێکی ورد، بەقەد خۆیشی ئاردی جۆی تێکەڵ دەکەن بۆ ئەوەی نانی خۆیانی لێدروست بکەن. گەنمیش دەچێنن، بەڵام بەبڕی کەمتر، ناشتوانین بڵێین ئاردی گەنمیان نییە، هەیانەو بە کەمی بەکاری دێنن»(٢٩).

لە پێشینەی یاداشتنامەکانی (هاملتۆن)دا ئەوە هاتووە کە وەڕس بووە لە چێشتی دەستی لێنەری هیندی‌و حەزی بەخواردنی نان‌و پەنیری کوردی کردووە، تەنانەت ئەو جۆرە نانەی بەدڵ بووە کەوا بەتەنوور دروستیان کردووە، هێندەی پەنیری کوردی، ئەوەی لەنێو ماڵاندا لە شیری بزن دروستکراوە بەدڵبووە، بەدرێژایی ڕۆژ چێژی لە دەمیدا ماوەتەوە(٣٠).

(هەی)یش باسی لە نانی تەنکو کولێرەی چەور کردووە کە نیوەڕۆژەی پێکراوە(٣١).

(هانسن) لە یاداشتنامەکانیدا دیدو بۆچوونەکانی دەربارەی خواردن‌و خواردنەوەی کوردستان تۆمارکردووەو دەڵێت:» خواردنەوەی ئاو لە کوردستاندا سەرنجی ڕاکێشام، ئەو پەرداخە شوشەیەی ئاوو پارچە سەهۆڵی تیابوو دیمەنێکی دڵرفێن بوو. (هانسن) ستایشی پەرداخی ئاو دەکات‌و دەڵێت:» کاتێک لە دانیمارک بووم ئاوم نەدەخواردەوەو شەربەت‌و شتی دیمان دەخواردەوە، بەڵام لە کوردستاندا هۆگری ئاو خواردنەوە بووم، بەتایبەت کە پارچە سەهۆڵی تیا بووایە، کاتێکیش گەڕامەوە بۆ دانیمارک نەمدەتوانی ئەو دیمەنە نەبینم، پەرداخی ئاوو پارچە سەهۆڵ کە بەردەوام بە تێڕوانینی شاد دەبووم(٣٢).

(ڕیچ) سەرەڕای باسکردنی (دۆ)و (ماستاو) بەدرێژی، ئەوا (میجەر سۆن)یش باسی خواردنەوەکانی کورد دەکات‌و (دۆ)و (ماستاو)ی بە شەرابی نەتەوایەتی کورد لە قەڵەم داوە(٣٣)!

(هەی)یش باسی ماستاو یان (دۆ)ی کردووە کە بە خواردنەوەی سەرەکی‌و پەسەندی خەڵکی کوردستانی باسکردووە. بە تێکڕایی باسی چۆنێتی دروستکردنی ماستی کردووە، هەروەها چۆن لە ماست دۆو کەرە دەردەهێنرێ. سەرەڕای باسکردنی جیاوازی نێوان دۆو ماستاو بەووردی بەڵام ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە کوردەکان دۆ پێشکەشی میوانی پایەبەرز ناکەن! بەڵکو ماستاوی پێشکەش دەکەن کە شایانترە!(٣٤). هەروەها (سۆن) وێنەیەکی جوانی لە بیری خۆیدا بۆ نەریتی چا پێشکەش کردن کێشاوەو دەڵێت:» ئەو بەیانییە ڕۆژم لەسەر دەنگی پیاڵەی چاکردەوە، کاتێک دەرگام کردەوە بینیم دوو خزمەتکار ئامێری چایان پێیە (سەماوەرێکی گەورەو قاپیچکی گەورەش بۆ شتنی ژێرپیاڵەو کوپو پیاڵەکان) پیاڵەی فارسی، قاپی چینی، سی چای گەرمو شیرینیان پێشکەشکردم، ماوەیەک لە نێوان پیاڵەکاندا هەبوو، مرۆڤ دەیتوانی جگەرەیان تیا بکێشێ، کاتێکیش لێبوونەوە سەماوەرەکەیان بردە دەرەوە»(٣٥).

(هەی) یش پێیوایە کوردەکان چاخۆرێکی کەم وێنەن‌و باسی سەماوەرو قۆری چای‌و سەندووقی پیاڵەو چۆنێتی دروستکردن‌و چای باس کردووە، ئەوەشی دووپاتکردووەتەوە کوردەکان شیرو چای تێکەڵ ناکەن. میوانیش دەبێت دوو یان سێ پیاڵە چا بخواتەوە، ئەوەشی سەلماندووە کەوا قاپو قاچاغی چایان پاکو خاوێن بووەو پێش ئەوەی پیاڵەکە پڕبکەن زۆر باش ششتویانە(٣٦). هەروەها لە نێو خواردنەوەکاندا باسیان لە شەربەتی بە چێژیش کردووە، کە هەندێجار لە گەڵ خواردندا پێشکەش کراوە(٣٧).

(میجەر سۆن) باس لە جگەرە دەکات‌و دەڵێت:»هەر لەیەکەم ڕۆژەوە گەیشتمە ئۆرفە لە کوردستانی تورکیا یەکەم گرفتم بوو، وادیارە لەو ڕۆژگارەدا تەنها جگەرەی کوردی (زبانە) لە کوردستانی تورکیادا باوبووە، سۆن دەڵێت:» سەرلەنوێ ئاشنایەتیم لەگەڵ جگەرەی کوردیدا نوێکردەوە، ئەوەی وەک پێشبینی دەکەم چەشنێکی تایبەتە، کە بێگومان لە ئەنجامی پێویستیدا دروست بووە، چونکە تووتنی کوردستان هەروا نا پێچرێتەوەو بکرێ بە جگەرە. لە جیاتی ئەوەش فشاری بخرێتە سەرو ماوەیەک بەتەڕی بمێنێتەوەو ئەنجا گەڵاکانی ورد بکرێت، کوردەکان وشکی دەکەنەوەو ئەنجا وشکەیەکی زبری لێدروست دەکەن، بەکاغەزی جگەرە (دەفتەر) دەیپێچنەوە، ئەوەش لەسەری ڕانەهاتبی ناتوانی بە ئاسانی بیپێچیتەوە(٣٨).

جۆرێکی دیکەی کاغەزیشیان دروستکردووە کە لەوەی دی ئەستوورترو دووجاریش بە قەدی درێژترە، تووتنەکەی تێ ئاخنرێ پاش ئەوەش ئەهەژێنرێ‌و باش پڕ دەکرێ، هەردوو سەرەکەی دەنوشتێنرێنەوە، ئەم جۆرە جگەرەیەش کە بە کاغەزی (بەرماغ)و لە تووتنی وردی زۆر وشکەوە کراو دروست دەکرێت یەک ناگرێت، بۆیە کاتێک مرۆڤ بەکاری بێنێ لەو سەریەوە کە دادەگیرسێ

دەوەرێ(٣٩). هەروەها (هەی) ئاماژەی بەوە داوە جگەرەی کوردی بە ئینجێک یان زیاتر لە جگەرەی خۆیان درێژترە، ئەو زیادەیەش بریتییە لە پاشکۆکەی (زبانە) توتنەکەشی وشکە. ئەوەش باشترین جۆری توتنی کوردییە.

جگەرە جارجار پێشکەش دەکرێت، بەزۆریش لەماوەی کاتژمێرەکانی ڕۆژدا، کوردیش هەرگیز لە جگەرە کێشان ناوەستی مەگەر لە کاتی نان خواردندا. هەمیشە کیسەیەکی توتنو کەرەستەی جگەرە بە پشتێنەکەی ناوقەدییەوە بەستراوە، تەنانەت هەتا ئێستاش جوتیارە پیرەکان بۆ داگیرساندنی جگەرە بەرد لە یەک ئەسوون، زۆربەی خەڵکیش چەر خ بەکاردێنن، پیرەکان دارجگەرەی قورین بەکاردێنن کە لە لوولە ئاسا دروست دەکرێت، بەڵام هەندێ ئاغای گەورە دارجگەرەی داریین بەکاردێنن کەوا زۆر درێژە. هەروەها (هەی) پەنجەی بۆ هەندێ شێوەی دارجگەرە درێژکردووەکەوا درێژی دەگاتە دوو پێ. (هەی) دەربارەی (نیرگەلە)ش دواوەو دەڵێت هێند لە کوردستاندا بەکارناهێنرێت، بەڵکو بە شورەییشی دادەنێن(٤٠).

لە کۆتاییدا دەتوانیین بڵێین مێژووی خۆراک لە کۆمەڵگەی کوردییدا مێژوویەکی دەوڵەمەندەو تەنانەت کوردناسەکانیش ڕەخنەیەکیان لەسەر هیچ جۆرێکی خۆراکی کوردی تۆمار نەکردووەو جێگەی ڕەزامەندییان بووە. هاوکات ئەم مێژووە کە دەچێتە چوارچێوەی مێژووی ژیانی ڕۆژانەی کوردەوەو (مێژوویەکە لە خوارەوە) زۆر لایەنی کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئێمە ڕوون دەکاتەوە کە مێژووی سیاسی دەستەوسانە لە دەرخستنیدا، مێژووی خۆراک دەبێتە بنەڕەتێک بۆ ناساندنی کەسێتی تاکو کۆمەڵگە لەسەر بنەڕەتی ئەو ڕستە بەناوبانگەی کە دەڵێت :» پێم بڵێ چەند دەخۆیت، پێت دەڵێم تۆ کێی! هاوکات دەبێتە بنەڕەتێکیش بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو ڕوونکردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکانو دیاریکردنی ئاستو قەوارەی ئابووری کۆمەڵگەو تەنانەت پەیوەندییەکی بەهێزی بە سایکۆلۆجیای کۆمەڵگەوە هەیەو دواتریش دیاریکردنی ڕەهەندە بایلۆجییەکانی خواردنو..تاد، کە هەموو ئەمانە لە مێژوونووسیی کوردیدا شوێنێکیان نییەو ئەوە کوردناسەکان بوون بەشێکی باشی ئەم مێژووەیان بۆ ئێمە پاراستووە.

---

## سەرچاوەکان:


١. الهادي التيمومي: نظريات المعرف' التاريخى' وفلسفات التاريخ فى العالم الغرب فى النصف الثاني من القرن العشرين، بيت الحكمة، تونس، ٢٠٠٨.

٢. خالد اليعقوبي و خالد طحطح: التاريخ من أسفل، رؤية للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، ٢٠١٩.

٣. دبليو. اى. ويغرام و ادغار. تى. ويغرام: مهد البشرية الحياة في شرق كردستان، منشورات الجمل، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٢.

٤. باسيلي نيكيتين: الكرد دراسة سوسيولوجية وتاريخية، (ترجمة: نورى طلباني)، السليمانية، ٢٠٠٧.

٥. احمد عثمان ابوبكر: الاثار الكاملة، الجزء الثاني، بنکەی ژين، السليمانية، ٢٠٠٨.

٦. میر شەرەفخانی بدلیسی: شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، (و: هەژار)، چ٣، هەولێر، ٢٠٠٦.

٧. محەمەد ئەمین زەکی بەگ: خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا دەوری ئەمرۆ، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٨. سەعدی عوسمان هەروتی: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژووییەکاندا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر، ٢٠١٤.


٩. بەدرخان سندی: کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، (و: ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید)، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ١، دهۆک، ٢٠٠٦.

١٠. فەرهاد پیرباڵ: سەرچاوەکانی کوردناسی، بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٨.

١١. کلۆدیس جەیمس ریچ: گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، (و: محەمەد حەمەباقی)، بەرگی ١-٢، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چ١، سلێمانی، ٢٠١٢.



# بابەتی گشتیی



# تیۆرسازیی و مەعریفەی دەستی دووەم

## لە نووسینەکانی [تەحسین حەمەغەریب]دا




**ئیسماعیل تەها**

بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.
چەندین بەرهەمی وەرگێڕدرواى هەیە.
چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

## پێشەکی

ئەمڕۆ، تەحسین حەمە غەریب، ناوێکی دیاری ناو دونیای نووسینی کوردییە، ساڵانێکە زۆرترین نووسینی بڵاوکردوونەتەوە، بەرهەمەکانی نووسەر جۆراوجۆرن لە بوارەکانی ئەدەب و فیکر، فەلسەفەی زانست، فەلسەفەی مێژوو، زۆرجار لە نووسین و دیمانە و کۆڕەکانی بانگەشەی گەورە دەکات، بەجۆرێک بانگەشەکانی گەورەترن لە نووسینەکانی. یەکێک لە سیما دیارەکانی نووسینی ئەو نووسەرە، بریتییە لە کاریگەریی فیکری دەرەکی بەسەر فیکر و بۆچوونەکانی بەبێ ئەوەی ددان بەوەدا بنێت و لە چوارچێوەی کاری مەعریفیی بۆچوونەکان بە کۆمەکی ئەوانی تر بخاتە ڕوو. ئەم حاڵەتەی گواستنەوەی مەعریفەی پلە دوو و فرۆشتنەوەی بە خوێنەری کورد وەک تیۆر و داهێنان زۆر بەڕوونی دیارە بەسەر بەرهەمەکانی نووسەر، بەتایبەت کاریگەریی ئێرانییەکان، لەنێو ئەوانیش بەدیاریکراویی کاریگەریی عەبدولکەریم سروش و هاو ئاستەکانی بە گشت جیاوازییە فیکریی و ئایدۆلۆژییەکانیانەوە. هەڵبەتە شتێکی سروشتییە مرۆڤ کەسێکی تر بکاتە پێشەنگ و مورشیدی خۆی لە پرۆژە مەعریفییەکان وەک سەرچاوەیەکی یارمەتی وەرگرتن بگەڕێتەوە بۆی، بەڵام دەبێت ڕاستەوخۆ و بەبێ پەردە دان بنێین بەم حەقیقەتە ئەوە بڵێین کە کۆمەکی فیکریمان لە کوێ وەرگرتووە، واتە شتی ئەوان بە کەس نەفرۆشینەوە لە قاڵبی داهێنان و پێشکەشکردنی فیکریی نوێ.

بەشێوەیەکی گشتی قسەکردن لەسەر هەرکەسێک پێویست بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی نووسەر خۆی دەکات. لێرەوە، لەکاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی، زۆر بەڕوونی دەزانین کە نووسەر کاریگەریی تەواوی خەڵکی تری بەسەرەوەیە. هەر ئەمەشە وایکردووە: ئەو کارانەی نووسەر بڵاوکردوونەتەوە، زیاتر بەکەونە قاڵبی وەرگێڕان و ئامادەکردن، نەک ئەوەی مرۆڤێک بێت نووسینەکانی قوڵبوونەوە و بەدەستدانی ئەنجامی تازە بن، خاوەن فیکری سەربەخۆی خۆی بێت، بۆیەش ئەگەر لە نووسینەکانی ورد ببێتەوە دەبینین سەرچاوەی بیرکردنەوەی فیکری نووسەر، بە پلەی یەکەم بیرمەندی ئێرانی د.عەبدولکەریم سروشە. ئەرکی ئێمە لەو نووسینە هەوڵدانە بۆ خستنە ڕووی بەشێک سەرچاوە فیکرییەکانی، گفتوگۆکردن لەسەر هەندێک لەو دیدانەی، هەوڵیش دەدەین لەم نووسینە تیشکێکی ڕەخنەیی بخەینە سەر بەشێک لە بانگەشەکانی.

## نووسەر و ئیسلامی کوردی: ئیسلام و شوناس

ئایینی ئیسلام سروشتێکی گەردوونی هەیە، ئیسلام لە ڕووی پەرستشە گشتییەکانەوە گەلانی مسوڵمانی کۆکردووەتەوە، هەموویان بە یەک شێوە عیبادەتەکانیان دەکەن، جگە لە چەند وردە جیاوازییەکی وەک دەستگرتن و پەنجە جوڵاندن نەبێت، ئەویش ئەگەر مرۆڤ زۆر لێی ورد نەبێتەوە، هەستی پێ ناکات. لە ڕووی عیبادەتەوە ئیسلام نەتەوە جیاوازەکانی کۆکردووەتەوە، هەموویان بەشێوەیەکی گشتی وەک یەک عیبادەتەکان دەکەن، لە ڕووی کەلتوورییەوە ئیسلام دەستکاری کولتوورەکانی نەکردووە. ئەگەر سەیر بکەین گەلانی جیهانی ئیسلامی هەر یەکەو لە شوێنی خۆی پۆشاکی خۆی وەک خۆی ماوەتەوە و دەستکاری نەکردووە، ئەگەر لە یەک کاتدا سەیری پۆشاکی کوردێک و مالیزییەک و پاکستانی و عەرەبێک بکەین لە شێوەدا تەواو لێک دوورن، تەنیا وەسفێک ئەوانە کۆ بکاتەوە، پۆشەتەییە.

لە ڕووی بابەتەکانی ترەوە ئیسلام زاناکانی دەستکراوە کردووە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعەکان دا بکەن، ئەوەیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو فەتوایانەی لە جیهانی ئیسلامی دەدرێت سرووشتێکی لۆکاڵیان هەیە. لە فەتوادان کۆمەڵێک

ڕێسای گشتی هەیە، کە پێڕەوی لێدەکرێت، یەکێک لەو ڕێسا گشتییانە بریتییە لە دەرنەچوون لە دەق، بەگشتی ئەوانەی فەتوایان داوە پێڕەویان لەم ڕێسایە کردووە، دواتر ئەوە روونە فەتوا بە گوێرەی شوێن ـ کاتەکان و کەسان دەگۆڕێت، زانا گەورەکانی جیهانی ئیسلامی رەچاوی ئەو خاڵەیان کردووە، بەتایبەت ئەم بابەتە لای ئیمام شافیعی زۆر بەڕوونی دەرکەوتووە کە لە عێراق جۆرێک فەتوای هەبووە، لە میسریش جۆرێکی تر. بۆیە لە فقهی شافیعی دا دەگوترێت: (القول القديم، والقول الجديد). واتە: هەر لەو خاڵەوە دەتوانین بڵێین ئیسلامی کوردی شتێک نییە کەشف کرابێت و تازە وەک جۆرێک لە ڕیفۆرم و ڕۆحییەتێکی نوێ بە خوێنەر و تاکی کوردی بیفرۆشنەوە، خودی ئەو زاراوەیەش مێژوویێکی کۆنی نییە، دەگەڕێتەوە بۆ وتارێکی سەید قوتب بەناوی « إسلام أمريكاني»١ نووسیبووی، دواتر وردە وردە، دواتر پاشگی تر زیادکران بۆ ئیسلامی، وەک ئیسلامی تورکی، ئیسلامی ئێرانی، ئیسلامی مالیزی، زاراوەی ئیسلامی کوردی لە هەموویان تازەترە، هەرچەندە ئەو جۆرە پاشگرە ئەوەندەی جێی رەخنەیە، ئەوەندە جێی ستایش نییە، بەتایبەت لەدیدی سەید قوتب ئەمریکا داهێنەریەتی، بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی شیوعیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە دەمێکە گەلانی جیهانی ئیسلامی پێڕەوی لەو ڕێبازە دەکەن، کە یەکێک لەو مەرجانەی کەسێک فەتوا بۆ شوێنێک بدات، دەبێت زانیاری تەواوی هەبێت بەو شوێنە، وەک لە پێشەوەش باسمان کرد، پرسینی تایبەتمەندی فەتوا بەڕوونی لە لای ئیمام شافیعی رەنگی داوەتەوە.

کاتێک نووسەر دێت تێگەیشتنی کورد بۆ ئیسلام وەک قوتابخانەیەکی سەربەخۆ وەسف دەکات ئەگەر بێینە سەر ناوەڕۆکی کاری زانایانی رابردوو، ئەوەشی ناوی ناوە ئیسلامی کوردی، شتێک نەبووە ناوی ئیسلامی کوردی بێت، خاوەن دیدگای تایبەتی خۆی بێت وەک قوتابخانەیەکی سەربەخۆ، بۆ نموونە: کوا دیدی ئیسلامی کوردی بۆ سیاسەت، ئافرەت، ڕای جیاواز، ئازادیی و عەدالەت؟..هتد. ئەو دەڵێت: ئیسلامی کوردی ئیسلامی عیرفانییە٢، ڕاستە تەسەوف و عیرفان بەشێکن لە پێکهاتەی ئیسلام لە کوردستان، بەڵام ئەو قسەیەش بەو رەهاییە نییە، چونکە دەیان نمونەی ترمان هەیە، کە زانایانی کورد لە ڕێگەی شیعرەوە ڕەخنەی توندیان لە تەسەوف گرتووە. بۆیە دەکرێت لە جیاتی ئەوە بڵێت: دەمانەوێت بە زمان و گوتاری عیرفان موخاتەبەی کۆمەڵگەی کوردی بکەین، نەوەک ناوی بنێین ئیسلامی کوردی، چونکە ئەم جۆرە ئیسلامە ـ کە ئەو ناوی دەنێت ـ لە زۆربەی کۆمەڵگە و وڵاتە ئیسلامییەکان هەیە. نووسەر ئەوەی لە بیرچووەتەوە، کە زانایانی کورد لە زانستە زمانەوانیی و عەقڵییەکان دەستێکی باڵایان هەبووە، بۆ نموونە: نەحو، سەرف، بەلاغە بە هەر سێ لقەکەیەوە. هەر بۆیە ئەگەر سەیر بکەین لای شاعیرانی کورد ڕەوانبێژی پێگەیەکی بەرچاوی هەبووە، ئەگەر شەرحەکانی کتێبی ئیستعارە بژمێریت دەبینین دەیان زانا شەرحیان کردووە، لە نموونەکانی حاشییەکان لەسەر کتێبی (مختصر المعاني) و (مطول) کتێبە زمانەوانی و ڕێزمانییەکانی تر لە ژمارە نایەن. هەروەک گرنگیی تایبەت بە زانستی لۆژیک و عیلمی کەلام و حیکمەت دراوە، کەم زانا هەیە حاشیە و شەرحی لەسەر کتێبەکانی: «تهذيب الكلام» و «تهذيب المنطق» نەبێت، کتێبی (هدى الناظرين)ی شێخ تەهای سەنەندەجی(سنەیی) یەکێکە لە شەرحە دیارەکانی «تهذيب الكلام»٣، هەروەها حاشیە و شەرح لەسەر عەقائیدی سەعدی تەفتەزانی و مقاسید و مەواقیف و شەرحە شەمسییە لەو کتێبانەن جێی گرنگی بووینە، ئەگەر سەیری کتێبی» بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە

ڕێگای دەستختەکانیانەوە» هی مامۆستا شێخ محەمەد عەلی قەرەداغی و کتێبی «مێژووی زانایانی کورد»ی مامۆستا تاهیری بەحرکەیی بکەین، بەڕوونی دەردەکەوێت، کە زانایانی کورد زیاتر ئاوڕیان لە زانستە عەقڵییەکان داوەتەوە، نەک ئەو عیرفانەی نووسەر بۆخۆی درووستی کردووە.

ڕاستیەکەی عیرفان کەمترین پانتایی لەنێو کۆمەڵگەی کوردی و گوتاری زانایانی کوردی گرتووە ـ شاعیرەکانی لێ بترازێت. لەبارەی فقهیش نووسەر زۆر ئاگاداری ئەو بوارە نییە، ئەگینا «توحفە»ی ئیبن حەجەر کە بە گەورەترین کتێب داندراوە، زانایانی کورد دەیان حاشیەیان لەسەر کردووە، هەروەک خوێندنی ئەو کتێبە بە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکان داندراوە بۆ ئەو کەسانەی کە ویستوویانە «ئیجازەی علمی» وەربگرن. زانایانی کورد ئەوەندە لەژێر کاریگەریی تەوژمی زانستە عەقڵییەکاندا بوونە، بۆیە دەبینین هەرچی نووسیویانە لە ژێر ئەو کاریگەرییەدا بووە، کاریگەری زانستی لۆژیک شۆڕ بۆتەوە بۆ نێو نەحو و سەرف، بەلاغە و کەلام و ئوسوڵ فیقە و زانستەکانی تریش، هەر بۆ نموونە کاتێک کتێبی «تصریف الملا علی» سەیر دەکەین کە هەردوو «حاشیەی قزلجی» و قەرەداغی» لەسەری نووسراوە، ئەوەی نووسیویانە بەشێوازێکی لۆژیکیی نووسیویانە. کتێبی مەلا جامی کە لە حوجرەکان خوێندراوە، شێوازی دەربڕینی شێوازێکی لۆژیکییە، تەفسیری «بیضاوی» خوێندراوە، بەیزاوی لەو زانایانە بووە کە کاریگەریی زۆری مەنتیق و کەلامی لەسەر بووە، کتێبی توحفەی ئیبن حەجەر بەشێوازێکی ئاڵۆزی مەنتیقی نووسراوە، کتێبی کەمال شەرحی شافیە، ئەگەر سەیری نووسخەکەی مامۆستا عەبدورەحمانی کانی دەربەندی بکەی، دەبینی دەیان زانای کورد حاشیەیان لەسەرکردووە. هەر لە ئیبن ئادەم و عەبدوڕەحمانی جەلی و قەرەداغییەوە بگرە تا کتێبەکانی مەلا عەبدورەحمانی پێنجوێنی زۆرینەیان پەیوەستن بە زانستە عەقڵییەکانەوە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە زانایانی کورد ـ کەمێکیان نەبن ـ ئەگینا سەروکاریان لەگەڵ عیرفان و تەسەوف هێندە نەبووە بەو فراوانییەی کە نووسەر باسی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەوان پابەندی عیبادەت نەبووبن بەو پێیەی کە بەشێکیان شاعیر بوونە، بەڵکو دەبینین موناجات و نەعت لە شیعرەکانیان رەنگی داوەتەوە، ئەگەر کتێبەکانیش بژمێرین، ئەویش ژمارەیان زۆرکەمە، کتێبەکانیش بەزمانی و عەرەبین نەک بەزمانی کوردی. ئەو عیرفانە کوردییەی نووسەریش باسی دەکات، خۆی لە چوارچێوەیەکی تەسک دەبینێتەوە لە لای مەولانا خالیدی نەقشبەندی و چەند زانایەکی تریش، کە ئەویش لەرێگای لە شیعرەوەیە. ڕاستیەکەی عیرفانی مەولانا خالید و ئەهلی تەسەوف لە کوردستان لە شەریعەت دانەبڕاوە، بۆ نموونە کەسێکی وەک مەولەوی تاوەگۆزی زانا و دانا و عاریف لە شیعرێکی دەڵێت:

**وەلی شەخێکە (عارف بالله)**
**(ما أمكن) بەزات بە سیفات ئاگاهـ**
**بیکێشی بە سەنگ هەر سێ تەقوادا**
**بە تەرازووە شەرع موێ لادانا.**
**موازیب لەسەر ئەدای تاعاتە**
**ساحیب ئەجتناب لە شەناعاتە.٤**

ڕاستە تەسەووف کاریگەریی هەبووە لەسەر زانایانی کورد، بەڵام بەو ئاستە زۆرەوە نەبووە، ئەوەشی لەبواری تەسەوف هەیە بەشی زۆری لە دووتوێی شیعردایە، بۆیە ئەگەر بەراوردی نووسین لە بواری زانستەکانی تر بە تەسەوف بکەین، ئەوا نووسین لەبواری تەسەوف زۆر کەمە، بەتایبەت لەو بوارە کتێبی سەربەخۆ بە دەگمەن دەبینین، هەرچەند ئەوەیشی نووسراوە بەزمانی عەرەبی نووسراوە. لەلایەکی تر، زۆرجار بەهۆی ئەو بازرگانییەی بەناوی تەسەوفەوە کراوە، خودی تەسەووف کەوتوتە بەر هێرشی زانا و مەلایانی



**شتێکی سروشتییە مرۆڤ کەسێکی تر بکاتە پێشەنگ و مورشیدی خۆی لە پڕۆژە مەعریفییەکان وەک سەرچاوەیەکی یارمەتی وەرگرتن بگەڕێتەوە بۆی، بەڵام دەبێت ڕاستەوخۆ و بەبێ پەردە دان بنێین بەم حەقیقەتە ئەوە بڵێین کە کۆمەکی فیکریمان لە کوێ وەرگرتووە.**

کوردەوە، تەنانەت شاعیرانی سۆفی خۆیان لەرێی شیعرەکانیانەوە لەچەند شوێنێک هێرشیان کردۆتە سەر تەسەوف، بۆ نموونەک شاعیرێکی وەک مەحوی لە چەند شوێنیک هێرش دەکاتە سەریان و دەڵێت:

**لا لغاوەی واعیز ئەمڕۆ مەوج ئەدا،دەم پڕ لـەکەف ریشی قیروسیا، کتێبی وەعزەکەی بوو بەر تەرەف زاهیدو سۆفی بەشەڕ هاتن لەسەر تەزویر و شەید خێری رەندانە خوداکا بەرتەرەف بێ هەر تەرەف٥**

ئیبن ئادەم و حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە تا ئەوپەڕی ناکۆکی، ناکۆک بوونە لەگەڵ ئەو مۆرکە دینداریيەی هەندێک لەوانەی بانگەشەی شێخایەتیان کردووە، پەیڕەویان لێ کردووە. ئینجا، کاتێک نووسەر لەنێو بابەتەکان زیاتر خۆی سەرقاڵ دەکات بەشتی گشتی، کەمتر دەچێتە ناو کرۆکی بابەتەکان و هەمیشە لە کەناری شتەکان دەمێنێتەوە، کاتێکیش باس لە شتێک دەکات، نا پرژێتە سەر کۆنتێکستی بابەتە جەوهەرییەکان، ئینجا ئەو شتە باس بکات کە دەیەوێت، بەڵکو زیاتر بەشێوەیەکی گشتی و سەرپێیی لەسەری دەوەستێت. بێگومان ئەم میتۆدە لە نووسین و قسەکردنیش سیمای نووسەرێک نییە کە بانگەشەی بیرمەندیی و خاوەنداریکردن بکات لە تیۆریا٦. بەڕای من ئەم حاڵەتە بەشێکی پەیوەستە بەوەی نووسەر خۆی

لە قەرەی توێژینەوەی جدیی و ئەکادیمیی نادات، بەڵکو زیاتر لە ڕێی کۆڕ و سمینار ئەو شتانە دەورووژێنێت کە سەرەداوێکی دەستکەوتووە لێیان، دواتریش یەکێک لە ئامادەبووان دەیکاتەوە بە کتێب و زۆرجاریش نووسەر وەک تێزێک دەیناسێنێت، بێئاگا لەوەی تێزی فیکریی بەرهەمی تێرامانی قووڵە لەسەر پرسێک بۆ ماوەی چەندین ساڵ، نەوەک هاوشێوەی ئەم پیاوە کە لە ماوەی هەفتەیەک چەند شتێکی تەواو جیاواز دەخاتە ڕوو بەبێ ئەوەی زەمینەسازیی فیکریی و فەلسەفیی بۆ بکات. لەم هەنگاوەیشی بە ڕای من زیاتر شوێن هەڵگرتنی عەلی شەریعەتیی و هاوشێوەکانییەتی، کە دەیان کتێبیان هەیە لە شێوەی کۆڕ و سمینار پێشکەش کراون.

نووسەر وەک ئەوەی ئاگاداری ڕابردووی خۆی نەبێت کە دەمێکە ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، هیچ کات نەمانزانیووە ئەو لە یەکگرتوو دەرچوو بێت، کەچی گلەیی لە ئیسلامییەکانی کوردستان دەکات و دەڵێت: «ئەو ئیسلامەی کە ئێستا ڕەواجی پێدەدرێت لەلایەن ئیسلامییەکان و بانگەوازی نوێوە ئیسلامێکی کوردی نییەو ئیسلامێکی عەرەبییە»*، ئەو قسەیەی نووسەر خۆجیاکردنەوەیە لە تەواوی نووسەرانی ئیسلامی.

ئەم قسەیە هی هەرکەسێکی دیکە بووایە، ئاسایی بوو، بەڵام بۆ یەکێکی وەک نووسەر

کاتێک قسەیەکی وا دەکات لەسەری قەرزار دەبێتەوە، چونکە خۆی سەردەمانێکی زۆرە وەک رۆشنبیرێکی دیاری ئیسلامی کار دەکات، خۆیشی لە نووسینەکانیدا ئاماژە بە (حەسەن بەنا و محەمەد غەزالی) و کەسانی تری عەرەبی دەکات، کە ئەوانە بە کاریگەرترین کەسی فیکری نوێی ئیسلامی دادەنرێن.

## دیدێکی نوێ یان دیدێکی گوازراوە؟

کاری ئێمە لێرە گەنگەشەی قسەکانی نییە، بەڵکو تەنها گفتوگۆی ئەو قسەیەی دەکەین، کە دەڵێت:» ئەو ستایلەی ئیسلامییەکان کاری لەسەر دەکەن، ئیسلامێکی کوردی نییە». با بزانین نووسەر خۆی کاری لەسەر چی کردووە، من کارم بەوەیش نییە ئیسلامییەکان کاریان لەسەر چ شتێک کردووە یان نەکردووە، چونکە ئەوە بۆ ئەم شوێنە گرنگ نییە، ئەوەی جێی بایەخە بریتییە لەوەی ئایە تا چەند ئەو بیرکردنەوەی کە نووسەر خۆی بانگەشەی بۆ دەکات، بەشێوازێکی کردەیی لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی نووسەر دایە، ئایا چوارچێوەیەکی خۆماڵییە یان هاوردەکراو؟

نووسەر لێرە تەواو خۆی لەبیر چۆتەوە، چونکە ئەگەر سەیری کتێبی»دیدێک بۆ دیناسی نوێ» بکەین، لە بەشی یەکەم کە باسی حەقیقەت دەکات، سێ کەسایەتی رەنگیان داوەتەوە، کە بریتین لە (عەبدولکەریم سروش، مستەفا مەلەکیان، جان هیک) ٧کە تا ئەندازەیەکیش د.محەمەدی شبستەری تێدایە، لە کۆی ئەو بەشە دا ئەو سێ کەسایەتییە رەنگیان داوەتەوە، تارمایی فیکری ئەو سێ کەسایەتییە زۆر بەروونی دیارە، ئینجا بەشی هەرە زۆری دیدەکانی جان هیکی لەو حیوارە گواستۆتەوە کە لەگەڵ سەید حوسێن نەسر کردوویانە، بەشەکەی تری لەکتێبی فەلسەفەی ئایینە، ئەمەش جگە لەوە وەک خوێی ناو چێشت لە دوو پەراوێز ئاماژەی بە حاجی قادری کۆیی داوە، لە شوێنێکی تر ئاماژەی بە مەولەوی داوە، ئەگەر سەیری ناوی عەبدولکەریمی سروشیش بکەین، ئەوا کەم لاپەڕە هەیە ناوی ئەوی تێدا نەبێت، لە هەندێ شوێنیش زیاد لەجارێک ناوی هێناوە٨. بە هەمان شێوە هەمان ئەو دابەشکارییەی کە نووسەر باسی دەکات، لە کتێبی ولییەم چتیک وەرگیراوە٩.

کتێبێکی تری هەیە بەناوی « فەلسەفەی زانست»، کە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی هەژانە، ئەو کتێبە باس لە بابەتێکی زۆر گرنگ و ئاڵۆز دەکات، باسکردنی فەلسەفەی زانست بۆ کەسێک کە لە دەرەوەی کایەی زانست بێت، جگە لە وەرگێرانێک هیچ شتێکی تر نییە، لەو کتێبەیش کە گوایە ئیشکردنە، ئەگەر سەیری پەراوێزەکانی بکەین نووسەر هاتووە، پشتی بە دوو کەس بەستوو کە لە فیکردا لێک نزیکن، ئەوانیش دیسان بریتین لە عەبدولکەریم سروش و کارڵ پۆپەر. زۆربەی لاپەڕەکان ناوی سروشی تێدایە، هەریەک لە سروش و پۆپەر تا ئەو پەڕی لێک نزیکن لەبیکردنەوە١٠. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایە ئەمە ئیسلامی کوردییە یان ئیسلامی سروش - پۆپەریی، ئەگەر ئەمە ئیسلامی کوردی بێت، ئەی دەبێت ئیسلامی دەرەکی چۆن بێت؟

نووسەر بەشێکی نووسینەکانی لە گۆڤاری هەژان بۆ نموونە: بابەتی «عیرفان: ئاشت بوونەوە لەگەڵ ئاساماندا» لە نووسینی تەحسین حەمە غەریب، ئەگەر سەیری ناورۆکی بابەتەکە بکەین، سەدا نەوەدی پەراوێزەکانی نووسینی بیرمەندان و زانایانی ترە، بابەتەکە ١٣٧ لاپەرەیە، چوارسەد و دە پەراوێز و سەرچاوەی هەیە، بەڵام تەنها لە چەند شوێنێک ناوی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس و حاجی قادری کۆیی دەبیندرێت، کەچی دەڵێت: ئێمە باسی ئیسلامی کوردی دەکەین!١١.

«دوایینەکان» کتێبێکی تری نووسەرە، کە باس لە کەسایەتی ناسری سوبحانی و ئەحمەدی موفتی زادە و سەعیدی نوورسی دەکات، کە سێ

کەسایەتی دیاری کوردن، ئەو کتێبەشی وەک نووسینەکانی تری بەبێ ناوهێنانی سروش و مەلەکیان تێنەپەڕیوە، لەچەندین پەراوێز ئاماژەی بەو دوو کەسایەتییە کردووە، لەکاتێکدا ئەو خۆی هاتووە باس لەوانە دەکات، باسکردن لەوانە دەبێت لە دیدگای خۆی بێت، بە کۆمەکردن بە نووسراوەکانی ئەو سێ کەسایەتییە، نەک بێت پانتایەکی فراوان دابگرێت بە قسەی عەبدولکەریمی سروش و مستەفای مەلەکیان، ئەگەر نووسینێکی بەراوردکارییە ڕێبازی بەراوردکاری بەکارهێناوە ئەوە شتێکی زۆر جوانە، بەڵام بۆ باسکردن لەخودی خۆیان بەدیدگای خۆی، پێویست ناکات کۆمەک لە هیچ کەسێک وەربگرێت١٢.

## نووسەر و ئەدەبییات

یەکێک لەو گرفتانەی کە نووسەرانی هاوچەرخ کاتێک قسە لەسەر شاعیرێکی کورد دەکەن بریتییە لەوەی ئەوەندەی شت بە پاڵەوە دەنێن، ئەوەندە باس لەناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەو شاعیرە ناکەن، گرفتەکە ئەوە نییە کە باسی ئەوانە بکەن کە پێوەندیان پێیەوە هەیە، بۆ نموونە شاعیرانی فارس کاریگەریی قوڵیان هەیە لە سەر شاعیرانی کورد، پێویستە کاتێک قسە لەسەر شاعیرێک دەکرێت کاریگەری حافز، یان مەولانای لەسەرە، ئەوە باس بکرێت، بەڵام کاتێک کەسێک دوای ئەو شاعیرە هاتووە بۆچی باس بکرێت، چ پێوەندی بەو هەیە، لەکاتێک کەسی دوایی دوور نزیک ئاگاداری کارەکانی ئەو نییە، نووسەر لە «دڵ و چاو» گلەیی لە مامۆستای مودەریس و کاک فاتیحی کوڕی دەکات، کە (نالی) یان کوشتووە، بەهۆی تەرکیزکردنیان لەسەر لایەنی ڕەوانبێژیی شیعری نالی، بەڵام بێ ئاگا لەخۆی کە ئەویش کتێبەکەی خۆی کوشتووە، دوای ئەو قسانەی هاتووە، لیستێک ناوی ریزکردووە، کە ئەوانە باسی مەعنەویاتیان کردووە، لە پرۆژەکەی جابری دەستی پێکردووە، هاتووە بۆ جەمالەدینی ئەفغانی و قوتابخانەی ترادیشناڵستەکان، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ داریۆش شایگان، ئەوجۆرە هێنان و بردنە بۆ قەبەکردنی کتێب نەبێت، بۆ هیچ دەست نادات، چونکە دواجار خوێنەر سەری لێ تێکدەچێت، لێرەش، پرسیار ئەوەیە ئەرێ چاو و دڵەکەی نالی و مەولەوی کەوتۆنەتە چ گۆشەیەکی کتێبەکەی نووسەر ١٣. دواتر بەوەندە نەوەستاوە درێژەی داوە بە ناو ریزکردن، باسی گادامیر و راولز و کەسانی تر دەکات، ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە فیکری نالی و مەولەوی بگەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەرکەوتانەی لە شیعری نالی و مەولەوی هەن، کاتێک باس لە ڕەوانبێژی نالی دەکەین پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ کتێبە بەلاغیەکانی سەعدی تەفتزانی بەتایبەت کتێبەکانی (مختصرالمعانی) و (مطول) کە لەسەردەمی نالی ئەو جۆرە کتێبانە باوبوون لە بواری ڕەوانبێژی، ئەگەر باسی دڵی مەولەویش بکەین ئەوا پێویستمان بەگەڕانەوەیە بۆ کتێبەکانی تەسەوف کە لەو ناو شاعیرانی کورد غەزالی و حافز و سەعدی و مەولانا ناوێکی دیاری ئەو بوارەن.

نووسەر کۆمەڵێک نامیلکەی تری لە بۆکسێک کۆکردۆتەوە بەناوی (ئەدەب وەک رزگارکەر)، کە هەریەکی چەند وتارێکی سەوتی بوون، دواتر نووسراوەتەوە، کراوە بە کتێب کە تیایاندا خوێندنەوەی کردووە بۆ دیوانی یازدە شاعیر، کۆی شاعیرەکان جگە لە ئەکرەم عەنەبی، هەموویان شاعیرانی پێشوون، ئەوانیش بە دەستووری کێش و سەروا شیعریان نووسیووە، بەڵام نووسەر هاتووە هەریەکەی چەند قسەیەکی لەسەر گوتوون، پاشان نووسرایەتەوە، ئەوانەش ناودەنێ کاری ئەدەبی، بەڵێ ئەوانە کاری ئەدەبین، بەڵام ئەو کارە زۆر گەورانە نین بەشانازیەکی گەورەوە باسی بکات، ئینجا وەک هەمیشە پێی وایە کە خوێندنەوەکانی کوردانەن بۆ پرسەکان، دیسان ئەوانیش دەرباز نەبووینە لە تێکهەڵکێشانی

ناوی بیرمەندانی رۆژئاوا، بۆ نموونە چ شتێک هابرماس بە کەمالیی شاعیر دەبەستێتەوە، بۆچی بۆ تێگەیشتن لە کەمالیی پەنا بۆ هابرماس ببەین، یانی دەبێت چی هابرس و کەمالیی پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەو شیعرانەی کەمالیی زادەی رۆشنبیریی سەردەمی خۆیەتی، بۆیە باشتر بوو بۆ تێگەیشتن لە کەمالی پشتی بە رۆشنبیری سەردەمی شاعیر ببەستایە١٤.

لە باسکردنی حاجی قادری کۆیی دیسان جارێکی تر دەمانباتەوە بۆ عەبدولکەریمی سروش، ئەگەر باسکردن لە تەقوا بێت، پێویست ناکات بگەڕییتەوە بۆ سروش، چونکە چ شتێک سروش و حاجی قادر پێکەوە دەبەستێتەوە، ئاخر حاجی قادر ئەوەندە حەزی بە تەسەوفیش نەبووە، دەی تا بڵێین: هەردووکیان لە ژێر کاریگەری تەسەوفن، حاجی قادر تا لە کۆیە بوو هەمیشە لاشانەکی لە ململانێ بوو لەگەڵ شێخەکانی سەردەمی خۆی، ململانێی حاجی لەگەڵ شێخ نەبی ماویلی بە تەواوی لە بەشێکی شیعرەکانی رەنگی داوەتەوە١٥. نووسەر باس لە غەریبی حاجی قادر دەکات، چی داوە لە غەریبی لای بوونگەراکان، بوونگەراکان هەرچۆن دابەشکاریان کردبێت، غەریبی حاجی ناگرێتەوە١٦.

نووسەر باس لە خەمی حاجی قادر دەکات بۆ نشتیمان، دواتر باس لە چاکسازی کۆمەڵگا دەکات و ئاماژە بە محەمەدی کوری عەبدولوەهاب و جەمالەدینی ئەفغانی دەکات، نووسەر پێی وایە محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب و جەمالەدین تیۆرێکیان هەبوو، کە بۆچاکردنی کۆمەڵگا پێویستە زاناکان و ئەمیرەکان چاک بکرێن١٧. نووسەر دەبوو لێرە ئاماژەی بە فەرموودەکەی پێغەمبەر بکردایە کە دەفەرموێت: **صِنْفَانِ مِنْ أُمَّتِي إِذَا صَلَحَا صَلَحَ النَّاسُ ، وَإِذَا فَسَدَا فَسَدَ النَّاسُ : السُّلْطَانُ، وَالْعُلَمَاءُ**، چونکە ئەوەی باسی دەکات کە بە تیۆر وەسفی دەکات، ئەگەر تیۆر بێت، ئەوە سەرچاوەکەی ئەو فەرموودەیە.

## تەسەوف و وەفایی و نووسەر

وەفایی شاعیر، بە سەردەستەی شاعیرانی تەسەوف داندراوە، بەئەندازەیەک کە دەڵێت: شیعرەکانم لە ستایشی پێغەمبەر نووسراون، پیرەمێردی رەحمەتی دەگێڕێتەوە: کاتێک کە چووم بۆ حەج لە نێوان مەککەو مەدینەدا لەگەڵ وەفایی بە یەکگەیشتین، ماوەیەک وتووێژی ئەدەبیمان بە یەکەوە کردووە، لە پاشان وەفایی پێی گوتم: خەڵکی سابلاخ پێمدەڵێن: هەموو هۆنراوەکانت هەر باسی خەت و خاڵی کیژانە، منیش ئەمەم پێناخۆشە، چونکە هەموو شیعرەکانم هەر لە ستایشی پێغەمبەردان، دوایی گوتی: من ئەمە جاری سێهەمە دێم بۆ حەج، ئەمجاری دواییە وەسییەتم بۆ خەڵکی سابلاخ کردووەو پێم وتوون: ئەگەر من شیعرەکانم بۆ کیژان وتبن ئەوا ئەمجاریش دێمەوە، ئەگەر لە ستایشی ئەویش دا بن ئەوا لای پێغەمبەر دەمێنمەوەو لەوێ دەمرم.! ئێمەش دوای زیارەتی مەدینە چووین بۆ زیارەتی کێوی (احد)، وەفایی لەوێ تووشی نەخۆشی سک ئێشە بوو و لەوێ کۆچی دوایی کردوو هەر خۆم بە دەستەکانی خۆم لە لمی ئەوێ بەخاکم سپارد١٨. وەفایی پێشتر سەر بە بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی بووە، دواتر رێڕەوی گۆڕیەوە بۆ شێخانی نەهری، بنەماڵەی نەهری کاریگەری قوڵیان لەسەر وەفایی هەبووە١٩، دەبوو باسی ئەو گۆڕانکاریە بکات لە هزری وەفایی، چی وەفایی هێناوەتەوە سەر گۆڕان لە تەریقەتێکەوە بۆ تەریقەتێکیتر.

دەبوو نووسەر شاکارێک لەسەر وەفایی بنووسێت، بەو پێیەی کە دەمێکە خەریکی بابەتەکانی عیرفان و مەعنەوییەتە، نەک بێت کارێکی بچووک لە چەند لاپەڕەیەک کۆی بکاتەوە، کە جگە لە سەرپێچرکردن هیچ مافێکی نەداوەتێ، ئەوەی نووسەر کردوویەتی شتێکی زۆر سادەیە، لەگەڵ ئەو سادەییەش جارێکی تر

دەبیاتەوە بۆ فەیلەسوفێکی وەک کیرکیگارد و ئەزموونی مەرگ٢٠، ئیتر بۆ دەبێت لە باسکردنی وەفایی جارێکی تر بچینەوە بۆ فەیلەسوفێکی وەها؟ نووسەر لە خوێندنەوەکانی تریشی بۆ شاعیران، کەسی بێبەش نەکردووە لە هێنانە ناوەی فەیلەسوفان و بیرمەندانێک، کە دوور و نزیک پێوەندیان بە شاعیرانی کورد نییە، مەگەر ئەو کەسانەی حەزبکەن ناوی فەیلەسوفان ریز بکەن، ئەگینا چ پێویست دەکات لەباسی حەمدی باسی هێگڵ و مەلەکیان بکرێت٢١.

## عیرفانی مۆدێرن لە دیدی نووسەر

عیرفان چەمکێکی کۆنە هاتۆتە نێو دونیای ئیسلام، ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم دەڵێت: عیرفان لە راهیبێکی مەسیحی فێربووم ناوی سەمعان بوو٢٢، دواتر ئەو چەمکە وردە وردە لە دونیای ئیسلام جێی خۆی کردۆتەوە، لە ساڵانی دوایی چەمێکی تازە لە رۆژئاوا سەری هەڵدا بەناوی چەمکی عیرفانی مۆدێرن، کە ئەو چەمەکە لە لای ئۆشۆ بەتەواوی بەرجەستەبوو، کە لەدیدی ئەو قوتابخانەیە عیرفان هەستێکی ناسکە، هیچ پێوەندییەکی کرداری لە نێوان بەندە و خوای گەورە نییە، دەکرێت مرۆڤ چێژی دیندارانە بکات بەکردەوەی باش، بابزانین ئەو چەمکە لای نووسەر چی دەگەیێنێت.

لە بابەتی عیرفانی مۆدێرن، تێکەڵیەک دەبیندرێت، چونکە دەکرێت بڵێین: نووسەر مەبەستی ئەوەیە بڵێت: عیرفان لە سەردەمی مۆدێرن، نەک «عیرفانی مۆدێرن» بەڵام کاتێک سەیری لاپەڕەکانی دواتر دەکەین یەکسەر دەڵێ: « عیرفانی مۆدێرن» چییە؟ ئایە نووسەر مەبەستی چییە؟ عیرفان لەسەردەمی مۆدێرنە، یان عیرفانی مۆدێرنی مەبەستە؟ دوای ئەوە، بەخوێندنەوەی بابەتەکەی دەردەکەوێت نووسەر مەبەستی عیرفان لەسەردەمی مۆدێرنەیە، چونکە دوور و نزیک باسی بابەتی عیرفانی مۆدێرن ناکات، ئەگەر سەیری نموونەکانی بکەین کە هێناویەتەوە، نموونەی جۆری چاکەکردنە، کاتێک باسی مارسیل دەکات کە دەچێت بۆ ئەفریقیا بۆ یارمەتیدانی هەژارەکان دوای ماوەیەک هاوڕێیانی پێیدەڵێن وەرە پرۆژە فیکریی و فەلسەفییەکەت تەواو بکە، چونکە تۆ ئەوەندەی (مارکس) موهیمی بۆچی وازتهێناوە لەو پرۆژە گەورەیە، ئەویش دەڵێت: نەخێر چونکە لای من ئەخلاق لە فەلسەفە گەورەترە. واتە ناندان بەو هەژارانە لەوە باشتر و بەچێژترە کە بێم بۆ ئەورووپاو و فەلسەفە بڵێمەوە، ئەمە مامەڵەی عیرفانییە لای خۆشمان لە ناو کوردەکاندا ئەوەندەی من ئاگادارپم (کاک ئەحمەدی موفتیزادە) لەم مامەڵەیەوە نزیکە، واتە مامەڵەی (کاک ئەحمەد) مامەڵەیەکی عیرفانی مۆدێرنەیە، کە ئەمەش نزیکە لە رۆحی دینی ئێمە، چونکە دینی ئێمە رەهبانییەتی تێدا نییە، کەواتە مامەڵەی عیرفانی مۆدێرن ئەزموونێکی رۆحییە کە وا لە ئینسان دەکات هەستەکانی خۆی وە مرۆڤەکانی تریش زیندوبکاتەوە٢٣. ئەگەر سەیری ئەو قسانەی سەرەوە بکەی نووسەر دووشتی تێکەڵ کردووە، کە عیرفانی مۆدێرن هەرگیز ئەوە نییە کە باسی دەکات، ئەو باسی عیرفان لەسەردەمی مۆدێرنە دەکات.

## تیۆرەکانی نووسەر

نووسەر تائێستا چەند جارێک بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە خاوەنی تیۆریی خۆیەتی، بەڵام ئەوەندەی من بزانم، تیۆرەکانی هیچ زنجیرە نووسین و لێکۆڵینەوەیەکی بەدوای خۆیدا نەهێناوە، ئەوەندە هەیە هەر خۆی ناوی ناوە تیۆر، ئەوەشی کە بڕیار دەدات کەسێک بۆتە خاوەن تیۆر، خاوەن تیۆر نییە، بەڵکو نووسەران و بیرمەندانی ترن، بڕیار دەدەن ئەوجۆرانە کارانە دەبێت بە تیۆر، یان نا، جا ئەگەر وابوایە، ئێستا هەموو نووسەرێک کاتێک شتێکی دەنووسی ناوی دەنا تیۆر.

نووسەر پێی وایە، ئەو شتەی ئەو پێی گەیشتووە تیۆریای لێ بەرهەم هاتووە، کاتێک دەڵێت: « لە راستیدا لە دوای ساڵی دوو هەزار بەدواوە یەکێک لەو بابەتانەی جێی گرنگی پێدانم بابەتە نەتەوایەتییەکان بووە (بابەتی نەتەوە، کێشەی نەتەوە، گرفتی ئێمە وەکو نەتەوە لەم ناوچەیەدا، دابەش بوونی خەڵکی بۆ نەتەوەیی و ئایینی) پرسیارێک بوو لای من ئایە ئەم بابەتانە چین؟ لەو کاتەوە بەدواداچوونم کردووە. بەری خوێندنەوەکان ئەو دوو تیۆریایە بوو کە یەکێکیان گۆڤاری ژمارە (٢٢)ی هەژان بەناوی (نەتەوایەتی ناوەڕۆکدار) بڵاو بۆوە، دواتر بووە بە کتێبێک. تیۆریای دووەم (ئیسلامی کوردی) ئەویش لە سەرەتاوە چاوپێکەوتنێک بوو بە دووبەش لە گۆڤاری (ڤین) بڵاوبۆوە دواتر بووە بە کتێبەک بەناونیشانی (ئیسلامی کوردی و ریفۆرمی ئایینی)٢٣. نووسەر لەو کتێبەی لە چەند شوێنێک باسی ئەو دیمانەی ڤین دەکات، جگە لەوە بە وردی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو پێی وایە ئیسلامی کوردی ئیسلامێکی عیرفانییە، بەڵام بە دێڕێکیش باسی بەرهەمە عەقڵییەکانی زانایانی کورد ناکات، لە سەرەتاوە تا کۆتایی جگە لە ناوهێنانی چەند شاعیرێکی کورد و لە شوێنێکی تریش مامۆستای مودەڕیس، جگە لەمە باسی کەسی تر ناکات، کەچی پێی وایە باسی ئیسلامی کوردی دەکات ٢٤

تیۆرێکی تری هەیە بەناوی «دایک و ئەبەدییەت» کە پێی وایە ئەو تیۆریایەی لە وانەی تر تۆکمەترە و کەلێنەکانی باشتر پڕکردۆتەوە، چونکە ئەوانەی تر کەم و کوڕیان هەیە٢٥. نووسەر لەو کتێبەشی وەک کۆی کتێبەکانی تری زۆرترین جار ناوی عەبدولکەریم سروشی هێناوە، دوای سروش، ناوی ڤێنگنشیتاین دێت. زۆرجار ئەم نووسەرە بەزۆر دەیەوێت پێوەندی دروست بکات لە نێوان شتەکان، هەروەک لە کتێبی «دایک و ئەبەدییەت» و « مەرگی دوکتۆر موحەمەد مورسی و ئایین لەسەردەمی نوێدا» کردوویەتی کۆمەڵێک شتی باسکردووە هیچ پێوەندی بە بابەتی مورسی نییە، زانستی زیهن چ پێوەندییەکی بە مورسی هەیە، کاتێک نووسەر بێ مەبەست دێت دەڵێت: « هەنوکەش دوای دەرکەوتنی بابەتەکانی فەلسەفەی زەین و دەمارناسی نوێ لێرەو لەوێ لای هەندێک زانا و فەیلەسوف هەمان پێشبینی کۆتایی هاتنی ئایین دەوترێتەوە، بەڵام بۆ مرۆڤی حەکیم و عاقڵ ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم پێشبینییەشیان هەروەک ئەوەی پێشوو پێچەوانە دەبێتەوە«. خوێنەر هەست دەکات نووسەر بەزۆری زۆرداری دەیەوێت پێوەندییەک دروست بکات لە نێوان مورسی و بابەتی زانستی زیهن ناسی.

ناونیشانی سەیروسەمەرەی کتێب، نووسەر ناوی هەندێک کتێبی هەر لە ناوی کتێبی شیعری دەچێت، بۆنموونە کتێبێکی هەیە بەناوی «پەنجەرەیەک بوویە کۆشک»٢٦ ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێک پۆستی فەیسبووک، کە کۆکراونەتەوە و هەر یەکەی باسی شتێکە، ئەویش هاتووە ناوێکی شاعیرانەی بۆ داناوە، گرنگ ناوەکە جوان بێت، کێشە نییە پێوەندی چییە لەگەڵ ناوەڕۆک هەروەک «دایک و ئەبەدییەت»ە ئەگەر خوێنەر کە لە ناونیشانەکان ورد ەبێتەوە، هەست دەکات ئەمە ناوی دیوانە شیعرە، نەک کتێبێک وەک نووسەر بانگەشەی بۆ دەکات، کە ئەمە کارێکی فیکری بێت.

نووسینەکانی تەحسین حەمە غەریب زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت، بەڵام ئێمە تەنها ئاماژەمان بەهەندێک لەو سەرنج و ڕەخنانە کردووە، ئەگینا وەک فازیل قەرەداغی لە پێشەکی کتێبی «ماستەرنامە، یان هەڵەنامە دەربارەی کتێبی «پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد» دەنووسێت: بەهەشتی ڕەخنەگرانە٢٧.

## سەرچاوەکان:


١ـ دراسات إسلامية سيد قطب دارالشروق چاپی٢٠٠٦/١١، لاپەڕە: ١١٩.

٢ـ بروانە: بۆ درێژەی ئەو بابەتەی بڕوانە: «ئیسلامی کوردی و ریفۆرمی ئایینی» زنجیرەی کتێبی هەژان (١٥)لاپەڕە: ٥٦.

٣ بڕوانە: هدى الناظرين شرح تهذيب الكلام شيخ طه شيخ أحمد ابن شيخ محمد قسيم السنندجي تحقيق ودراسة د.صديق محمود. دار إبن حزم چاپ ٢٠١٩.

٤ـ عەقیدەی مرضیە دانانی مامۆستا مەولەوی کورد، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، پێداچوونەوەی فاتیح عەبدولکەریم مودەڕیس، لاپەڕە: ٣٦١.

٥ـ دیوانی مەحوی لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلای کەریم، پێداچوونەوەی د.صباح بەرزنجی. بڵاوکردنەوەی نووسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم لاپەڕە: ١٩٩

٦ـ کەشتی فکر و دەریایی مەعنەویەت بەشی یەکەم لاپەڕە: ٧.

٧ـ براوانە بەشی یەکەمی کتێبی دیدێک بۆ دیناسی نوێ، تەحسین حەمە غەریب، ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکردنەوەی پڕۆژەی ١٠٠ کتێبی کوردی ناوەندی رۆشنبیر.

٨ـ بروانە سەرچاوەی پێشوو، بەشی یەکەم.

٩ـ بروانە: «الطريق إلى عشق الصوفي، ئەو چاپەی لای من هەیە بە عەرەبی، ئەو کتێبە بۆ چەند زمانێک وەرگێڕداوە، کە نووسەر باس لە حەقیقەت و تەریقەت و شەریعەت دەکات.

١٠ـ بڕوانە کتێبی (فەلسەفەی زانست) نووسینی تەحسین حەمە غەریب.

١١ـ بڕوانە گۆڤاری هەژان: ژمارە بیست و یەک لاپەڕە: ١٩٦ و لاپەرەکانی دواتر.

١٢ـ دوایینەکان تەحسین حەمە غەریب، بڵاوکراوەی ژمارە (١) ناوەندی هەژان ساڵی ٢٠٠٦.

١٣ـ دڵ و چاو: دڵی مەولەوی و چاوی نالی خوێندنەوەی شیعری مەولەوی و نالی. تەحسین حەمە غەریب چاپی سێیەم/ناوەندی ڕێنوێن. لاپەڕە: ٢٤٧.

١٤ـ ئەدەب وەک رزگارکەر.کەمالی/ تەحسین حەمە غەریب لا٤٠.

١٥ـ ئەدەب وەک رزگارکەر.حاجی قادری کۆیی/ تەحسین حەمە غەریب لا٢٢.

١٦ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەرە: ٣٦.

١٧ـ سەرچاوەی پێشوو: لاپەرە: ٥٢.

١٨ـ رەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی/ نەوزاد کەڵهوڕ بڵاوکردنەوەی نووسینگەی تەفسیر: لاپەڕە: ١٤٠.

١٩ـ پایەی وەفایی لای شاعیرانی کورد مستەفای سەید مینە، بڵاوکردنەوەی نووسینگەی تەفسیر ساڵی:٢٠٠٨. لاپەڕە: ٢١٦.

٢٠ـ ئەدەب وەک رزگارکەر.وەفایی/ تەحسین حەمە غەریب لا٣٠.

٢١– ئەدەب وەک رزگارکەر. حەمدی/ تەحسین حەمە غەریب لا٣٠.

٢٢ـ سێ گۆشە نیگا بۆ شەڕی ژیارەکان؟ یان گفتوگۆی نێوانیان دین و دەوڵەت، تەسەوف و سیاسەت. صەباح شێخ محەمەد بەرزنجی چاپی یەکەم ١٩٩٨ بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی رۆشنبیر. لاپەڕە: ٥٠.

٢٣ـ کەشتی فیکر و دەریای مەعنەوییەت/ نووسەر تەحسین حەمە غەریب، ناوەندی رۆشنبیری و هونەری ئەندێشە لا ١٣٦.

٢٤ـ سەرچاوەی پێشوو لا٧٨.

٢٥ـ بڕوانە: کتێبی پەنجەرەیەک بوو بە کۆشک، کۆمەڵێک پۆستی فەیسبووکە، نووسەر لەماوەی ساڵێک بڵاوی کردۆتەوە.

٢٦ بڕوانە: دایک و ئەبەدیەت لە بڵاوکراوەکانی خانەی ڕێنما تەحسین حەمە غەریب لاپەڕە: ٥٣.

٢٧ـ بە ئیسلام کردنی کورد ماستەر نامە یان هەڵەنامە فاضل قەرەداغی.چاپی دووەم پرۆژەی تیشک، لاپەڕە: ١٣.


*ـ تێبینی: چەند دەقێکمان لە دیمانەی گۆڤاری لڤین گوازراوەتەوە، کە دووبارە سایتی دبلۆمات مەگەزین بڵاوی کردەوە، نووسەر تەنها روونکردنەوەی لەسەر داوە، هیچ پارشگەزبوونەوەیەکی پێوە دیار نییە، بۆیە ئێمەش وەک خۆی دەقەکەمان داناوە.



# دراما تورکییەکان:
## ئامرازێکی نوێی دەستبەسەرداگرتنی
# کلتووری و ئابووری

**ئەحمەد قادر**
خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی گازی– بەشی راگەیاندن

لەمڕۆدا ئامرازەکانی بینین و بیستن و خوێندنەوە لە گرنگترینی ئەو ئامرازانەن کە کۆمەڵگە ئاراستە دەکەن. بە تایبەت تەلەفزیۆن و سینەما لەو ئامرازانەن کە بە تەواوی لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی پێ بکرێت و ئاراستەی بکات. لە کۆمەڵگەیەکی بەجیهانیبوودا کە لە سایەی گەشەی خێراو فراوانی تەکنەلۆژیادا و ئامرازەکانی راگەیاندن و گواستنەوەدا، هەستانەوەو گەشەکردنی کۆمەڵگەو ئاگاداربوونی لە رووداو و گۆڕنکارییەکان ئاسان بووە. «لەمڕۆدا بەناوی بەکارخستنی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە بەردەوام قسە لەسەر بۆچوونەکانی مەردۆخ و گۆلدینگن دەکرێت. مەردۆخ (Murdock) و گۆلدینگن (Golding) کە گفتووگۆیان دەربارەی راگەیاندن وەک ئامرازێکی گرنگی بەدەستهێنانی پارەو قازانج کردووە، پێیان وایە؛ لەمڕۆدا سەرمایەدارەکان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لەبەردەستدایە، خاوەنی بیردۆزو راو بۆچوونەکانی کۆمەڵگەن و دەیسەپێنن بەسەر هەمووان‌دا».(١)

ئەمەش هەمان بۆچوونی مارکس-مان بیر دەخاتەوە دەربارەی ئایدۆلۆژیای باو لە کۆمەڵگەدا کە پێی وایە؛ «توێژی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگەدا، خاوەن ئایین و پارەو بیرو ئایدۆلۆژیایەو دەیسەپێنێت بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا». (٢) بە واتایەکی تر ئەو ئامرازەی کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە لە دەستی کێدا بێت، حوکمرانی کۆمەڵگە ئەو کەسەیە. بەم جۆرە لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، خاوەنی بیرو هزری کۆمەڵگەش دەبن.

دامەزراوە جیهانییەکان کە لەگەڵ چەمکی بەجیهانیبووندا سەریان هەڵدا، خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی بیرو ئایدۆلۆژیاو پەیوەندیکردنن کە بە بازاڕی جیهانیدا بڵاوبوونەتەوە. بۆ نموونە «لە ئەمریکا بەهۆی یەکگرتنی دامەزراوەکانی (Time Warner) و (AOL) لە ساڵی ١٩٨٩، کۆمپانیای (Time Warner) بوو بە خاوەنی پێگەیەکی بەهێزو رەگداکوتاو لە بازاڕی میدیای جیهانیدا. ئەم کۆمپانیایە کە خاوەنی ٢٥٪ بەرهەمی تەلەفزیۆنی ئەمریکایە؛ تاکە خاوەنداری کاراکتەرەکانی (Batman و Superman)ە. کۆمپانیا جیهانیەکانی وەک (AT&T, Bertelsmann, Liberty Media, AOL/ Time Warner, Vivendi Universal, Viacom, General Electric, Sony, Disney, News Corparation) و هاوشێوەکانیان؛ لە ساڵی ٢٠٠٠ وە تا ئێستا لە داهاتی ساڵانەیاندا کە ٢٥٠-٢٧٠ ملیار دۆلار بووە، رێژەی دوو لەسەر سێی ئەو داهاتەیان لە رێگەی ئامرازەکانی پەیوەندی جیهانییەوە بەدەستهێناوە. ئەم داهاتە قەبەیەش لە داهاتی ساڵانەی هەندێک وڵاتی تازە گەشەسەندوو زیاترە». (٣)

وڵاتانی زلهێز، هەتا ئێستا لە رێگەی ئامرازە زەبەلاحەکانی میدیاوە لە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی جیهانن لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە. «ئەم ئامرازەی کە بە «هێزی نەرم» ناسراوە؛ لەم جیهانە بچووککراوەیەدا، بە تایبەتیش بۆ نموونە لە هۆلیوددا لەلایەن ئەمریکاوە زۆر بە چڕی بەکاردەهێنرێت».(٤) لەگەڵ کاریگەری «هێزی نەرم»دا، بە تایبەتی کاریگەری فیلم و دراماکان تا دێت لە فراوانبوون و خێرایی و کاریگەری زیاتردایە. ئەو ناوچەو وڵاتانەی کە لە رێگەی فیلم و دراماکانەوە ناسێنراون بە جیهان، داهاتی گەشتیارییان تا دێت لە بەرزبوونەوەدایە. لە هەمانکاتدا رێژەی هەناردەی فیلم و درامای هەندێک وڵات کەوتۆتە ململانێیەکی سەخت لەگەڵ هەناردەی بەرهەمە پیشەسازییەکانی دیکەی وڵاتەکە خۆیداو لە هەوڵی تێپەڕاندنیشیدایە.(٥)

**هەناردەی دراما تورکییەکان وەک رەگەزێکی سەرەکی «هێزی نەرم»**

«هێزی نەرم – Soft Power» وەک چەمکێک لەم ساڵانەی دواییدا بە فراوانی کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. Joseph S. Nye کە خاوەنی چەمکەکەیە بەم جۆرە پێناسەی دەکات؛ هێزی بەرهەمە نامادییەکانی هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکە، کە خەڵکی وڵاتانی دیکە سەرسام بکات و وایان لێ بکات بەدوادادچوون بۆ ئەو کۆمەڵگەیە بکەن و سەردانی بکەن. (٦) جۆزێف لەو سێ سەرچاوەیەی کە بنەمان بۆ «هێزی نەرم» کلتووری وەک بنەمای سەرەکی داناوە. «ئەو کلتوورەی کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگوێزرێتەوەو لەلایەن خەڵکی وڵاتانی دیکەوە پێشوازی لێدەکرێت و دەبێت بە بەشێک لە کلتووریان، دەبێت بە بەشێک لە هەناردەی کلتووری وڵاتی یەکەم و وەک یەکێک لە چەکە رەقەکانی «هێزی نەرم» هەژمار دەکرێت». (٧) لێرەوە دەوڵەتان لە رێگەی بەکارهێنان «هێزی نەرم»ەوەو بە سودوەرگرتن لە فاکتەری سیاسی و کلتووری ناوەندێک بەرهەمدەهێنن، بەم جۆرە بێ ئەوەی پێویست بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و ئابووری بکات لە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی وڵات و کۆمەڵگەکانی تردان.

لەم چوارچێوەیەدا تورکیا، بەو پێیەی خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژی پێکەوەژیان و مێژووی هاوبەش و شارستانییەت و حوکمداری و دەستبەسەرداگرتنە بەسەر وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگەی کورددا، خاوەن پێگەو

سەرچاوەگەلێکی کلتووری و سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆژی و میدیاییە بۆ بەکارهێنانی «هێزی نەرم» و گێڕانەوەی دەسەڵاتداریێتی عوسمانی بەسەر ئەو ناوچانەی کە پێشتر حوکمی کردوون لە کەمترین ئاستدا لە رووی سیاسی و کلتووری و ئابوورییەوە. رێک لەم خاڵەدا «دراما تورکییەکان، بۆتە مایەی سەرنجی کۆمەڵگەکانی خورهەڵاتی ناوەڕاست و زۆر کۆمەڵگەی دیکەی جیهانی. وەک بەرهەمێکی نوێی پیشەسازی هەناردەکراوی تورکیا کە بە «پیشەسازی زانیاری» ناسراوە، بووەتە هۆکاری ناساندنی ئەم پیشەسازییەی تورکیا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی «هێزی نەرم».» (٨) بە واتایەکی تر دراما تورکییەکان، وەک رەگەزێکی سەرەکی هەناردەو هاوردەی بەرهەمی پیشەسازی تورکیا لە کاریگەری دانانی بەردەوامدان.

بە گوێرەی سەرچاوەکان، هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی خێرای دراما تورکییەکان لە کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتدا، «نزیکی ئەو کۆمەڵگایانەن لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکیداو کێشەو گرفتی دراماکان نەک تەنها بۆ کۆمەڵگەی تورکی، بەڵکو رەنگدەرەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی تەواوی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن». (٩) دەتوانین ئەم هۆکارە بۆ کۆمەڵگەی کوردیش دابنێین. واتە لێکچوونی داب و نەریت، شێوازی ژیان، خێزانداری و ژن و ژنخوازی و زۆر شتی تر لە نێوان دراماکان و کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینرێت. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی کە «پەیامە میدیاییەکان رەنگدانەوەی کۆمەڵگەن و لە هەناوی ئەو کۆمەڵگەیەوە لەدایک دەبن»،(١٠) سەرچاوە دەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری شەپۆلی بەجیهانیبوون لەسەر کلتوور و داب و نەریت لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە راستییەکی روونە. لەمڕۆدا لەگەڵ ئەوەی رێژەیەکی باشی ئەم کاریگەرییە بەر ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێت. بەڵام تەلەفزیۆنیش لە رێگەی فیلم و دراماکانەوە ئەرکی ئەرکی خۆی لەم بوارەدا بەباشی جێبەجێ دەکات. «لەگەڵ ئەو جیاوازییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری یان سیاسییەی لە نێوان کۆمەڵگەکاندا هەیە، خەڵکێکی زۆر بەشێکی گرنگی کاتەکانیان، بە تایبەت ئەو کاتەنەی کە بە «کاتی ئاڵتونی» لە پەخشی تەلەفزیۆنیدا ناسراوە، بە دیار سەیرکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانەوە بەسەر دەبەن».١١) ئەگەرچی هەندێک کەس تەلەفزیۆنەکانیان کار پێ ناکەن، یاخود هەر تەلەفزیۆنیان لە ماڵدا نییە، بەڵام ئەندامانی ئەو خێزانانە لە رێگەی «شاشەی دووهەم» واتە مۆبایلەوەو بە سودوەرگرتن لە خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی جارێکی تر رووداوەکەنەوە شاشەی تەلەفزیۆن، بەجۆرێک، هەندێک لەو کەسانە ئاوات بە بوونی تەلەفزیۆن دەخوازن لە ماڵەکانیاندا، چونکە هیچ نەبێت پێکەوە هەموان تەماشای یەک بەرنامەی هاوبەش دەکەن و گفتوگۆی لەسەر دەکەن. (*) لەم چوارچێوەیەدا تەلەفزیۆن، ئامرازێکی گرنگی کاریگەری دانانی کلتوورییە لە نێوان کۆمەڵگەکاندا. «دراما تەلەفزیۆنییە تورکییەکان، وەک دیاردەیەکی نوێ و هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەی تورکی و تەواوی کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی لە بڵاوبوونەوەی بەردەوام و کاریگەری دانانی زیاتردایە.(١٢)

ئەو چالاکییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە لە چوارچێوەی سیاسەتی «هێزی نەرم»دا جێبەجێدەکرێن. سیاسەتی تورکیای لە خورهەڵاتی ناوەڕاست وەک هێزێکی کاریگەرو خاوەن قسە دەرخستووە. «لە ئەنجامی ئەو کاریگەری و کاردانەوەیەی کە بەهۆی دراما تورکییەکانەوە لە نێوان کۆمەڵگەو دەوڵەتی تورکیادا لەگەڵ کۆمەڵگەو دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا –بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە– دروستبووە، رۆڵێکی نوێی بە تورکیا داوە کە ببێتە مایەی چاولێکردن و سەردانیکردنی لەلایەن خەڵکی وڵاتانی دیکەوە. لەم ساڵانەی کۆتاییدا بەرهەمی فیلم و درامای تورکی بۆ چەندین وڵاتی دەرەوە هەناردە کراوە. ئەم فیلم و درامایانە بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتانی باڵکان، روسیا، ئەفریقا، ئەوروپا و ئەمریکای لاتین هەناردە کراون. یەکێک

لەو ناوچانەی کە رێژەیەکی زۆری فیلم و درامای تورکی بۆ هەناردە کراوە خۆرهەڵاتی ناوەراستە. رێژەی ٦٠٪ ی بەرهەمی هەناردەکراوی فیلم و درامای تورکی بۆ تەلەفزیۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا بووەو بڵاویان کردووەتەوە».(١٣) لە مێژووی سینەمای تورکیدا یەکەم فیلمی تورکی بە ناوی «منداڵی ئاڵتونی Altın Çocuk» کە (Göksel Arsoy) رۆڵی سەرەکی تێدا بینیوە، ساڵی ١٩٦٦ هەناردەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست کراوە. لەو فیلمەدا لەگەڵ گۆرینی ئارسۆی بۆ محمد بۆتە مایەی سەرنجی بینەر. (١٤) لەگەڵ ئەوەشدا ناونانی تاکە کەسەکان رەنگدانەوەی تێروانینی گشتی کۆمەڵگەیە. لەبەرئەوە، ناوەکان هێمایەکی گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی کۆمەڵگەن، ئەم خاڵە جێگای تێرامانەو دواتر لە بەرمەبنای ئەو زانیارییانەی لە دەرەنجامی توێژینەوەکانەوە دەستکەوتوون قسەی لەسەر دەکەین.

دەتوانرێت بگوترێت «هەناردەکردنی یەکەم درامای تورکی «دڵی شێت Deli Yürek» بۆ کازاخستان لە ساڵی ٢٠٠١دا، ریگەخۆشکەری هەناردەکردنی چەندین درامای دیکەی تورکی بوو بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان. بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٨ و دوای هەناردەکردن و بڵاوبوونەوەی درامای "Gümüş" «نورو موهەننەد»، بازێکی درێژی بە بڵاوبوونەوەی درامای تورکی داو ناوبانگێکی زۆری بۆ پەیدا کرد. ئەم درامایە، یەکێکە لەو درامایانەی کە لە رێگەی کەناڵی ئاسمانی MBC یەوە پەخش کراوەو زۆرترین بینەری هەبووە. ئەم درامایە لە رووی؛ مۆنتاژ، مۆسیقای تورکی، ئاستی وێنەگرتنی، توانای ئەکتەران و ئەو جل و بەرگە سەرنجراکێشانەی دەیانپۆشی، بوو بە مایەی راکێشانی سەرنجی بینەری عەرەب»(١٥) و تەنانەت هاوڵاتیانی کوردیش تەماشایان دەکرد، هەرچەندە هەنێک لە بینەری کورد لە عەرەبی تێنەدەگەشتین، بەڵام وەک راهاتن و کلتوورێک ئەو کاتە زۆربەی خەڵکی تەماشای ئەو درامایەیان دەکرد.

بڵاووبوونەوەیەکی دیکەی درامای تورکی لە ئاستی جیهانیدا؛ درامای «سەدەی زێرین Mühteşem Yüzyıl» کە باس لە سەردەمی حوکمرانی سوڵتان سلێمانی قانونی سوڵتانی عوسمانی دەکات. ئەم درامایە لە ٤٣ وڵات پەخشکراوە، لە مێژووی تەلەفزیۆنی تورکیدا بە گرانترین بەرهەمی تەلەفزیۆنی تورکی وەسف دەکرێت. زیاد لە ٢٠٠ ملیۆن کەس تەماشای ئەم درامایەی کردووەو نرخی تەنها هەر یەک بەشی دراماکە گەشتە ٥٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی. بەپێی دوایین دراوەکان (ئامارەکەن)، تورکیا لە دوای ئەمریکا لە پلەی دووەمی وڵاتانی هەناردەکەری درامای تەلەفزیۆنیدایە. ئامانجی تورکیا بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بەرزکردنەوەی داهاتی بەدەستهێنراویەتی لە دراما تەلەفزیۆنییەکانەوە بۆ دوو ملیار دۆلاری ئەمریکی.(١٦)

لەگەڵ خێرایی بڵاوبوونەوەی دراما تورکییەکان و پەخشکردنی لەلایەن تەلەفزیۆنەکانی وڵاتانی خۆرهاڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقاو ئەمریکای لاتینەوە، تا دێت ناوبانگی ئەکتەرو هونەرمەندە تورکەکانیش لە زیادبووندایە. یەکێک لە دەرەنجامەکانی زیادبوونی ئەم ناوبانگەشیان، خەڵکی بۆ ناساندنی پرۆژەو کۆمپانیاو بەرهەمەکانیان سوود لە ناو و ناوبانگی ئەو هونەرمەندو ئەکتەرانە دەبینن، تەنانەت بۆ ریکلامەکانیش گەشتۆتە ئاستێک، هەندێکجار بە بەکارهێنانی گرتە ڤیدیۆییەکانی ئەو درامایانەو پاشان بەکارهێنانی دەنگی دیکەی پەیوەست بە بەرهەمی ریکلامبۆکراو بەکار دەهێنرێن،(١٧) بە تایبەت لەو تەلەفزیۆنانەی کە پەخشی کورت مەوداو ناوچەییان هەیە. هەروەها بە هەزاران تیشێرت و پۆشاکی جیاواز بە وێنەی ئەکتەرەکان بە تایبەت (نور و موهەننەد) وەک بەرهەمێکی جوان و لە کاتی بۆنەو ئاهەنگەکانی ساڵدا دەفرۆشران و کریاری باشیشیان هەبوو. ژمارەیەکی زۆری دایکان و باوکان ئیلهامیان لەو درامایانە وەردەگرت و ناوی منداڵەکانیان بەناوی ئەکتەری دراماکانەوە دەنا. «بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئوردن ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە ناویان

(لەمیس) بوو پێش بڵاوبوونەوەی درامای (سنوات الضیاع) کە درامایەکی دیکەی تورکی دۆبلاژکراوی عەرەبییە لە مانگی یەکی ٢٠٠٨ دا تەنها ١٣ کەس بوون. دوای بڵاوبوونەوەی دراماکەو لە مانگی شەشی هەمان ساڵدا ژمارەی ئەو کەسانەی ناویان لەمیس بوو بەرزبوویەوە بۆ ١٠٦ کەس، واتە بە ڕێژەی نزیکەی ٧١٥٪ بەرزبوویەوە ناوەکە. بە هەمانشێوە ئەو منداڵانەی کە ناوی «موهەنند»یان لێ نرا بە ڕێژەی ٢١٠٪ بەرزبوویەوە». (١٨)

لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ درامای تورکی لە بڵاوبوونەوەی فراواندایە. بەڵام لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە دەدرێتە بەر ڕەخنە. موفتی سعودیەو سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی شێخ عبدالعزیز لە فەتوایەکیدا دەڵێت: «ئەم درامایانە لەیاسا دەرچوون، تێکدەر، زیاندەرن و لەگەڵ بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا یەکناگرنەوە. لەگەڵ بوونی ئەم فەتواو ڕێگریانەدا بەڵام بینەری ئەم درامایانە لە زیادبوونێکی بەردەوامدایە. (١٩) هەرچەندە هەندێک لە توێژینەوەکان باس لەوە دەکەن کاریگەری ئەم درامایانە بەسەر کلتووری نەتەوەکانی دراوسێی تورکیاوە مایەی مەترسی نییە. بەڵام ئەم وتەیە جگە لە لایەنداری و هەوڵدان بۆ گەرمکردنی بازاڕی دراما تورکییەکان هیچی دیکەی لێ ناخوێنرێتەوە.

### دراما تورکییەکان لە قازانجی ئابوورییەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی کلتووری

کاریگەرییەکانی دیکەی درامای تورکی لە بواری ئابووری و هەناردەی تورکیادا ڕەنگیداوەتەوە. هەتاوەکو ئەمڕۆ ئەگەرچی تورکیا وەک پێویست سوودی لەم بوارەی پیشەسازی وەرنەگرتبێت، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا لێشاوێکی فراوانی هەناردەی دراماکانی دەستپێکردووە. تورکیا کە لە دوای ئەمریکا لە ڕیزبەندی دووهەمی وڵاتانی هەناردەی فیلم و درامادا دێت، لە ماوەی چەند ساڵێکدا توانیویەتی تاڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بێت لە بەرهەمهێنان و هەناردەی بەرهەمی مێدیاییدا. هەرچەندە لەگەڵ هەوڵ و ماندووبوونەکانیشیدا هۆکاری دیکەی بەدەر لە تواناکانی خۆی ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەو سەرکەوتنەی، لەو هۆکارانەش جوانی ئەو سروشت و کەش و هەوایەی کە فیلم و دراماکانی تێدا وێنە دەگیرێت، لە هەمانکاتدا لاوازی بواری فیلم و دراما لەو کۆمەڵگەو دەوڵەتانەی کە درامای تورکی بۆ هەناردە دەکرێت. پاشان پاڵنەری ئایینی هۆکارێکی زۆر گرنگ بووە بۆ هاندانی خەڵکی لە تەماشاکردنی ئەو درامایانەی کە باکگراوندێکی ئایینییان هەڵگرتووە. جگە لەمانەش ئەوە تەنها ٨٢ ملیۆن هاوڵاتی تورکیا نین کە بە تورکی قسە دەکەن، بەڵکو «زیاتر لە ٣٥٠ ملیۆن کەس بە تورکی قسە دەکەن و لەو ڕێژەیەش نزیکەی ٣٠٠ ملیۆنی بە ڕەچەڵەک تورکن،»(٢٠) لێرەدا پاڵنەری زمان و نەتەوایەتی پێکەوە یەکدەگرن و ژمارەی بینەری فیلم و درامای تورکی بەرز دەکەنەوە. «تورکیا لە ١٠ وڵاتی یەکەمینە لە رووی گەشتیارییەوە لە ئاستی جیهاندا. لە هەمانکاتدا لە بازاڕی گەشتیاری جیهانیدا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا راکێشاوە. لەبەرئەوە کەرتی گەشتیاری تورکیا لەو کەرتانەیە کە بە خێراترین شێوە لە گەشەکردندا بووە، گەشتیاری لە دوای بەرهەمی پیشەسازی لە پلەی دووهەمی کۆکردنەوەی داهاتدایە بۆ تورکیا.» (٢١) بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم گەشە خێرایە دراماکانیەتی، یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەو گەشە فراوانەش بڵاوبوونەوەیەکی خێراو فراوانی کلتوورو فەرهەنگی تورکییە بە وڵاتانی دیکەدا.

بە پستبەستن بەو بایەخە گەورەیەی گەشتیاری، درامای تورکی یەکێکە لە ئامرازە گرنگ و کاریگەرە سەرەکییەکانی ناساندنی ناوچە گەشتیارییەکانی تورکیا. گرنگی و بایەخی ئەم ناساندنە لەوەدایە کە لە چوارچێوەی ریکلامێکی ئاشکرا یاخود سازدانی کۆڕو سیمینارو ناردنی وەفدو گرووپی تایبەت بە ناساندنی تورکیادا نەبووەو پێویستی بە تەرخانکردنی هیچ بوودجەیەکی دیاریکراو لەلایەن حکومەتی تورکیاوە

نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە ئەم ئامرازە کاریگەرە –درامای تورکی– کە بووەتە مایەی ناساندنی ناوچە گەشتیارییەکانی تورکیا، لەلایەن وڵاتانی دیکە خۆیانەوە لە تورکیا کڕدراوەو خۆیان بڵاویان کردووەتەوە بۆ خەڵکی وڵاتەکانیان، تەنانەت ئەم جۆرە لە ناساندن و شێوە ریکلام ئامێزانە داهاتێکی دیکەی بۆ ئابووری تورکیا بەدەستهێناوە. بۆ نموونە ئەو خانوو –ڤێللا– یەی کە درامای Gümüş ی تێدا وێنەگیراوە، بوو بە ناوەندێکی گرنگی گەشتیاری هاوڵاتیانی عەرەب –و کورد–، بە جۆرێک هەر گەشتیارێک رووی بکردایەتە ئیستەنبوڵ، لەگەڵ سەردانکردنی مزگەوتە مەزنەکان و مۆزەخانەی ئاياسۆفيا دەبوو سەردانی ئەو ڤێللایەشی بکردایە، بە پێچەوانەوە لەلایەن هاوڕێیانییەوە ئەو گەشتەی بۆ ئیستەنبوڵ حساب نەدەکرا. تەنانەت گرووپەکانی رێبەری گەشتیاری گەشتەکانی ئیستەنبوڵیان لەو ڤێللایەوە دەستپێدەکرد، رێژەی سەردانیکەرانی ڤێللاکە گەشتە ئاستێک کە نرخی بلیتی چوونەژوورەوەی هەر سەردانکەرێک بۆ ٦٠ دۆلار بەرزبوویەوە. تەنانەت وای لێهات ئەو ڤێللایە بە بچووکی لە هەمان شوێندا دەفرۆشراو گەشتیاران وەک دیارییەکی بەنرخ بۆ هاوڕێ و دۆستانیان دەکڕی.(٢٢) پەیوەندی نێوان دراما تورکییەکان و رێژەی سەردانیکەرانی هاوڵاتیانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەرخەری ئەو کاریگەرییەی دراماکانە، بە جۆرێک «رێژەی گەشتیارانی هاوڵاتیانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٢ دا نزیکەی ٩٧٥ هەزار کەس بووە. بەڵام ئەم رێژەیە لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ زیاتر لە سێ ملیۆن و نیو هەڵکشا».(٢٣) هەڵبەت ئەم کاریگەرییەی دراما بۆ کەرتی کلتووری و گەشتیاری تەنها بۆ تورکیا نییە، بەڵکو تەواوی ئەو دراماو فیلمانەی کە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی وڵاتێکدا وێنەگیراون و خاوەن بینەرێکی زۆر بوون، لە کۆتاییدا بوون بە هۆکارێکی سەرەکی سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ ئەو ناوچەیەو بڵاوبوونەوەی کلتووررو فەرهەنگی ناوچەکە بە جیهاندا. «بۆ نموونە لە دوای بڵاوبوونەوەی فیلمی (Braveheart) ژمارەی سەردانیکەرانی گەشتیاران بۆ هەرێمی (Wallace Monument) کە فیلمەکەی تێدا وێنە گیراوە بە رێژەی ٣٠٠٪ بەرزبوویەوە».(٢٤)


زیادبوونی رێژەی هەناردەو کاریگەری فیلم و درامای تورکی بووەتە جێگای سەرنجی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەو دەیان توێژینەوەی لەبارەوە کراوە. دەرەنجامی توێژینەوەکان باس لە کاریگەری بەردەوام و مەودافراوانی ئەم درامایانە لە بواری کلتووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی و تەنانەت ئابووریش دەکەن. بەپێی توێژینەوەیەک «لە ئوردون رێژەی ٨٣٪ هاوڵاتیان تەماشای دراما تورکییەکان دەکەن. هەروەها ٩٧٪ هاوڵاتیانی عێراق تەماشای دراما تورکییەکان دەکەن. لە سوریاش ٨٥٪ هاوڵاتیان تەماشای دراما تورکییەکان دەکەن. بە گشتی لەسەر ئاستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕست ٧٨٪ هاوڵاتیان بە لایەنی کەمەوە تەماشای درامایەکی تورکییان کردووە.»(٢٤) تەنانەت ئەم درامایانە بوونەتە هۆکارو سەنتەرێکی زمان بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی تورکی، بە جۆرێک هەندێک کەس بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری دراما تورکییەکانیان بە تورکی تەماشا کردووە، دەتوانن بە تورکی قسە بکەن.(٢٥) لەگەڵ ئەمانەشدا «بەپێی توێژینەوەیەک کە لە ساڵی ٢٠١٠ دا ئەنجام دراوە هاوڵاتیانی عێراق و سوریا بە رێژەی ٧٨٪ لە ریزی ئەو وڵاتانە دێن کە زۆرترین رێژەی بینەری دراما تورکییەکانیان تێدایە».(٢٦)

ئەم کاریگەرییە ئابوورییەی دراماکان تەنها لە کەرتی گەشتیاریدا رەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو لە کەرتی پیشەسازی و جوانکاریشدا کاریگەری خۆی بەجێهێشتووە، بەجۆرێک ئەو کەرەستانەی لەو درامایانەی کە رەهەندێکی مێژوویی و ئایینیان هەیە بەکارهێنراون، هەروەها پۆشاکی ئەکتەری دراماکان و شێوازی خانووبەرەو مۆبیلیاتی ماڵەکان لەلایەن خەڵکی دەرەوەی تورکیاوە خواستی کەوتۆتە سەر. لەم چوارچێوەیەشدا رێژەی هەناردەی کەلوپەلی مۆبیلیات لە تورکیاوە بۆ ئیمارات بە رێژەی ١٣٪ و

بۆ ئیسرائیل ٢٤٪ و بۆ عوممان ٢٨٪ و بۆ کوەیت ٣٤٪ بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوە».(٢٧) ئەمەش نەک تەنها لەڕووی ئابوورییەوە بەبایەخە، بەڵکو ڕووی کلتووری و فەرهەنگیشەوە گرنگی خۆی هەیە، چونکە هەر بەرهەم و کەل و پەلێک رەنگدانەوەی کلتووری بەرهەمێنەرەکەیەتی و ئەم شوێنەی کە ئەو کەل و پەلانەی تێدا بەکاردەهێنرێت بەشێک لە هێماکانی بەرهەمهێنەرەکەی پێوە دەردەکەوێت. ئەم بارودۆخە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین-یشدا بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە لە «بەرازیل بە رێژەی ٣٨٪ و لە ئۆرۆگوای ٥٢٪ و لە شیللی ٨٣٪ و لە ئەرجەنتین ٢٣٤٪ لە بەرزبوونەوەدایە».(٢٨) بە پێی راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کانزای سروشتی و دارستان لە وەزارەتی بازرگانی تورکیا سەبارەت بە رێژەی هەناردەی مۆبیلیاتی تورکی؛ رێژەی هەناردەی مۆبیلیاتی تورکی «لە ساڵی ٢٠١٨ بەراورد بە ساڵی پێش خۆی بە رێژەی ١٣٪ بەرزبۆتەوەو قەبارەی هەنارده لەم کەرتەی بەرهەمهێناندا سێ ملیارو ١٣١ ملیۆن دۆلار بووە. بەرزترین رێژەی ئەم هەناردەو بازرگانییەش لەگەڵ عێراقدا بووە بە بڕی ٤٥٨ ملیۆن دۆلار».(٢٩) گومان لەوەدا نییە کە رێژەیەکی بەرچاوی ئەم بڕە رەوانەی هەرێمی کوردستان کراوە. لێرەشەوە جارێکی تر عێراق و هەرێمی کوردستان دەبن دەبن بە سەکۆی نمایشی کەل و پەلی تورکی و پاشان دەبنە مەیدانی کلتوور و فەرهەنگی تورکی. درامای (Diriliş Ertuğrul) کە لە کەناڵی فەرمی دەوڵەتەوە (TRT) پەخشکرا، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە وڵاتانی کەنداو دایەوە، تەنانەت بینەری کوردیش بە عەرەبی تەماشایان دەکرد،» بەو هۆیەشەوە رێژەی بازرگانی ئەلیکترۆنی نێوان تورکیاو هاوڵاتیانی عەرەب لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدایە. بە تایبەتیش ئەو کەل و پەلانەی کە لەلایەن کاراکتەری سەرەکی دراماکەوە (Ertuğrul) ەوە بەکارهێنراون لە کڵاو، تەزبیح، موستیلەو کەرەستەی رازاندنەوەو جوانکارییەکانی داواکارییەکی زۆری لەسەر هەبووە، زۆرترینی رێژەی داواکاریش لە عەرەبستانی سعودییەوە بووە».(٣٠) تەنانەت بە بەرچاوی خۆمەوە گەنجی کورد لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیادا موستیلەکەی (Ertuğrul)ی بە ٢٠ هەزار دیناری عێراقی کڕیوە، هەرچەندە فرۆشیارەکە داوای ٣٥ هەزاری دەکرد بەڵام بە مامەڵە هێنامانە ٢٠ هەزار دینار. لێرەوە دیسان لەگەڵ قازانجە داراییەکەیدا وەک مەترسییەک تەنها لەسەر گیرفانمان ناوەستێت، بەڵکو روخسارو پۆشاکی گەنجەکانمان بە شێوەو کلتووری تورکی دەرازێنرێتەوەو وردە وردە کلتوورو فەرهەنگی باب و باپیران دەبێت بە شتێکی نامۆ لە کۆمەڵگەدا.

لەژێر رۆشنایی ئەم زانیاری و ئەنجامانەدا درامای تورکی و کاریگەری لەسەر هەناردەی بەرهەم و پیشەسازی تورکیا، هەم خودی دراماکە خۆی وەک بەرهەمێک کە هەناردەی دەرەوە دەکرێت و داهاتی دارایی و کلتووری و سیاسی بۆ وڵاتەکە بەدەست دەهێنێت، هەمیش وەک فاکتەرێک بۆ رەخساندنی کەشێکی لەبارتر بۆ خواست خستنەسەر بەرهەم و پیشەسازی تورکیا لەلایەن وڵاتانی دەرەوە بەردەوامەو لە گەشەکردنی خێرادایە. لە ئێستاشدا بەهۆی پشتیوانییەکی ماددی و مەعنەوی لەڕادەبەدەری بەرپرسانی دەوڵەت بۆ ئەم کەرتە گرنگەی وڵاتەکەیان، وایکردووە «نەک لە هەمان پلەی ریزبەندیدا بمێنێتەوە بەڵکو لە هەوڵی گرتنەوەو خستنەلاوەی ئەمریکای رکابەرە سەرسەختەکەیدایە لە هەناردەی فیلم و درامادا»، (٣١) بەمەش لە یەک کاتدا هەم «هێزی نەرم»ی خۆی بەهێزو رەقتر دەکات و هەمیش وەک پرکەرەوەیەکی بەشێک لە کەم و کورتیە داراییەکانی سودی لێ وەردەگرێت. بە تایبەت لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقادا وەک ئامرازێکی گرنگی ناساندنەوەی تورکیا پێیان و دەستبەسەرداگرتنەوەی ئەو ناوچانە لە رووی ئایینی و کلتووری و تەنانەت سیاسیەوە دەتوانێت بەکاری بهێنێت.

**سەرچاوەو پەراوێزەکانی ئەم بابەتە لای خاڵ پارێزراون.**




# کتێبی

# پیرمحەمەو

## فڕین بەرەو ماڵی خۆڵەپەتێ

خوێندنەوە و ڕانان:

حسەن مەحمود حمەکەریم

خۆشترین کتێب لای من، ڕۆمان و کتێبی ژیاننامەو بیرەوەرییە، (نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش)ی شێرکۆ بێکەس و (گەشتی ژیانم)ی مەسعود محمدو (کاروانی ژیانم)ی مستەفا زەڵمی و (بیرەوەری ڕۆژگارە دوورەکانم)ی د.فوئاد بابان و (کاروانی بێ کۆتایی) محمودی مەلا عیزەت و کتێبە زێڕینەکەی پاپلۆنیرۆدا، شەش کتێبی بیرەوەری و ژیاننامەن کە بە دیاری پێمگەیشتن و ڕانان و خوێندنەوەم بۆ کردون، کتێبی (پیر محمد) یش دەبێتە حەوتەم دیاریە کتێبی ئەم وەرزە، هیواردارم بتوانم شتێکی لەسەر بڵێم ..

کتێبی (پیرمحمد، فڕین بەرەو ماڵی خۆڵە پەتێ)، لە نووسینی (ئازاد تۆفیق)، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٦، تیراژ ٥٠٠ دانە، لە دوو توێی ٢٤٠ لاپەڕەی قەبارە مامناوەندی، لەسەر ئەرکی والی عوسمان، لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپکراوە، ژمارە سپاردنی ١٦٣٢ی بۆ ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە، پاشان بەرگتێگری پەیڤین بەرگێکی جزوبەندی ئەستووری بۆ کردووە، پشکۆ نەجمەدین پێشەکی بۆ نووسیوە، عومەر دەروێش تابلۆکانی ناوەوەی کێشاوە، نووسەر کتێبەکەی پێشکەش کردوە بە ڤیانی هاوسەری و، دوو جگەر گۆشەکەی (ژیا) و (سان). ئەم کتێبە باس لە ژیانی منداڵی (ئازاد تۆفیق) خۆی دەکات، بەشێوەی گێڕانەوەی وردو جوانی خەیاڵی پاک، باس لە وێنەکانی ئەو دەمەی کۆڵانەکانی (پیر محمد) دەکات، کە کۆڵانێکی کۆنی خوار شاری هەڵەبجەیەو بەگەڕەکی ئینحیسارەکەو جێتەیارەش ناودارە، ئازاد خەیاڵەکانی بەجۆرێک دەگێڕێتەوە، خوێنەر لەگەڵ خۆی دەباتەوە ساتە سادە فریشتە ئاسا پاکە بێگوناهەکانی منداڵی، کە ژیان هەر ئەوەندەی خۆشەو، ئەوی تری هیچ نییە جگە کاو باو ماندوێتی و ڕاکەڕاکەی ژیان و، زۆرجاریش فرت و فێڵ، ئازاد لەم کتێبەدا بەجۆرێک دەنووسێ، خوێنەر پەلکێشی خۆی دەکات، ناچاری دەکات کە ئەویش لەگەڵی بچێتەوە ناو خەیاڵی عەیامان و ون ببێ، وابزانێ خۆی بووەتە ئازادو، موشێن و هەلوکێن و خۆڵە پەتانێی نێو کۆڵانەکان دەکات، بەڕاستی بڵێم، زۆرترین تام و چێژوو لەزەتم لەم کتێبە بینی، بەوەی کە منیش هەر خەڵکی نزیک بەو گەڕەکە بووم، کەمێک لە ئازاد هەڵکشاوتر بووم، منیش لەگەڵ ئازاد دەچومەوە نێو زۆر لەو تابلۆ ڕەنگین و چیرۆکە شیرین و وێنە پاک و جوانانەی منداڵی و، بە ڕۆحم هەستم بە هەمووی دەکرد .. ئازاد سەرکەوتووە لەوەی بتوانێ بە خەیاڵ بگەڕێتەوە ئەو سەردەمەو، زۆربەی تاڵە دەزووە سپییە زیوینە سادە پاکە پڕ بەرائەت و جوانییەکانی منداڵی بدۆزێتەوەو، ڕایانکێشێتەوە سەر بەکرەی گلۆڵە ئاوریشمیەکانی ئاوەزو، وەک خۆی لە سەر کاغەزی سپی ڕایانبخات، کە هێشتا تەڕایی لێدەتکێ و بۆنی ڕێحانەو پونگەو ئاوڕشێنی کۆڵان و خۆڵەپەتانەی لێدێت، ئافەرم کاک ئازاد، هەرگیز هەستم نەکردوەو نەمزانیوە کە دوای ئاڵۆزی فکرو شەڕی خزمان و کۆچی شاران و جێهێشتنی ماڵەباجینە، ئەو خەیاڵە جوانە پاک و پوختەت لا مابێ و، خاوەنی ئەو زومە هەستیارە بیت، بتوانی وێنەکان دوای سیی ساڵ زیاتر بە پاک و پوخت بێ خەوش و شوخت بێنیتەوە ئەمڕۆ، وامدەزانی خۆت و خەیاڵت بوون بەژێر دوکەڵ و شەڕی سیاسەت و ژەهری هەڵەبجەو کۆچی ئێران و تورانەوە، من هەرگیز بڕوام نەکردوە کە لە خەیاڵ و مەغزی تۆدا ئەو تەڕە خەزێنە جوانە لە خەیاڵ و، کوپەڵە هەنگوینە لە ماناو، ڕستە شیرینە لە چیرۆک و، وشە ڕەنگینە لە چەوو زیخی بن ئاوی ڕونی حەمەوغانت لامابێت، ئەگەر بە گوێی منت دەکرد، یەک شەقت لە پۆست و سیاسەت و شەڕە قۆچ و قات و ڕەبات هەڵدەداو، دەتگوت بڕۆن ملتان بشکێنن، خۆ منتان کوشت، ناشیرین و پارچە پارچەتان کردم، خەریکە مەغزو خەیاڵە پاکەکەشم بۆ خۆتان دەبەن، پاشان دێیتەوە ماڵ و، سەر دەخەیتە سەرسەرسن، چاو دەخەیتە سەر پنتێک و، لە درزی خەیاڵەوە دەچێتەوە منداڵی و، کۆکردنەوەی گەوهەرو مرواری و زمروده



**دەبێ هەنێ جار لە سەتحیەت و پاکی مناڵی دەرچیت بۆ قوڵایی، گرێ دروست بکەو بیکەرەوە، دەستی خوێنەر بگرە بۆ ناواخنی شتە ونەکان، ئەوە بیرەوەریەکانی زەڵمی و بێکەس و مەسعود محمدی بەهێزکردووە.**

بەنرخە جێماوەکانی مناڵی و دەیاننووسیتەوە، خۆشت و ئێمەش ئاسودەتر دەکەیت، چیرۆکە تەواونەکراوەکان و خەیاڵە پەرتەکانی سەفەرەکەت دەنووسیتەوە، دەست خۆش کاک ئازاد، بەڕاستی جادوت لێکردم، منی ئەمڕۆت ون کردو، لەگەڵ خۆت بردمتەوە بۆ عەیامان و پەنجا ساڵ لەمەوبەری گەڕەک و، گیانی مناڵیت پێبەخشیمەوە، بردمتەوە نێو شروب و هەڵماتین و دارلاسیک و شەڕە گەڕەک، من بڵاوکراوەکانی پێشوی کاک ئازادم نەخوێندوەتەوە، بە ناونیشانەکانیدا دیارە بۆنی شەڕەقۆچ و بەردبارانی لێدێت، پێشتر ئاخم زۆر بۆ شێرکۆو نەوشیروان و کرێکار هەڵکێشا، کە بۆ ئەو هەموو جوانی قەڵەمەیان گۆڕیەوە بە شەڕو فیشەکی حیزب و سیاسەت.؟ خۆزگە ئازادیش پێچەوانەی عەقڵی ئەمڕۆی دەکرد، بەڵام تازە ناتوانێ، وەک ئەوان نەیانتوانی، هیوادارم ڕستەکانی ئایندەی تەواوکردنی سەفەرەکەت، ئەم پاکیەی لە قەڵەم دەماو، هەر بەم ڕیتمە گەشتە پڕ خەیاڵە جوانەکانت تەواو دەکرد، نەک لایەک بە پەپولەی گوڵستان و، لایەکی تر بە دێوو درنجی شاخان و دۆڵان بچوێنیت، لایەک نەکەیتە مژدەی خێرو، لایەکی تر شومی شەڕ، بەڵام دوبارە ئەمەش هەر ناتوانێ، وەک پێشوەکان نەیانتوانی .. ئازاد ژیانی خۆی وەک هەیە گێڕاوەتەوە، دەبێ لەم کتێبەوە بگۆڕێیت، وەک مناڵی سەیری خەڵکی گەڕەک بکەی، وەک ئەم کتێبە بمێنێت و بمانبینیت، کتێب مرۆڤە، ئیتر تۆ ئەمەیت و تەواو، ببەرەوە بە مناڵە جوانە سادەکە، بە دڵی مناڵی گەمەمان لەگەڵ بکە نەک سیاسەت.

ئەم کتێبە بە داڕشتنێکی پاکی شێوەزاری هەڵەبجەییانە نوسراوە، کە بەردەوام بۆنی ئاوڕشێنی بەردەرگای ماڵەکانی پیر محمدی لێ دێ، دەستپێکی باسەکان و قفڵی بەشەکان هونەری داڕێژراون، لە دابەشکردندا خراپە تێکەڵی کردوە، دەنا تەکنیک و ڕەگەزەکانی ڕۆمانیان تا ئاستێک تیا بەرجەستە کراوە، قەڵەمێکی خەیاڵاوی هەیە، کە هەمیشە ئەوە جوانترینی قەڵەمەکانەو، ئاوی لێدەتکێ و بە عیشق خۆی دەشواتەوە، هەست ناکەم ئازاد لە هێنانەوەی خەیاڵدا توشی ماندوبوون و هەناسەسواری بوبێت، وەک بڵێی کانییەکی سازگاری هەیە، ئاسان بە جامۆڵکە لێیهەڵدەگۆزێ و، وشە دوای وشە دایدەنێ، هەر دێرە لە دێرەکەی تر جوانترو بۆنخۆشترە، وەک دانانی بەردی نەقاڕی، بەدەستی وەستایەکی شارەزا، باوک لەناخی ئازاددا سونبولە، دایک لە دڵی ئەودا پەرەی گوڵە، جوان و دڵسۆزانەو بەئەمەک بۆیان دەهۆنێتەوە، شتی جوانیان تیا دەبینێ و ئازایە لە درکاندنی، کە باسی وردەکاریەکانی ناخی دایک و باوکی دەکات، بەجۆرێک نهێنییەکان دەردەکێشێ، لە ڕۆماننوسێکی زۆر بەتواناو خاوەن ئەزموون دەچێ، کە پاڵەوانەکانی هێندەی خۆی دەناسێ، لەم کتێبەدا جادویەک هەیە، وردو سادەو سلس دەڕوات، شتی زۆر سەیر دەردەکێشێ، مانا لەبەر دوو دژدا دەردەهێنێ، ئەو دەڵێ:

(تەمەنی مناڵێتی تەمەنی هەموو شیرینیەکانی ژیانە ـ لە دارەدارەی ژیان ـ دوو تەمەنی تولانی و درێژ، بەڵام جیاواز لە تام و بۆ، لێوان لێو لە خەندەو، ئەوی تریش لە تژی و غوربەت ـ سەرەتای سەفەر وەک سەروی عومرێکی سەوز وایە کە ژیانی لێ دەچۆڕێت، لە خڕنوکە عومرێکی قەزەم دەچێت، کە خەم ناهێڵێت باڵا بکات ) .. کە دێتە سەر وەسفی ژیان و ڕۆژگار، زۆر ئەدەبیانە وەسفی ژیان و ڕۆژگارو ڕوداوەکان دەکات، کە دێتە سەر وردەکاریەکانی منداڵی، دەڵێی قەڵەمەکەی شێرکۆی بەدەستەوەیە لە نووسین بە ئاوی خۆڵەمێشدا، کە باسی پاکی منداڵی دەکات، دڵت دەبێتە پەپولەی عەشق، بەڵام کە دەچێتە باسی سیاسەت، وشەکان دەبێتە وردە خەڵوزێکی قەترانی ڕەش، پێشی خۆشی تاریک دەکات، دەگۆڕێ، ناڵێی ئازادی مناڵییە، وەک دوو مرۆڤی تەواو جیاواز دەنوێنن، (سەفەر بۆ مرۆڤێکی ڕۆح سپی وەک تۆ لەسەفەری ئاو لە سەرچاوەکەیەوەو، لە جیابونەوەی باران لە هەور سەختترە).

ئەم کتێبە چیرۆکێکە هەموو کەس هەستی پێدەکات، خۆی بیردەکەوێتەوە، بەس کەسەکە ناتوانی و توانای نییە ئاوا خەیاڵ ئامادەکات و بیگێڕێتەوە، هەموو کەس شاعیرە، بەس خەیاڵی هێنانەوەو سەلیقەی زمان و هونەری هۆنینەوە نایزانێ، هەموو کەس نووسەرە، بەڵام هەر یەکە گرفتێکی هەیە لە ئامادەکردندا، گرفتی تاقەت و نووسین و خەیاڵ و ئاوەز، دەبێ نووسەر ئازابێ، لە خۆی و قەڵەم و گێڕانەوە نەترسێ، چیت پێیە بیرێژەو برۆ، یا دەبێتە هەنگوینی شیفا، یان ژەهری گیانکێش، ئازاد ئازایە، ئەم شانە هەنگوینەی عەیامانی خۆی هەڵگرتووەو، دوای سێی ساڵ وەک خۆی، چۆن بوەو چۆن ڕویداوە، نووسی و چاپی کرد، زۆرجاریش لە ناواخنەکاندا قسەی خۆی دەکات، زومێکی ئامادەو پاکی هەیە، شتەکان وەک خۆی نیشاندەدات، تەنانەت هیچی باوک و دایکی خۆی ناشارێتەوە.

## هەندێ تێبینی و پێشنیار:

ئازاد لە پێشەکی و کۆتاییدا داوایکردووە کتێبەکەی بخوێنرێتەوەو هەڵبسەنگێنرێ، پاشان دەڵێ ئەوە دەهێنێ و ڕێگەم پێدەدەن بەردەوام بم یان نا؟ کاک ئازاد کتێبەکەی بۆ ناردم، پاشان تەلەفونی کرد کە کتێبەکەی چۆنە، منیش پەیمانمدا بیخوێنمەوەو تێبینیم بڵێم، زۆر بەوردی خوێندمەوە، تێبینی زۆرم نووسی، لێرەدا هەندێکی دەڵێم، بە هیوای یارمەتیدان و دەوڵەمەندکردنی باسەکە:

١. باسەکانی ئەم کتێبە بە دوای یەکدا نەهاتووە، وەک نووسراوێکی کۆکراوەی پارچە پارچەی جیاواز دیارە، بەشەکان نەبەستراون بەیەکەوە، تەواوکەری یەکتر نین، ڕێکنەخراوە، ئەگەر هەنێ حەکایەتی پاش و پێش بکردایە باشتر بوو، بۆ نمونە باوکم پیاوێکی پڕ لە پێکەنین و لەسەرەتاوە بوایە نەک لا ٢١٨ .

٢. نووسەر بۆ نووسینی ئەم کتێبە بە زۆری سودی لە شێوازی گێڕانەوەو خەیاڵ وەرگرتووە، بەکارهێنانی کۆمەڵێک برگەو دەستەواژە وەک: (ئەمە سەفەرە بۆ لای فلان و فیسار) و ناوی زۆر لە خەڵکی گەرەک دێنێ، (مەرحەبا مامە دەروێش مەرحەبا فلان و فیسار)، (سلاو ماڵی مام شەریف، سلاو فلان و فیسار) بەدەم ئەم سلاوو مەرحەبایانەوە دەڕواو چیرۆکەکانی دادەنێ، (خوا حافیز فلان و فیسارو، هەقایەتەکانی دەگێڕێتەوە)، (کاکە سەرێ بدە لەفلان و فیسار)، (ماڵئاوا فلان و فیسار)، ئەم جۆرە، لاوازترین جۆری گێڕانەوەو نووسینی ژیاننامەیە، چونکە زۆر چیرۆکت لە دەست دەدا، سنوورت بۆ دادەنێ، ناهێڵێ بچیتە ناوەڕۆکی باسەکان و قوڵایی ڕوداوەکان.

٣. دەبوو لە ڕەچەڵەکی باوو باپیرو باوک و دایکییەوە بهاتایە هەتا سەردەمی خۆی، ئەسڵ و فەسڵیان باس بکات، پاشان بەو شێوازە خەیاڵیە بهاتایەتە سەر منداڵی خۆی.

٤. ناوی کەسێک دەبات، لە پڕ بێ پێشەکی دەیەوێ لەویا بیناسێنێ، نەیتوانیوە جوان تێکەڵ و

لەحیمی باسەکەی بکات، ئەوە بۆشایی بۆ خوێنەر دروستکردوە، ئەوە بخاتە پەراوێزەوە باشترە، وەک (لا ٤٩ و ٥٠) و لە زۆربەی لاپەڕەکان نموونە زۆرە.

٥. لا٥٤ کە دەڵێی: (حەزناکەم ناویان بهێنم) لەوسا دەردەچی بۆ ئەمڕۆ، دەبێ ئەوە چار بکەی .. هەر لەو لاپەڕەدا ساڵی ١٩٨٢ یەکێ بە باوکت دەڵێ (کوڕێکی کەرت هەیە)، تۆ گوێت لێنەبووە، کەچی ئەمڕۆ ٢٠١٦ دوای بیست و چوار ساڵ بەرگری لە خۆت دەکەیت و دەڵێی: (کاکە حەمە ڕوودەکاتە کابرای قسە سەقەت جنێوو قسەی ئەمڕۆی خۆتە، دەتەوێ بەرگری لە خۆت بکەی، ئەم تێکەڵکردنە چاک بکە یان لایبەرە.

٦. لە زۆر شوێن دەتەوێ حیوار دروست بکەیت، داش دادەنێی بۆ قسەکەر، بەڵام بۆ هەندێ حیوار داشەکەت لەبیردەچێت، داشەکان لابەرە، یان بیکە بە دوو کەوانی بچووک، یان زائیدو ناقس، بۆ نمونە لا ٥٢ . داشەکەی عومەر گیان.

٧. لاپەڕە (٥٥) (بە کەماڵی میرزا بڵێ جوجو)، هونەرانەترە بڵێی بە جوجو بڵێ (کەماڵی میرزا) بخە دوو بازنە یان پەراوێز.. هەر لەو لاپەڕەدا، کاکەت قسە دەکات و دەڵێ: (لەتیف بانگ بکە با دۆغرمەیەک بکات)، قسەی تۆیە، کاکەت دەڵێ: (لەتیف) تۆ دێیتەوەو لە کاتێکی ناجۆردا باسەکە دەپچڕی و باس و وەسفی لەتیف دەکەی، ئەوە لابەو بیخە پەراوێز.

٨. دەڵێی: (بچوکترین ڕەشەبا) لا ٧١، بڵێ بچوکترین با جوانترە، دەنا ڕەشەبا بچوکی نییە، کە بچوک بوو دەبێتە با.

٩. دایکت دەیووت (جەستەی سەگباب چیە) ئەو سەردەمەو ئێستەش ژنی هەڵەبجە وشەی جەستە بەکار ناهێنن، بیکە بە لاشە، لا ٧٣ .. هەر لەو لاپەڕە خۆت دەڵێی: (ڕاست دەکەی دایە گیان مارو دوپشک دەمانخوات ـ دەرزێین، دەچینە چاڵ)، پاش و پێشیەک هەیە، بڵێ (دەچینە چاڵ، مارو دوپشک دەمانخوات، دەرزێین، دەبین بەخۆڵ) ئاوا کارەکە ڕوودەدات .

١٠. لە لاپەڕە ٧٨ دا دەڵێ: (خوا حافیز مامۆستا نوری جوانەمەرگ)، نازانم بۆ جوانەمەرگ، خۆ ئەوکاتەی چیرۆکەکانی ئەم نەمردبوو، ئەو نزیک بە ساڵی دوو هەزار مرد لە سلێمانی نەک هەڵەبجە، ئەو ژنەکەی سلێمانەیی بوو، پێش کیمیاباران هاتە سلێمانی.

١١. لا ١٢٦ وشەی (زەرەردان)، کەسێک نمەکگیر دەبێ زەرەرنادا نەک زەرەردان.

١٢. زۆر شوێنی گەڕەک هەیە کە پێویست بە وردەکاری و لەسەر وەستان دەکات وەک خان و دوکانی مزراحی حمە خرەو، فولکەکەو، جێتەیارە، بەڵام باسیان نییە.

١٣. لە نیوەی کتێبەکەوە نووسەر ماندو دەبێت، ناتوانێ وەک سەرەتا بنوسێ و خەیاڵ یارمەتی نادات شتەکان وەک پێشوو بێنێتەوە، هەمیشە نووسەری کارامە لە جێیەکی باش و پێویستدا قفڵی دەکات، چونکە ئیتر حەشوەو دوبارەو زیادەی تێدەکەوێت، بۆ نموونە: نووسەر لە کۆتاییدا بەشێکی گەورە دادەنێ بۆ سڵاو لە چل ماڵ و پیاوو ژن و کچ و کوڕی گەڕەک و بەسەریان دەکاتەوە، مەبەست هەر ناوبردن و بەشداری کردنیانە، بەوە گلەیی لەسەر خۆی لادەبات، نەبادا دراوسێکانی بڵێن بێ سیفەت کوا باسی ئێمە، ئەو زیادەیە، دەبێتە حەشوەو لاپەڕەی بێسوود.

١٤. هەندێ جار نووسەر ئەمڕۆی تێکەڵ بە کۆن دەکات، ئەو پەیمانەی کە داویەتی بێلایەن بێت لە بیری دەچێت، بۆ نموونە: (کۆلکە مەلایەک فتوایەکی ڕەشی لەسەر دەربکات و خوێنی حەڵاڵ بکات)، لا ١٧٠، ئەمە قسەی ئەمڕۆیە، دەنا ئەوسا ئەم تەعبیرانە نەبوو، خۆزگە بە ئەمڕۆ ئەوسای هەڵنەسەنگاندایە.. لا ٢٢١ باسی مزگەوتی پاشا دەکات، وتەکان جوانە، بەڵام هی ئەم خۆڵەپەتانەیە نییەو پێ لیخن دەبێت، داینێ بۆ باسەکانی دوای منداڵی و کتێبی تر .

١٥. لێردا هەقی خۆیەتی ئاوڕی لە باوک و عەلی کەریم بداتەوە لا ٢١٧ جوان باسی عەلی کەریم دەکات، خۆزگە ئەو وردەکاریە لەسەرتاوە بوایە نەک

کۆتایی، پێویست بەو ڕستەیەش ناکات کە دەڵێی: (تا خوێنەری هێژا بزانێ ئەم پیاوە کێیە، چۆن ژیاوەو چ کارە بووە)، چونکە تۆ دەڵێی بۆ خۆمی دەگێڕمەوە، لە نووسینی گێڕانەوەدا قسە لەگەڵ خوێنەر مەکە، ئەوسەیرکەرە نەک بەشدار بوو.

١٦. لا ٢٢٤ (ئەوە نەبێ نەنە حەیاتم خوا نەخواستە ڕەزیل و پیسکە بێت) وەسفەکان ڕاستن، لە نووسیندا عوزری ئەمڕۆ مەهێنەوە بۆ کارێکی کۆن، شتەکەت بگێڕەوەو بڕۆ، خوێنەر خۆی لە هەموو شت دەگات.

١٧. هەر سادەیی شتەکانت باس کردووە، بچۆ بۆ قوڵایی باسەکان، بۆ نموونە: پێمان بڵێ دایکت لەکوێ فێری ئەو دەست ڕەنگینی و ئازایەتییە بووە، بۆ تۆفیق ئەو زاتەی بوو خوو بداتە مەی خواردنەوەو مەیخانەو کردیە پیشەی، لە کوێوە ئەوەی وەرگرتوە، چۆن باوکە عەلی و نەنە حەیات بوونە پاسەوان و کارگوزار، کێ کردنی، عەلی هارونی چۆن بووە هاوڕێی بەگەکان، پیاویان بوو یان هاوڕێ.؟ بچۆ قوڵایی باسەکان، هەر سادەیی و سەتحیەتی شتەکانت نیشانداوە، ئەوە نوقسانیەکی گەورەیە لە گێڕانەوەی بیرەوەریدا، پاڵەوانەکان سادەو بێ تەمەن و مێژوون، ونن، لەپڕ دەردەکەون و ون دەبن، هەر تەپوتۆزی گەڕەکت باسکردوە، دەکرا لەو تەپوتۆزەدا بمێنیتەوەو پاشتر بچیتە قوڵاییەکان و بێیتەوە نێو تەپوتۆزو پەتانێ، دەبێ هەنێ جار لە سەتحیەت و پاکی منالی دەرچیت بۆ قوڵایی، گرێ دروست بکەو بیکەرەوە، دەستی خوێنەر بگرە بۆ ناواخنی شتە ونەکان، ئەوە بیرەوەریەکانی زەڵمی و بێکەس و مەسعود محمدی بەهێزکردووە، بەڵام ئەوەی فوئاد بابان سادەیە، پرسیاری بێوەڵام زۆرە، وەڵامی پرسیارە شاراوەکانی ئێمەش بدەرەوە، زۆرجار خوێنەر دەڵێ ئەمەم بیستوە، پێشتر باستکردوە، دوبارە بۆی دەچیتەوە، جارجارە لە گەڕەک و خۆلەپەتانێ دەرچوو بۆ قوڵاییەکانی پێش خۆڵە پەتانێ و پێش گەڕەک، ئەوە چێژی زۆر دەدات بە خوێنەرو بابەتەکەی لا دەبێە بیرەوەری و مێژوو، مانایەکی زیاتر بە نوسینەکە دەدات.

١٨. (چەند خزمێکی ماڵی باوکم هەبوو لە جەرداسنە) لا ٢٢٧، ئەو قوڵایی و پەیوەندی و ڕەگە باس بکە .. لا٢٢٧جوان کەسایەتی دوو خاڵەکەت باس دەکەیت و پێمان دەناسێنی، ئەوە زۆر بکە، ئەوە گرنگە بۆ کەسایەتیەکانی ناو بیرەوەری.

١٩. لە لا ٢٣٢دا بۆ بەیانی ١١ی ئازار دەڵێ: ( هەموو لە دەوری ڕادیۆ شینەکە خڕبوینەوە گوێقوڵاخی ڕادیۆین دەستمان لەسەر دڵمانە لە خۆشیان پێدەکەنین و ڕوومان شادی لێدەڕژێت، دەزانین شتێکی خۆش هەیە بۆ کورد بەڵام وردەکاریەکانی چییە بێخەبەرین) پاشان دەڵێ: (وای لە ئێمەی گوێگر کردبوو دەڵێی بەسەر ئاگرەوەین)، ئاخر تۆ منالێکی، کەچی لەوێدا وەک سەرپەلێکی پارتی قسە دەکەی کە بیست ساڵە بەو شاخانەوەیەو بەتەمای بەیانێکی دڵخۆشکەرە، هەر خوار ئەوە بەشەش دێڕ دەڵێ: (لە کۆڵان تەقەبوو، منی منالیش ڕامکردە کۆڵان .. کەوتمە کۆکردنەوەی قەباغە فیشەک و بەپەلە ڕامکردەوە بۆ ماڵ).


٢٠. نووسەر دەڵێ کتێبی داهاتوو باسی گواستنەوەمان دەبێت بۆ شارۆچکەی سیروان، لا ٢٣٩ دەڵێ: (حیکایەتەکانی سیروان دەبێتە دووەم ویستگەی ئەو گێڕانەوەیە)، بەڵام ئێمە پێش وەخت دەزانین سیروانی تۆ چۆن بووە، چەند ساڵ لەوێ بوون، لە چ ماڵ و گەڕەکێک بوون، بەردەم و پشتەوەی ماڵەکەتان چی بوو، لەوێ چیتان کرد، چۆن ژیان، ڕەنگی خانوەکە چی بوو، هی کێ بوو، کەی هاتنەوە، نەدەبوو ئەوانە هەموو زیادەیە بە تێکەڵی لە کتێبی یەکەم باس بکەیت، هەر بۆیە ئەو ماناو تام و چێژەی نابێت..

هیوادارم کاک ئازاد بە دڵێکی فراوان تێبینیەکان وەرگری، سودی لێ ببینێ، بەردەوام بێت، شتی جوانترمان پێشکەش بکات، بەڵام ئاگاداری دوو بنەما بێ: یەکەم بێلایەنی، دووەمەم خۆت بپارێزە لە دووربارەو سێبارەو زیادەو حەشووە ..

بڵاوکراوەی نوێی
سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی




زنجیرە (٧٤)ی کتێبی
سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری
(٤٠٨) لاپەڕە




زنجیرە (٢٨)ی کتێبی
سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری
- چاپی دووەم . (١٧٣) لاپەڕە




زنجیرە (٧٥)ی کتێبی
سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری
(١١٠) لاپەڕە

# بەشێک لەهەوڵ و خزمەتەکانی
# د. نەجاتی عەبدوڵڵا لەبواری کوردناسیدا

